# کۆمەڵێك گفتوگۆی فیكری و ئەدەبی

**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

# داهێنان

## سەر بە کەشفکردن و

## خەون و دنیابینییە

**کۆمەڵێک گفتوگۆی فیکری و ئەدەبی**

**له بلاوكراوەكانی یەكێتیی نووسەرانی كورد – لقی هەولێر**

**ژمارە (٢١)**

ناوی كتێب: داهێنان سەر بە كەشفكردن و خەون و دنیابینیە
كۆمەڵێك گفتوگۆی فیكری و ئەدەبی لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا
بابەت: گفتوگۆ
پیتچنین: نووسەر
تابلۆی بەرگو ناوەرۆك: سەركەوت وەلی
تیراژ: ٧٥٠ دانە
چاپی یەكەم: ٢٠١٢
چاپخانە: رۆژهەلاٚت
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارە (٢٥٩١) ساڵی ٢٠١٢

ناوەڕۆك:


- لەبری پێشەکی.............................................................................(٧)
- بەبێ بەرزکردنەوەی ئاگایی کۆمەڵگا ..... سازدانی رۆژنامەی کۆمەڵ ..........(٩)
- داهێنان سەر بە کەشفکردن و خەون و دنیابینییە، سازدانی سۆران عەزیز ...(١٧)
- بەگشتی نووسین نیگەرانی و ترسی مرۆڤە... سازدانی: بۆتان جەلال............(٢٥)
- فیکر لەشیعردا دەبێ ئەو هێزو وزەیە بێ .... سازدانی: جەمال پیرە............... (٣٧)
- جورئەتی نووسین بەشێکی ......................، سازدانی: رابەر فاریق (٦١)
- داهێنەر هەڵگری ئەو بوونە رەسەنەیە، ....................، سازدانی: رابەر فاریق (٧٣)
- تەوەرەی نووسین و خودکوژی، سازدانی: رابەر فایق....................................(١٢٦)
- تەوەرەی سادەگۆیی و هیچ نەگوتن لە ئەدەبدا، سازدانی: توانا ئەمین..........(١٣٩)
- تەوەری خەلاٌتی ڤێستڤالی گەلاوێژ، سازدانی: ئیدریس عەلی......................(١٤٦)
- شاعیرانی بە ئەزموون لە بارەی گەنجانەوە، سازدانی: کارزان ڕەحمان............(١٥٠)
- تەوەری وەرگێڕان، بیرکردنەوەو داهێنان سازدانی: کاوە قورەیشی..............(١٦١)
- تەوەری رەخنەی ئەدەبی، سازدانی: هەرێم عوسمان......................................(١٦٨)
- تەوەری خودا لە دەقدا، سازدانی: هۆگر عومەر.........................(١٧٢)
- تەوەرەی نووسەری کوردو ترس لە رەخنە، سازدانی: هەرێم عوسمان....(١٩١)

## لەبری پێشەکی:

### (شیعر)

شیعر نە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی خود وەك لای خودگەراکان قسەی لێدەکرێت، نە فەنابوونە لە نموونەی بالاّدا وەك لای میسالییەکان هەیە. شیعر بەرجەستەکردنی پرسی سەردەمە، خەونێکی ناواقیعییە لەبەرانبەر حەقیقەتێکی نەفرەتلێکراو، شیعر لە بڕینی حەقیقەتەکانەوە دێتەوە، بەردەوام لە گەمەی دەرکەوتن و خۆ حەشاردان راست دەبێتەوە.. شیعر لادانێکی کراوەی ئالۆزە لەنێوان گومان و دڵنیایی یاری لەگەڵ لادانەکانی زمان دەکات.

### (تێگەیشتن)

هەموو کلتورێك تێگەیشتنی دیاریکراو بەخۆی هەیە، لەبەر ئەوەی (تێگەیشتن) پەیوەندی بە کلتوری دیاریکراو هەیە، کەواتە بەپێی دنیابینی ئەو کلتورە خۆی نمایان دەکات. لای (گادامێر) تێگەیشتن لە وەرگرتنی نیازی نووسەرەوە هەڵناقوڵێ، نیازی دانەر ئاسۆی تێگەیشتن دیاری ناکات، بەڵکو ئەو ئاسۆیە (راڤەکار) پڕی دەکاتەوە. راستە راڤەکار شوێنی ناوەندی زمانەوانی پڕ ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ شێوەکانی زمانەوانی مامەڵە دەکات. ئەوەش بەرەو تێگەیشتنی تایبەتیمان دەبات، ئەو تێگەیشتنەش دەکەوێتە دەرەوەی زمانی دەقەوە.

**(خوێنەر)**

سێ ڕێبازی ڕەخنەیی بایەخی خوێنەر و خوێندنەوەی وەك دیاردەیەكی مەعریفی، یان وەك بەشداركردن لە داهێنان خورد كردەوە: بونیادگەری فەرەنسی لەڕێگەی بارت و بانگەشەكردنی مەرگی دانەر یان نووسەر... تیۆری وەرگر لای ڕەخنەگرانی ئەڵمانی و زانكۆی كۆنستانس كە جوانگەرایی خوێندنەوەو میكانیزمەكەیان بەرز كردەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە یاوس و ئایزەر.... سێیەمیان هەڵوەشانەوەگەرەكان كە قسەیان لە جیاوازییەكانی خوێندنەوە دەكرد. لەبەر ئەوەی خوێندنەوە كردەیەكە بە هەموو ماناكانییەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مەعریفەی ڕۆشنبیریی و مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەوە هەیە و لە ئاسۆی مەعریفی و شارەزایی دیاریكراوەوە پراكتیزە دەكرێت، كەواتە خوێندنەوە لە بۆشاییەوە نایەتە دی، بەڵكو لە هەڵدانی مەعریفە و شارەزایی و پرسیار و بەدواداگەڕانی وەڵامەكان دەست پێدەكات.

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

(لەو كتێبە وەرگیراوە)

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا:

## بەبێ بەرزکردنەوەی ئاگایی کۆمەڵگا، ئاگایی رەخنەگرانە و فەزای ئازادی و ئیرادەی ئازادیبوون درووست نابێت

**پ/شیعر دەنگدانەوەی دوو جیهانـە، جیهانێـك کـە پێـی دەڵـێن واقیـع و ئومێـدی جیهانێکی تره کە خەیاڵە، ئایا تۆ چۆن دەتوانیـت هەمائاهەنگییـەك درووسـت بکـەیت لەنێوان ئەو دوو جیهانە؟ یان خەیاڵ لەنێو شیعرەکانی تۆدا یانی چی؟ ئایا شیعر دەتوانێت ئەو بۆیاغە بێت جارێکی دیکە ژیانی پێڕەنگ بکەیتەوە؟**

***عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا/*** شیعر لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا یان ئەوەی (هایدگەر) بە دوو چەمکی جیهان و زەوی ناوی دەبات، بۆشاییەك دەخولقێنێت ئـەو بۆشـاییە وەك چـۆن بەرائەتی لێـدەتکێت بـە هــەمان شـێوە ترسـی لـەخۆ گرتـووە، ئەگـەر تـرس لـە کـۆی گومانەکانەوە بێتەوە کە سەر بە وێڵگەکانی مانایە، ئەوە بەرائەت لە وەشـاندنی پڕشـنگە درەوشاوەکانەوە بەرجەستە دەبێت. لەنێوان وێڵگەکانی ماناو پڕشنگە جوانەکانی بەرائـەت شیعر نە رەنگکردنی ژیانە، نە بڕوای بە رەنگێکی تایبەت هەیە، نە رەنگدانەوەی واقیعـە، نە وەك ئەڵتەرناتیفی واقیع دەردەکەوێت، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێك پرسە لەمڕۆی ژیاندا، بەردەوامبوونی ئەو پرسانەش لە بەردەوامبوونی ناکۆکی نێوان ئەو دوو جیهانەوە سەرچـاوە

دەگرێت. بەدیوەکەی دیکە ئەوە بۆشایی نێوان ئەو دوو جیهانەیە کە جیاوازی دروست دەکات، بەبێ پرسی جیاوازی وزەی بیرکردنەوە، شیعر وجودی نییە. بەبێ ئەو ناکۆکییە دەرفەتێك بۆ تێڕامان و خەیاڵ و بەرهەمهێنان دروست نابێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بۆشایی ناوبراو لای (هایدگەر) وەك شوێنی لێوردبوونەوەو بیرکردنەوەی خود سەیر دەکرێت، چونکە هایدگەر پێیوایە مرۆڤ ناتوانێت لە هەبوونی خۆی تێبگات تەنها لەڕێگەی تێگەیشتن لە خودی خۆی نەبێت، لەڕێگەی ئەو خودەی کە هەیە دەرك بە وجودی خۆی دەکات، دامەزراندنی وجودیش لەڕێگەی دیالۆگەوە مەیسەر دەبێت، دیالۆگ بەو وەسفەی کە شێوەیەکی تایبەتە لە دروستکردنی زمان. دیالۆکیش بێ جیاوازی، بێ بیروڕای جیاواز وجودی نییە، هەر لەوێشەوە نیشتەجێبوون لەو بۆشاییە کە بە زمان ناوزەد کراوە وەك مەسەلەیەکی شیعری سەیر دەکرێت، مەسەلەی شیعریش تەنها دیاردەیەکی رۆشنبیریی نییە، بەڵکو ناونانێکە بۆ دامەزراندن، هەر لەسەر ئەو بنەمایە جەوهەری شیعر لە جەوهەری زمان نزیك دەبێتەوە، وەك چۆن هەر لەوێشەوە لێیجیا دەبێتەوە، بەو مانایە جەوهەری شیعر لەسەر رێسای بەیەکگەیشتن و جیاوازی وەستاوە. کەواتە شیعر ئەو بۆیە نییە کە جارێکی دیکە ژیانی پێڕەنگ دەکەیتەوە، بەڵکو لە بەیەکگەیشتنی خەیاڵ و جیاوازی مانا رادەبێتەوە، لە خۆ حەشاردانی ماناکان و درەوشانەوەی خەیاڵ بەرجەستە دەبێت.

ببوورە ناتوانم لەبارەی خەیاڵ لە شیعرەکانی خۆم قسە بکەم، بەڵام پێموایە خەیاڵ لە شیعردا تەعبیر لە قەلەقی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، دەشێ قەلەقی مرۆڤ لە بەرائەتی بۆشایی نێوان دەرکەوتنی پڕشنگ و حەشاردانی مانا نزیك بکەینەوە بەو مانایەش مرۆڤ بوونەوەرێکە فرێدراوەتە نێوان مەرگ و لەدایکبوون. وەك چۆن ترسی مرۆڤ لە مەرگ وا دەکات لەنێوان مانا جیاوازەکاندا پەنایەك بۆخۆی بدۆزێتەوە.

**پ/ئایا شیعر پرۆسەی خۆ دۆزینەوەو کۆکردنەوەی پارچەکانی گیانە لەنێو دەقەکاندا، یاخود ونبوون و گەشتکردنی شاعیرە بۆ حاڵی فەنابوون؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** شیعر نە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی خود وەك لای خودگەراکان قسەی لێدەکرێت، نە فەنابوونە لە نموونەی باڵادا وەك لای میسالییەکان هەیە. شیعر بەرجەستەکردنی پرسی سەردەمە، خەونێکی ناواقیعییە لەبەرانبەر حەقیقەتێکی نەفرەتلێکراو، شیعر لە بڕینی حەقیقەتەکانەوە دێتەوە، بەردەوام لە گەمەی دەرکەوتن و خۆ حەشاردان راست دەبێتەوە.. شیعر لادانێکی کراوەی ئاڵۆزە لەنێوان گومان و دڵنیایی یاری لەگەڵ لادانەکانی زمان دەکات.

شیعر لەسەر دۆڕانی بەردەوامی ماناو بەرجەستەکردنی پرشنگە جیاوازەکان، گەمەکانی خۆی درێژە پێدەدات. یان بە مانایەکی دیکە لەڕێگەی تێپەڕاندنی ماناو خەیاڵی ئیبداعیانەوە دێتە نێو ژیانەوە، رەنگە ئیشکالییەتی یەکەمان لەو قسەکردنە لەسەر شیعر لەوێوە بێت کە هەموو خودێك شێوازی تایبەت بەخۆی بەرهەم دێنێت، وەك چۆن ئیشکالییەتی دووەمی ئیشکالیەتی یەکەم لەرستەیەکی مالامێ درێژ دەبێتە کە دەڵێت زمان قسان دەکات نەك نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان دێتەگۆ نەك خود. بەو مانایە ئیتر شیعر پرۆسەیەکی ئاڵۆزە نە لە دۆزینەوەی خود کورت دەکرێتەوە (ئەگەرچی تارمایی وجودی خودگەرایی بەدواوەیە) نە بەرەو حاڵەتی فەنابوون دەچێت، وەك چۆن لەسەر کۆکردنەوە رانابێتەوە، بەڵکو بەردەوام لە ناکۆکییەکان و قەڵەقی بەیەکگەیشتن و بەیەکنەگەیشتندایە، لە پرۆسەی دیارو نادیاردا خۆی هەڵدەگرێتەوە... زەمەنی شیعر ستوونییە لە بەشداری ئەویدیکەی جیاواز دێتە بەرهەم، لە داهاتووەوە بەرەو رابردوو و ئێستا دەجوڵێت. زەمەنی شیعر زەمەنی ئازادییە لە بەشداری ئەویدیکەی خوێنەر، هەنووکەیی خۆی دادەمەزرێنێت، لە ئەویدیکەی جیاواز لە مانایەکەوە بەرەو مانایەکی دیکە دەجوڵێت، هەر لەڕێگە ئەویدیکەوە لەبەرانبەر مەرگ پەیوەندی بە

ژیانەوە دەکات. شیعر درووستکردنی ئەو فەزایەیە کە تەعبیر لە ئازادییەکانی مرۆڤ دەکات و وەك شیاوێکی ئەنتۆلۆژی دەردەکەوێت. شیعر زیندووەو لەگەڵ ژیان دەجوڵێت و هەناسە دەدات و گەشە دەکات، وەك چۆن بە دیوەکەی دیکە تەعبیر لە شاراوەکان و وسبەلێکراوەکانی ژیان دەکات و دەمانخاتە نێو تانوپۆکانییەوە...

**پ/تۆ سەرەتا بە شاعیر ناسرای، دوایی بەرەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی چووی، هەست ناکەی رەخنە و لێکۆڵینەوە بۆتە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەمی شیعریت بەجۆرێك بە ساڵێك شیعرێکی نوێ بلاۆ بکەیتەوە یان نا؟**

***عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا/*** شیعری نوێ پێویستی بە رۆشنبیریی نوێ هەیە، بەو مانایەش بێ بیرکردنەوەی قووڵ، بێ چەمك و شێوازی دەربڕینی جیاواز و کردنەوەی فەزای خەیاڵ و دیدی جوانکارانەی سەردەم دەقی شیعری کەمخوێن و نابووت دەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی بتوانین دەقێکی جوان و سەردەمییانە بنووسین، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام لەگەڵ رەوتی بیرکردنەوەو مەعریفەی سەدەم و دنیابینی سەردەم بڕۆین، دەبێ بە شێوەیەکی ئەکتیفانە بەرەو رۆشنبیریی داهێنان و بەرەو کەشفی نهێنییەکانی داهێنان هەنگاو بنێین و ئاگاداری رەوتە نوێیەکانی سەردەم بین. هەموو شاعیرێك بارودۆخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەلاَم دەبێت لەخۆی تێبگات، کاتێك هەستدەکات ئەوەی دەینووسێت جۆرێکە لە پاشەکشەکردن، پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە، کاتێك هەستی کرد لە ناسنامەی شیعری خۆی دەرچووە، ئیتر دەبێت بوەستێت. لەخۆگەیشتن بە مانا هایدگەرییەکەی واتە بوونی مرۆڤ لە جیهاندا، بوونی مرۆڤ لە جیهاندا تەعبیر لە بەرجەستەبوونی مرۆڤ دەکات، مرۆڤی داهێنەر لە داهێنانەوە خۆی بەرجەستە دەکات، بەو مانایە دەتوانین لەڕێگەی (هایدگەر)ەوە بڵێین بوونی مرۆڤ لە جیهاندا لە یەککاتدا پرۆسەیەکی بەردەوامی تێگەیشتنە لە دیاردەکان و تێگەیشتنە لە بوون. هەر بەو مانایەش ئەو وەستان و بەخۆداچوونەوەیە بە ویستێکی گەورەوە بەند دەبێت، ئەو پرسە پرسی ئازایەتی و ئیرادەیە،

پرسی بوون و بەرجەستەکردنی بوونە لە شاعیری داهێنەر چاوەڕوان دەکرێت، نەك ئەوانیدیکە.

ئەو پرسە ئەنتۆلۆژی لای نووسەرێکی وەك (گاردەر) لە کچەی پرتەقاڵ دەبێتە پرسیاری تێڕوانین لە بوون و بەشداریکردن و بەشداری نەکردن، دابڕان و پچڕان لە بوارە نوێیەکانی ژیان. بۆ نموونە (جۆرج)ی کوڕ لە وەڵامی ئەو پرسیارەی باوکیدا دێت لەڕێگەی دید و ئەزموون و بیرکردنەوەی خۆی ژیان هەڵدەبژێرێت، سەرەڕای ئەوەی کە باوك درەوشاوەترین وێنەی رۆشنبیری وێڵ و سەرەڕۆ و گەڕۆك و دۆزەرەوەیە، خولقێنەری هەستێکی نوێیە و خەوبینێکە بەرەو ئاسۆیەکی نەبینراو هەنگاو دەنێت، کەچی کوڕ لە هەڵبژاردندا چەمکی دابڕان پەیڕەو دەکات بەو مانایەی کە تێڕوانینیان بۆ ژیان جیاوازە. راستە باوك مرۆڤێکە دیدێکی تایبەتی بۆ زۆر کێشەی جەوهەری هەیە، ئەو دیدەی درێژکراوەی هەموو ئەو سامانە میتۆدی و فیکرییەیە کە پێش ئەو لەو کایەدا هەبووە، ئەو بە ناسینی قووڵ و تەفسیرکردن و زانیاری نوێوە دەوڵەمەندییان دەکات، لە لایەکی دیکە کەسێکە بایەخی بۆ خەیاڵ هەیە و ناتوانێت لە لایەنە رۆحییەکە دوور کەوێتەوە، واتە تا رادەیەکی زۆریش کەسێکی یۆتۆپییە، بەڵام کوڕ بە هەڵبژاردنی هەنووکەیی ژیان و ئازادی و ئامادەکی ساتخوازانەی خۆی، دێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو ژیانە کورتە ئەو دیدە یۆتۆپیایەی باوك تێکدەشکێنێت، بە دیوەکە دیکەش درێژە بە سامانی مەعریفی بیروڕای جیاواز و دیالۆگ دەدات. بەو مانایەش رۆشنبیری سەربەخۆ ئەو کەسەیە کە دژایەتی لە قالبدان دەکات، چونکە لە قالبدان کە دواجار مردنی شتە جوانەکانی بەدوادا دێت، ئەو دابڕان و پچڕانە بەرەو بواری نوێ و دەست پێکردنێکی دیکەی نوێمان دەکاتەوە، بەرەو بەرهەمهێنانی چەمکی نوێ و جیاواز... ئیتر دەبێت ئاگامان لەو گۆڕانکارییانە بێت کە بەسەر چەمك و ماناکاندا دێت. دەبێت بەردەوام لەڕێگەی هەڵبژاردن و بڕوابوون بە جیاوازییەوە خەریکی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی و بیرکردنەوەی مەعریفی خۆمان

بین. دواجار وەك ئەدۆنیس دەڵێت: هیچ شاعیرێکی گەورە لە دنیادا نییە تیۆریزەکەرێکی گەورە نەبێــت.

بەشی دووەم لەو پرسیارەی جەنابتان بە شــێوەی جیــاواز ئاڕاســتەی مــن کــراوە، بــەلاّم بەردەوام هەستدەکەم لەپشت هەڵبژاردنی پرسیارگەلی لەو شێوەیە بیرکردنەوەیەك هەیە کە جیاوازی دەخاتە نێوان دەقی شیعری و دەقی لێکۆڵینەوە، ئەو جیاوازییە دەمێکە لە دنیــای ئەمڕۆی ئەدەب و هونەر کاڵ بۆتەوە، ئێستا لێکۆڵینەوە بەو مانایە سەیر ناکرێت کە دەقی شیعری ئاڕاستەکانی دیاری دەکات، بەو مانایە نییــە کــە لــە چواچــێوەی دەقــدا قــەتیس دەبێت، بەڵکو وەك ئیبداعێکی دیکــە و دەقێکــی دیکــەی ئیبــداعی دێتــە ژمــاردن. بــە مانایەکی دیکە وەك چۆن دەقی لێکۆڵینــەوە بــۆ هــەمووان نییــە، دەقــی شــیعرییش بــۆ هەمووان نییە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە، ئەو جۆرە لە پێوانەکردن، وەك جۆرێــك لــە ئابلۆقــەدان دەکەوێتــەوە! بۆیــە بــە بــڕوای مــن دەبــێ خوێنــەر دووبــارە پەیوەندییەکان لەسەر دنیابینی نوێ دامەزرێنێتــەوە، چــونکە ئــەوە دڵنیاکردنــەوەی بــیرو باوەڕە، ئەوە دڵنیاکردنەوەی چێژو خۆشی چەسپاو و باوە بەردەوام ئەو پرسیارە بەسەرچــوانە وەبیر دەخاتەوە. ئیتر دەبــێ خوێنــەری نوێخــواز خــۆی لــە نۆرمــە باوەکــان بکاتــەوە، ئــەو خۆشەویستییە تەقلیدییەی ناوەوەی خۆی بخاتە ژێر رەخنەو پرسیاری سەردەمەوە، وەك چــۆن بە دیوەکەی دیکەش دەقــی شــیعری و لێکۆڵینــەوە دەبــێ خوێنــەر بخاتــە نێــو گومــان و دڵەڕاوکێوە نــەك بــە دڵنیــابوونی بســپێرێت، چــونکە دەق هــەر ئــەوە نییــە کــە وەســفی پەیوەندییەکان دەکات، بەڵکو دەبێ لەسەر رەخنەو پەیوەندی نوێ و پرســیاری نــوێ خــۆی دابمەزرێنێتەوە.

کەواتە  ئەدەب دەبێ ئیرادەی زمان و ئاستی هونەری و رەهەندە مەعریفییە جیاوازەکان دووبارە کەشف بکاتەوەو کۆی رووبەرە قەدەغەکراوو وسبەلێکراوەکانی رۆشنبیریی باو بخاتە

نێو رەخنەو جوڵەی رەخنەوە، ئـەو جوڵەیـەش وەك بنەمایـەك بـۆ خوێندنـەوەی کۆمـەڵگا تیۆریزە بکات.

**پ/ئایا بووە تۆ بووبیتە ئەکتەرێکی شاعیر کە کارەکتەری ئەویدیکە نمایش بکەیت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** رەنگـە گرفتـی مـن لەگـەڵ وشـەی ئەکتـەر راسـتەوخۆ پەیوەندی بە دووبارە کردنەوە دابێت، دەشێ ئەوەش لە حاڵەتێکی دەروونییەوە بێـت، بـەلاّم کە بیر لـەو دووبارەکردنـەوەو چـەند بارەکردنەوەیـە دەکەمـەوە دووچـاری دڵتـەنگی دێـم، دڵتەنگییەك تا رادەی بێزاری.. بۆیە وەك مرۆڤێکی سادە هەرگیز بیر لەو رۆڵـە ناکەمـەوە.. چونکە بەبڕوای من هەر رۆشنبیرییەك لەسەر دارِشتنەوەی بیرکردنـەوەی ئەویدیکـە بـژیت، خاوەنی بیرکردنەوە نییە، لە لایەکی دیکـە شـیعر نـە قسـەکردنە لـەبری ئەویدیکـە، نـە هەرگیز بیر لە گرفتە کەسییەکانی ئەویدیکە دەکاتەوە. ئەوەی کـە بـەردەوام لـە شـیعردا قابیلی بیرلێکردنەوەیە ئەویدیکە و واقیعـی چەسـپاوە نییـە، بـەڵکو کایـەکانی زمـان و رەهەندە جیاوازەکـانی مانایـە، ئـەوەی کـە بـەردەوام لـە شـیعردا قـابیلی گفتوگۆکردنـە تەجاوزکردنی پێوانەکان و هەنگاونانـە بـەرەو بەرزکردنـەوەی هەسـتی جـوانی و هەسـتی رەخنەو هەستی مرۆڤانەمان. دەقی شیعری قسەکردن نییە لە ئەویدیکە، بـەڵکو بـەردەوام لەسەر هەڵوەشانەوەو بونیادنانێکی دیکە راست دەبێتەوە، بەردەوام لەسـەر درووسـتکردنی پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەو وشە، وشـەو شـتەکان دێتـە نـاوەوە، بـەردەوام کـار لەسـەر تەقینەوەی مانا دەکات، نەك وەك ئەکتـەرێك لـەبری ئەویدیکـە دەرکـەوێت، بـەڵکو وەك رێگەیەکی نوێ بۆ تەعبیرکردن خۆی نمایان دەکـات، هـەرگیز ناکەوێتـە تـەعبیرکردن لـە خەونی ئەویدیکـە، چـونکە خەونـەکان لەیـەکجیان، هـیچ یـەکێك لـە ئێمـە ئـارەزووی ئەویدیکەی نییە، هەر یەك دنیـای خـۆی هەیـە، شـیعر لەسـەر جیـاوازی ئـەو دنیایانـە جوانییەکانی خۆی دەوەشێنێت، ناچێتە نێو ئـەزموونی کەسـیی و تایبەتەکانـەوە، بـەڵکو

پرسیار لە جەستەی رۆشنبیریی دەکات، شاعیر تەماشای خودی خۆی دەکات، شاعیر تەفسیری باو دەخاتە ژێر رەخنەو پرسیارەوە.

**پ/ لەچ شوێنێکاتێکدا جورئەتی نووسین نامێنێت؟ یان بڵێین بەڕاست وشە دەتوانێت هەموو شتێك بڵێت و وێنای بکات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** لەو شوێنە وشە مەرگی خۆی رادەگەیەنێت کە دیالۆگ و ئازادی لە تەگەرە دایە، کە بڕوابوون بە جیاوازی وجودی نەبێت، کە چینێك لە قسەکردنی سیاسی کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگاو رەهەندەکانی زمان دەکات. لەو شوێنکاتە نووسین بوێری لە دەست دەدات، کە بەنێو کۆمەڵگایەکی بێ ئاگاو بێ بیرکردنەوە گوزەر بکات! کۆمەڵگایەك، سیاسییەکان دەمڕاستی ئاستەکانی رۆشنبیریی بێت ئیتر نووسین و رووە جیاوازەکانی نووسین دووچاری بنبەستبوون دێت. هەر بەو مانایە نەبوونی جێکەوتی وشە نیشانەی نەبوونی ئازادییە، نیشانەی نەبوونی پرسیاری سەردەمانەی کۆمەڵگایە لە ئازادی. کەواتە بەبێ گرنگیدان بە ئاستی رۆشنبیریی و مەعریفی، بەبێ بەرزکردنەوەی ئاگایی کۆمەڵگا، ئاگایی رەخنەگرانە و فەزای ئازادی و ئیرادەی ئازادیبوون دروست نابێت. بەبێ رەخنەگرتن لە نۆرم و ستراکتۆری باو، بەبێ تەجاوزکردنی ئەو چینە لەقسەکردنی سیاسی، وشە ناتوانێت تەعبیرە بنەڕەتیەکانی بیرکردنەوەی خۆی دابمەزرێنێت. کاتێك وشە دەتوانێت هەموو شتێك بڵێت کە پرنسیبی دیالۆگ و فەزای ئازادی و بڕوابوون بە جیاوازی وجودی هەبێت. کاتێك وشە دەتوانێت هەموو شتێك بڵێت کە ئامادەگی عەقڵی و مەعریفی لەئارادا بێت، کە مرۆڤ بتوانێت تەعبیر لەخۆی بکات، بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر تەفسیرە باوەکان، بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر ستراکتۆری کۆمەڵگا توانای بڕیاردان و هەڵبژاردنی هەبێت....

<u>سازدانی: رۆژنامەی کۆمەڵ</u>

هەولێر ٥ی تەمموزی ٢٠٠٨

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاّ:

## داهێنان سەر بە کەشفکردن و خەون و دنیابینییە

**کوردستان راپۆرت/نیمایوشج دەپرسێ ئایا شیعر دەرئەنجامی پەیوەندی واقیعیانەمانە لەگەڵ دنیای دەرەوە، یان شیعر گوزارشتە لەخۆمان و تێروانینمان. بۆیە منیش دەپرسم ئەگەر شیعر گوزارشتە لە دنیای خودی شاعیر، ئایا شیعر دەتوانێت بۆ ئێمەی خوێنەر چی بکات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاّ/*** سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت دەشێ بە کورتی بڵێم دنیای خود و منی شاعیر لەرووی زاراوەو ناونان و دەستەواژەو چەمکەوە بۆ ئێمەی خۆرهەڵاتی ئاڵۆز و پڕ کێشەیە، چونکە "من" یان "خود" چەمکێکە عەقڵی خۆرئاوایی بەرهەمی هێناوە، هەر تەنها تەرجەمەکردنی بۆ ئێمە ئیشکالی درووست نەکردووە، بەڵکو قسەکردنیشمان لەو بارەوە دووچاری ئیشکالی جۆراو جۆری فیکری و مەعریفی دەبێتەوە. خۆرئاوا هەر تەنها وەك بەرهەمهێنەرێکی ئەو چەمکە خۆی نابینێت، بەڵکو بێ سنور شانازی پێوە دەکات و ئەوانیدیکەی پێ دەخاتە پەراوێزەوە...

لێرە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەمڕۆ ئێمەی خۆرهەڵاتی نابێ ئەو چەمکە تەرجەمەی بوارە جیا جیاکانی ژیانی خۆمان بکەین، ئەوەندەی دەمەوێت بڵێم ئەگەر دوێنێ لای فرۆید چەمکی من کۆی فیکرە باوەکانی گرتبێتەوە و وەك ئامرازێکی جیبەجێکردن پێناسە کرابێت. دواجار لە گوتەزاکەی دێکارت وەك عەقڵانیەتێکی زاڵ درێژە بەخۆی بدات ...

ئەمڕۆ دەبینین لەڕووی مانا و چەمکەوە کۆمەڵێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەمڕۆ لەمیانی تیۆرە نوێیەکانی زانستی دەروونییدا، زانستێکی تایبەت بە (من/خود) هاتۆتە ئاراوە... واتە لە خودی خۆرئاواش ئەو چەمکە کۆمەڵێك سەرنج و ئیزافات و بیروڕای جیاواز و پێچەوانەی خراوەتەسەر... بۆ نموونە قسەکردن لە خودی داهێنەرانەی ئەریکسۆنی، یان منی غەریزەئامێزی فرۆیدی دوو شتی زۆر جیاوازە... دەمەوێت بڵێم بەر لەوەی قسە لەو چەمکانە بکەین، دەبێ ئاگامان لە پێشکەوتنەکان و فیکری سەردەم هەبێت، تاکو دووچاری ئیشکالییەتی وردەکارییەکان نەبینەوە.

لێرە بەگشتی من بۆ قسەکردن لە چەمکی خود هەوڵدەدەم لەڕووی جەستەو تێگەیشتن لە جەستەوە، قسە بکەم و بڵێم "من" لەڕووی جەستەوە نوێنەرایەتی جەستە دەکات، بەڵام وەك تێگەیشتن لە بونیادی عەقڵی "خود" نوێنەرایەتی مەعریفە دەکات، لەلایەکی دیکە لەبارەی رەفتاری کۆمەڵایەتییەوە نوێنەرایەتی خودی کۆمەڵایەتی دەکات.. بەگشتی دەروونناسان پێیانوایە "خود" لەڕێگەی شارەزاییەوە بونیاد دەنرێت. وەك دەزانین شارەزایی ئەوەیە کە لە کارلێکردنی مرۆڤ و دەوروبەری کۆمەڵایەتی دێتە بەرهەم. بەمجۆرەش خود لە هەموو بارەکانی کەسێتیدا بونیادی مەعریفی و فیکری مرۆڤی لەسەر هەڵدەچنرێت.

وەك گوتم منی فرۆیدیی بەکۆی فیکرە باوەکانەوە بەندەو وەك ئامرازێکی جێبەجێکردن پێناسە دەکرێت. بەڵام بەدیوەکەی دیکە خود لە ئاستی شارەزایی و مەعریفییەوە بە زەمەنەوە دەلکێت. بۆ زێتر جەختکردن لەو بارەوە هەوڵدەدەم من لەو منە فرۆیدی و دێکارتییەوە درێژکەمەوە تاکو لەلایەن خۆمەوە لەڕێگەی ئەو جیاکردنەوەیەی کە لێرە هەوڵی بەرجەستەکردنی دەدەم، قسەکردنم لە خود و خودی شاعیر هەندێ روونتر بکەوێــتەوە... قسەکردنیش لە خود وەك دەزانین قسەکردنە لە زەمەن، بە هەمان شێوەش قسەکردنە لە قۆناغ و واقیعی دیاریکراو... ئەوەی کە زێتر یارمەتی وەڵامەکانمان دەدات قسەکردنە لە زەمەن. یان بە مانایەکی دیکە دەمەوێت بەکورتی بۆ ئەوەی خود لە دنیای

داهێنان زێتر بخەمە روو، قسە لە دوو زەمەن بکەم: زەمەنی خود و زەمەنی داهێنان، ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی زەمەنی خود و زەمەنی داهێنان لێکجیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بەگشتی زەمەنی خود زەمەنێکی ئاسۆییە، بەلاّم زەمەنی داهێنان زەمەنی قولاّییە، و لە دەرەوەی زەمەنەکانەوە بە ستوونی دادەبەزێت. لەوەش زێتر وەك (ئەدۆنیس) دەڵێت: داهێنان هاوپەیوەستبوونێکی خەڵکەرانەی نێوان ئێستاو ئایندەیە، دیارو نادیار، زەمەن و جاویدانی، واقیع و میتا واقیع و...

هەر لەڕێگەی وەلاّمی ئەو بەشەی پرسیارەکەتان دەمەوێت دووبارەی بکەمەوەو بڵێم ئەمڕۆی داهێنان کۆی پەیوەندییەکانی بە پچڕاوی و دابڕوای دەهێڵێتەوە، نەك بە دیاریکراوی... چونکە وەك چۆن لەشوێنی دیکەش قسەم لەوە کردووە کە ئیبداع بەگشتی لە دەقدا دەمێنێتەوە، بۆیە هەمیشە لە داهێناندا خودەکان و منەکان رەتدەکرێنەوە. کەواتە شیعر بەو مانا نوێیە گوزارشت لە دنیای شاعیر و خودی شاعیر ناکات، چا چ خودی گێڕەڕەوە بێت، یان منی لبیدۆ... شیعر ئاوێنەی من نییە تاکو خودی خۆی تێدا ببینێت، وەك چۆن شیعری ئیبداعی نەزۆك نییە تا بیر لە یادەوەریەکان و دنیای شاعیر و واقیعی کۆمەلاّیەتی بکاتەوە.

قسەکردنمان لەوەی کە دوا پلەی من لە گوتەزای (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم)ی دێکارتییەوە بە ترۆپك دەگات، لەوێوە دێ، کە وەك چۆن ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بڕوانەبوونە بە ئەویدیکە، لە هەمان کاتدا بڕوانەبوونیشە بە داهێنان بەشێوەیەکی گشتی... بۆیە دواتر کۆی هەڵوەشانەوەکانی من و خود لەڕێگەی فیکری پۆست مۆدێرنەوە تەنها هەڵوەشانەوەی عەقلاّنیەتی سێنترالیزمی خۆرئاوایی ناگرێتەوە، بەڵکو کۆی ئەو ناوەندخوازی و خۆبەزلزانینەی تاکی خۆرئاوایش دەخاتە ژێر پرسیارەوە ...

بەشێوەیەکی گشتی لەو هەڵوەشانەوەیەدا ئەرزش بۆ ئەویدیکە گەڕایەوە و هەڵبەتە ئەو بیرکردنەوەیە لە بڕوابوون بە ئەویدیکەو قبوڵکردنی جیاوازییەوە هەڵقولاّوە، هەر

لەسەر ئەو بنەمایەش فیکری پۆست مۆدێرنە منی ڕەتکردەوە بۆ ئەوەی لەڕێگەی کۆی منەکان و ئەویدیکەوە دەق بەرهەم بهێنێت. بەگشتی دەبێ بزانین لەسەر ئاستی داهێنان رووخاندنی (منی دەقی) بە گەورەترین بەرهەمی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت.

کەواتە داهێنان ناکەوێتە نێوان پەیوەندی واقیعیانە لەگەڵ دنیای دەرەوەو ناوەوە، یان خراپ ئەزموونکردن و باش ئەزموونکردنی ژیانەوە. پەیوەندی واقیعیانەو دنیای خودی شاعیر و شیعر هەمیشە دەکەوێتە دەرەوەی داهێنانەوە، یان بەمانایەکی دیکە رەنگە بەشێکی زۆر نادیاری داهێنان بێ. چونکە وەك (هایدگەر) دەڵێ جیهان لەمیانی زمانەوە خۆی بۆ مرۆڤ دەکاتەوە، وەك دەزانین لە داهێنانیشدا زمان قسان دەکات. قسەکردنی زمان قسەکردنی کۆی خوێنەرە جیاوازەکانیش دەگرێتەوە، قسەکردنی زمان ئەرزش دانانە بۆ هەموو ئەوانەی بەشداری لە هێنانەدی داهێنان دەکەن. ئەگەر بەشێکی زۆری قسەکردنی زمان لەنێوان ئەزموونی ژینکراوو ئەزموونی ئاساییەوە خۆی بدۆزێتەوە، ئەوە داهێنان، داهێنانە لەگەڵ خوێندنەوەی جیاوازو خوێنەری جیاوازدا... دەمەوێت بڵێم بێ خوێندنەوە داهێنان نابینرێت، بێ خوێنەری جیاوازی خوێندنەوەی جیاواز داهێنان نایەتە ئاراوە...

(ئیبن عەرەبی) پێیوایە زمان هەر لەسەرەتاوە ناو بووە، ناو پێکهاتەی بوونی زمانی لەخۆدا هەڵگرتووە، زمان لەڕێگەی ناوەوە لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە، ناو نیشانەی ناونراوە و لەڕێگەی دەست بۆ بردنی مانای ناونراوەوە بە وجودی ناونراو دەگات. بەڵام ناو هەر تەنها دەلالەت لە ناونراو ناکات، بەڵکو دەلالەت لەو سیفەتە تایبەتەش دەکات کە ناونراو لەخۆیدا هەڵیگرتووە. بەو مانایەش ئەو سیفەتەی کە بوونی پێ وەسف دەکرێت خودی بوون (یان ناو) نییە، بەڵکو ئەو سیفەتە زیاد کراوەیە کە خراوەتە سەر (ناو/بوون)ەوە.

کەواتە لەبری ئەوەی تاك بە تەنها بمێنێتەوەو دەلالەت لە تاکە خودێك بکات بەپێی ژمارەی حەقیقەتەکانی یان سیفەتەکانی بەرفرەوان و لەنێو کۆمەڵێك خودی جۆراوجۆر راست دەبێتەوە. لەڕێگەی راڤەکردنی ئەو فیکرەوە دەشێ شیعریش وەك جەوهەری

قسەکردنی زمان لەنێو کۆمەڵێك خودی جۆراوجۆر ڕاست بێتەوە، ئەوەش بەشێکی زۆری لەمیانی ئەزموونی ژینکراودا دەردەکەوێت. بەڵام نەك بەو مانایەی کە ئەزموونی ئاسایی و ئەزموونی ژینکراو دنیای خودی شاعیر و بوون بێت، بەڵکو بەو مانایەی کە زمان بوونە و داهێنانی شیعریش لادانەکانی ئەو بوونەمان بۆ بەرجەستە دەکات. بەو مانایەی کە زمان وشەیەو وشەکانیش شیعر لە ئاستی نادیاری خەیاڵی بەرەو ئاستی ئامادەگی مەعریفی دەگوازنەوە.

بەجۆرە داهێنان لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکی ئاڵۆزو نادیارە بۆیە حاڵەتی داهێنان لە عادەتی ژیانی ڕۆژانەمان دادەبڕێت، داهێنان بە ئەزموونی تایبەتی و ئاساییمان نابەستێتەوە، بەڵکو بە حاڵەتێکی شاز و نادیار و دەگمەن و لەناکاو گرێمان دەدات. داهێنان پرۆسەیەکە بەشی گەورەی بەر نەست دەکەوێت، بەشی زۆری دەکەوێتە دەرەوەی سیستم و لۆژیك و بە خەیاڵەوە دەلکێ، داهێنان بە ئەزموونی ناوەکی و دەرەکییەوە بەندمان ناکات، بەڵکو بەسەر ماناکانی ناوەوو دەرەوەی دنیادا خۆی دەکاتەوە، هەر لەڕێگەی ئەو کرانەوەشەوە جولەو زیندوویێتی زمان دەردەکەوێت. لە جولەو زیندوێتی زمانیشەوە بە جولەو زیندوویێتی شیعر دەگەین. دەمەوێت بڵێم زەمەنی واقیعی نوێنەرایەتی دەقی داهێنەرانە ناکات... ئەو قسەکردنەی تۆ لەگەڵ شەپۆلی مێژووگەرایی دێتەوە، کە پێیوایە هەموو دیاردەیەك (وەك بەش) پێویستە لە ناوکۆیی سەدەی خۆیدا سەیر بکرێت و فەهم بکرێت، بەڵام دەقی داهێنەرانە شتێك نییە لە ڕابردوو، بەڵکو شتێکە ڕابردووی هەیە، ڕابردووی دەق کۆی ئەو بەرەوپێشچوون و گەشەکردنانە دەگرێتەوە کە دەق تاکو ئەو ساتەوەختە پێیگەیشتووە.

بەکورتی دەمەوێت بڵێم ئەوەی تۆ وەك دنیای شاعیر و شارەزایی خود باسی دەکەیت، سرووشتێکی بازنەیی هەیە و تەواو سەر بە مانایە، یان بەشێوەیەکی دیکە تەواو سەر بە ئەخلاق و نۆرمی کۆمەڵایەتییە و واقیع و نۆرمی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەکانی دیاری

دەكات، كەچی داهێنان سەر بە كەشفكردن و خەون و دنیابینییە... خود لەڕێگەی مێژووی گەیشتنەكانەوە ئەكتیڤبوونی خۆی و سۆز و بە مرۆبوونی خۆی رادەگەیەنێت، لەڕێگەی نواندنی ویژدانی مرۆییانە و هەست و نەستی مرۆڤانەیەوە بە مرۆبوونی خۆی بەرجەستە دەكات، بەلاّم داهێنان حەقیقەتەكانی لە نادیارەوە بەرجەستە دەبێ، هەر لەو خاڵەشەوە خوێنەران بە هەموو جیاوازییەكانیانەوە دەتوانن بەشداری چالاكانەو داهێنەرانەی خۆیان لەڕێگەی خوێندنەوەوە بە ئەنجام بگەیەنن.

شیعر بۆ ئێمەی خوێنەر جگە لە درووستكردنی فەزایەك بۆ چێژ و جوانی، فەزایەكی ئازادیشە بۆ نواندنی خەون و خەیاڵ و بەشداریكردن لە داهێنان، شیعر وەك چۆن دنیابینی و پرسی سەردەممان تێدا دەورووژێنێ، دەریچە و فەزایەكیشە خوێنەر هۆكاری بوونی خۆی تێدا پراكتیزە دەكات. شیعر هۆكارێكە بۆ كرانەوەمان بەسەر جوانی و جیاوازی و دنیابینیدا، شیعر وەك چۆن ئاستی ئاگایی و مەعریفەمان بەرز دەكاتەوە، هەست و بیركردنەوەشمان رووبەڕووی زمان و جولەی زمان بەرفرەوان دەكات.... هەڵبەتە كۆی ئەو قسەلێكردنە لەبارەی شیعرەوە ناچێتە نێو ئەركی شیعر، بەڵكو بە بەشداریكرنی خوێنەر لە داهێنان دەژمێردرێت.

**كوردستان راپۆرت/ كاتێك دەڵێن شیعر بەرزترین رەگەزی ئەدەبە، ئایا بەو مانایە دێ كە ئیدی شیعر بۆ هەمووان نییە، ئەی شیعری داهێنەرانە بە خوێنەر پێوانە دەكرێت، ئایا پێوانەكردنی شیعر جۆرێكە لە ئابلۆقەدانی خودی شیعر؟ (ئەدۆنیس) پێیوایە ئەو ئابلۆقەدانە لە هەموو جیهاندا دەبینرێت، بەڕای تۆ ئایا شیعری داهێنەرانە بە خوێنەر پێوانە دەكرێت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** وەك دەزانین سێ رێبازی رەخنەیی بایەخی خوێنەر و خوێندنەوەی وەك دیاردەیەكی مەعریفی، یان وەك بەشداركردن لە داهێنان خورد كردەوە: بونیادگەری فەرەنسی لەڕێگەی بارت و بانگەشەكردنی مەرگی دانەر یان نووسەر... تیۆری

وەرگــر لای ڕەخنــەگرانی ئــەڵمانی و زانکــۆی کۆنســتانس کــە جوانگــەرایی خوێندنــەوەو میکانیزمەکەیان بەرز کردەوە، لەسەرووی هەمووشــیانەوە یــاوس و ئــایزەر.... ســێیەمیان هەڵوەشانەوەگەرەکان کە قســەیان لــە جیاوازییــەکانی خوێندنــەوە دەکــرد. لەبــەر ئــەوەی خوێندنەوە کردەیەکــە بــە هــەموو ماناکانییــەوە پەیوەنــدی ڕاســتەوخۆی بــە مەعریفــەی ڕۆشــنبیریی و مێــژوویی و ئایدیۆلۆژییــەوە هەیــە و لــە ئاســۆی مــەعریفی و شــارەزایی دیاریکراوەوە پراکتیزە دەکرێت، کەواتە خوێندنەوە لە بۆشــاییەوە نایەتــە دی، بــەڵکو لــە هەڵدانی مەعریفە و شارەزایی و پرسیار و بەدواداگــەڕانی وەڵامــەکان دەســت پێــدەکات. بەمجۆرە ئەوە سروشتی پرسە، میکانیزمی خوێندنەوەکان دیاری دەکات... بۆیــە بــۆ نموونــە ئەدۆنیس دەڵێت: فیکری ئیبداعی کــە بــە نێــو جەهلــدا گــوزەر کــرد، بــە قــەد جــەهل بچووکدەبێتەوە....

خوێندنەوە پرۆسەیەکی هەستپێکراوو دیارە لە ڕستێك گریمانەو خەون و خەیاڵ و ئومێدو نائومێدی پێکهاتووە... خوێندنەوە پرۆســەیەکی بــە نێویەکداچــووو ئــاڵۆزە، کــار لەســەر بەرهــەمهێنان دەکــات... خوێندنــەوە لــە حاڵــەتی شــیانییەوە بــۆ حاڵــەتی بەخشــش ڕاماندەکێشێ، لە حاڵەتی شاردنەوەوە بۆ حاڵەتی پراکتیزەبوون، لــە حاڵــەتی هــەبوون بــە هۆی هێزەوە بۆ حاڵەتی هەبوون بە هۆی کردەوە. کەواتە بۆ ئــەوەی خوێندنــەوە پرۆســەیەك بێت لە بەرهەمهێنانەوە، دەبێ خوێنەر ئەو سیفەتەی تێدا بێــت کــە بتــوانێ دووبــارە دەق بەرهەم بهێنێتەوە، چ وەك ئەوەی کــە خــاوەنی ئاگاییــەکی گــەورەی ئــەدەبی و هونــەری و ئیستێتیکی و زمانەوانی بێت، یان بەشێوەیەکی بەرفرەوان پەیی بە ڕۆشــنبیریی و زانســتە مرۆییەکان بەرێت و لەکاتی خوێندنەوەدا بتــوانێ ســوودیان لێوەرگرێــت، یــان ئاگــاداری ئەدەبیاتی بیانی بێت و لەڕێگەی ئەو ئاگاییە لە دیاردە ئەدەبییەکان حاڵی بێت و بتــوانێ بەکاری بەراوردکردن هەڵبسێت، بەڵام بە مەرجێك دوور بێت لە پەرگیری ئایدیۆلۆژی...

خوێندنەوە گفتوگۆکردنە لەگەڵ دەقو بەشداریکردنی خوێنەرە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیبداعدا، کردەی خوێندنەوە واتە کردنەوەی کۆدەکان و وەدەنگهێنانی شاراوەکانی دەق، بەلاّم لەبەر ئەوەی خوێنەر پاك و بێگەرد و بەری نییە، بۆیە ئاستی خوێندنەوە بەپێی خوێنەرەکان دەگۆڕێت، بەهەمان شێوەش بۆ تاکە خوێنەرێکیش دەشێ لە خوێندنەوەیەکەوە بۆ خوێندنەوەیەکی دیکە بگۆڕێت و جیاواز بێت.

خوێندنەوە دیالۆگی نێوان دەق و خوێنەرە، خوێنەر بۆشاییەکانی دەق و دابڕانەکانی پڕ دەکاتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین دەقی داهێنانەرانە بێ خوێنەری جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز وجودی نییە، دەق هەمیشە چاوەڕێی خوێنەرێك دەکات دووبارە خەڵقی بکاتەوەو لە تاك مانایی رزگاری بکات و وزەو ژیانی تێدا ببوژێنێتەوە... داهێنان بە خوێنەری جیاواز پێوانە دەکرێت، بەلاّم خوێنەرێك کە بتوانێ لە ئاستی داهێناندا بێت، خوێنەرێك کە "ئیکۆ" بە خوێنەری نموونەیی و "ئایزەر" بە خوێنەری ناوەکی و "وولف" بە خوێنەری چاودێر و "ریفاتێر" بە خوێنەری سەرکەوتوو و "فیش" بە خوێنەری میسالی و "بارت" بە خوێنەری غێر بەریی وەسفیان دەکەن.... خوێنەر لای بارت بێ بەری نییە، چونکە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە دەق و ئاماژە و دەلالەتەکانی لای خۆی گلداوەتەوە.

سازدانی: سۆران عەزیز

هەولێر ١٦/١٠/٢٠٠٩

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاَ:

## بەگشتی نووسین، نیگەرانی و ترسی مرۆڤە، لە بۆشاییە مەعریفییەکان

**پ/ راستە شیعر پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، ئەی لای تۆ چ جۆرە پێناسەیەکی بۆ دەکرێ؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاَ/*** پێناسەی گشتی بۆ شیعر ئەوەیە، کە شیعر ژیانە. بێگومان تێگەیشتنی شیعر وەك ژیان لەوێوە دێت کە شیعر حەزەکانی ژیان و جموجولی ژیانی هەڵگرتووە، لەوێوە کە شیعر زیندووە لەگەڵ ژیان دەجولێ‌و دەگۆڕێ و هەناسە دەداو گەشە دەکات، وەك چۆن بە دیوەکەی دیکەش شیعر گوزارشت لە شاراوەکانی ژیان و ڕێکەوتی ژیان دەکات‌و دەمانخاتە نێو پرس و تانوپۆکانی ژیانەوە. بەو مانایەش ئەگەر ژیان لە دوالیزمییەتی دیارو نادیار، جەستەو دەروون، دەرەکی‌و ناوەکی... خۆی بنوێنێ، ئەوە شیعریش هەر تەنها ئەوە نییە کە دەجولێ‌و دەگۆڕێ و هەناسە دەداو گەشە دەکات، بەڵکو کۆی وسبەلێکراوو ئاماژەو ڕەمزەکان‌و نهێنییەکانی ژیان و بۆشاییەکانی ژیانی لەخۆداهەڵگرتووە، کۆی ئەوانەش بە شێوازی جیاواز لەڕێگەی پرۆسەی نووسین بە مانا ئیبداعییەکەی بەرجەستە دەبێت. بەڵام ئەگەر رووی یەکەمیان لەڕێگەی بابەتە تایبەت و دیارەکەیەوە بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە بەمانابوونی ژیان بکات‌و لەسەر ئەو بنەمایە حەقیقەتی ژیان و ژانوژوارەکانی بنوێنێ‌و تێگەیشتنمان بۆ ژیان ئاسان بکاتەوە، ئەوە رووی دووەمی لەڕێگەی دەروون و ژیانی ناوەکی یان خودی شاعیرەوە ناڕاستەوخۆ بە تلقاییەت و ڕێکەوتی ژیانەوە دەلکێت، هەر لەوێشەوە نەخش و بە مانابوونی خودو دەروون

دەکێشێت و وەك چۆن لە هەمان کاتیشدا وەك ئیحا و دەلالـەت دەکەوێتـە دەرەوەی ژیـانی ناوەکی و ئەزموونی خودییەوە.

لێـرەدا دەمـەوێت بڵـێم ئەگـەر رووی یەکـەمی بـە مانـابوونی ژیـان گوزارشـت لـە حەقیقەتێکی دیاریکراو بکات، ئەوە رووی دووەمی بە مانابوونی ژیان بەو دیوو حەقیقەتی ناوبراوەوە یان بە خەیاڵەوە بەندە، نەك بەو مانایەی کـە حەقیقـەتی نـاوبراو رەتبکەینـەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە لەرێگـەی وسـبەلێکراوو نـەبینراوەکانی ژیانـەوە دەشـێ کەشـفی چەندان رەهەند و رووی دیکەو حەقیقەت و چەندان ئیحا و دەلالەت و نهێنی دیکەی ژیـان بکەین. بۆیە شاعیر ئەو خەیاڵپەروەرەیە کە دەخرێتە دەرەوەی کۆمارەکەی ئەفلاتوونەوە.

لێرەدا پرۆسەی داهێنانی کە هەمیشە تەجاوزی بـاو و زمـانی بـاو دەکـات کردەیەکـە خەیاڵ و میتازمان رابەرایەتی دەکات، واتە بەشێکی زۆری نەست دەینووسێتەوە، نیگەرانی سنورەکانی رەنگدەکات. کردەی ئیبداعی تەعبیر لەو بۆشایی و وێڵگانە دەکات کە خـەیاڵ رۆناکیان دەکاتەوە، نەست هێلەسەرەکییەکانیان دەنووسێت و نیگەرانی رەنگیـان دەکـات، بەو مانایەش دەشـێ بڵـێین بەگشـتی نووسـین نیگـەرانی و ترسـی مرۆڤـە لـە بۆشـاییە مەعریفییەکان. بۆ رەواندنەوەی ئەو ناتـەواوی و نیگـەرانی و ترسـەش مـرۆڤ لـە هـەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان دایە. بە مانایەکی دیکە بۆشایی گەردوونی وای لە مرۆڤ کـردووە (بە هەر رێگەیەك بێت) بە پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکان رابێتـەوە، هـەتا ئەگـەر رێگەکـە میتافیزیکانەو وەهمیش بێت و دەرکەوتەکانی لەدوارۆژێکی دوور، یان لەدوارۆژێکی نادیار دابێت. لێرەدا دەشێ بڵێین نووسین ئەو وەهم و نیگەرانییەیە یـان ئـەو میتازمـان و خەیاڵـە بەرجەستەیە، کە بۆشاییەکانی پێ پڕ دەکەینـەوە. وەك چـۆن دەشـێ بڵـێین پرسـی ناونـان تەعبیر لە پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە دەکات، کە پێی دەڵـێن (نووسـین/مـرۆڤ). کەواتـە بەردەوام مرۆڤ بوونێکی نیگەران و ناتەواوە... بەدیوەکەی دیکە بەردەوامی مرۆڤ لە فـەزای داهێنانەوەیە، ئەوە فەزای داهێنانە مرۆڤ دەخاتە سەر حاڵەتێکی دیکەی ناونـان و پـرس و

گۆڕان... بەو مانایەش داهێنان هەر تەنها تەعبیر لە تـەواوبوونی ناتەواوییـەکانی مرۆیـی ناکات، بەڵکو تەعبیر لەبەردەوامی ناونان و جولەو کردە و چالاکییەکانی دەکـات. مـرۆڤ هەمیشە لە ناتەواویدایەو هەرلەوێشەوە حەزی ژیان دەیجولێنێ... ئەو قسەیەش پشت بـەو بنەمایە دەبەستێت کە بوونی تەواو نیگەرانی و قەلەقی ناناسێت.

واتە مرۆڤ بەردەوام هەوڵدەدا لەڕێگەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی لەڕێگەی ئاوڕدانـەوە لە نیگەرانییەکانی، لەڕێگەی بەردەوامی ناونان و داهێنانەوە بوونی ناتەواوی خـۆی، ئـەو بوونەی کە لای (هایدگەر) پڕ نەبۆتەوە.... لە گۆڕانێکی بەردەوامـدا هـەوڵی پڕکردنـەوەی بدات.. مرۆڤ بەردەوام بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی بوون، پێویستی بە داهێنـان هەیـە. هەر لەڕێگەی داهێنانیشەوە هایدگەر بوونی مرۆ بە بوونی رەسەن گرێ دەداتەوە.

دواجار دەمەوێت زێتر لەو بارەوە قسە بکەم و بڵێم (نووسین) یان (ناونان) هـەر تـەنها پڕکردنەوەی بۆشاییەك نییە، کە پێی دەڵێن مرۆڤ، بەڵکو بەردەوام کەوتنە نێو بۆشاییەکی دیکەیە، ئـەویش بۆشـایی ناوەوەمانـە، یـان بۆشـاییەك کـە دەکەوێتـە نێـو بۆشـاییەوە، پرسیارگەلێك کە لـەمیانی پرسـیارەوە لـەدایك دەبێـت، ماناگـەلێك کـە لەڕێگـەی بـێ مانابییەوە دێتە دنیاوە... لێرەدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ بۆشاییەکاندا ناکەین، بـەڵکو لەگـەڵ پرس و نیگەرانییەکانی ناوەوەی خۆمان دەژین، ئێمە مامەڵە لەگەڵ بۆشاییەکاندا ناکەین، بەڵکو لاپەڕەی نیگەرانییەکانمان و ناتەواوییـەکانمان و ئیحـا و مانـا و بـێ مانابییـەکانمان هەڵدەدەینەوە. کەواتە ناونان و کۆی ئەو ئەفسانانەی بە ناونانەوە بەندە، بە نوسینیشەوە بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە بۆشاییەکانی ناوەوەی خۆی نەترسێت و بۆ ئەوەش بەردەوام دەبێ مـرۆڤ لـە گۆڕان دابێت و بۆشاییەکان و نیگەرانییەکانی بە ئیحا و مانای جیاواز پڕ بکاتەوە. لێـرەدا شیعر هەر تەنها سەر بەشوکرانەکردنی زمان نییە، وەك چۆن سەر بەخود و بابەت نییـە.... ئەگەر خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ وتاری (زمان/بـوون/شـیعر) کـە لـە گۆڤـاری (کـاروان) ژ (٢٣٩ )ساڵی ٢٠٠٩ بلاوبۆتەوە زێتر لەو مەسەلەیە دەگات...

شیعر هەر تەنها سەر بە شـوکرانە کردنـی زمانـە نییـە وەك (رۆلان بـارت) دەڵێـت، چونکە زمان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە زۆرترین بەکارهێنەر بۆخۆی فەراهەم بکات. هەر لەوێشەوە ئەو دیدە ئەخلاقییەی کە سەر بە زمانە، دەکەوێتە نێـو دوو ئیشـکالییەتی سەرەکییەوە، ئیشکالیەتی یەکەم راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە شـەڕی فـۆرمو ناوەڕۆکەوەیـە، ئیشـکالییەتی دووەم لـە زمـانو رووتکردنـەوەی زمانـەوە خـۆی هەڵدەگرێتـەوە، ئەگـەر ئیشکالییەتی یەکەم لە دەمەتەقێیەکی عادیلانەی فۆرمو ناوەڕۆك بـە کۆتـا بگـات و لـە شێوازدا کورت بکرێتەوە، بەو مانایەی کە هەموو مرۆڤێك شێوازی تایبەت بەخۆی بەرهەم دەهێنێت، ئەوە بۆ ئیشکالییەتی دووەم دەشێ پەنا بۆ رستەیەکی (مالارمـێ) بـەرین، کـە دەڵێت: زمان قسان دەکات نەك نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کـە زمـان دێتـەگۆ نەك من. لەو رستەیەی (مالارمێ)وە تەواو لە ئیشکالییەتی یەکەم جیا دەبینەوە، دواجـار قسەکردن لە ئیشکالییەتی دووەم بەرەو قسەکردن لە تێگەیشتنی (زمان و من)، (زمان و ئەزموون)مـان دەکاتـەوە. دەمـەوێت بڵـێم قسـە لـەوە نییـە، کـە شـیعر چـەند پێناسـە هەڵدەگرێت یان نا، بەڵکو دەبێ قسە لە شیعر بکەین بەو مانایەی کە جموجولەکانی ژیان و تەجاوزکردنی باو و تایبەتمەندییەکانی شێواز و شـیعرییەتی لـەخۆ گرتـووە، بێگومـان گرنگ ئەوە نییە شیعر پێناسە دەکرێت یـان ناکرێـت، بـەڵکو گـرنگ داهێنانـە، ئـەوەی هەمیشە بیر لە پێناسە کۆنکریتەکانی شیعر دەکاتەوە، لە داهێنانیش دەترسێت. هەمیشە ئەوانەی لە داهێنان دەترسێن لە تەجاوزکردنی باو بە هەموو ماناکانییەوە سـڵ دەکەنـەوە. ئەوانەن کە هەرگیز قبوڵی جیاوازی و گۆڕان ناکەن. هـەرگیز قبـوڵی پێناسـەی جیـاواز و بۆچوونی جیاوازی سەردەم ناکەن.

دواجار دەتوانم بڵێم شیعر پەیوەندی بە شتەکانەوە نییە، چ پەراوێزی بن یان سـێنتەر، بێ مانا بن یان مانادار. شیعر لە خودی شتەکاندا کـورت ناکرێتـەوە، بـەڵکو لـە فـەزای پەیوەندی لادانەکان و چێژو پرسیارە نوێیەکانەوە بەرجەستە دەبێـت، بـەو مانایـەش هـیچ

شتێ شیعری نییه، هیچ شتێ خاوەنی شیعرییەت نییه، ئەوەی شیعرییه ئەو فەزایەیە کە ساتەوەختی نووسینی شیعر درووستی دەکات. شیعرییەت بوونێکی راستەقینەی نییە، بەڵکو بەردەوام لەرێگەی تەماشاکردن و خوێندنەوەی جیاوازەوە خەڵق دەکرێت، هەر ئەوەشە وا دەکات پێناسەکردنی شیعر مەحاڵ بکەوێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە شیعری ئیبداعی تەواوی دەسەڵاتەکان لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە دەکاتەوە، دەقی ئیبداعی ئەو چێژەیە کە لەنێوان دڵنیایی و گومان یاری لەگەڵ لادانەکانی زماندا دەکات.

**پ/ شیعر ئیحایە یان پیشەسازی، یان هەردووکیان؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** قسەکردن لە شیعر وەك داهێنانێکی ئەدەبی و حەقیقی، وەك پرۆژەیەکی رۆشنبیریی و مەعریفی قسەکردنە لەکۆی ئەو رەهەندە فیکری و دۆزینەوانەی کە دەکەونە نێو ژیانەوە، شیعر لە ئیحا بەدەر نییە، بەڵام بەو مانایەش نییە کە بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی جۆرێکیش نەبێت لە پیشەسازی...

وەك دەزانین پرۆسەی نووسینی شیعر لە وشە دێتەوە... وشە ئەگەرچی چەندان دەلالەتی جیاواز و فرە رەنگی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەڵام لە نووسینی ئەدەبی و شیعری کار لەسەر دوو دەلالەتی وشە دەکرێت ئەویش دەلالەتی خودی و دەلالەتی ئیحائیە. ئەگەر ئاستی دەلالەتی خودی لە ئەزموونی تایبەت و باگکراوەندی رۆشنبیریی و مەعریفی تایبەت بە زمان و کەلەپوری دیاریکراوەوە هەڵگرینەوە و لە پرۆسەی نووسیندا کۆی ئەو سەرچاوە دیار نادیارانە، کۆی هەست و نەست و جیاوازییەکان لە گوزارشتکردن دەربکەون، ئەوە ئاستی دەلالەتی ئیحایی بە شێوەیەکی بەرفرەوان دەلالەتە دەرەکیەکانی ئیبداع دادەمەزرێنێت......

شیعری ئیبداعی لەوێوە بە ئیحاوە بەندە کە بڕوای بە جێگیربوون نییە، لەوێوە کە ماناو دەلالەتەکانی فرە رەهەند و فرە رەنگن، لەوێوە کە بڕوای بە مانا و دەلالەتی دیاریکراو نییە، لەوێوە کە ئازادی و جیاوازی وەك پرنسیپێکی سەرەکی دەبینێ.... شیعری

داهێنەرانە هەمیشە مانا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە... فەزای داهێنانی شیعر فەزایەکی ئازادە... دەشێ هەر خوێنەرێك بە جۆرێك قسەی لێبکات، نە خاوەن مانایەکی دیاریکراوەو نە هەڵگری مەدلولێکی جێگیرە... فەزای داهێنانی شیعر فرە لایەن و بەربلاوە، هەر لەوێشەوە ئەساڵەتی ئەدەبی بوونی بە جوانی و چێژەوە بەند دەبێت، ئەگینا هیچ بوونێکی نییە... هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ بڵێین دەقی شیعری داهێنەرانە ئەو دەقە ئیحا بەخشەیە کە پرۆسیسەی ئازادییەکان دەکات، کە فەزای ئازاد و پانتاییەکی بەرفرەوان بۆ جیاوازی دەخاتەوە.. داهێنان بە هەموو مانایەکەوە لەسەرووی ئینتماکردنەوەیە. هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانیش وەك (بارت) دەڵێ بریتین لە دەقئاوێزانی........

دەمەوێت بڵێم لە کۆی ئەو قسەکردنە دەگەینە ئەوەی کە گوتاری ئەدەبی ئەو گوتارەیە کە شوێنی دەلالەتە ئیحاییەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەر لەبەر هەندێ بەشێکی زۆر لە مانا لە پێکهاتەی دیاردەی ئەدەبیدا بە شێوە روونەکەی نادیار دەکەوێتەوەو پێویستی بە کەشفکردن و خوێندنەوەی جیاواز هەیە، خوێندنەوەی جیاوازیش لە خوێنەری جیاوازەوە دێتە ئاراوە........

کاتێك دەڵێم بەرهەمی شیعری جۆرێکیشە لە پیشەسازی و بازرگانی بەو مانایە دێت کە وەك کالاّیەکی ئیستێتیکی و مەعریفی دەشێ بکەوێتە نێو بازاری مەعریفە و بازاڕی ئاگاییەوە... بەو مانایە نایەت کە پرۆسەی نووسینی شیعری شێوەیەکی پیشەسازییانە بێت. بەڵکو بەو مانایە دێت کە بەرهەمی ئەدەبی دەشێ جگە لە ئەرزشە مەعنەوی و ناوەکییەکەی ئەرزشێکی پیشەسازیشی هەبێت.... بێگومان ئەو ئەرزشەش راستەوخۆ بە کلتور و ئاگایی و ئاستی بەرزی ئیستێتیکی دەسەلاّت و کۆمەڵگاوە دەلکێ، راستەوخۆ بە بیرکردنەوەو عەقڵیەتی سەردەمە بەندە، بە ئازادی بیرکردنەوەو فەردانییەت و جیاوازییەوە پەیوەستە.

بەدیوەکەی دیکەش بەبڕوای من هەر کاتێك لەپشت پرۆسەی نووسینی شیعری غەمی بە پیشەکردن و پیشەسازی و بازرگانی وەستا... بارودۆخێکی مێژوویی و بارودۆخێکی گەلاڵەکراو و بە دامەزراوکراوی رۆشنبیریی هات و ئەدیب و ئەدەبی لە بازاڕی (رۆشنبیریی) وەك پیشەکارێك کڕی... ئیتر لەوێوە ئەدیبیان و ئەو دامەزراوە بەناو رۆشنبیرییانە بەرەو شێوەیەك لە نووسین دەگۆڕێن، کە بە (نووسینی داواکراو) ناو دەنرێن، ئەو نووسینە داواکراوانە راستەوخۆ دەشێ بە نووسەری پیشەکارو بازرگانەوە بەند بێت، لێرەوە دەمەوێت بڵێم زۆربەی هەرە زۆری نووسەرە پیشەکارەکان هیچ غەمێکی مەعریفی و ئاگاییەکی رۆشنبیریی بەرزییان لەپشت نییە، ئەوەش راستەوخۆ بە رۆتیناتی پیشەوە دەلکێ... هیچ کاتێك بیر لە کلتور و ویژدانی ئەدەبی ناکەنەوە... هەر کاتێك ئەدەب، چێژ و جوانی خۆی لەرێگەی کڕین و فرۆشتن لەدەست دا، هەر کاتێك ئەو فەزا ئازاد و جیاوازییەی خۆی داخست، بە شێوەیەك لە شێوەکان وەك ئەدەبی سەرشۆستەو بازاڕ بکرێت و بفرۆشێت... کاتێك ئەدەب و شیعر تەواوی رەنگەکانی لەپێناو رەنگێکی بازاڕییانەدا سەربڕی، کاتێك شاعیر تەواوی رەگەزە ئیحایی و شیعرییەت و مانا نادیارەکانی، تەواوی گومان و نیگەرانییەکانی وەك بازرگانێك بە پارەیەکی دیاریکراو خورد کردەوە. ئیتر حەقیقەتی ئەدەبی و هەمی ئیبداعی و ویژدانی ئەدەبی با دەیبا...

بەرهەمی شیعری داهێنەرانە لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵێك رەگەزی هونەری و بنەمای نادیار و دیار پێکهاتووە، بۆیە هەمیشە وەك کالاّ لە بازاڕ (بەتایبەتی بازاڕی کۆمەڵگای ناهوشیار) کورتی دێنێ، لەبەرئەوەی کالاّیەکە زمانی بازاڕی نییە، لەبەرئەوەی ئامرازێك نییە هەمووان وەك پێداویستییەکی رۆژانە بەکاری بهێنن، بۆیە وەك شتێکی بازاڕی و پیشەسازاییانە تەنیا چاوی هەندێ لە کڕیارانی لەسەرەو هیچی دی... چونکە وەك کالاّیەك بۆ هەمووان نییە، وەك کالاّیەك هەمووان ناگەیەنێتە چێژ و سەما... ئەوەی دەیەوێت شیعر و تەماتە وەك یەك لە بازاڕ خورد کاتەوە، هیچ رۆژێك بیری لەڕووە نادیارەکانی شیعر

نەكردۆتەوە، فڕینی ڕۆح و فڕینی فرۆكە وەك یەك دەبینێ، ئەوەی شیعر و باینجان بە یەك چاو دەبینێ خێلە، نەك ئەدیب و شاعیر..

هیچ كەسێك نكۆڵی لەو ناكات كە نووسەرێك بێت و گرنگی بە میكانیزمی نمایانكردن و بەبازاڕكردنی بەرهەمە ئەدەبییەكانی بدات، گرنكی بە قازانجی ماددیانە بدات و ژیانێكی پڕ لە شكۆی لەڕێگەی بەرهەمەكانییەوە بەدەست بهێنێ، ئەگەرچی بەشێكی زۆری پێداویستییەكانی نووسین و پەیوەستبوون بە پێداویستییە ئیبداعییەكان و نەمری لەگەڵ ئامانجی بازرگانی و پیشەسازی رووت یەكناگرێتەوە.

رۆماننووسی ئەمریكی (هارلان كوین) كە رۆمانی پۆلیسی دەنووسێت و یەكێكە لەو رۆماننووسانەی كە وەك پیشەی نووسین سەركەوتنێكی بێ سنوری لە فرۆشتنی رۆمانەكانیدا بەدەستهێناوە، نەك هەر تەنها لە ناو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەڵكو لە دەرەوەی ئەمریكاش. وەك رۆماننووس (ئێریك كونیسبرگ) لە وتارێكی كە لە گۆڤاری (ئەتلەنتیك) لەبارەی رۆمانە پۆلیسییەكانی (كوین) بڵاوی كردۆتەوە دەڵێ ئەگەرچی لەڕووی هونەرییەوە ئەوەندە بەهادار نییە، بەڵام لەڕووی پڕفرۆشییەوە سەركەوتنێكی ئەوەندە بەرزی بەدەستهێناوە كە خۆی لە (٢,٧) ملیۆن دانەی فرۆشراو دەدا، ئەو سەركەوتنە پیشەسازی و بازرگانییە پەیوەندی بە پرۆسەی نووسینەوەی ئازادەوە نییە، هەر تەنها بە ئەرزشە ئیبداعییەكانی نووسەرەوە نالكێ، بەڵكو بە پرنسیبەكانی بازرگانییەوە بەندە و بۆ پەیوەندی دامەزرا و دەزگایەكانی بڵاوكردنەوەو نێوەندەكانی راگەیاند و میكانیزمەكانی پرۆپاگندەكردن و دابەشكردن و كۆی ئەو بانگەشەكردنە گەورانە دەگەڕێتەوە كە لە كاتی دەرچوونی هەر كتێبێكی نوێی (كوین) دنیا پێ سەرقاڵ دەكرێت.

**پ/ هەندێك شیعر نووسین بەدواین هەوڵ دەزانن كە لەپێناو راگرتنی فەوزاو كارە تێكدەرەكان ئەنجام دەدرێت، لای ئێوە ئەركی شیعر لەچیدایە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** من هەرگیز بڕوام بە ئەرکی شیعر نەبووە. ئەوەش لـەوێوە دێت کە وەك گوتم شیعر ئەو چێژەیە کە لەنێوان دڵنیایی و گومان یاری لەگەڵ لادانەکانی زماندا دەکات. بەو مانایەش دەشێ لەپێناو راگرتنی فەوزاو کارە تێکدەرەکان بوەستێ، لە هەمان کاتتدا پێچەوانەکەشی راستە.

رەنگە بتوانین لە پێناو راگرتنی فەوزا و پشێوییەکان، رووە ئارامەکـەی شـیعر لـەبری مۆسیقا بەکار بهێنین، بەلاَم هەرگیز بەو مانایە نییە، کە ئەوە ئەرکی دیـاریکراوی شـیعر بێت، بەڵکو ئەوە لە خوێندنەوەیەکەوەیە کە خوێنەرێکی دیاریکراو کەشـفی دەکـات، وەك چۆن بەدیوەکەی دیکەش ئەگەر بڕوامان بەوە هـەبێت کـە شـیعر چـێژ و جوانییـە و ئـیتر لەوێوە دەشێ بتوانین فەزایەك بۆ هەناسەدان و لەیەکگەیشتن و گفتوگۆ درووسـت بکـەین، دەشێ لەوێوە رۆحەکان بخەینـە حاڵـەتی دوانـدن و فـەوزاو پشـێوی لەڕێگـەی گفتوگـۆ و دواندنەوە رابگرین...

دەمەوێت بڵێم ئەگەرچی من بڕوام بە ئـەرکی شـیعر نییـە، بـەلاَم بێگومـان لـەنێوان تێکدەرێك و شاعیرێك زێتر بەلای شیعردا دەچم، بە مـەرجێك ئـەو شـاعیرە لـە ئاسـتێکی بەرزی جوانگوتن و چیگوتندا بێت، لە ئاستێکی بەرزی زمان و وێنەو ئیسـتێتیکا خـۆی هەڵگرێتەوە، لە ئاستێکی بەرزی شیعرییەتەوە خۆی بخاتە روو، ئەگینا لەگـەڵ تێکـدەرێك تەنها لە ئاستی زیان گەیاند بە خودی مرۆڤایەتی و هەستی مرۆییەوە جیـاواز دەکەونـەوە. جیاوازی نێوان شاعیرێك کە ئاستی زمان و بیرکردنەوەو عەقڵیەتی (کۆمەڵێك) بەرەو لێژی دەبات و لە بازاڕ بە هەرزانبەها خوردی دەکاتەوە لەڕووی چەمکەوە لەگەڵ تێکدەرێك، کـە بەکاری تێکدانەوە هەڵدەسێت، شتێکی ئەوتۆ نییە، بـەلاَم رەنگـە لـەڕووی چـۆنایەتییەوە قسەی دیکە هـەڵبگرێت. ئەوانـەی هـەتا ئێسـتا وەك شـاعیر ئاگـایی و زەوق و هەسـتی کۆمەڵگای کوردییان وێران کردووە زۆر زێترن لەوانەی وەك تێکـدەر بـەو کـارە هەڵسـاون،

ئەوانەی وەك شاعیر هیچ حیسابێك بۆ بەهای زمان و گوتن و ئاستی گوتن و شـیعرییەت و ئاستی مەعریفی و رۆشنبیریی شیعری ناکەن، زۆر زێترن لە تێکدەران.

**پ/ تۆش لەگەڵ مندا کۆك دەبیت گەر بڵێم شیعری وەچەی دوای راپەڕین ئاستێکی بەرزی نییە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ببورە قسەکردنی لەو جۆرە زۆر گشتی دەکەوێتەوە، بەڵام من لەگەڵ بەشێك لە گوتنەکەت هاوڕام، وەك چۆن بەڕای من ئەو شێوە لەبیرکردنەوە ئەوەندە درووست نییە، ئەوەندە درووست نییە تا ئەو شوێنەی کە هەموو وەچە ئەدەبییەکان (هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە بڕوام بەو جۆرە جیاکردنەوانە نییە) بەشە گەورەکەیان بەلای کرچ و کاڵی دەچن، ئەوە هەموو دەیە یەك لەدوا یەکەکان دەگرێتەوە، بۆیە دەبێ قسە لەو بەشە بچووکە بکەین کە توانای بەرهەمهێنانی شیعرییەت و پرس و زمانی جیاواز و دنیابینی جیاوازییان هەیە، دەبێ ئاگامان لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و مەعریفەی شیعری سەردەم و دنیابینی سەردەمییانە بێت.

بەبڕوای من ئەمڕۆ لەنێوەندی شیعری کوردی کۆمەڵێك گەنج هەن جوان دەنووسن وەك چۆن بەشی زۆریان کرچ وکاڵ دەکەونەوە. شیعری وەچەی دوای راپەڕین قۆناغ و سەردەمێکی جیاواز و پرسی جیاواز و مەعریفەی فرەرەهەند و رەنگاورەنگی لەپشتە، شیعری وەچەی دوای راپەڕین پێویستی بە خوێندنەوەی ئەمڕۆی نێوەندی ئەدەبی و رۆشنبیریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. قسەکردن لەو وەچەیە دەبێ لەڕێگەی خوێندنەوەی کۆی ئەو بارودۆخەوە بێت کە ئێستا لە ئارادایە. دەبێ قسەکردن بێ لە تەواوی ئەو بێنرخکردنانەی کە ئێستای نێوەندی ئەدەبی و رۆشنبیریی تەنییوە. دەبێ قسەکردن بێ لە فەزاکانی ئازادی و ئازادی بیرکردنەوەو جیاوازییە فرەرەهەندەکان. بێ قسەکردن لەو گوتارە گەندەڵەی ئەمڕۆی نێوەندی ئەدەبی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، قسەکردن لە وەچەی نوێ کورتی دێنێت،

بیٚ قسەکردن لەو میدیا و دامەزراوە پەرپووت و کەمخوێنانەی نێوەندی رۆشنبیریی کوردی، قسەکردن لە ئەدەبی حەقیقی و شیعری هونەری، مایە پووچ دێتەوە.

**پ/نەوەی هەشتاکانی شیعری کوردی کە ئێوە یەکێکن لەوان، لەگەڵ ئەوانەی پێشووی خۆیان و نەوەی پاش راپەڕین، بەچی جیا دەکرێتەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ناشیٚ من بکەومە نێو نەوەی هەشتاکانەوە، چونکە تەنها چەند قەسیدەیەك کە بە پەنجەی یەك دەست دەژمێردرێت لە دواینساڵەکانی هەشتا بلاّوم کردەوە و هیچی دی نا. بەلاّم ئەگەر من وەك ئەوەی لە نەوەدەکان کۆمەڵە شیعرێکم بەناوی (سێبەری ئاو) بلاّو کردەوە، هەروەها لەگەڵ هەندیٚ لە هاورێیان گۆڤارێکمان بە ناوی (سەراب) دەرکرد، قسە بکەم، ئەوە دەشیٚ قسە لە دوو بۆچوون و دوو دیدی تەواو جیاواز بکەم، دیدی بەر لە راپەڕین کە بەشێوەیەکی گشتی زمان و ئەدەب و هونەرییان لە روانگەی سیاسییەوە دەبینیٚ دیدێکی دیکە کە بەپێچەوانەوە پێیوابوو ئیتر ئەوە ئەدەب و هونەر نییە دەبێتە چقڵی چاوی دوژمنان و چەکی ئازادیخوازان، بەڵکو ئەوەیە کە دەشیٚ بەشێوەو ریتمی جیاواز، چێژ و خۆشی و ئازادی فرە رەهەند بە خوێنەرە جیاوازەکان بگەیەنێت، ئەوە ئەدەب و هونەرە بیرکردنەوەمان بەرەو فرەرەنگی و جیاوازی دەبات، ئەوە ئەدەب و هونەرە فەزاکانی ئازادی و رەهەندەکانی مەعریفی بەکۆی جیاوازییەکانییەوە بەرجەستە دەکاتەوە، ئەوە ئەدەب و هونەرە ئاستەکانی پرس و ئاگایی رەخنەمان تێدا دەبوژێنێتەوە، بەرەو کۆمەڵگایەکی هوشیارو ئازاد و چالاك و داهێنەرمان دەکاتەوە.

جیاوازی نەوەی پێش راپەڕین و نەوەی دوای راپەڕین هەر تەنها جیاوازی نێوان دووەدنیابینی و دوو شێوە لە نووسین و پرس و دوو جۆر لە ئازادی نییە، بەڵکو جیاوازی نێوان دوو زمان و دوو شێوە لە ئاگاییە، ئەگەر زمانی دوای راپەڕین لە خەیاڵ و خەونێکی دیکەی ئازادەوە پرس و بونیادە جیاوازەکانی خۆی دابرێژێتەوە، ئەوە زمانی بەر لەراپەڕین بونیادێك رابەرایەتی دەکرد کە تۆتالیتارییەت و ستەمگەرایی رێساکانی دەنەخشان.

ئەگەر ئاگایی بەر لەراپەڕین ئاگاییەك بێت لەسەر دوالیزمییەتی نیشتمانپەروەر و خایین خۆی درێژ کردبێتەوە، ئەوە ئاگایی دووای راپەڕین بە تەواوی ئەو دووالیزمانەی تێپەڕاند و بەشێوەیەکی دیکە چەمکەکانی وەبەر پرس و خوێندنەوەی جیاواز دا و ناونانی دیکە داو دەستەواژەی دیکەی هێنا ئاراوە.

**پ/ پێشکەوتنە خێراییەکانی بواری تەکنۆلۆژیا، چ کاریگەرییەکی سەلبی ئیجابی بەسەر شیعرەوە جێدەهێڵێ؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** بەبڕوای من کاریگەرییەکان لەڕووی فرە رەنگییەوە بۆ هەموو بوارە جیاوازەکانی ئەدەب و هونەر بە ئیجابییەکی لە رادەبەدەر خۆی هەڵدەخات، بەڵام لەڕووی دابەشبوونی ژمارەی خوێنەران و چێژ و ئیستێتیکی و مەعریفییەوە رەنگە بە سلبی کۆتایی بێت، بەو مانایەی کە کۆمەڵگا کۆمەڵێك بواری دیکەی بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوەو دیتن و بیستن و... بۆ هاتۆتە پێش.

قسەکردن لەڕووە ئیجابییەکە قسەکردنە لەو ئاستە بەرزە هونەری و ئیستێتیکییەی کە لەڕێگەی مەعریفەو پرسی سەردەم و ئاگایی و دنیابینی جیاواز و ئاستە بەرزەکانی پێشکەوتنەوە هاتۆتە ئاراوە، وەك چۆن قسەکردن لەڕووە سلبییەکە بەرەو جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوەمان دەبات کە لە فرە رەنگی و بوارە جیاوازەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەرەو خەون و خەیاڵێکی دیکە و بەرەو کۆمەڵێك دەریچەی جیاوازی دیکەمان دەکاتەوە کە بشێ پرۆسیسەی چێژ و زانیاری و خۆشییەکانی ژیانی تێدا بە ئەنجام بگەیەنین.

سازدانی: بۆتان جەلال

رۆژنامەی برایەتی

٢٠٠٩/١٠/١٤

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا :

## فیکر لەشیعردا دەبێ ئەو هێزو وزەیە بێ کە بەحەساسیەتی شیعریی بارگاوی کراوە.

**پ١/ ئایا حاڵەتی نووسین بەلای(عەبدولموتەڵیب) حالەتێکی سروشتیە، یان بەمانایەکی دی چوونە نێو چەمکە باوەکانە بۆ وروژاندنی پرسیارە مەعریفیەکان؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** نووسین هەرگیز وەك حاڵەتێکی سروشتی پرۆسیسە ناکرێ، بەڵکو تاسەر ئێسقان ناسروشتی دەکەوێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی خودی نووسین جۆرێك بێ لە وڕێنە، بەڵکو چونکە فەزای نووسین، یان فەزای پرۆسیسەکردنی نووسین فەزایەکە دەست بەسەر هەستو نەستدا دەگرێت، فەزایەکی خەیاڵئامێزە، سنورەکانی دیاری ناکرێ، هەمیشە بەشێکی گەورەی ئەودیوو ئاگایی داگیری دەکات ئەگەرچی بەشێك لەو فەزایە بە پەیوەندییە دیارەکانەوە دەلکێ، یان بەمانایەکی دیکە رۆشنبیریی‌و مەعریفە رۆڵی تیا دەبینێ، بەڵام بەشێکی دیکەی راستەوخۆ بۆ پەیوەندییە نادیارەکان دەگەڕێتەوە، مەبەستم لەپەیوەندییە نادیارەکان بەشێك لەیادەوەری‌و بەشێکی بۆ قۆناغی منداڵی دەچێ.

بەدیوەکەی دیکەش قسەکردن لەنووسین، هەر تەنها قسەکردن نییە لەو وزە هێرش بەرانەی کە بیرکردنەوەو تێڕامان دەستیان لەداهێنانیدا هەیە، بەڵکو قسەکردنیشە لەو وزە متبووانەی کە دەکەونە خەیاڵی زمانەوە، ئەو وزە متبووانەی کە دەکەونە نێو پەیوەندییە نادیارەکانی ئەو دیوو ئاگاییەوە. کەواتە نووسین هەم سەرچاوەدارەو هەم بەخەیاڵکردنی زمانەوە دەلکێ، ئەگەر سەرچاوەدارێتی، نووسین بۆ نووسەرو پەیوەندییەکانی نووسەر بەزمانەوە بەندبێ، ئەوە خەیاڵی زمان مێژووی وشەو پەیوەندییە هەرەمەکییەکانی وشە

دەستیان لەداهێنانی هەیە. بەڵام ئەگەر ئەو پرسیارە وەرگێڕینو بکەوینە بەشی دووەمی پرسیارەکەوە، دەڵێم من لەپشت پرۆسەی نووسینی ئیبداعیدا هەرگیز نیازو مەبەستێکی دیاریکراو نابینم، نەك هەر هێندە بەڵکو بەبڕوای من هەموو نیازو مەبەستێکی دیاری کراو بەهەموو ماناکانییەوە جۆرێکە لەشێوانی نووسین، جۆرێکە لە لەکەدارکردنو کۆتو بەندکردنی نووسین، بەدیوەکەی دیکەش جۆرێکە لەهەڵخەڵەتانی خوێنەر.

**پ٢/ باقسە لەمنداڵی بکەین، من پێموایە منداڵی بەشێکی زۆری یادەوەری هەموومانی داگیرکردووە، ئەوەی ئەمڕۆش کاری لەسەر دەکەین گەڕانەوەیە بەشوێن چیرۆکە بچووکەکانی ئەو یادەوەرییە، پێم باشە بزانم منداڵی لای تۆ چەند توانیویەتی پەنجەرەکانی ئێستا بشکێنێ؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** وشەی منداڵی هەمیشە بەشیعرەوە دەلکێ، چونکە بەسیحرکردنەوە بارگاوییە، بزۆزی منداڵ پرسیارێکی گەورەی شیعرییە، منداڵی من دەریایەك بوو خەیاڵ شەپۆلی تیادەدا، سەرەڕای ئەوەی کە منداڵ خۆی تۆپەڵێك خەیاڵە، منداڵ کائینێکی واقیعیە بەڵام لەدەرەوەی واقیع دەژی.

سەرەتای منداڵیم دنیایەك بوو لەترسو تەنیایین ئەو کاتە ماڵەکەمان لەبەرانبەر (ئاشی ئەحمەد چەڵەبی) ماڵێکی تەنیا لەتەنیشت حەساری " عزەددین ئاغا" لەخانویەکی قوڕدا دەژیاین، من ئەو کاتانە هەمیشە تەنیا بووم، خوشکێکی لە خۆم گەورەترم هەبوو، بەڵام زوو مردن بردیەوە، من لەو ماڵەدا هەمیشە تەنیا بووم، ئەوەی کە زۆر جێگای دڵخۆشیم بوو، داپیرەم بوو، داپیرەی من مرۆڤێکی تابلێی رۆح سووكو قسە شیرین بوو، زمانی ئەو لەهەموو ئەوانیدیکە جیابوو، ئەو سیحرێك لەگوفتارو رەفتاریدا هەبوو، ئەو سیحرە پاشان زانیم کە بەو کوردییەوە بەند بوو کە ئەو قسەی پێدەکرد، داپیرەم خەڵکی (مەهاباد )بوو، بەکوردی موکریانی قسەی دەکرد، منی سەرسامی قسەو چیرۆکەکانی خۆی کردبوو، ئەگەر ئەوم لەگەڵ بووایە، یاریکردنو بەزمو رەزمی منداڵانەم

فەرامۆش دەكرد، بەشێكی گەورەی ژیانی من داپیرەم داگیری كرد بوون بەشەكەی دیكە دایكم بوو، چونكە ئەو كاتە باوكم "پێشمەرگە" بوو، دایكم بەدەوام ترسی ئەوەی لەناو دروست دەكردم كە ئەگەر لەماڵ دووربكەومەوە"قەرەجەكان" دەمبەن، جگە لەوەی كە شێتێك هەبوو بەناوی " هەیاس" شوێنی ئەو شێتە بن دیوارەكانی " ئاشی ئەحمەد چەلەبی" بوو، هیچ منداڵێك نەیدەوێرا لەماڵ دوور بكەوێتەوە، هەیاس شێتێك بوو بەزەیی بەهیچ كەسێ نەدەكرد، گەورەو بچووكی دەدایە بەر زەبری خۆی، ئێمەی منداڵ ئەوكاتە كێ بەركێمان لەسەر ئەوە دەكرد كە كێ بتوانێ بەدارلاستیكو قۆچەقانیو دەست جوانترین وێنە، یان گیانلەبەر لە پەنجەرەی كارگەی سەهۆڵی ئەحمەد چەلەبی دروست بكات ئەو كارگەیە زۆر بەرز بوو دنیایەك پەنجەرەی تیابوو، من گەرچی لەزۆربەیان بچوكتر بووم، بەڵام بەخت یارم بوو توانیم بە بەردە بچكۆڵەكەی دەستم جوانترین وێنەی مشك لە پەنجەرەكە بكێشم، ئیتر لەنێو منداڵان باسی ئەو مشكە ببووە چیرۆك زۆر شانازیم پێوە دەكرد، ئەو مشكە ی من وێنەی نەبوو،

ئیتر كاری ئێمە ئەوەبوو، یان لەتەنیشت ماڵی ئەحمەد چەلەبی بەدوای پەپوولەو كوللەو پشیلۆكەدا رامانەدەكرد، یان لەپشت كێلی گۆڕەكان چاوشاركێمان دەكرد، دنیای ئێمە دنیایەك بوو تابڵێی دوور دوور لەنازی منداڵانە دوور لە یاریو سەفەر..

بەشێكی دیكەی منداڵیم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) ئەو ساڵانەی كە (باوك) بەخۆیو بەرادیۆ خشخشكەرەكەیەوە جولەو پرسیاری منداڵانەی منی بێدەنگ دەكرد، ئەو ساڵانە تەمەنی من نزیكەی هەشت، نۆ، ساڵان دەبوو، لەگەڵ ئەوەی كە ماڵەكەمان بۆ گەرەكی (كوران) گواستەوە، بەڵام تەنیاییو ترسو بێدەنگی ماڵ جگە لە خەیاڵكردن، جگە لەدواندنی بێدەنگی ئیتر یارییەكی دیكەی بۆمنی منداڵ نەهێشتبووەوە.

ترسی من لەوێوە دەستی پێدەكرد كە دەرگاو پەنجەرەكان دادەخرانو ئیتر رادیۆی باوك فەزایەك بوو بەهێرشی پێشمەرگەو تەیارەو تۆپو..تاد، پڕدەبووەوە، منیش لەوێوە بەو

خەیاڵە وردەی خۆمەوە وێنەی شەڕەکانم دەکێشا، تا رادیۆیەکە بێدەنگ دەبوو من لەوێنەکێشانی شەڕەکان نەدەکەوتم من دەرهێنەرێکی بچکۆڵە بووم کە هەمیشە سەرکەوتنم بۆ چیاو بەفرو دۆڵو شیوو کانی تۆمار دەکرد، هەمیشە کوشتارگەکانم بە پۆستاڵو سیمای رەشو کلاوە سەربازییەکان پڕدەکردەوە، بەڵام کاتێك رادیۆ بێدەنگ دەبوو، کاتێك شتەکان لەدیدی باوك بەبزەی سەرکەوتن رەنگ دەکران، ئیتر منی منداڵ لەوێوە، لەوکاتەی کە دەچوومە سەرجێگای نووستن بەوکاتەی کە خەو دەیبردمەوە، دووبارە دەکەوتمە نێو هەمان فەزاو خەیاڵ، نێوهەمان کارەسات، نێو هەمان شەڕو کوشتارگە، بەڵام ئەو جارەیان نەك وەك سەرکەوتوویەك کە فەزای ماڵ رەنگەکانی تۆخ دەکردەوە، نەك تەنها وەك وێنەکێشێك بەڵکو وەك رەدوونراوێك، وەك شەڕکەرێکی بەزییو، بە بیرم دێ چەندان جار بۆ لای پیاوچاكو ماڵەشێخو مەلایان بردووم، تاوەکو نووشتەیەکم بۆ بکەن کە چیتر شەوان لەخەو رانەپەڕم، بەدەم خەوەوە رانەکەم، چیتر شەوان بەدەم خەوەوە شەڕ نەکەم، بەدەیان جار بەدەم خەوەوە لەترسی تەیارەو تانكو تۆپ رامکردوەو خۆم بەدیوارەکان دەکێشا، بەدەیان جار ئەو هاوینانەی کە لەسەر(بان) دەنووستین بەدەم خەوەوە لەپەیژەکانەوە خلدەبوومەوە، من هەمیشە لەخەودا تەیارەیەك بەدوامەوە بوو، هەمیشە ئاراستەی لولەی تانكو تفەنگەکان رووبەڕووی سینەم کرابوونەوە، ئەگەرچی لەماڵێکی بێدەنگ پەروەردە کراوم، بەڵام دەنگی هەموو دنیا شەڕی هەموو دنیا لەناو خەیاڵی مندا بوو، لەنێو سەری مندا بوو، لەدەرەوەی ئەو رادیۆ نەعلەتیەو لەدەرەوەی تەیارەو بەدەم خەو رۆیشتن، حەزی گەورەی من تێکەڵبوونێکی سەیر بوو لەگەڵ بوونەوەرە بێدەنگەکان، بەردەوام بەدوای ئەو زیندەوەرانەوە بووم کە زیان بەمرۆڤ ناگەیەنن، خوای گەورەی من کۆتر بوو، بەقەد هەموو دنیا کۆترم خۆشەدەویست، کاتێك کۆترێکم نەخۆش دەکەوت ئیتر منیش نەخۆش دەبووم،قەت لەتێڕامانی کۆتر بێزار نەدەبووم، ماوەیەك هەموو کاتی خۆم بە کۆتر بەسەردەبرد، ئەگەرچی من منداڵێکی ئازاو رووقایم نەبووم، منداڵێك نەبووم لەو سەربان

بۆ ئەو سەربان بەدوای کۆترەوە بم، کۆترەکانی من لەو کۆترانە نەبوون کە رقیان لەخاوەنەکەی بێ‌و بیانەوێ لێی رابکەن، کۆترەکانی من بەقەد خۆشەویستی من بۆئەوان، ئەوانیش منیان خۆشدەویست، من وکۆتر دوو بوونەوەر بووین خوا بۆیەکتر دروستی کردبووین، ئەو کاتانە یان لەماڵەوە خەریکی (لیس-کولانە) دروستکردن بووم، یان لەدەرەوە چاوم بە ئاسمانەوە دروابوو. هەر لە پۆلی دووەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی بابەتاهیری هەمەدانی تاپۆلی شەشەم کۆتر خولیاو خەوم بوو.

لەگەڵ ئەوەی ژیانم بەشێك کۆتر داگیری کردبوو، بەشەکەی دیکەی وێنە کێشان بوو، من هەر لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە مەیلێکی زۆرم بۆ وێ ەکێشان دەبزوا، ئێستاش دێتەوە یادم لە پۆلی یەکەمی سەرەتای کاتێك مامۆستای وێنە ئێمەی بردە گۆڕەپانی مەکتەب‌و داوای لێکردین هەریەك بۆخۆی‌و بەئارەزووی خۆی وێنەیەك بکێشێ، من بیرم لەوە دەکردەوە وێنەی سێبەری ئەو دارە بکێشم کە هەندێك لەئێمە لەژێریدا دانیشتبووین، مامۆستاکەم سەیری پێدەهات کە من وێنەی دارەکە ناکێشم‌و وێنەی سێبەرەکەی دەکێشم، دەیگوت دەبێ وێنەی دارەکە بکێشی، منیش بەخەیاڵی خۆم دەمویست وێنەی سێبەرەکە بکێشم چونکە لە نیگای من نزیکتر بوو، سێبەرەکە لەسەر زەوی بوو، بۆمن ئاسانتر دەکەوتەوە، دەمویست لەسێبەرەکەوە دارێك دروست بکەم. حەزی من لەگەڵ وێنەکیشان تێکەڵ یەکتر ببوو، لەپۆلی سێیەم بەشداری پێشانگای قوتابخانەکانم کرد لەگەڵ مامۆستای رەسم بۆ قوتابخانەی (ئەیوبییە) چووین‌و لەوێ وێنەکانمان بەدیوار هەڵواسی، مامۆستای وێنەمان ناوی (سدیق ) بوو، زۆر دڵی بەمن خۆشبوو، هەموو هەفتەیەك یەکێك لەو وێنانەی کە من لەوانەی رەسم دەمکێشا بە تەختەی ئاگادارییەکانەوە هەڵیدەواسی.

یەکەمین کتێب کە لەدەرەوەی قوتابخانە خوێندمەوە لەهاوینی ئەو ساڵەدا بوو، واتە کە لە پۆلی سێیەم دەرچووم بۆ پۆلی چوارەم، باوکم زۆر حەزی دەکرد من لەماڵەوە بتوانم

کتێبیان بۆ بخوێنمەوە، بیرم دێ هەر لەو هاوینەدابوو کتێبی (رۆستەمی زاڵ)ی لەیەکێك وەرگرتبوو تاوەکو لەماڵەوە بۆی بخوێنمەوە، پاشان بەیەکەوە چووینە بازاڕ لەمەکتەبەیەکی بچکۆلە لەوێ داوای کتێبێکمان کرد، ئێستاش دێتەوە بیرم خاوەن مەکتەبەکە گوتی کتێبێکتان دەدەمێ کە هەموو شەوێ بۆتان بخوێنێتەوە جا بەراستی کتێبێکی بەتامو لەزەت بوو، کتێبەکە بەهۆنراوە باسی دوو کوردی دەکرد کە بۆ بەغدا دەچنو لەوێ لەهوتێلێکی خراپ دادەبەزن، شەو کێچو ئەسپێ دێنە گیانیان، جا گفتوگۆیەکە گفتوگۆی نێوان ئەو کێچو ئەسپێیانە بوو کە چۆن نێچیرێکیان دەستکەوتووە، دواجار من سەرتاپام ئەزبەرکردبوو، کە گەیشتمە پۆلی پێنجەم مامۆستای ئینگلیزیمان کە ناوی( عەزیز بەرخۆ) بوو، مەسیحی بوو، زۆر حەز لەرەسمکرن دەکرد، ئەو کاتە لەگەڵ مامۆستا (عەزیز بەرخۆ) لەژووری وێنەکێشانی قوتابخانە خەریکی وێنەکێشان بووم، شتەکانی وەك خۆی دەکێشا بڕوات نەدەکرد بەدەست کێشرابێ، تا گەیشتمە پۆلی یەکەمی ناوەندی حەزی وێنەکێشانم تیا بەهێزبوو، لەوێش مامۆستا( محەمەد خەتاب) دەیگوت تۆ بەهرەیەکی گەورەی رەسمکردنت هەیە، ئەو زۆر گرنگی پێدەدام بەڵام من بەرە بەرە بەرەو خوێندنەوەی ئەدەب چووم، ئەوکاتە لە قوتابخانەکەمان لەنێو مەرسەم مەکتەبەیەك هەبوو، پڕبوو لە کتێب، ئیتر لەوێوە خووی خۆم دایە خوێندنەوە، هەرچەندە مامۆستا( محەمەد خەتاب)دەیگوت پێویستە بەهرەی رەسمکردن لەدەست نەدەیت، بەڵام من زێتر خوێندنەوەم لا شیرینتر دەبوو، تاگەیشتمە پۆلی سێیەمی ناوەندی زۆربەی کتێبەکانی چاپخانەی "گیوی"م خوێندبووەوە.

**پ/٣ بۆدلێر دەڵێ: شیعر گەڕانەوەیەکی دەست ئەنقەستە بۆ منداڵی پێتوانییە ئەو کاتەی دەتەوێ شیعرێك بنووسی بەهەمان شێوە دەتەوێ بچیتەکۆلانی شەڕەبەردو یاریکردنی رابردوو؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** رەنگە یەکەمین گرفتی من لەگەڵ ئەو پرسیار بۆ دەستەواژەی دەست ئەنقەست بگەڕێتەوە بڕواش ناکەم ئەو وشەیە مەبەستی تەواوی بۆدلێری پێکابێت، چونکە دەست ئەنقەست پرۆسەی نووسینی شیعری وەك پرۆسەیەکی ئاسایی تەماشا دەکات، بەلام وەك دەزانین پرۆسەی نووسینی شیعر پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمدا کە خەیاڵ رۆڵی سەرەکی تیادەگێڕێ، حاڵەتێکی زۆر ناسروشتیە یان تەمومژاوییە، رەنگە بەشێك لەنادیاری ئەو قۆناغە بە دنیا بزرەکەی خەیاڵەوە پەیوەست بێ، بەشێکی دیکەی بۆ ئەو پەیوەندییە هەڕەمەکییانە دەگەڕێتەوە کە وشە شیعرییەکان دایدەهێنن، بەلام دەشێ لەقۆناغی تەتەڵەکردنو سازاندنو یەکلایکردنەوەی مەسەلەکانی گرایەرو ناوبڕ دروستکرنو وەستان، واتە لەقۆناغی دووەمدا جۆرێك لەدەست ئەنقەستی تیابێ.

شیعر کردنەوەی زمانە، شێوەیەکە لەشێوەکانی یاریکردن بەلام لەپانتایی خەیاڵ، وزەی شیعری لەناولێنانی شتەکانەوە خۆی دەدۆزێتەوە، یان بەمانایەکی دیکە شیعر داڕووتانی" مێژووی وشەیە"و مێژووی ماناو دۆزینەوەی رێگایەکی نوێیە بۆ شتەکانی دیکە، هەرلێرەشەوە پەیوەندی بەدنیای منداڵی دەکات، ئەو دنیایە کە شتەکانی پاکە، کەمترین دەستی بۆ براوە، هێشتا بێ ناوون، بەلام هەست بە توانایان دەکرێ، شتەکان خەیاڵی منداڵ پڕدەکەن، منداڵ بەردەوام هەوڵدەدات ئەو وزەیەی کەشف بکات، کە لەپشت شتەکانەوەیە، لەوێشەوە لەڕێگەی کاریگەری شتەکانەوە ناوەکان لەخودی شتەکانەوە هەڵدەهێنجێ. منداڵ هەمیشە هەست دەکات کە یەکەم کەسە ئەو شتانە دەبینێ، دنیایەك لەورووژان، دنیایەك لە چێژ، منداڵ لە لوتکەی خەیاڵو لوتکەی چێژوەرگرتندا پەیوەندی خۆی لەگەڵ شتەکان دادەمەزرێنێو ناو لەشتەکان دەنێ، بەردەوام منداڵ لەچوارچێوەی ئەو شتانەدا غەرق دەبێ کە بەرخەیاڵی دەکەون، لەوێوە وشە دەبێتە ئەو فەزا کراوەیەی کە منداڵ لەنێو ئاسمانو زەویدا یاری تیا دەکات، وەك چۆن شتەکان توانای لەدایکبوونی وشەیان

هەیە، بەهەمان شێوە وشەکان توانای لەدایکبوونی شتەکانیان هەیە، ئەوەش جەوهەری شیعرە.

**پ/٤ ئایا شیعری کوردی ئاستو قۆناغی دیاریکراوی هەیە؟ ئەگەر هەیە ئێوە خۆتان لەچ ئاستێکی گەشەکردنی شیعری کوردی دادەنێن؟ یان با بڵێین هەر کەسێك شیعر دەنووسێ شاعیرەو ئاستێکی هەیە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەو پرسیارە تێکەڵەیەکە لەناودژی، بەنیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، هەرکەسێك شیعر دەنووسی شاعیرە، هیچ قسەیەکم نییە، نەك لەبەرئەوەی لەگەڵ بەشی یەکەمدا دەکەونە شەرێکی بێهودەوە، بەڵکو چونکە نابێتە جێگای قسە لەسەرکردن. مەسەلەی نووسینی شیعرو ئاستی شیعر مەسەلەی ( هەرکەسێك) نییە، چونکە دەستەواژەی هەرکەسێك، ئەگەر نەخشە بۆدارێژراوبێ جۆرێکە لەبێبایەخکردنی کەسی شاعیر، هەروەك چۆن جۆرێکیشە لە بەپەراوێزکردنی خودی مرۆڤ، لەپشت درکاندنی دەستەواژەی هەرکەسێك جگە لەدەسەڵاتی داپلۆسێنەرانە، جگە لەزمانێکی زبر، جگە لە جۆرێك لەبەهەند هەڵنەگرتن شتێکی دیکە نابینم، بەدیوەکەی دیکەش ئەگەر لەخۆوە هاتبی دووچاری جۆرێك لەنائومێدیمان دەکات.

بەڵام بەنیسبەت بەشی یەکەمی پرسیارەکە بێگومان شیعری کوردی بەدرێژایی مێژووی خۆی بەچەندان قۆناغو ئاستو بارودۆخی جیاوازدا گوزەری کردووە، وەك چۆن بەچەندان قۆناغو بارودۆخی رۆشنبیریی و فیکریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی جیاوازدا تێپەڕیووە، بە مانایەکی دیکە ئەوەی تەعبیر لەئاستو قۆناغی شیعری کوردی دەکات بەفۆرمی رۆشنبیریی و مەعریفی کۆمەڵگای کوردییەوە بەندە، هەروەك چۆن بەفیکرو مەعریفەی جیهانیشەوە دەلکێ، کەواتە شیعر بەگشتی لەلایەك فیکرو رۆشنبیریو مەعریفە دەبێتە ئەو ژێرخانەی کە ماناو شیعرییەتو فۆرمی جیاواز دەخاتەوە، لەلایەکی دیکەش" بۆنموونە شیعری قۆناغێکی دیاریکراوی کوردی" دەکەوێتە بەرانبەر ئەو

پەرچەکردارانەی کە بەگشتی  هەستی تیا زامدار دەکرێ، یان دەکەوێتە بەرانبەرئەو پەرچە کردارانەی بە گشتی هەستی تیا زامدار دەکرێ، یان دەکەوێتە  سەر ئەو هەڵوێستەی کە رووبەڕووی دەسەڵات (ستەمکاری) دەبێتەوە. دەشێ لەو بارەیەوە ئاماژە بە(روانگە) بدەین، کە وەك قۆناغێکی شیعری کوردی، بەرگری  خۆی دەنوێنێ، هەتا ئێستاش شێوەیەك لەو فۆرمە، شێوەیەك لەو گوتارە درێژکراوەی هەیە، راستە بەشێوەیەکی زانستی دراسەنەکراوە،  بەڵام سیماکانی دەبینرێ‌و قابیلی بەدوا داچوون و دیراسەیە. کەواتە  پۆلێن کردنی شیعری کوردی، یان قۆناغبەنکردنی شیعری کوردی کارێکی ئاسان نییە، لەپرسیارێك کورتبکرێتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم شیعری کوردی بەپێی  بارودۆخێ کە تەواوی جیهان بەگشتی‌و کوردی‌بەتایبەتی پێیدا تێپەڕ دەبێ، خاوەنی قۆناغ‌و ئاستی رۆشنبیری‌و مەعریفەی خۆیەتی، بەدەر لەوەی کە ئاستەکانی چۆنن‌و چۆن دەکەونەوە، چونکە ئەو مەسەلەیە قابیلی بەراوردکردن‌و هەڵسەنگاندنە، بەدیوەکەی دیکەش قۆناغ‌و ئاستی شیعری پەیوەندی بە نەوەوە  هەیە، نەوەیەك کە دەتوانێ جیهانبینی جیاواز بخاتەوە.

**پ٥/ئەگەر دنیای شیعر دنیای خەیاڵ‌و فانتازیا بێ ئاخۆ جێگای( شوێن‌و کات‌و ئەفسانەو فیکری) تێدا دەبێتەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** داهێنان ئەوەی هەرگیز بیری لێناکاتەوە مەسەلەی شوێنکاتە، تۆ ناتوانی لە پرۆسەی داهێناندا بەدوای شوێنکاتدا بگەڕێیت، یان بەمانایەکی دیکە داهێنەر ئەوەی کە لە پرۆسەی نووسیندا بیری لێناکاتەوە شوێنکاتە، چونکە داهێنان بەردەوام لۆژیکی کاتی ئاسایی‌و شوێنی ئاسایی پووچ دەکاتەوە، کاری شیعری دەنگدانەوەی شوێن کات نییە، بەڵکو دەنگدانەوەی ناوەوەی زمانی لەخۆدا هەڵگرتووە. شیعر خەفەکراوەکانی زمان بەرجەستە دەکات، ئەو شیعرانەی کە دەچنە نێو شوێنکاتی دیاریکراو وزەکانی  خۆیان لە سنورێکدا قەتیس دەکەن، بۆنموونە تۆ هەرگیز ناتوانی "بەردی هەتاو"ی پاز شوێن و زەمەنەکەی دیاری بکەیت، یان " دەنگی پێی

ئاو"ی سوهراب و "دەروشانەوە"ی رامبۆ.. تاد. شیعر لەئاسمانەوە دانابەزێتە سەر زەوی، بەڵکو نەشوەی گەیشتنە بەخود، بەڵام ئەوەی هەرگیز لەپرۆسەی نووسینی شیعردا بیری لێناکرێتەوە شوێنە، بڕواناکەم هیچ داهێنەرێك لەپرۆسەی نووسنی شیعردا بیر لەوە بکاتەوە شوێن وەك شوێن بخاتە ناو داهێنانەوە، دەشێ شوێن لەنێو داهێناندا وجودی هەبێ، بەڵام لەو شوێنە دەکەوێ کە وەك جوگرافیا هەیە، لەو شوێنە دەکەوێ کە لەسەر نەخشە دیاریکراوە. هەروەك" کات-زەمەن" لەداهێناندا پابەست نییە بە مەسەلە مێژووییەکەوە، ئەوەش بەو مانایە نییە کە شیعر بێ زەمەنە، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا شیعر دەکەوێتە نێو زەمەن، لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی زەمەندایە، شیعر زەمەنییە چونکە لەرەوتی زماندا ئەساڵەتو تەجاوزکردن دەنوێنێ، نازەمەنیشە چونکە لەڕێگەی روونبینییەوە هەموو زەمەنەکان لەخۆ دەگرێ، جەوهەری شیعر ئەوە نییە کە کاتو شوێن ببینین، بەڵکو، ئەوەیە کەشتێکی دیکە ببینین.

وەك چۆن شوێن لەپرۆسەی داهێناندا دەکەوێتە ئەو دیوو جوگرافیاوە، لەیەکی دیکەش تۆ ناتوانی بەشێوەیەکی ئاسۆیی قسە لەزەمەن بکەیت، چونکە داهێنان کاتی خۆی دەخولقێنی کاتی داهێنان وەك " ئەدۆنیس" دەڵێ لە تەقینەوەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، دێو دەگۆڕیو نوێ دەبێــتەوە.

بەنیسبەت ئەفسانەو فیکر، ئەگەر ئێمە بڕوامان بەوە هەبێ کە بەشێك لەداهێنان پەیوەندی پرۆسەی خەیاڵکردنەوە هەیە، ئەوە دەبێ بڕواشمان بەوە هەبێ کە بەشێکی دیکەی بەرۆشنبیریو مەعریفەو فیکرەوە بەندە، بەڵام چۆن فیکر لە شیعردا تەوزیف دەکرێ؟ بەبڕوای من فیکر لەشیعردا دەبێ ئەو هێزو وزەیە بێ کە بە حەساسیەتی شیعری بارگاوی کراوە، لەوێشەوە بەرەو رامانو فرە رەهەندیمان دەبات، هەرگیز شیعری ئیبداعی ناکەوێتــە سەر دوا حەقیقەتەکان، بەڵکو شیعری ئیبداعی ئەو شیعرەییە کە بەردەوام سەردەمەکەی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی نادیارەکانەوەیە، بەردەوام فەزای

جیاواز دەخولقێنێ، فەزایەك كە شیعرییەت ڕەهەندەكانی دیاری دەكاو ئێستاتیكا نەخشەكانی دادەڕێژێ، بەدیوەكەی دیكەش شاعیری داهێنەر ئەو شاعیرەیە كە لەڕێگەی خەیاڵەوە ئەفسانە دروست دەكات، "كانت" دەڵێ :خەیاڵ ئەسڵی مەعریفەی مرۆڤایەتی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەر لەڕێگەی خەیاڵەوە مرۆڤ دنیاو مێژوو دادەهێنێ، خەیاڵیش دەكەوێتە نێوان نووسەرو زمان، بۆ ئەوەی زۆرتر قسە لەخەیاڵی زمان بكەین ئەوەتان بیردەخەمەوە كە زمان وەك چۆن دەتوانێ زنجیرەیەك بەكارهێنانی واقیعی بخاتەوە، بەهەمان شێوەش زنجیرەیەك بەكارهێنانی دەروونیش دەخاتەوە، ئەو ككارپێكردنەی زمان هەر تەنها بەئاگایی نووسەرەوە بەند نییە، چونكە وەك دەزانین نائاگایی زمان‌و غەریزەی زمانیش دەستیان لەو كارپێكردنەدا هەیە، كەواتە ئێمە لێرەدا دەكەوینە نێوان پەیوەندییە ڕەمزییەكان‌و پەیوەندییە هەڕەمەكییەكانەوە، مەبەست لە پەیوەندییە ڕەمزییەكان دەشێ بكەوێتە سەر مێژووی وشە، مێژووی زمان، یان بەمانایەكی دیكە بكەوێتە سەر یادەوەری زمان، بەڵام پەیوەندییە هەڕەمەكییەكانی زمان لەكارپێكردنی ناوەوەی زمانەوە هەڵدەقوڵێ، یان لەو لێخشانانەوە دێ كە دواجار "هاوئاهەنگی" یان " دژبوونەوەی" لێدەكەوێتــەوە، بەمانایەكی دیكە ئەگەر پەیوەندییە ڕەمزییەكان شێوەی دەرەوەی زمان دیاری بكات، ئەوە پەیوەندییە هەرەمەكییەكان شێوەی ناوەوەی زمانی لەخۆ هەڵگرتووە.

هەروەها ئەگەر ماناو وەزیفەو بەهای‌گرژبووە جیاوازەكان تەعبیر لە شیوەی دەروە بكەن، لەوێشەوە بە بیركردنەوەو عەقڵەوە بلكێن، ئەوە بەشەكەی دیكەی بۆچووونە غەریزییەكانی زمان‌و ناوەندە سروشتیەكانی زمان دەستیان لەكارپێكردنیدا هەیە، لەوێشەوە بەخەیاڵەوە پەیوەست دەبێ، یان بەمانایەكی دیكە ئەگەر شێوەی دەرەوەی زمان بە ئەزموونەوە پەیوەست بێ، ئەوە شێوەی ناوەوەی زمان وەك حاڵەتێكی ناسروشتی دەكەوێتــەوە، پەیوەندی نێوان شێوەی دەروەو ناوەوەی زمان پەیوەندییەكی دوو لایەنەیە، واتە ئەگەر ئەزموون‌و ئاگایی بەجۆرێك لەجۆرەكان فەزایەكی بەرفرەوان بۆ شێوەی ناوەوە

دابین بکەن، ئەوە شێوەی ناوەوە دەشی وەك وروژێنەری شێوەی دەرەوەی خۆی بنوێنێ، بەدیوەکەی دیکەش شێوەی ناوەوە دواجار لەنێوان چێژو وێناکردندا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەلاّم وەك گوتمان بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە دەبێ ئاماژە بە " ئەزموون" بدەین، بەو مانایەش شێوەی دەرەوە، یان پەویەندییە رەمزییەکان تەعبیر لە هوشیارکردنەوەیەك دەکەن کە نوێنەرایەتیکردنی شتێك دەگەیەنێت، وەزیفەئامێزە، لەگەڵ وەسفدا دێتەوە بەلاّم شێوەی ناوەوە دەکەوێتەوە سەر پەیوەندییە هاوکاتیەکان، یان ئەو پەیوەندییانەی کە بەئیحاوە بەندە، لێرەوە دەتوانین ئەو بەشەی کە بەپەیوەندییە رەمزییەکان ناومان برد پەیوەندی بەبونیادی فیکرییەوە بکات، بەلاّم ئەو بەشەی کە بە پەیوەندییە ئیحا بەخشەکانەوە پەیوەستە خۆی لەچێژو وێناکردندا هەڵگرێتەوە هەر لەچێژو وێناکردنیشدا ئەفسانە بەمانا ئەفلاتوونیەکەی لەدایك دەبێ، یان بەمانایەکی دیکە ئەفسانەی زمانی بەخۆدا هەڵگرتووە، چونکە حاڵەتێکە لەناکاو، پەیوەندی بەقەلەقی مەعریفیەوە دەکاتو بەرانبەر دەوروژێنێ، قابیلی تەئویلکردنی جیاوازە.. لێرەدا دەمەوێ خەیاڵی زمان لە ئەفسانەی زمانو هەڵوەشانەوەی زمانو کوڵینی زمانو رووتکردنەوەی بونیادی ئەو پەیوەندییانە دەربهێنم کە بە سیستەمی ماناو بەهای ماناو پێناسەی ماناو خودی مانایان لەسەر بونیانراوە، هەروەك بەدیوەکەی دیکەش دەمەوێ بۆ ئەو پەیوەندیەی نێوان رەگەزە نادیارەکان بگەڕێمەوە، قسە لەو فەزاو ئازادییە بکەم کە لەمیانی پەیوەندییە هەڵگەڕاوەکانی ئەفسانە و پەیوەندییە هەڵگەڕاوەکانی ئەو رەگەزانەوە دێتەئاراوە، ئەو پەیوەندییە هەڵگەڕاوانەش بەشێوەیەك لەشێوەکان بەچەمکی " بەهەڵستکارییەوە" پەیوەست دەکەم، بەلاّم نەك وەك پانتایی سیاسی، بەڵکو لەپانتایی ئەدەبییەوە، لەوێشەوە چەمکی بەرهەڵستکاری تەقینەوەی زمانی لێ لەدایك دەبێ، یان بەمانایەکی دیکە چەمکی بەرهەڵستاکاری تەعبیر لە پەیوەندییە هەڵگەڕاوەکان دەکات، ئیتر بەجۆرە

لەچەمکی بەرهەڵستکاریدا پەیوەندییەکان دەخزنو حاڵەتێکی نائاسایی، جۆرێك لەفانتازیا دروست دەبێ.

من کاتێك دەڵێم داهێنان حاڵەتێکی نائاساییە، یان حاڵەتێکی شازو دەگمەنە، دەمەوێ خوێنەر بۆ ئەفسانەی زمان بگەڕێنمەوە، یان بەمانایەکی دیکە ئەو قەلەقەی نیشان بدەم کە لەمیانی پەیوەندییە هەڵگەڕاوەکانی نێوان ڕەگەزە نادیارەکانیزمان دێتە ئاراوە، ئەو پەیوەندییە هەڵگەراوانەی کە پڕن لەبۆشایی، بەڵام نەك بۆشاییەك کە لەلێکدوورکەوتنەوە لەدایك دەبێ، بەڵکو ئەو بۆشاییانەم مەبەستە کە لە لێکخشانی سێکسئامێزییەوە دێتە بەرهەم، بەمانایەکی دیکە ئەو بۆشاییەم مەبەستە کە لەترۆپکی حاڵەتی سێکسییەوەیە، بەو مانایەش ئەو بۆشاییە بۆشاییەکە لە چاوەڕوانی خوێنەرێکی دیکەدایە، لەچاوەڕوانی خوێنەری جیاوازدا خۆی بەیان دەکات، یان لەچاوەڕوانی چەندان خوێنەری جیاوازدا چێژی زمان بەیان دەکات.

بەڵام لەبیریشمان نەچێ، چێژی زمانی ئەگەر لەلایەك لەبەیەکگەیشتنی خوێنەرەکانەوە خۆی بنوێنێ ئەوە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لەوێناکردنی زمانیشدا بەرجەستەیە. بەڵام ئەگەر وێناکردنی زمان بەرایەڵێك خۆی بەشێوەی دەرەوەی زمان پەیوەست بکاتو جۆرێك لەفیکرو مەعریفە لەخۆبگرێ، ئەوە چێژی زمان لەوێناکردنی خوێنەردا پانتاییەکانی خۆی دەستنیشان دەکات، پانتایی زمان پانتاییەکی بەرفراواترو فەزای زمان فەزایەکی ئازادانەترو جیاوازی زمان فرە ڕەهەندترە، بەو مانایەش ئەگەر بەشێك لەداهێنان بەئاستی ڕۆشنبیریی‌و فیکریی‌و مەعریفیەوە پەیوەست بێ، ئەوە بەشەکەی دیکە پەیوەندی بەئازادییەوەیە یان بەو فەزا ئازادەوەیە کە خوێنەری جیاوازو وێناکردنی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بەکورتی خەیاڵی زمان خۆی بەجیاوازییەکانەوە بارگاوی دەکات بەدیوەکەی دیکەش خەیاڵی نووسەر بەشێك لەزیندوویتی زمانی لەخۆدا

هەڵگرتووە، من نامەوێ زێتر لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەبکەم، چونکە بۆ زێتر بەدواداچوون دەشێ خوێنەر بۆ پێشەکی کتێبی" خەیاڵی زمان" بگەڕێتەوە.

**پ٦/وەك دەزانین زمان چەند ئاستێکی هەیە، ئەوەی گرنگە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین ئاستی زمانە لەناو شیعردا، ئەگەر شاعیرێك زمانی نەبوو چۆن هەست بکەین ئەو دەیەوێ شتێکمان پێ بڵێ؟ تۆ دەتەوێ لەشیعردا چیمان پێ بڵێیت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** من هەرگیز نامەوێ شتێك بڵێم، بەڵکو دەمەوێ لەشت نەگوتنەوە فەزایەکی غەریب بۆ بینین و بیستن بسازێنم، هەمیشە دەمەوێ یارییەکانی خۆم لەگەڵ زماندا تائەوپەڕی چێژ رەوانە بکەم.

زمان لەشیعردا بریتی نییە لەئامرازی گەیشتن، بەڵکو دۆزەرەوەیە، کەواتە ئەو وردبینەیە کە شتەکان کەشف دەکات، لەکوێش ناو لەشتەکان نرا لەوێ شیعر هەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مرۆڤی سەرەتایی بە شاعیر دەدرێنە قەڵەم، بەو مانایەش مرۆڤی سەرەتایی لەرێگەی زمانەوە بوونی خۆی دامەزراندووە، کەواتە شیعر باوەڕهێنانە بەبوون لەناو زماندا، بەلام لەکوێ ئەو پەیوەندییە پچڕا، شیعریش ون دەبێ، لەهەر کوێیەك هەست بەو پەیوەندییە تۆکمەو چێژ بەخشە نەکەیت شیعریش نابینیت. تۆ بۆ ئەوەی شیعر بنووسیت دەبێ لە ناوەوە پڕ بیت، دەبێ لەناوەوە رۆشنبیرییەکی گەورەی شیعریت هەڵگرتبێ، دەبێ خاوەن سەلیقەیەکی گەورەی زمان بیت، دەبێ ئەڤینداریکی گەورەی زمان بیت، بەر لەوەی شیعر بنووسیت دەبێ شارەزاییەکی باشت لەرانانی رستەو فەزای وشەو مێژووی ماناو خەیاڵی زمان هەبێ، نووسین شەڕێکی گەورەیە بۆ دەبێ شمشێرەکەت تیژبێ، نووسین ترسێکی گەورەیە بۆیە دەبێخۆڕاگرو نەترس بیت، مامەڵە کردن لەگەڵ زماندا مەمەڵەکردنە لەتەك ترسێکی گەورە چونکە وەك (هایدگەر) دەڵێ زمان مەترسی سەرجەم مەترسیەکانە، زمان بەردەوام لە هەوڵی خولقاندنی مەترسیدایە، مەترسیش دژایەتیو هێرش کردنە کە مرۆڤ لەبەرانبەر مرۆڤ دەینوێنێ.

شیعر هەر تەنها پەیوەندی لێکچووی نێوان هەستکراووماقوولّ نییە، هەر تەنها پەیوەندییەکی مەجازی نییە، هەر تەنها ئەزموونێکی تایبەتی ڕەسمکردنی خەیاڵ نییە، بەڵکو بەرزکردنەوەی ئاستی بینینە بۆ نەبینراوەکان، پەردە هەڵدانەوەی دەمامکەکانە لەسەر ژیان، شیعری ئیبداعی بەرزکردنەوەی ئاستی زمانە بۆ حاڵەتێك کە دووچار حەپەسانو سەرسامان دەکات، نەگەیشتنی شیعر بەو ئاستە، لەلایەك بۆهەژاری زمانو ڕۆشنبیریی دەگەڕێتەوە لەلایەکی دیکە فۆرمگێری.

شیعری ئیبداعی بەردەوام لەتێپەڕاندن خۆی دەدۆزێتەوە، هەمیشە هەڵگری پرسیاری سەردەمەو دژی وەڵامە حازر بەدەستەکانو وەڵامە باوو تەقلیدییەکان دەبێتەوە، هەمیشە گومان دەخاتە بونیادە چەسپاوەکان.

دەقە بێ زمانەکان، ئەوانەی لەتەنکاوی زمانو لەتەنکاوی مانادا، سەرەگێژی دەیانگرێ، ئەوانەی لەسەرەتای چوونە نێو شەڕی زمانو شەڕی ماناو شەڕی وێناکردن پەکییان دەکەوێ، دەقە کەمخوێنەکان، فۆرمگێرەکان، ئەوانەی ڕستەی شیعرییان بۆ گوتن نییە، ئەوانەی وەك ماددەیەکی وشك مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکەن بەهیچ جۆرێك پەیوەندییان بەجەوهەری شیعرەوە نییە، بە بڕوای من نەك هەر ناگەنە خوێنەر بەڵکو ڕێگای درێژیان لەدارەبازەوە بۆ گۆڕێکی مونتاژکراوە، گرفتی ئەوانەو بەتەمەنەکانی دوێنێش لەفۆرمگێریو ماناگێریو بنبەستبووندایە، هەموو چالاکیەکانی زمانیش لەسنوری گوتراوو ناونراوەکاندا سەردەبڕن، بۆیە هەر لەیەکەم هانگاوەوە لەگۆمێکی مەنگی نادەلالیەوە دەخنکێن. میکرۆبی نەزانی لە هەر دەقێك بدات ئەو دەقە جولەی تیا دەمرێ. بەبڕوای من یەکێك لەقەیرانەکانی ئەمڕۆی شیعر، قەیرانی خوێنەرە، خوێنەری ئەمڕۆ بێ هێزو کەمخوێنە، زووفێڵی لێ دەکرێ، تۆ لەخوێنەرە بەتەمەنەکان گەڕێ چونکە ئەوان دەیانەوێ بەهەمان کەشو هەوای دوێنێ بخوێننەوە، مەستی هەمان کەشو ئاووهەوان، ئەوان تووشی جۆرێك لەبنبەستی ڕۆشنبیریو بنبەستی ژیان هاتوونو ناتوانن

چێژ لەمرۆی ببینن، بەڵام خوێنەری ئەمڕۆش وەك پێویست ئامادەباشی نییەو ناتوانێ بەشداری داهێنان بکات، بەداخەوە ئەو ئەرکەی ئەمڕۆ دەکەوێتە سەرشانی خوێنەر ناتوانێ جێبەجێی بکات.

**پ٧/ لەلای تۆ گوتاری (مانەوە) لە( گۆران)ەوە دەست پێدەکا، کەچی رایەکی تر هەیە بە(نالی) دەیبەستێتەوە، ئەوە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** بەلای من ناشێ گوتاری (مانەوە) بەمانا سیاسیەکەی بۆ(نالی) بگەڕێتەوە، چونکە گوتاری (نالی) درێژکراوەی رۆشنبیری ناو مزگەوتو حوجرەیە، گوتارێکی تارادەیەك گەشبینە، ئەوەش بێگومان بۆ ئەو سەردەمو پاشخانە رۆشنبیریی‌و فیکریی‌و مەعریفیە دەگەڕێتەوە کە (نالی) تیا ژیاوە، بەڵام لەدوای قۆناغی(نالی)و لە دوای کۆمەڵێك گۆڕانکاری رۆشنبیریی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، دوای ئەو شەپۆلە فیکرییەی کە لەپشت وروژانی بیری ناسیۆنالیزمەوە بوو، یان بەمانایەکی دیکە دوای ئەوەی یەکێك لە رەگەزەکانی ناسنامە کە (نەتەوەیە) دەکەوێتە بەر هێرش، ئیتر بۆئەوەی بەرگری لەو رەگەزە بکەیت دەبێ بیپارێزیت، لێرەوە (گۆران) ئەو کەسەیە کە لەرێگەی پاکتاوکردنی زمانی کوردی تەعبیر لەگوتاری (مانەوە)دەکات.

**پ٨/ دەکرێ ئەو هەوڵە شیعریانەی بەئاراستەی تێکەڵاوکردنی (شیعر/مەعریفە) دەدرێن بەشێوازێکی شیعری تایبەت ناو ببەین؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** لەدنیای داهێناندا هیچ شتێك بەناوی(شیعر/مەعریفە- شیعر/فیکر) لەئارادا نییە، ئەوەی شیعرێك وەك مەعریفە تەماشا دەکات، یان پێیوایە دەبێ مەعریفەو فیکر بەشێوەیەکی دیار لەشیعردا بەرجەستەبێ، یان شیعر عەقڵانی بکەوێتەوە ئەسڵەن لە شیعرو داهێنان نەگەیشتووە، چونکە وەك گوتمان نووسینی شیعر پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەشێك لە ئاڵۆزییەکەی بۆ حاڵەتە دەروونیەکانی شاعیر دەگەڕێتەوە، وەك چۆن بەشەکەی دیکەی بۆ خەیاڵ دەگەڕێتەوە، بەو مانایەش شیعر لەرێگەیەکەوە بیر

له مەعریفەو فیکر دەکاتەوە کە ناشێ وەك سیستەمێکی دیاریکراوو جێگیر سەیری بکەین، وەك دەزانین شیعر بەپێی سیستەمێکی دیاریکراوی مەعریفی بیر ناکاتەوە، بەڵکو لەڕێگەی وێنەو ڕەمزو ئیماوە بیر دەکاتەوە. کەواتە شیعر ئەگەرچی بەدەر نییە لە فیکرو مەعریفە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ناتوانی لەڕێگەی شیعرەوە مەعریفە تیۆریزە بکەیت، مەعریفەی شیعری لە جولەی شیعرو زیندوێتی زمانو فرە ڕەهەندی شیعریدا خۆی هەڵدەگەڕێتەوە، مەعریفەی شیعری ئەزموونکردنو هەڵوەشاندنەوەیە هەرگیز بۆ لۆژیكو شیکردنەوە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەردەوام پەردە لەسەر ئەو بیروڕایانە هەڵدەماڵێ کە سیستەمی فیکریو مەعریفی شێواندوویانە، مەعریفەی شیعری لە بەناو داچوونی ئەو شتانەوە دەردەکەوێت کە بیریان لێناکەیتەوە، لەبەناوداچوونی حەرامکراوو قەدەغەکراوەکاندایە، لەپرسیارو گومانکردندایە، بێ ئەوەی پشت بە باوەڕپێکراوەکان ببەستێ، شیعر بەردەوام لە یەقینەکان دەگوزەرێ، لە وەلاّمەکان دەگوزەرێ، شیعر بەردەوام بە پرسیارو گومان بارگاوییە، خودی پرسیاریش بۆخۆی فیکرە، مەعریفەیە، بەلاّم جیاوازی مەعریفەو فیکر لەناو شیعرو لە دەرەوەی شیعر، جیاوازی نێوان ئاسۆی کراوەو ئاسۆی داخراوە، شیعر ئاسۆکان بە کراوەیی جێ دەهێڵێ، وەك (ئەدۆنیس)یش دەڵێ پرسیارکردن لە شیعردا فیکرێکە بەرەو زۆرترین فیکر پاڵمان پێوە دەنێ.

**پ٩/ لە کتێبی (( ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی)) پێتانوایە کە تازەگەری دابڕانە لە دوێنێ، کەچی لە شوێنێکی تری هەمان ئەو باسەدا دەڵێی تازەگەر ((نوێخواز)) دەبێ هەوڵی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی مەدلولە کۆنەکان بدات، ئاخۆ ئەوە دوو بۆچوونی دژ بەیەك نین؟.**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ڕەنگە بەدحاڵی بوونێك لە وشەی ((دابڕان)) هەبێ، چونکە وشەی دابڕان لێرەدا تەعبیر لەدابڕانی باشلاری ناکات، باشلار لەناو کایەی ئەبستمۆلۆژیدا کاری کردووە، باشلار لە ((عەقلانیەتی تەتبیقی))دا باس لەڕووناکی

فانۆسو ڕووناکی کارەبا دەکات تاکو دابڕانی نێوان تەکنیکی ((سوتاندن))و((نەسوتاندن))ی مادە لە بەکارهێنانی ڕووناکیدا ڕوونبکاتەوە، بۆ ئەوەش خەسڵەتی کارەبای ئەدیسۆنو چرای ئاسایی ((فانۆس)) دەهێنێتەوە، ئەوەی یەکەم ناسوتێ، بەلاّم ئەوەی دووەم بۆ ئەوەی ڕووناکی بدات دەسوتێ. بەلاّم دابڕان لە ئەدەبدا دابڕانی ئەبستۆلۆژی ناگەیەنێت، چونکە ئەدەب لەناو کایەی ماناو دەلالەتو ئاماژە.... هتد کار دەکات، ئەدەب لەناو پرسیاری بێ سنورو پانتایی بێ سنوری خەیاڵدا دەخولێتەوە، دابڕان لە ئەدەبدا دەکەوێتە سەر ئاستی ماناو دەلالەتو ئاماژەوە لەوێشەوە بە فیکرۆو مەعریفەو جیهانبینینیەوە دەلکێ، مێژووی ئەدەب، مێژووی داهێنانە، بەلاّم مێژووی زانست وەك باشلار دەڵێ: مێژووی هەڵەی زانستییە، بۆیە ناوەرۆکی مەعریفی هەر فەلسەفەیەك یەکجاو بۆ دوا جار دەمرێ، چونکە کاتێ دەچێتە ناو مێژوو وەك ئەوە وایە کە دەچێتە نێو هەڵەوە، بۆیە دەمرێو هەرگیز ناشێ بە دوایدا بگەڕێین چونکە هەڵە مێژووی نییە.

بە مانایەکی دیکە هەرگیز ئەدەب ملکەچی ڕێساو یاسا زانستیەکانو عەقلاّنیەت نابێ، عەقلاّنیەتی زانستی خەیاڵی قبوڵ نییە، ئەدەب سیحرێك دەوەشێنێ، کە عەقلاّنیەت بڕوای پێ نییە، من هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە کە ئەدەب لە عەقلاّنیەت دوور بخەینەوە، بەلاّم ناتوانین بڵێین کە عەقلاّنیەت بە هیچ جۆرێ دەستی لە داهێنانی ئەدەبیدا نییە، بەدیوەکەی دیکە ئەدەب بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دایە کە پەردە لەسەر عەقلاّنیەت هەڵبداتەوە، کەواتە ئەدەب مانەوەی مرۆڤە بەکراوەیی. بۆیە من لە کتێبی (( ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی)) دا دەڵێم: هەموو هەوڵێکی نوێخوازی دەبێ دەستەاژەو دەلالەتە لەکار کەوتووەکانی دوێنێ ڕاچڵەکێنێو دوور لە وەلاّم حازر بەدەستەکان هەڵگری پرسیاری سەردەمو مەعریفەی سەردەمو ڕۆشنبیریی سەردەم بێ، دەبێ پرسیاری خۆی فڕێداتە ساتەوەختی ئێستاو شتێکی دیکەی جیاوازی بهێنێتە ئاراوە.

لێرەدا دابڕان ناکەوێتە سەر تەواوی کەلەپور، بەڵام وەرگرتن‌و هەڵوەشاندنەوەی ڕستەو مەدلولە لەکار کەوتووەکان هەرگیز ناکرێ وەك بونیادی ئێستا سەیر بکەین‌و بەهەمان شێوەی کۆن ئامادەییان هەبێ، ناشێ تەواوی کەلەپور بە مردوو لە قەڵەم بدەین، چونکە هەمیشە بەشێك لە کەلەپور ((بەشە زیندووەکەی کەلەپور)) لەگەڵماندا دەژی، ئەو بەشە زیندووە پێویستی بە ڕاڤەکردن‌و خوێندنەوەو تەئویلکردنی جیاواز هەیە، مەبەستمە بڵێم دەشێ لەو خوێندنەوەو تەئویلکردنەوە بنەمایەکی دیکە لەناخی خۆمان بدۆزینەوەو لەوێوە جیهانبینییەکی دیکەی جیاواز بونیاد بنێین.

کەواتە کاتێك باسی دابڕان دەکەم مەبەستم دابڕانە لەماناو ئاماژەکان، چونکە بەبڕوای من سڕبوونی ماناو دەلالەت‌و فۆرمەکان، سڕبوون‌و کوشتنی ئەدەبی لەخۆدا هەڵگرتووە، سڕبوونی ئەدەب قەتیس کردنی ماناو دەلالەتەکانە لەبۆتەیەکدا، لەفۆرمێکدا لەچوارچێوەیەکی بنبەستوودا، سەربڕینی وێنەکانە لەتاکە حەقیقەتێکدا ،لەوێ لەبەرامبەر دەستەواژەی سڕبوون، دەستەواژەی بەهەڵمبوونم بەکار هێناوەو دەڵێم ئەدەب جۆرێکە لەپرۆسیسەکردنی بەردەوام کە دەکەوێتە دەرەوەی ماناو مەبەست‌و نیازی دیاریکراو، دەکەوێتە دەرەوەی حەقیقەت‌و دەرەوەی فیکری‌و رووت‌و دەرەوەی پیرۆزیی. بەکورتی ئەدەب لای من بەردەوام بونیادنان‌و هەڵوەشاندنەوەیە تازەگەریش دابڕانە لەدوێنێی وەستاو، داهێنانی حاڵەتێکی زیندووی پڕ جولەیە، ئامادەییە لەساتەوەختی ئێستاداو بەردەوام جولاوی نادیار لەخۆ دەگرێ.

**پ١٠/ لەنێوان شیعرو لێکۆڵینەوەی تیۆری‌و رەخنەو وەرگێڕاندا کە تۆپێیانەوە ناسراوی، چ جۆرە پەیوەندییەك بەدی دەکەیت؟ بێگومان جۆرێك لە هارمۆنیای لای تۆ دروست بووە، تێگەیشتنی تۆ بۆ ئەم حاڵەتە چۆنە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** زۆجار گوتوومە کە نووسین لەسادەترین پێناسەیدا گرتنی چرکە هەرە جوانەکانی ناوەوەیە، دەشێ پەیوەندی نێوان چرکەکان هارمۆنی بکەونەوە، وەك

چۆن دەشێ ناهارمۆنی بێ، من لەو بڕوایەدام کە لێکنزیکبوونەوەی " شیعرو لێکۆڵینەوە" بتوانێ لێرەدا خۆی بەیان بکات، بەڵام رەنگە خاڵی دوورکەوتنەوە پەیوەندی بەزمانەوە بکات، چونکە دەقی شیعری لای من لەهەڵخلیسکانی زمانەوە لەدایك دەبێ، یان لەهەڵخلیسکانی ماناو دەلالەتەوەیە، بەڵام دەقی لێکۆڵینەوە هەڵخلیسکانی  مانایە لەنێو دەقی یەکەم، ئەگەر دەقی شیعری خەیاڵی زمان بەشێکی گەورەی ئەو هەڵخلیسکانە تەواو بکات، ئەوە لە دەقی لێکۆڵینەوە خەیاڵی خوێنەر ئەو بەشە بۆخۆی دەبات، بەمانایەکی دیکە ئەگەر دەقی شیعر لەپەرتبوونی خەیاڵەوە خۆی کۆبکاتەوە دەقی لێکۆڵینەوە لە کۆکردنەوەی خەیاڵەوە خۆی پەرت دەکات، بەو مانایەش دەقی شیعری بەردەوام بەرانبەر ئەوەی کەدێ، بەدیار نادیاری هەتا هەتاییەوە جێماندەهێڵێ، بەردەوام لەدۆزینەوە دایە، لەپرسیارو گومان ناکەوێت، شیعر دەقی‌بێ دامالڕاوە، هەمیشە کاری وەلانانی مانایە بۆ ئەوەی بە جەوهەری خۆی بگات، ئەو هەلاتنەی شیعر دەسەلاتی زمان ئەوەندە بێهێز دەکات کە دواجار دەبێتە فەزایەك، فەزایەك لەو دیوو دەسەلات، ئەو فەزایە تەعبیر لەئازادی دەکات، جەوهەری شیعر ئازادییە، دەقی شیعری دەقی ئازادییە، دەقی ئازادی، دەقی جیاوازیو خوێندنەوەی فرە رەهەندو فرە دەلالەتە، دەقی ئازادی لەگەمەی چەپێنراوو قەدەغەکراوو خەفەکراوو بەپەراوێزکراودا بوونی خۆی رادەگەیەنێ، بەومانایەی دەقی ئازادی دەقێکە دەکەوێتــە دەرەوەی زمان، دەرەوەی دەسەلاتی زمان، بەڵام کاتێك پرۆسیسەی دەکەین دەبینین لەناو زماندایە، کاتێك پرۆسیسەی خۆی دەکات بۆسەرچاوەی ئەڤینی" کە زمانە" دەگەڕێتەوە بەجۆرە دەقی شیعری هەمیشە لەهەلاتنو گەڕانەوەدا درێژە بە یارییە چێژئامێزو جوانەکانی خۆی دەدا، بەڵام دەقی رەخنەیی، دەقی لێکۆڵینەوە لەفەزایەکی دیکەدا کاردەکات، لەفەزایەك کە زمان بەهۆش خۆی  هاتۆتەوە، لەفەزایەك کە زمان لەگەڕانەوەدایە، دەقی رەخنەیی دەشێ بەچەندان بۆچوونو میتۆدی  جیاواز پرۆسیسەبکرێو بخوێندرێتەوە، بێ ئەوەی هیچ خوێندنەوەیەك وەك دوا خوێندنەوە خۆی

بەیان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە دەکەوینە نێو فەزاو سنورێکی دیاریکراوەوە، چونکە لەبەرانبەر شتێك دووچاری وەستان دەبین، دەمانەوێ لەوێوە بەشداری داهێنان بکەین، بەشداری یارییەکانی بەکەین، ئیتر لەوێوە ئەگەرچی بەهەمان شۆکی پرۆسەی نووسیندا تێدەپەڕین، ئەگەرچی لەپرۆسەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەدا تەواو بڕوامان بەهاوسەنگی هەبێ، یان بەمانایەکی دیکە ئەگەرچی بەرانبەریش لە وجوددا نەبێ، یان ئازادی بنوێنێ، بەڵام لەگەڵ ئوەشدا ناتوانی بە هەمان شێوەی دەقی ئیبداعی پرۆسیسەی ئازادی خۆت بکەیتو چێژو خۆشی فەراهەم بکەیت. بەڵام دواجار نووسینی دەقی شیعریو نووسینی رەخنە دەکەونە نێو دەقی ئیبداعیەوە چونکە نووسین هەڵکۆڵینی ناخە، نووسین عەشقە، بۆیە من چێژ لەهەردوو پرۆسەکە وەردەگرم.

بەنیسبەت وەرگێڕان، من هەرگیز وەك وەرگێڕێك کار لەناو دەقی ئەسڵیدا ناکەم، لە وەرگێڕاندا حاڵەتێکی زۆر شازو تایبەتیم هەیە، حاڵەتێك کە لەنووسینی دەقی شیعری نزیك دەبێتەوە، من بەمانا باوەکە وەرگێڕ نیم، بەڵکو پرۆسیسەی وەرگێڕان دەکەم لەو کاتەی کە خەیاڵم سەرەکات، وەرگێڕان لای من حاڵەتێکی نادیارو شیعرییە، حەزێکی ساتەوەختەیە لەپڕدێ وك چۆن شیعر دێ، وەك چۆن خەیاڵی نووسین لەگەڵ خۆی دەمبات، من هەرگیز خۆم بە وەرگێر نازانم بەڵکو جاروبار حەزی وەرگێڕان تیاما چەکەرە دەکات.

**پ١١/ تۆ یەکێك بووی لەو نووسەرانەی دوای راپەڕین بەردەوام ویستووتە رەخنەی کوردی لەقالبی کلاسیکیەوە بخەیتە سەرسکەی قالبە میتۆدیو مەعریفییەکەی، لەنووسینەکانیشدا بەردەوام پرسیاری جۆراوجۆر بەدەردەکەون، بەرای تۆ لەبەرهەمهێنانی مەعریفەدا نووسەر بوونی خۆی ون دەکات، یان خوێنەر ؟ ئایا رەخنەی کوردی لەکوێی شوناسی خۆیدایە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** دەستەواژەی رەخنەی کوردی بۆخۆی هەڵگری قسەوباسی زۆرە، مەبەستمە بڵێم ئەو دەستەواژەیە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانەو مۆدێرنانە سەیری

بكەین، دەستەواژەیەکە دەکەوێتە نێو نەبوونەوە، چونکە وەك دەزانین رەخنە لەهەناوی دامەزراوە رۆشنبیریی‌و مەعریفی‌و فیکرییەکان لەدایك دەبێ، بەڵام لەو بارەیەوە رەخنەی کوردی وشەیەکی بۆ گوتن نییە، وەك چۆن توانای دۆزینەوەی هیچ شتێکی نییە تاپێی بڵێ، وێناکردنی کوردی لەو کایەیەدا دەتوانین بڵێین کوژاوەتەوە، خەیاڵی کوردی هەمیشە کورتی دێنێ‌و بەدیار نەگوتراوەکان بێ جولە دەوەستێ، توانای پەردە هەڵدانەوەو بە دواداچوون‌و شیکردنەوەی کزە، دەشێ بەشێك لەو دەرك نەکردن‌و کەم تواناییەی بەکزبوونی یادەوەرییەو بەندبێ،بەشێکی بەئیفلیجی بونیادی بیرکردنەوە دەلکێ.

سەرەڕای ئەوەش تائێستا کوردی نەیتوانیووە بەپێی قۆناغەکانی ئەدەب‌و هونەر، میتۆدێك، یان تیۆرەیەك بەپێی پێویستیەکان‌و بەشێوەیەکی رێکوپێك بگوازێتەوە، چ جای ئەوەی بتوانێ کار لەنێو ئەو تیۆرو میتۆدانە بکات، تۆ بۆ ئەوەی قسەلە ژانرێکی ئەدەبی، یان هونەری بکەیت، دەبێ بونیادێکی فیکری قوڵ‌و پاشخانێکی مەعریفی‌و رۆشنبیری گەورەت دامەزراندبی، دەبێ خاوەنی پرسیای سەردەمی خۆت بیت، دەبێ هەڵگری جیهانبینی مۆدێرن بیت، قسەکردن لە میتۆدو تیۆر، قسەکردن لەپۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، قسە کردن لە رێبازەکانی ئەدەب‌و هونەر بەبێ دامەزراو، بەبێ تیۆریزەکردنی فیکرو مەعریفە، بەبێ رۆشنبیرییەکی گەورە لەبازنەیەکی تەسکدا خولدەخوات.

لەلایەکی دیکە لە بەر ئەوەی خوێندنەوە، یان رەخنەی نوێ بەمانا تەقلیدییەکەی وەك دەستەواژە بڕوای بەفرەیی‌و جیاوازی‌و ئازادی هەیە، بۆیە ناکەوێتە نێو سێنتەرەوەو، یان بەمانایەکی دیکە بیر لە مەسەلەی ونبوون‌و بەرجەستەبوونی گەورە ناکاتەوە، بەڵکو بیر لە بەرجەستەکردنی زۆرترین "شیمانە" دەکاتەوە. کەواتە وەك چۆن دەق لەدەسەلاتی بکەر رزگار دەکات، بەهەمان شێوە دەرگاش بۆ زۆرترین خوێندنەوەی دژ بەیەك دەکاتەوە.

خوێندنەوە لای من حاڵەتێکە تەواو لەحاڵەتی پرۆسیسەکردنی نووسینی ئیبداعی نزیك دەبێتەوە، بۆیە من هەمیشە لەدەرەوەی دەسەلاتی نووسەر، هەمیشە لەدەرەوەی

دەسەڵاتی باوکانەی نووسەر، هەوڵدەدەم بەچێژی خوێندنەوە بگەم، هەوڵدەدەم زۆرترین شیمانەش بۆ خوێندنەران فەراهەم بکەم، زۆرترین دەرگاو پەنجەرەش بەسەر دەقدا بکەمەوە.

**پ١٢/ رایەك هەیە دەڵێ تەکنەلۆژیا ئەدەبو رۆشنبیری دەکوژێت، ئێوە راتان بەرانبە ئەو بۆچوونە چییە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ئێستا لەهەموو دنیادا بەچاوێکی دیکە سەیری مەسەلەی رۆشنبیرو رۆشنبیریی دەکرێ، وەك چۆن مامەڵە کردنیش لەگەڵ ئەدەب تەواو گۆڕاوە، چونکە هەریەك لەکایەکانی ئەدەبو رۆشنبیریو فیکرو مەعریفە تایبەتمەندی خۆیان بەدەست هێناوە، ئەمڕۆ گشتگیری وەلانراوە، وەك چۆن مەسەلەی رۆشنبیرو رۆشنبیریی رووبەڕووی کۆمەڵێ ئیشکالیەتو پرسیارو گومانی سەردەم بۆتەوە، ئەوەش راستەوخۆ بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانستە مرۆییەکانەوە بەندە.

کەواتە چەمکی رۆشنبیر سەرەڕای ئەوەی لەسەردەمێك لەسەردەمەکان شوێنی باڵای بۆخۆی داگیرکردبوو، بەڵام ئەمڕۆ لەبەرانبەر گۆڕانە خێراو هاوچەرخەکاندا دووچاری بەپەراوێزبوون هاتووە، بەمانایەکی دیکە ئەگەرچی چەمکی رۆشنبیرو شاعیری گەورە لە لەسەردەمێك لەسەردەمەکان کاریگەری تەواوی لەکایە جیاوازەکانی ژیاندا هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ وەك دەزانین نووسەری گەورەو رۆشنبیریی گەورە لەناوچووە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەچەمکی ئەدەبو رۆشنبیریی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە گفتەکان زۆر ئاڵۆزن، رەنگە بەشێك لەگرفتەکانی رۆشنبیری گەورەو نووسەری گەورە پەیوەندی بەدابەشبوونی کایەکانو دابەشبوونی کۆمەڵگاوە هەبێ، دابەشبوونی توێژو چینو زمان، کەواتە ئەو نووسەرە گەورەیەی کە ئەمڕۆ بتوانێ نوێنەرایەتی دابەشبوونی کۆمەڵگاو زمانی جۆاوجۆرو بیرورا جیاوازەکانی دنیا بکات، جگە لەوەهم شتێکی دیکە نییە، ئەمڕۆ بەپێی عەقڵانیەتی سەردەم دروستبوونی کایە مەعریفیەکانو دابەشبوونی کایە کۆمەڵایەتیەکان، بەپێی تایبەتمەندێتی دەکەوێتەوە، ئیتر چەمکی نووسەری گەورەو

رۆشنبیریی گەورە رووبەرووی کۆمەڵێك ئیشکالیەت بۆتەوە، ئەمڕۆ وەزیفەی رۆشنبیریی هەڵگریی ئیشکالیەتی جۆراوجۆرە، چونکە نەدەشێ بە هەمان ئامادەیی دوێنێ بێتەوە نە دەتوانێ کاریگەری دوێنێی لەپانتاییەکانی ئەمڕۆدا هەبێ، بەدیوەکەی دیکە کۆمەڵگاش لەنێو هەمان پرسیارو هەمان جیهانبینینی نەماوەتەوە. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەدەبو رۆشنبیریی کەم بایەخ کرا بێ، نەخێر، بەڵام بۆ پانتایی تایبەتی خۆیو سیستەمی دیاریکراوی خۆی کورتکراوەتەوە.

ئەگەر لەخۆرئاوا گومانکردن بەرانبە شاعیری گەورەو نووسەری گەورەو رۆشنبیری گەورە بەرسیاری سەردەمو جیهانبینینی سەردەمەوە پەیوەست بێ، ئەوە بەنیسبەت خۆرهەڵات ئامادە نەبوونی رۆشنبیرانو نووسەرانو بەجیهانبینینی سەلەفیو بونیادی لەکارکەوتوەوە بەندە. بەمانایەکی دیکە ئامادەنەبوونی نووسەرانو ۆشنبیران بەنەبوونی پرسیاری سەردەمو رەخنەوە بەندە، رۆشنبیری خۆرهەڵاتی رۆشنبیرێکی بنبەستووە، هەموو غەریزەکانی ژیانی لەخۆدا کوشتووە، هەموو یاخیبوونو رەتکردنەوەیەکی لەخۆدا متکردووە، رۆشنبیرو نووسەری خۆرهەڵات بەدەوام لەمیانی وەڵامە ئامادەکراوەکاندا درێژە بەژیان دەدە، بەردەوام لەنێو سنوری دیاریکراودا خۆی گرمۆڵە کردووە، هەرگیز بیر لەساتەوەختی ئێستای خۆی ناکاتەوە، هەرگیز بیرلەوە ناکاتەوە کە لەرێگەی رەخنەو بەدواداچوونو کەشفکردندا ئەتمۆسفێرێك بۆ ئازادی بخاتەوە.

سازدانی: جەمال پیرە

گۆڤاری نما

عبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

## جورئەتی نووسین بەشێکی زۆری پەیوەندی بە خەیاڵەوە هەیە، نەك راستی و واقیع

کاتێك لەبەر دەم کەسێکی وەك عبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا دەوەستیت، بیر لە زۆر شت دەکەیتەوە، نازانی لەکام کونجی ژیان و بیرکردنەوەی ئەو کەسەوە بڕۆیتە نێو پرسیارەکانتەوە، سەرباری ئەوەش رازیبوونی ئەمیش بەوەی ئاخۆ قبوڵی چاوپێکەوتن دەکات، یان نا.. ئەمەش خۆی لەخۆییدا رووبەڕووی ئاکامێکی دژوارت دەکاتەوە، بەدەست خۆت نییە، ئەوەی حەز بە دنیای شیعر و ئەدەبیات بکات و تێکست و بابەتە رەخنەییەکانی ئەوی خوێندبێتـەوە ئیدی خولیای ناسینی دەبێت. ئێمە لەبەر ئەوەی کاری رۆژنامەوانی دەکەین و لەگەڵ ئەوەیشدا ماوەیەکە سەرقاڵین بە بواری ئەدەب و رۆشنبیرییەوە وەك باقی خوێنەران هەوڵماندا لە نزیکەوە ئەو بدوێنین، دوای ماوەیەکی زۆر ئیتر شاعیری ناو دەریاکانمان لە سوچێکی ژیاندا دواند:

**پ/شیعر ئەوەندەی قوڵبوونەوەیە لەنێو پانتاییەکانی زمـان و فەلسـەفە و تێڕامـان، ئەوەندە گرنگی دەدات بە گومان و پرسیار و خەیاڵ و شتە بچووکەکان؟ تا چەند گرنگـی دەدات بە شتە بێمامانا و پەراوێزخراوو تۆز لێنیشتووەکان؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** شیعر قوڵبوونەوە نییـە لـە هـیچ پانتاییـەك، وەك چـۆن مەسەلەی گرنگیدان ناچێتە نێـو پرۆسـەی شـیعر نووسـینەوە، بـەڵکو دەکەوێـتە سـەر دەرئەنجامەکانی ئەو پرۆسەیەوە، دەمەوێت بڵێم شیعر نواندنی ئاستە بـەرزەکانی زمانـە و دەکەوێتە نێوان شەڕی دڵنیایی و گومانەوە هەر لەوێشەوە جۆرێك لە نیگەرانی لە یـادەوەر دەهێلێتەوە، ئەو یادەوەرییەی لە شەڕی گومان رادەبێتـەوە، نـەك دڵنیـایی. شـەڕی نێـوان دڵنیایی و گومان بە جوانییەوە دەلکێت و جوانیش بە پرنسیبی چـێژەوە بەنـدە. بەشـێکی دیکـەی ئـەو شـەڕە لـە پرۆسـەی نووسـینی شـیعردا ئەوەیـە کـە ناکەوێتـە دووتـوێی ئەزموونەکانی دیکـەوە، بـەڵکو بـەردەوام ئـەزموونی نـوێ و پرسـیاری نـوێ رووبـەڕووی ئەزموونەکان دەکاتەوەو جێگیربوونی قبوڵ نییە، هەر لەوێشـەوە نایـەڵێت دەق لـە شـوێن خۆی پێبکوتێت. کەواتە لە شەڕی (ببوورن لـە دووبـارە بـەکارهێنانی وشـەی شـەڕ یـان رووبەڕووبوونەوە، رەنگە بەشـێکی زۆری ئـەو دووبارەکردنەوەیـە پەیوەنـدی بـە گومانـەوە هەبێت، دەمەوێت بڵێم بۆ ئەوەی ئەو وشەیە بشـێ و هـیچ تەگەرەیـەکی نێتـە رێ دەبێـت خوێنەر کۆی باکگراوندەکانی پێشووی ئەو وشەیە بۆ ساتێك وەلا بنێـت، باکگراوەنـدێکی دیکەی بۆ دروسـت بکـات، باکگراوەنـدێك کـە لەسـەر پرسـیار دەوەسـتێت و بـڕوای بـە دوالیزمییەتی دۆڕان و بردنەوە نییە، باکگراوەندێك کـە لەسـەر ئیرۆسـییەت رادەبێتـەوە) کەواتە شەڕی نێوان دڵنیایی و گومان نەك هەر دەکەوێتـە دەرەوەی بردنەوەو دۆڕان، بەڵکو بە بێ بوونی گومان ناژیت، وەك چۆن بە بێ پرسیاری نوێش تەواوی رووخسـارەکانی خـۆی لەدەست دەدات، هەڵبەتە ئەوەش راستەوخۆ پەیوەندی بـە ئیرۆسـییەتی هونـەرەوە هەیـە و هەر لەوێشەوە باوەش بۆ نێودژی و جیاوازییـەکان دەکاتـەوە، بـە کـورتی دەمـەوێت بڵـێم

داهێنان بەردەوام کار لەسەر هەڵوەشانەوەو دووبارە بونیادنانەوە دەکات، کار لەسەر پرسیارو ئیقاعە نوێیەکانی سەردەم دەکات، هەر لەوێشەوە دژی پەرگیری و جێگیر بوون رادەوەستێت، وەك چۆن نە بڕوای بە سێنتەر هەیە نە بە پەراوێز، نە لەڕێگەی شتە مەزنەکانەوە راست دەبێتەوە، نە بە هۆی شتە بچووکەکانەوە سۆزی ئەویدیکە بۆخۆی رادەکێشێت. شیعر پەیوەندی بە شتەکانەوە نییە، چ پەراوێزی بن یان سێنتەر، بێ مانا بن یان مانادار. شیعر لە خودی شتەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە فەزای پەیوەندی شتەکان و پرسیارە نوێیەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بەو مانایەش هیچ شتێ شیعری نییە، هیچ شتێ خاوەنی شیعرییەت نییە، ئەوەی شیعرییە ئەو فەزایەیە کە ساتەوەختی نووسینی شیعر درووستی دەکات. شیعرییەت بوونێکی راستەقینەی نییە، بەڵکو بەردەوام لەڕێگەی تەماشاکردن و خوێندنەوەی جیاوازەوە خەڵق دەکرێت، هەر ئەوەشە وا دەکات پێناسەکردنی شیعر مەحاڵ بکەوێتەوە. بەمجۆرە وشە لە ژێر ئیقاعی گوماندا بە جۆرێك لەسەربەخۆی رێ دەکات و فەزای جیاوازو نوێ دەنەخشێنێت، رەهەندی نوێ دەنووسێتەوە دەکەوێتە دەرەوەی بابەتخوازی و نێرگزییەتەوە، هەر لەوێشەوە بە روونی ئاماژەکانی دەنێرێت، بەڵام ئەو وشەیەی لە ژێر سێبەری دڵنیاییەوە دێتە گۆ پەیوەندی بە بیرهێنانەوە دەکات هەر لەوێشەوە دەرگاکان لەسەر خۆی دادەخات و لە شوێن خۆی پێدەکوتێت، دەمەوێت بڵێم یادهێنانەوە بە مانا (هایدگەر)ییەکەی دوژمنی عەدەمیەتی بالاَیە. لەسەر ئەو بنەمایە شیعری ئیبداعی نەك هەر دەسەلاَتی بە بیرهێنانەوە رەتدەکاتەوە، بەڵکو تەواوی دەسەلاَتەکان لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە دەکاتەوە، دەقی ئیبداعی ئەو چێژەیە کە لەنێوان دڵنیایی و گوماندا یاری بە زمان دەکات، هەر لەوێشەوە نە بڕوای منی گێڕەوە بۆ خۆی رادەکێشێت، نە منی لبیدۆی بێگەرد و نە بە یادهێنانەوە، نە هەڵگری منێکی ئیرۆتیکی نەخۆشە، بە یادهێنانەوە نییە چونکە دەقی ئیبداعی نەزۆك

نییه تا بۆ یادەوەرییەکان بگەڕێتەوە، وەك چۆن نایەوێت چەپاندنی سێکسی لەڕێگەی منێکی ئیرۆتیکی نەخۆش مارەسە بکات.

**پ/ئەو جیاوازییانە کامانەن کەوا لەنێوان شیعری گەنج و شاعیری گەنج دا هەن، هەروەها شیعری پیرو شاعیری پیردا، دواجاریش شیعری مردوو، شاعیری مردوو؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ئازیزەکەم هەرگیز ئیبداع پۆلین ناکرێت، وەك چۆن ناکەوێتە نێوان ململانێی نەوەکانەوە. داهێنان لە دەرەوەی چوارچێوەکاندا هەناسە دەدات، ئەوەی بەردەوام دەیەوێت ئەو جیاکاری و پۆلینکردنانە بەرز بکاتەوە، ئەوەی دەیەوێت کۆمەڵگا پارچە پارچە بکات، ژیان پارچە پارچە بکات سیاسییەکانن نەك داهێنەران، ئەوە سیاسیەکانن دەیانەوێت لەڕێگەی پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگا واقیعێك بچەسپێنن بۆ ئەوەی کۆمەڵگای پێ دیل و کۆنترۆڵ بکەن، دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە پرنسیپێك بۆ داگیرکردن و چەوسانەوەو بێنرخکردن بسازێنن، بەلاّم ڕەهەندەکانی ئەدەب و هونەر، داهێنان و جوانی هەرگیز بۆ پرنسیپی واقیعی چەسپاو ناگەڕێتەوە، هەرگیز مل بۆ پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگا کەچ ناکات، بەڵکو بەردەوام لەسەر نەفیکردنی ئەو واقیعە چەسپاوە رادەبێتەوە، لەسەر نەفیکردنی دەسەلاّتەکان دەوەستێت.

شیعری مردوو ئەگەر ئەو ناونانە بشێت، شیعرێکە نەك هەر پاشبەندی قبوڵە بەڵکو بەردەوام مارەسەی پاشکۆیەتی دەکات، نەك زمان. لە شیعری مردوو بەرجەستەترین شت ئەوەیە کە وەك پاشکۆی شتەکان خۆی دەنوێنێت، بەلاّم لە شیعری زیندوودا زمان دێتە قسەکردن. وەك (مالارمێ) دەڵێت: نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان بێتە گۆ، نەك من. کەواتە شیعری مردوو لەڕێگەی ناسینی شتەکانەوە دەناسرێتەوە، بەلاّم شیعری زیندوو کلیلی ناسینی شتەکانە. شیعری مردوو ئامرازە، بەکار دەهێنرێت. شیعری زیندوو بۆ خۆی

ئامانجه. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین پرۆسەی شیعر نووسین، یان حاڵـەتی شـیعر نووسـین مارەسەکردنێك بێت ناراستەوخۆ نووسەر لەڕێگەی زمانەوە بێتە گۆ و لە ئاکامدا حاڵەتێك لە چێژ تیۆریزە بکات، لێرەدا ئـەو غـەریزە سێکسـییەی نێـوان قەڵـەم و کاغـەز دەبێتـە شوێنێك یـان بەرهـەمێك بـۆ مارەسـەکردنی غەریزەیـەکی دیکـە کـە دەشـێ غـەریزەی خوێندنەوە بێت، بەو مانایـە پرۆسـەی نووسـینی شـیعر فەراهـەمکردنی پانتاییەکـە بـۆ پرۆسیسەکردنی غەریزەکان، بەجۆرە لەگەڵ لە دایکبوونی ئەو پانتاییەی کە بە (دەق) نـاو دەبرێت، نووسەر بە مانا (بارت)ییەکەی دەمرێت، مەرگی نووسـەر دەکاتـە لـەدایکبوونی دەق. هەر لەوێشەوە وجودی نووسەر بە رشتنی شـەهوەتەوە یەکسـان دەبێـت، یـان لەگـەڵ گەیشتن بە ترۆپکی لەزەت کۆتایی دێت، دواجار نووسینی شەهوەت (گەیشتن بە ترۆپکـی چێژ) بە هەمان شێوە شەهوەتی نووسینیش دەگەیەنێت، بەهای دەقیش خۆی لەمیانی ئـەو شەهوەتەدا حەشار داوە کە بەرهەمی دەهێنێت و لە ساتەوەختی خۆیـدا لـە بـری وجـودی نووسەر وەك زمان دێتە گۆو دواجار وەك جەستەی دەق بەرجەستە دەبێت. بە لـەدایکبوونی جەستەی دەقیش جەستەی نووسەر دەکەوێتـە دەرەوەی دەقـەوە، بـەجۆرە جەسـتەی دەق لـە دووتوێی ئەو شەهوەتەی لەخۆیدا حەشاری داوە چێژ دەڕژێت، بە مانایـەکی دیکـە چـێژی مارەسەکردنی شەهوەت لە کۆی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی جەستەوە دێتە دی، خوێنـەر لـەو حاڵەوە دەکەوێتە نێوان چێژی جەستەو شەهوەتی زمان.

لە بەر ئەوەی لە ساتەوەخت و حاڵەتی نووسین ناتوانین دەست بۆ ئەو شتانە بەرین، یـان لە بەر ئەوەی لە حاڵەتی ناوبراو شەهوەت داگیرمان دەکات و نووسەر ناتوانێت خۆی بێـت، بۆیە ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە ئەوەیە کە دواتر بیری لێدەکەینەوە، بیر لێکردنەوەی دوایـیش شەهوەت دەخاتە حاڵەتی رابردووەوە، بەڵام وەك دەزانین رابـردوو و داهـاتوو لـە شـەهوەتدا بوونیان نییـە، شـەهوەت هەنووکـەیی و سـاتەوەختییە، لـە حاڵـەتی نووسـیندایە، ئـەو

ساتەوەختەی نووسەریش تێیدا دەجولێت جگە لە زمان شتێکی دیکـە نییـە. هـەر لێـرەوە دەکرێ بۆ (مالارمێ) بگەڕێینەوە چونکە لە ساتەوەختی نووسیندا نووسەر جگە لە هێنانە گۆی زمان شتێکی دیکەی نییە. هەروەها لە بەر ئەوەی شەهوەت رابردوو و داهاتووی نییە بۆیە نووسەر لە ترۆپکی شەهوەت بە مانا ئیبداعییەکەی دەکەوێتە نێوان دوو بۆشاییەوە، بۆشایی رابردوو بۆشایی داهاتوو، لە دەرئەنجامی شەهوەتیش دەق ئـەو چـێژەیە کـە زمـان لەخۆ دەگرێت، یان بـە مانایـەکی دیکـە دەق ئـەو شـوێنکاتە پڕەیـە کـە زمـان دەبێتـە جەستەکەی، بەجۆرە بوونی نووسەر بە ساتەوەختی پرۆسیسەکردنی نووسـینەوە بەنـدە، بـە ساتەوەختی مارەسەکردن و مانەوە لە چێژدا پێوانە دەکرێت، لەسەر ئەو بنەمایـە مـەرگی نووسەر تەعبیر لە لەدایکبوونی دەق دەکات، یان وەك (بـارت) دەڵێـت: مـەرگی نووسـەر بایی لە دایکبوونی دەقە. کەواتە دەشێ بڵێین مەدلولی حەقیقی هەموو دەقێـك خـۆی لـە شەهوەتدا دەشارێتەوە، شەهوەتێك کە دەق دەیهێنێتە وجود و خوێنەران پرۆسیسەی دەکەن.

لێرەدا کۆی ئەو قسەکردنەی من لەگەڵ ئەو مانایـەی کـە لـە پرسـیارەکەدا هـاتووە پێچەوانە دەکەوێتەوە. دەمەوێت بڵێم مردنی نووسەر وەك لای (بارت) هـاتووە بـە مردنـی دەق پێوانە ناکرێت، چونکە (بارت) کە دەڵێت نووسەر راسـتەوخۆ ئـەو کەسـەمان دێتـە خەیاڵ کە لە نیشتمانی زمان نیشتەجێیە، بەو مانایەش وەك لە پرسیارەکە هاتووە دەبێـت نووسەری مردوو بکەوێتە گۆڕستانی زمانەوە لە بـەر ئـەوەی زمـانیش گۆڕسـتانی نییـە، کەواتە نووسەری مردوو وەك لە پرسیارەکە هاتووە بوونی نییە.

**پ/لە پێشەکی کتێبی (نیگای دەست) کە برتییە لە چەند شیعرێکی تۆو هەندرێن و ئیلۆنـۆرا بـرۆ و شـێروان خـدر، گوتوتـە: شـیعر گەڕانـە، وردبوونەوەیـە، کەشـفکردنە، دەستلێدانی زمانە، بەلاّم بە رووتی، هێرشکردنی هەسـتە لـە مەیـدانی خـەیاڵ" ئەمـە پێناسەی شیعرە؟ لە دەرەوەی ئەو بۆچوونە چیدیکە هەیە دەربارەی شیعر؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** بێگومان شیعر هیچ پێناسەیەکی تا سەر قبوڵ نییە، لێرە رەنگە بتوانم بڵێم شیعر ژیانە، بەڵام نەك وەك ئەوەی تێیدا دەژین، بەڵکو وەك ئەوەی خەیاڵی دەکەین. شیعر ئەو فەزایەیە کە لە بەریەککەوتنی دوو شتی دژ و ناکۆك دێتە بەرهەم، هەر لەوێشەوە هەستی دەستپێکردنمان پێ دەبەخشێت. شیعر بەرهەمی خۆگۆڕینی ئاوە بە خەیاڵی زمان...

**پ/ئەو جورئەتەی کەوا لە کاتی نووسیندا کەمەری دەگریت، هەمان ئەو جورئەتەیە کە قسەی پێ دەکەیت لەگەڵ نووسیارێك و کەسێکی ئاسایی؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** قسە کردن لە بارەی نووسین و دەنگ بەرەو دوو بیرکردنەوەی دژ بەیەکمان دەکەنەوە، یان بە مانایەکی دیکە بەرەو دوالیزمییەتی رۆح و جەستەمان دەبەن، بۆ نموونە (ئەفلاتوون) دەنگ وەك وێنەیەکی بنەڕەتی و بەرایی سەیر دەکات، ئەو سەیرکردنە لەوێوەیە کە مەبەست و بیرکردنەوەی قسەکەر بە شێوەیەکی ئامادە لە کاتی ئاخافتندا دەگەیەنێت. هەروەها (رۆسۆ) نووسین بە پاشبەندی ئاخافتن دادەنێت، یەکەمیان پێیوایە نووسین دەرچوونە لە سیستەمی دایکایەتی و دووەمیان بە دەرچوون لە سیستەمی باوکایەتی حیسابی دەکات، بەڵام (دریدا) نووسین بە کردارێك دادەنێت کە بە دژی دەنگ دەکەوێتەوە نەك هەر ئەوەندە بەڵکو نائامادەیی دەنگیشی لەخۆدا هەڵگرتووە.

نووسین پێویستی بە سەفایەك هەیە، یان فەزایەك کە بشێ خەیاڵ ئازادییەکانی خۆی تێدا بە ئاسانی پراکتیزە بکات، بە بێ ئەو سەفاو هێمنییە لای من نووسین دەکەوێتە تەگەرەی جۆراو جۆرەوە، بەڵام جورئەتی نووسین و جورئەتی قسەکردن دوو شتی لێکجیاوازن. جورئەتی قسەکردن لە دڵنیاییەوە هەڵدەقوڵێت، دڵنیاییەك کە پشت بە جۆرێك لە راستی دەبەستێت، چونکە لە ئاخافتندا هەمیشە مانا دەکەوێتە چوارچێوە

تەقلیدییەکەیەوە، هەروەها ئەو فەزایەی کە قسەکردن خەڵقی دەکات راستەوخۆ بە لۆژیك و عەقڵەوە بەندە، بەڵام نووسین پرۆسەیەکی ئاڵۆزە بەو مانایەی کە نەست رۆڵی تێدا دەگێڕێت، لێرەوە هەست دەکەم جورئەتی نووسین بەشێکی زۆری پەیوەندی بە خەیاڵەوە هەیە نەك راستی و واقیع، وەك چۆن بە فەزایەك لە گومان دەور دراوە کە ئاراستەکردنی پرس بە بزوێنەری سەرەکی دادەنرێت، هەر لەوێشەوە نووسین ماناکانی خۆی لەو یارییە جیاوازانەوە هەڵدەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان فەزاو سیاقی رستەکانەوە.

**پ/ئارتۆ رامبۆ بۆچوونی وەهایە مرۆڤ دروست بووە بڵێ "بیرکەرەوەم" نەك بیر دەکەمەوە، بە بۆچوونی تۆ ئەم جۆرە دەربڕینە کتوپڕە یاخود هەوێنی تێڕامان و قوڵبوونەوەیە بەرانبەر بە وشە؟ ئەگەر شاعیرێك دژە بۆچوونی رامبۆ بێت، فەنتازیا و ئیستاتیکا بەرهەم دەهێنێ و شیعرەکانی جاویدانن؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ئەوەی لە دنیای ئەمڕۆی مۆدێرندا زۆر جەختی لێدەکرێتەوە هەر تەنها ئەوە نییە کە حەقیقەتی من بیردەکەمەوەی دێکارتی و بیرکردنەوەی رامبۆی بە میتافیزیکاوە پەیوەست دەکەن، بەڵکو سبیرینتیکا و زانستی مەعریفی لە بنەڕەتدا خود و منی بیرکەرەوەی رەتکردۆتەوە، ئیتر ئەوە سبیرینتیکایە شوێنی منی بیرکەرەوەی گرتۆتەوە، خودگەرایی بۆتە داهێنراوێکی تەکنیکی ئامێرگەرا، حەقیقەت بۆتە کۆمەڵێك حەقیقەتی دروستکراو، بەو مانایەش لەگەڵ بەرەو پێشچوونە یەك لە دوا یەکەکانی تەکنۆلۆژیا تاك وەك خود هیچ بەهایەکی نییە، تەنها لە یاساکانی مافی مرۆڤدا نەبێت. بۆیە ئەمڕۆ مرۆڤ بە دوای حەقیقەتدا ناگەڕێت، بەڵکو حەقیقەت دروست دەکات، ئێستا لە بری ئەو منەی (دێکارت) کە بە وەکالەتی خواوەند بیری دەکردەوە، من بیر دەکەمەوەیەکی درووستکراو هاتۆتە نێوەوەو لەگەڵ ساختمانە فیکری و دروستکراوە تەکنۆلۆژیی و ئامرازە زانستییە وردەکان و ئامێرە بیرکەرەوەکاندا درێژ دەبێتەوە، لێرەوە لە شوێنی منی (دێکارت)ی چەندان (من) هاتنە قسەکردنو تاگەیشتنە ئەوەی کە لەڕێگەی

تیۆری ئینفۆرماتیكو چۆنیەتی زانستیو تیۆری (زیرەكگەرایی-كلیڤەر)ی دەستكردو بەرەو پێشچوونەكانیانەوە منی بیركەرەوەو خودی سایكۆلۆژی پووكایەوە، لە شوێنی ئەودا بنەماو سەرچاوەگەلێكی نویٚ لە دەرەوەی مرۆڤ هاتە ناوەوە، ئیتر حەقیقەت چیدی بەپێی فەلسەفەی یۆنانی ناژمێردرێت، هەروەك چۆن ناكەوێتە نێو عەقڵی مرۆڤ و بیركردنەوەی مرۆییەوە، بەڵكو لە دووتۆیی منی بیركەرەوەی دەستكردگەرادایەو لەگەڵ بونیادە فیكرییە دەستكردەكانو تەكنەلۆژیاو ئامێرە زانستیە وردەكانو ئامێرەكانی بیركردنەوە درێژ دەبێتەوە. بەو مانایە خود جگە لە بەرئەنجامی هێزێكی دەستكرد، شتێكی دیكە نییە. حەقیقەتی خودی چیتر لەمندا ناژمێردرێت، بەڵكو بەردەوام دروست دەكرێت لەبری ئەوەی بەدوایدا بگەڕێین.

بەجۆرە مرۆڤی شارستانی و ژیاری نویٚ ئامانجی لە بە دواداگەڕانی بوون و پراكتیزەكردنی وجود كورت ناكرێـتەوە، ئیتر چیدی ئامانجی مەعریفە گەڕان نییە بە دوای بوونی مرۆڤایەتی، بەڵكو پرۆژەیەكی تەكنۆلۆژیی زانستگەرایە، ئەوە تەكنۆلۆژیایە تەكنیك و زانستی یەكخست و سەركەوتنی بە دەست هێنا هەر لەوێشەوە بووە ماهیەتی جەوهەرگەرایی بوونی مرۆڤایەتی، بەو مانایەش بوون بە جەوهەری تەكنۆلۆژیا و زانستەكان دێتـە ژماردن. خودی مرۆڤ لەڕێگەی جەستەو منیتالیەتەوە بووە پڕۆژەی تەكنۆلۆژیا، بەڵام تەكنۆلۆژیا هەر ئامراز نییە، ئیتر ئەوە ئەو ئامرازە زیرەكەیە وای كردووە بوونی مرۆڤ بێتە بوونێكی تەكنۆ/زانست/لۆژی، بێتە بوونێك كە لەخۆیدا عەدەمییەتی بوونی مرۆڤایەتی و حەقیقەتی یۆنانی هەڵگرتووە، ئەو بوونەش دەشیٚ بە عەدەمییەتی ڕەتكەرەوە ناوزەد بكرێت، بەو مانایە عەدەمیەتی ڕەتكەرەوە، بوون بە شێوە نوێیەكە دەرباز دەكات. بۆ ئەو ڕزگاركردنە دوو ڕێگا لە ئارادایە، یەكەمیان ڕێگای نەبوونگەرایی نەبوونە. دووەم ڕێگای دەستكردی تەكنۆلۆژی زانستییە، ڕێگەی عەدەمی یەكەم شاعیرو فەیلەسوفو بیریاران پێیهەڵدەستن، ئەوەی دووەمیان لەڕێگەی زانایانو ململانێیان لەگەڵ

سروشتدا دێتە دی، بەمجۆرە دەبێ دەقی ئیبداعی لە عەدەمێکەوە بۆ عەدەمێکی دیکە، بە شێوەیەکی ریشەیی‌و کتوپڕو زنجیرەیی وشەکان لەیەك بترازێنێ بۆ ئەوەی بە خاوەنبوون رەتبکاتەوە، کەواتە نووسین بە گشتی کەوتنە نێو بۆشاییەکی دیکەیە، بۆشایی ناوەوەمان، بەو مانایەش ئێمە مامەڵە لەگەڵ بۆشاییەکاندا ناکەین، بەڵکو لە ناوەوەی خۆماندا دەژین.

بە بڕوای من ئەوەی ئەمڕۆ سیبرینتیکا و شیعر لە یەك نزیك دەکاتەوە دەشێ چەمکی رەتکردنەوە بێت، بەو مانایەش ئەگەر سیبرینتیکا لەڕێگەی جێبەجێکردنی بابەتگەرایی و شەفافییەتەوە کۆی چەمکە کلاسیکییەکانی من و بیرکردنەوەو خود و حەقیقەت کاڵ بکاتەوە، لەوێوە فەزایەکی دیکە بۆ تەماشاکردن و بینین بخاتەوە، فەزایەك کە بێدەنگی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان فەراهەمی دەکەن، ئەوە شیعرە کە ماهیەتی زمان تێیدا جێبەجێ دەکرێت، هەمیشە لەڕێگەی رەتکردنەوەی مانا لەکارکەوتووەکان و گرتنی لە ناکاوی چرکە لەدەستچووەکانی خەیاڵ وکردنەوەو بەرفرەوانکردنی رەهەندەکانی تەماشاکردن لەگەڵ تەکنۆلۆژیا دێتەوە، واتە ئەوەی تەکنۆلۆژیا و شیعر لە یەك نزیك دەکاتەوە لە لایەك بوونی بێدەنگی تەکنۆلۆژیایە لە لایەکی دیکە خێراییە لە گرتنی چرکەساتە درەوشاوەکان، بەڵام نەك بە مانا هایدگەرییەکەی کە زمان ماڵی بوون بێت، بەڵکو بەو مانایەی کە بۆ گەیشتن بە رەهابوونی زانست و هونەرو جوانی دوورتر بەرەو دەرەوەی دیواری وجود ببینەوە. وەك ئەوەی لە بری بێدەنگی زمان، بێدەنگی تەکنۆلۆژیا ماڵی بوون بێت. بەو مانایە ئیدی شیعر بە دوای کەشفکردنی حەقیقەتەوە نییە، بەڵکو وێنەگرتنی چرکەئامێزی فەزای شیعرییەتە لە نێو کۆی دەنگە دەنگەکانی تەکنۆلۆژیادا.

**پ/شیعرەکانت لەسەر کورسی ئاو-دا دانیشتوون، ئایا لەوێوە تەماشای دنیا دەکەن، یاخود موعتادن (چ زەمەنی بێت، چ سەرمەدی) بە وشەی ئاو-و شێوازو چۆنییەتی بەکارهێنانی؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئاو وەك چۆن تەعبیر لە بەردەوامییەتی مێژووییەکی بەدوایەکداهاتووی (گەیەنراو) دەکات، بە هەمان شێوە مێژووی (یاخیبوون)ی غەریزە ئەزموونگەرییە جوانکارییەکانیشی لەخۆدا هەڵگرتووە. من بەردەوام هەوڵدەدەم لەنێوان ئەو دوو مێژووەدا پردێك بۆ تەئویلکردن دروست بکەم. خەیاڵی من لە ئاوەوە هەڵدەقوڵێت، وەك چۆن هەر لەوێشدا غەرق دەبێت، بەو مانایە ئاو دەبێتە وزەو هێزێك و من دەخاتە دەرەوەی خۆی، لە بری بوونی من بێدەنگییەکانی زەمەن قەڵەمکێش دەکات، پاشان وەك جەستەی دەق دەردەکەوێت. دەمەوێت بڵێم نەرمی ئاو دەلالەت لە چێژی نزیك بوونەوە لە دوا ترۆپکی شەهوەت دەکات، یان شێوەی ئەو پردەیە کە وەك (گەیەنراو) بە شەهوەتی زمان و وەك (یاخیبوون) بە شەهوەتی جەستەوە دەلکێت. بەجۆرە جگە لە ئاو شتێکی دیکە نییە، بە لای من شیعر ئەو شوێنکاتە بەتاڵەیە کە ئاو دەبێتە جەستەی، هەر بەجۆرەش لە کۆی پێناسەکان رووت دەبێتەوە، دەکەوێتە پشت شتەکانەوەو راستەوخۆ بە حاڵەتی ساتەوەختی ونبوون، ساتەوەختی مارەسەکردن و مانەوە لە چێژ بەند دەبێت. من دەمەوێت لە ئاستی ئەو ساتەوەختە قسەیەك بکەم، قسەیەك بە نیسبەت ئاو هەم وجود بێت هەم شوێنی وجود. ئاو نیشتیمانی منە، دەمەوێت شیعر لە نێو پرووشە دیارو نادیارەکانیدا نیشتەجێ بکەم.

**پ/خەون یان خەیاڵ زێتر کۆمەکی شاعیر دەکات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** قسە کردن لە خەون و خەیاڵ قسەکردنە لە بارەی دنیایەکی ئاڵۆز، لە بارەی دنیایەك کە وەهم بەڕێوەی دەبات. خەون و خەیاڵ ناشێ بە شێوەیەکی دیاریکراو دەسنیشان بکرێت، دەکەوێتە دەرەوەی پێوانەکانەوە، دەکەوێتە دنیایەکی بزر، دەکەوێتە نێو دنیا جیاوازەکانەوە. هەر بەو مانایەش خەون و خەیاڵ بۆ بەرجەستەکردنی رووە دیارەکەی خۆی لەڕێگەی رووە نادیارەکەیەوە پەیوەندی بە ئیبداعەوە

دەکـات، لەسـەر ئـەو بنەمایـە رووە نادیارەکـەی خـەون و خـەیاڵ بـە هـۆی دایکبـوونی ئیبداعییەوە دەردەکەوێت.

خەیاڵ کاراکتەرێکی سەرەکییە فیکری مرۆڤ بە وێناکردن و شـیمانەییەوە دەوڵەمەنـد دەکات، تا زێتریش لە خەیاڵ نزیك بینەوە زێتر دەچینە نێو بیرۆکە پەتییەکانەوە، بەڵام نـەك بەو مانایەی کە خەیاڵ هەوڵێك بێت بـۆ قەناعـەت پێکـردن، بـەڵکو وەك ئـەوەی خـەیاڵ هەوڵێك بێت بۆ چێژ و سەرسـامی، هـەوڵێك بێـت بـۆ قوڵکردنـەوەی هەسـت و نەسـتی جوانکارییانە، هەر لەوێشەوە بەو شوێنانە دەگەین کە عەقڵ دایاندەپۆشیت.

وەك چـۆن هـەر تـەنها خـەونی بێدارییـە بتوانێـت وامـان لێبکـات بگەینـە وێنـە غەریبەکان، ئەو وێنە غەرییبانەی هەڵگری فانتازیان، بـەو مانایـەش خـەون هـەر تـەنها پراکتیزەکردنێکی رازیکەرانەی ئارەزووە چەپێنراوەکان نییە وەك (فرۆیـد) باسـی دەکـات، بەڵکو درووستکردنی دنیایەکە لە فەنتازیا (ئـەنیما)ی نووسـەر پێـی هەڵدەسـێت، هـەر لەوێشەوە وەك بابەتێکی سەرەکی ئازادی سەیر دەکرێت، کەواتە خـەون راکـردن نییـە لـە واقیع وەك تێیگەیشتووین، بەڵکو نووسینەوەیەتی بە شـێوەیەکی دیکـەی جیـاواز. خـەون سەیرکردنی دنیایە وەك چۆن دەتەوێت، نەك وەك چۆن هەیە، هـەر لەوێشـەوە خـەون کـۆی سنورو سانسۆرە دەستکردەکانی واقیع دەبڕێت و بە ئازادی بە خەیاڵ دەگاتەوە، ئیبـداعیش راستەوخۆ بەو فەزا ئازادەوە بەندە، بێ خەون و خەیاڵ شتێك بە ناوی داهێنان وجودی نییە، پلەی باڵایی شیعر لە هاوگونجانی فۆرم و ناوەرۆکدا نییـە، بـەڵکو لـە یـەکگرتنی خـەون خەیاڵدایە.

سازدانی: رابەر فاریق

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا:

## داهێنەر هەڵگری ئەو بوونە ڕەسەنەیە، کە نابێتە بابەتی ژیانی ڕۆژانە

**پ/ لە شیعری ئێستەی تۆدا لە وێستگەیەك وێنە و مانا و موزیکی یەك ریتمی بە یەکتری دەگەن، ئەویش شیعرە، بەلاّم ئەگەر تەماشای ئەزموونەکانی پێشووت بکەین، بەتایبەتی قەسیدەی "با زەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژو بین" وێنەو مانا بە تەواوی بەرجەستە کراون، بەلاّم موزیکەکە وەکو نموونەی پێشوو نییە، کەواتە چۆن باس لە موزیك لە شیعردا دەکەیت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەگەر ئەو قسەی تۆ بشێ وەك خوێندنەوەیەك چاوی لێبکەین، ئەوە دەکرێ قەسیدەی ناوبراو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە حاڵەتی دەروونی و ساتەوەختی نووسینەوە هەبێ، پەیوەندی بە زەمەن و مەکانێکی دیایکراوەوە هەبێ. بە بڕوای من موزیکا و ئاماژە حاڵەتی نووسین درووستیان دەکات، یان لە کردەی لێکخشان و جەختکردنی وشە و ریتم و دەستەواژەکانی نووسین هەڵدەقوڵێ، لە کردەی داڕژان دەکەوێتەوە.. ئەو کاتەی قەسیدەی "با زەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژوبین"م نووسی، بەگشتی بارودۆخێکی شڵەژاو و نیگەران و نادیار تەواوی ژیانی مرۆڤی کوردی تەنی بوو... دووبارە ئەگەر ئەو خوێندنەوەی تۆ بشێ قسەی دیکە هەڵگرێ، ئەوە دەتوانم بڵێم قەسیدەی ناوبراو بە زمانی من نەنووسراوە، بە زمانی هونەرمەندێکی عاشق نووسراوە، هونەرمەندێکی عاشق تا مردن. تیشکۆی بارودۆخێکی دەروونی و ژیانێکە، بار و ژیانێك

که بەرەو نائومێدی و کۆتایی.. بەرەو ئاسۆیەکی نادیار .. حاڵەتی ئەو قەسیدەیە لای من (ئەگەر ئەو قسەیە وەك قسەی خوێنەرێك، نەك نووسەر قابیلی قبول بێ) وەك چۆن بەرگری کردنە لە مردن، بەدیوەکەی دیکەش مارەسەکردنی چێژە لەنێو ئازاردا... ئەگەر بەرگری کردن لە مردن بەرووی دەرەوە و واقیعەوە بەندبێ، ئەوە مارەسەکردنی چێژی ئازار بەرووی ناوەوە و دەروونەوە دەلکێ... یەکەمیان پەیوەندی بە هاوارێکی نائومێدانەوە هەیە و دووەم چرپەیەکی شاعیرانەی لێدەکەوێتەوە. یەکەمیان هەستکردنە بە وشە، وشەگەلی کەناری شپرزەیی، دووەم سەختی ریتمی گوتن و چێژ، وازی دەکات.

"با زەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژوبین" لە شەڕە نێوخۆکانی پارتی و یەکێتی، شەڕی کورد و کورد، شەڕی براکوژی و ماڵوێرانی هەزاران مرۆڤی بێ تاوان و جەرگ سووتان و شەڕی لاقەکردن و دەست بۆ دوژمن درێژکردن و ئاوات بە شەیتانخوازتنەوە لەدایکبووە!! کاتێك شەڕ و کاولکاری تەواوی ژیان دەخاتە ژێر سێبەری رەش و نائومێدانەی خۆی کاتێك هیوایەك لەدووری دوورەوەش بەدی ناکەیت، جگە لە ریتمی مردن، جگە لە تاریکی و جێگیرنەبوون هیچ دەرگا و دەریچەیەك واز نییە، ئەو قەسیدەیە لەو رۆژانە نووسراوە (داوای لێبووردن لە خوێنەران دەکەم هیوادارم نە ئەو بەبیرهێنانەوەیە و نە پاشماوەی ئەو بەبیرهێنانەوەیە، توندوتیژی لێ نەکەوێتەوە)

چیرۆکی ئەو قەسیدەیە جگە لەوەی بیرهێنانەوەی توندوتیژییە (بەداوای لێبوردنەوە) بەدیوەکەی دیکەش چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەی دووەمیان پەیوەندی بە مەکان و زەمەنی خودی نووسین و ماڵی نووسینەوەیە: لە دەوروبەری زستانی ساڵی ١٩٩٦ خەریکی نووسینی ئەو قەسیدەیە بووم، هەڵبەتە لە حاڵەتێکی دەروونی تاریك و شپرزەو پڕ لە دڵەڕاوکێ... من هەمیشە بۆ خوێندنەوەو نووسین وەك چۆن شوێنێکی خاکەڕایی و تاڕادەیەك تایبەتم لە ماڵەوە بۆ ماڵی نووسین و خوێندنەوە هەیە، بە هەمان شێوەش کاتەکانی خۆم بۆ چەند بەشێك دابەش دەکەم، دەمەوێ بڵێم رۆژانە چەند سەعاتێکی

تایبەتم بۆ نووسین و خوێندنەوەی شیعر و لێکۆڵینەوە و فیکر تەرخان کردووە، هەمیشە بەیانیان بەر لە سەعات شەش تا دەگاتە حەوت و نیو شیعر دەخوێنمەوە، ئێواران بەر لە سەعات چوار تا نزیکەی حەوت ونیو رۆمان و دواتر کتێبی لێکۆڵینەوەو فیکری... هەمیشە لە کاتێکدا چەند کتێبێکم بۆ خوێندنەوە لەبەر دەستدایە، بێگومان نووسین لای من کاتێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام خۆشترین کات و خۆشترین ماڵم بۆ نووسین شەوانی درەنگە، من ئەو کاتانە چێژی زۆر لە نووسین دەبەم... نووسینی قەسیدە لای من کاتێکی زۆر دەخایەنێ، یان بە مانایەکی دیکە هەوڵدەدەم کاتێکی زۆر لام بمێنێتەوە، واتە پەیوەندی بە تەواو بوون و تەواو نەبووندا نییە، بە ئەنقەست لە پاکنووس کردندا کەمتەرخەمییەکی بێ وێنە دەنوێنم، ئەوە لای من وەکو خووی لێهاتووە... لەکاتی نووسینی قەسیدەی ناوبراو لەسەروبەندی تەواو بووندا بووم لەلایەك کەمێ ئاسوودەو لەلایەکی دیکە شپرزە تارادەی ترس، ترس لە بێدەنگی، ترس لە تاریکی شەوانی بێ کارەبا، ترس لە سێبەری دوژمنی کورد و کورد، ترس ترس... ئا لەو کاتەدا دوای پانزە رۆژە لە نووسین، ئێوارەیەك بۆ چاوپێداخشانەوە بە قەسیدەکە لەنێو کتێب و کاغەزەکامدا بەدوایدا دەگەڕام، بەڵام لە هیچ شوێنێ دیار نەبوو، دوای ئەوەی جیدیتر بەدوایدا گەڕام بەڵام نەمدۆزییەوە، لە ماڵەوە شپرزەییەکەم هەست پێکراو ئیتر ناچار داوای یارمەتیم لە خێزان و منداڵانم کرد، بەڵام خێزانەکەم گووتی دوێنێ بەیانی ئەو ژوورەم کسك داوە رەنگە لەگەڵ هەندێ کاغەز و شتی دیکە فڕێمدابێتە نێو زبڵدانی بەر دەرگا، بە ناچاری ئەوێشم پشکنینی بەڵام هیچم دەست نەکەوت، ئەو کات شەوی کوردی کوردی لە هەموو شوێنێك حوکمی دەگێڕا، چەند هەوڵێکمدا بە چرایەکەوە ئەوبەری ماڵمان کە بۆخۆی شوێنی حاویەیەکی زبڵ بوو، یان وەك زبڵدانێکی لێهاتبوو، بپشکنم، بەڵام سوودی نەبوو، ئیتر بەیانی بەر لەوەی خۆر هەڵبێ، دووبارە بوومەوە مێوانی پاشماوەکان، کەچی هیچم بە هیچ نەکرد، ئەوەندە نیگەران و دڵشکاو بووم، جولەو وزەم لە جولەو وزەی پاشماوەی شەڕ تێپەڕی

نەدەکرد... بەلاّم دوای دوو رۆژان نیوەڕۆیەك لە دەوام دەگەڕامەوە ماڵ، خێزانەکەم هەواڵی دۆزینەوەی پێبەخشیم، ئەو هەواڵە خۆشترین هەواڵ بووە هەتا ئێستا کە بەمن گەیشتبێ.

ئەو دوو حیکایەتە دوو رووی قەسیدە پێکدەهێنن، روویەك لە دۆزینەوەی مانادایە و رووەکەی دیکە لە ونبوونی موزیك. روویەکی لە بەرجەستەکردنی ئازارەکانی واقیعدایە و روویەکی لە ونبوونی هەستی دەروون. روویەکی لە دیار و رووەکەی دیکە لە نادیاردا.

**پ/ کەواتە لە شیعردا دەتەوێ چ بڵێیت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** لەپشت ئەو پرسیارە هەمیشە دیدێکی ئایدیۆلۆژیانە وەستاوە، یان بە مانایەکی دیکە فەزای ئەو پرسیارە راستەوخۆ پەیوەندی بە فەزای ریالیزمی رەخنەگرانەوە دەکات، ئەو دیدەش بەرای من ئەدەب بە ئەرکێك دەسپێرێ و لە چێژ و جوانی رووتی دەکاتەوە، پرسیاری پەیامی شیعر و ئەدەب چییە؟ پرسیارێکە ئەدەب و هونەر وەك ئەرکێکی کۆمەلاّیەتی و سیاسی تەماشا دەکات...

بەبڕوای من ئەدەب و هونەر جگە لە درووستکردنی فەزایەکی شەفاف و کراوە بۆ تەماشاکردن و تەماشانەکردن، جگە لە درووستکردنی خەیاڵێك بۆ بەدواداچوونی مەعریفەی جوانی و چێژ، جگە لە بەرفرەوانکردنی رەهەندەکانی بینین و بیستن، جوانگوتن و چیگوتن، جگە لە بەرزڕاگرتنی ئاستە مرۆییەکان، جگە لە دۆزینەوەی جیاوازییەکان و رۆچوونێکی قوڵی مەعریفی و فیکری، جگە لە...... دەشێ گەڕانێکی هەمیشەیی بێ بەدوای کەماڵێکی هەمیشە ناتەواو، کەماڵێك کە مرۆڤایەتی لەو پەڕی جوانی وێنا دەکات، کەماڵێك کە هەمیشە لە پێشمانەوەیەو پێیناگەین، هەمیشە لە تەواوبوونێك بەرەو تەواوبوونێکی دیکە لە جولەدایە، کەماڵێك لە سەفەرێکەوە بەرەو سەفەرێکی دیکە، لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە مرۆڤ بەدوای خۆیدا کێش دەکات.

من هیچ پەیامێکی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئابووری لە ئەدەب و هونەردا نابینم، جگە بەرزڕاگرتنی مرۆڤ و دنیای مرۆڤایەتی نەبێ، پەیامی من لە سەفەرە جیاوازەکانی

مرۆڤ خۆی دەنەخشێنێ، لە عەددەمێکەوە بەرەو عەددەمێکی دیکە، پەیامی من، پەیامی ئازادی و سەرفرازی و فەردانیەتە، من هەمیشە لە خەیاڵێکەوە وێنەی مرۆڤ دەکێشم کە پەرگیری و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەستیان بەرنەکەوتووە، کە واقیعی زاڵ و فیکری زاڵ و ئاراستەکردن نەیشێواندووە، کە هێزی نامرۆیی و ستەمکارانە نابودی نەکردووە، کە سرووشت بە جوانی و ناشیرینییەکانی جەبەرووتی خۆی بەسەردا نەسەپاندووە، من هەمیشە بە پەنجەی منداڵی خەمە دیار و نادیارەکانی مرۆڤایەتی رەسم دەکەم، هەمیشە هەوڵدەدەم فەزایەکی هاوبەش بۆ حەساسیەتی جوانی و حەساسیەتی مرۆیی بخەملێنم، هەمیشە دەمەوێ ئاماژە نەبینراو نەبیستراو چەپێنراوەکان بەرجەستە بکەمەوە، وێنەی مرۆڤ لەوپەڕی ئارامی، لەوپەڕی پەشێوی بە رەنگ بسپێرم، لەوپەڕی سادەیی بە چۆلەکەیەکی لانەواز، بە کۆترە شینکەیەکی دڵگەرم بڵێم: بەیانی باش...

**پ/ هەم لە نووسین و هەم لە شیعردا، چەمکی چێژ پانتاییەکی گەلەك گەورەی لە دەربڕینەکانتدا فەراهەم کردووە، هاوکات جۆرێك لە چەشەیش بە خوێنەری هوشیار دەبەخشێت، بەڵام ئەوەی وەکو پارادۆکس خۆی دەنوێنێ ئەوەیە: لە شیعردا تا ئەوپەڕی سادەیی سادە دەبێتەوە بەڵام فۆڕمی نووسینەکانت گرانن، ئەمە بەدەر لەوەی وەکو زمان و دەربڕین هەمیشە دەتەوێ لەگەڵ بارت هەمئاهەنگ بێیتەوە یان من وای دەبینم، ئەوانە ئەنجامەکانیان چۆن دەکەوێتەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** من هەمیشە هەوڵی بە هەڵمبووونی مانا لە پێناو گەمە دیار و نادیارەکانی چێژ دەدەم، هەڵبەتە ئەگەر بشێ گوتنی ئەو دەستەواژەیە بۆ من وەك نووسەری دەق قابیلی قبول بێ، ئەوە ئەو قسەیەم لەوێوە دێ چونکە پرۆسەی نووسین ئاڵۆز و سەخت دەکەوێتەوە، لەوێوە کە نووسین بەلای من حاڵەتێکە بەشێکی زۆر لە نەست رابەرایەتی دەکات، نەك بەو مانایەی کە فیکر و مەعریفە و پاشخانی رۆشنبیریی رۆڵی تایبەتی نییە، بەڵکو بەو مانایەی کە سیاقی نووسین بە داڕژان و حاڵەتی نەستی و

خەیاڵەوە دەلکێ، بەو مانایەی کە نووسین لێکخشانی ئاگایی و نائاگاییە، لێکخشانی هەست و نەستە، مەعریفە و خەیاڵ.... مەبەستمە بڵێم پڕشنگێ لە کۆی ئەو لێکخشانانەدا دەردەکەوێت، ئەو پڕشنگە چێژی نووسینە و ڕەهەندەکانی نووسین و بەها ئیستێتیکییەکانی نووسین دیاری دەکات، ئەو پڕشنگە بەشێکی زۆر پرس و خەونبینی، بەشێکی زۆر لە جەوهەری شیعرییەتی لەخۆدا هەڵگرتووە.

بەلاّم جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە من لەپشت پرۆسەی نووسینی ئیبداعیدا هەرگیز نیازو مەبەستێکی دیاریکراو نابینم، نەك هەر هێندە بەڵکو بەبڕوای من هەموو نیازو مەبەستێکی دیاری کراو بەهەموو ماناکانییەوە جۆرێکە لەشێوانی نووسین، جۆرێکە لە لەکەدارکردن‌و کۆت‌و بەندکردنی نووسین، بەدیوەکەی دیکەش جۆرێکە لەهەڵخەڵەتانی خوێنەر... وەك چۆن لەگەڵ ئەوەشدام کە شیعرییەت پەیوەندی بە تێگەیشتن و تێنەگەیشتنەوە نییە، چ پەراوێزی بێ یان سێنتەرئامێز، بێ مانا بێ یان مانادار. شیعر لە خودی شتەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە فەزای پەیوەندی لادانەکان و چێژو پرسیارە نوێیەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بەو مانایەش هیچ شتێ شیعری نییە، هیچ شتێ خاوەنی شیعرییەت نییە، ئەوەی شیعرییە ئەو فەزایەیە کە ساتەوەختی نووسینی شیعر درووستی دەکات. شیعرییەت بوونێکی راستەقینەی نییە، بەڵکو بەردەوام لەڕێگەی تەماشاکردن و خوێندنەوەی جیاوازەوە خەڵق دەکرێت، کەواتە دەشێ فەزای شیعری لای خوێنەرێك شەفاف بێ و لای یەکێکی دیکە ئاڵۆز، فەزای شیعری پەیوەندی بە دۆزینەوەی کۆدەکان و خوێنەرە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە حاڵەتە دەروونییەکانی خوێنەردایە، پەیوەندی بە ساتەوەختی خوێندنەوە و ئارامی دڵ و هێمنی ئەعسابەوە هەیە، فەزای شیعری پەیوەندی بەو دارِژانەوە هەیە کە ناکۆیی نووسەر و ناوکۆیی خوێنەر رابەرایەتی دەکات و لەگەڵ نەستی خوێنەر دەگونجێ و دەتوانێ دانوستان لەگەڵ ئەویدیکە بە ئەنجام بگەیەنێت..

دواجار شیعر ئەو کەش و هەوایەیە کە قابیلی دانوستانی فـرە رەهەنـد و فـرە چـێژ و فـرە بیرکردنەوەیە.

ئەو شەفافیەتەی تۆ باسی دەکەیت، راستەوخۆ پەیوەندی بە تێڕوانینی خۆتـەوە هەیـە، چونکە پێچەوانەکەشی دەشێ بگوترێ... بەڵام بۆ پارادۆکسـی پرسـیارەکەت دەکـرێ بڵـێم تاکی کوردی لەبەر ئەوەی خاوەنی پاشخانێکی رۆشنبیریی رەخنەئامێز نییە، لەبـەر ئـەوەی رۆشنبیریی کوردی رەخنەی رۆشـنبیریی، رەخنـەی تیـۆری ئـەدەبی شـێواز و ئاراسـتەکانی بیرکردنەوەو تەکنیکی بیرکردنەوەی رەنگرێژ ناکات، لەبەر ئەوەی ئەدەبی کوردی پشـتی بـە لێکۆڵینـەوە و راڤـەکردن و بەدواداچـوون و خوێندنـەوەی میتـۆدی مـەعریفی و فیکـری نەبەستووە... لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا کـەمترین جیـاوازی لـەنێوان تیـۆری لێکۆڵینـەوەی رۆشنبیریی و تیۆری ئەدەبی و خوێندنەوەکانی دیکە ناکات، لەبەر ئەوەی خوێنەری کـوردی کەمتر مەیلی بەدواداچوون و خوێندنەوەی رەخنەی ئەدەبی و تیۆری فیکری دەکات، کـەمتر سەلیقەی بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەی رەخنەیی هەیە... بۆیە دەشێ نەتوانێ یان سـەلیقەی ئەو جۆرە خوێندنەوانەی نەبێ و قورس بۆی بکەوێتەوە.

من لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و نووسینی رەخنەییـدا دەمـەوێ هـەوڵی بەدەسـتهێنانی پرسیار و بیرکردنەوەی فیکری و مەعریفی سەردەم بدەم، بەشێکی زۆریش لەو بیرکردنەوانـە راستەوخۆ پەیوەندی بە شێوەی وەرگـرتن و بـەکارهێنان و وەشـاندنەوە هەیـە، راسـتەوخۆ پەیوەندی بە دنیابینی و دووبارە دارشتنەوە دەکات، بۆیە لای من ئاساییە خوێنەر بـەردەوام نکۆڵی بکات، یان دووچاری بەدتێکگەیشتن و هەڵدانی پرسـیاری جیـاواز و قبوڵنـەکردن بێ، وەك چۆن بەدیوەکەی دیکەش بخاتە دووتوێی پرسـیاری قـووڵ و مشـتومڕی ئـازاد و دیالۆگەوە، بەڵام باشتر وایە ئەو دەمەتەقێ و مشتومڕ و دیالۆگانە بە پاشخانی مـەعریفی و فیکری سەدەمەوە بەند بێ، بە پرسـیارە جیاوازەکـانی سـەردەمەوە بەنـد بـێ، هـەڵگری بیرکردنەوە و خوێندنەوەی فرە ئاست و فرە رەهەند بێ....

**پ/ سەمەدی بیهرەنگی لە نووسینێکدا گووتوویەتی: "رەخنەگری شیعری پێویستە خۆی شاعیر بێت، بەلاّم نەك شاعیرێکی زۆر باش" کەچی کاتێك خوێنەری راستەقینە دەکەوێتە بەرانبەر دەقێکی شیعری عەبدولوتەلّیب بۆ کردنەوەی دەرگەگەلی دیکە لە رەخنە بابەتییەکان، کۆمەلّێك کلیلی تازە دەدۆزێتەوە. هاوکات لە شیعرەکانیشتدا ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانە دەدۆزرێتەوە کە خۆت خولقاندووتن، لێرەدا پێتوایە ئەو رستەیەی بیهرەنگ هەلّگری قورساییەکی وەها بێت، کە بەرەو رامان و بیرکردنەوە گومانێك پەلکێشمان بکات؟**

***عەبدولوتەلّیب عەبدوللاّ/*** گەلێك جار گوتوومە نووسین لە سادەترین پێناسەیدا هەلّنانی نیگەرانییەکانی ناوەوەی مرۆڤە، یان گرتنی چرکەساتە جێگیر و ناجێگیرەکانی ناخی مرۆڤە. دەشێ پەیوەندی ئەو چرکەساتانە هارمۆنی بکەونەوە، وەك چۆن دەشێ ناهارمۆنی خۆیان نیشان بدەن، دەمەوێ بلّێم ئەو ئاماژەیەی بیهرەنگی لەنێوان دەقی لێکۆلّینەوە و دەقی شیعریدا خۆی لە چەمکی جێگیربوون و ناجێگیربوون بەیان دەکات. بەلاّم دەبێ بزانین کە خالّی جیاوازییان لە نواندنی زماندا تۆخ دەبێتەوە، چونکە دەقی شیعری لە هەلّخلسکانی زمانەوە لەدایك دەبێ، بەلاّم دەقی لێکۆلّینەوە هەلّخسکاندنی مانایە لەنێو دەقی یەکەمدا.

بۆ زێتر روونکردنەوە دەلّێم: زمانی شیعری زمانێکی ناجێگیرە، چونکە خەیالّ رابەرایەتی دەکات، پێچەوانەی زمانی جێگیر کە هەمیشە دەبێتە زیندانی خەیالّ و لە چوارچێوەی بابەت و بابەتخوازیدا دەمێنێتەوە. بابەت، خەیالّ دەکوژێ. یان بەلای کەمی لە پایەکانی کەمدەکاتەوە... زمانی بابەتخواز ئایندەی نییە، وەك ئەدۆنیس دەلّێ ئایندەی لە رابردووی تەواو و پیرۆزدایە. کەواتە زمانی شیعری پەیوەندی بابەتیانەی خۆی لەگەلّ شتەکان ناخاتە روو، بەلّکو پەیوەندی خودییانەی خۆی بەرجەستە دەکات. بەلاّم زمانی لێکۆلّینەوە لەرێگەی پراکتیزەکردنی ئاگاییەوە هەولّی بەرجەستەکردنی پەیوەندییە لۆژیك

و بابەتییەکان دەدات، وەك چۆن هەندێجار لەڕێگەی پێشبینینی و بەیەککگەیشتن خوێندنەوە جیاوازەکانی خۆی رادەگەیەنێت.

پەیوەندی زمانی شیعری شیمانەیی و خەیاڵی دەکەوێتەوە، لەو پەیوەندییەدا ئەوە ئاگایی نییە شتەکان رێکدەخات، بەڵکو ئەوە وێنەی شیمانەییە جێبەجێیان دەکات. بەلاّم لە لێکۆڵینەوە و رەخنەدا وەك ئەوەی بیهرەنگی دەیەوێ جیای بکاتەوە، ئەوە ئاگاییە شتەکان جێبەجێ دەکات، نەك شیمانەیی. زمانی شیعری زمانی خوازەیە، بەلاّم زمانی لێکۆڵینەوە و رەخنە وەك لە ئاماژەی سەرەوە بەدەردەکەوێت، زمانی حەقیقەتە.

بەبڕوای من قورسایی ئەو تێزەی بیهرەنگی لە درووستکردنی ئەو پەیوەندییەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیخاتە نێوان زمانی شیعر و زمانی رەخنە. بەلاّم ئەگەر ئیشکالیەتی ئەو تێزەی سەمەدی بیهرەنگی لە گۆشەنیگای زمانی خوازەو زمانی حەقیقی ورد بکەمەوە، یان بەشێوەیەکی روونتر کۆی ئەو دەربڕینەی بیهرەنگی لە رۆڵی خەیاڵ و رۆڵی بابەتدا بخەمە روو، ئەوە بنەمای ئەو بیرکردنەوەیە، ئەو جۆرە لە پۆلێنکردن و پێوانەیە وەك جۆرێك لە ئابلۆقەدانی داهێنان خۆی دەنوێنێ، واتە جیاوازییەکی تۆخ دەخاتە نێوان حاڵەتی نووسینی شیعری و حاڵەتی نووسینی رەخنەییەوە، کە بەبڕوای من تۆخکردنی ئەو جیاوازییە نەك هەر تەنها دەستەواژەی داهێنان بەشێوەیەکی گشتی دووچاری هەڵوەشانەوە دەکات، بەڵکو حاڵەتی چێژبردنیش بە دوالیزمییەتی حەقیقەت و مەجاز دەسپێرێ!! لێرە ئەگەر تەماشای تیۆری نوێ بۆ دەق لای (رۆلان بارت) بکەین، دەبینین دەق لە دەسنیشان کردن و سنوردانان دوورە، و هەر بە لێکنزیکبوونەوەو دەستلێدان ئاماژەی بۆ دەکرێ. بێگومان ئەو لێکنزیکبوونەوەو دەستلێدانەش بەشێوەیەکی مەجازی دەمێنێتەوە. بەلاّم نووسین یان دەق لەو گوتەیەی بیهرەنگی هەڵگری پێناسەیەکی دیارە و برتییە لە "بۆچوون"!! کەچی لای بارت دەق هەر "بۆچوون" نییە ( بۆیە لە پێناسەکردنی دەقدا قەڵەمی بارت لەبری ئەوەی پێناسەی دەق

بنووسیٚ، گوتار دەربارەی دەق دەنووسێت، گوتاریش خۆی لەخۆیدا دەبێتە دەق... دەق بۆخۆی ئەو بۆشاییە کۆمەلاٚیەتیەیە کە نە هیچ زمانێك لە هێمنیدا و نە هیچ خودێکیش وەکو داوەر و گەورە و بەرێز و شیکەرەوە و ڕێنیشاندەر و لێکهەلوٚەشێنەر، بەجێدەهێلیٚ... بەو مانایەش تیۆری دەق لەگەلٚ پرۆسیسەکردنی نووسیندا نەبیٚ، لەگەلٚ چیتردا یەکناگرێتەوە) ئیتر لێرەوە ئەو دلٚنیاییەی کە بیهرەنگی ئاماژەی بۆ دەکات لە پێناو دیاریکردن و دەستبەسەراگرتندا بەرەو بۆچوونێکی جێگیر و بەپیرۆزکراو و تەواومان دەکاتەوە، ئەو بۆچوونەی خۆی وەك حالٚەتێك دەناسێنیٚ کە لە پێشبڕکێی تەواو بووندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، نەك لە پێشبڕکێی بەرجەستەکردنی دال لەپێناو چێژ و دواخستنی مانا... بیهرەنگی دەقی لێکۆلٚینەوە وەك ئەگەرێك بۆ بەرجەستەکردنی لۆژیك و بابەت نابینیٚ، بەلٚکو وەك تەواوبوونی بابەت و لۆژیك سەیری دەکات، بەدیوەکەی دیکەش شیعر هەر تەنها وەك نالۆژیك و نابابەتیانە تەماشا ناکات، بەلٚکو وەك جۆرێك لە وەهم دەیخاتە روو!! بەلاٚم دەق/نووسین لای بارت وەك دەزانین هەر چێژی دالە، زەمەنی خۆشییە، کە دەکەوێتە ژێر دەقێك کە دەقێکی دیکە دەدۆزێتەوە، ڕەخنەگری بارتیش ئەو کەسە نییە کە لەبارەی چێژەوە بۆمان دەدویٚ، بەلٚکو ئەو کەسەیە کە چێژ بەرهەم دێنیٚ، دەقی چێژئامێزیش هەلٚگری وزەو ئاستی دەلالی و پرسیاری فرە ڕەهەندە، کەواتە بارت دەقی ڕەخنەیی و دەقی شیعریی لە داهێناندا لەیەکتر جیا ناکاتەوە، چونکە داهێنان لای ئەو چێژی دالٚە. بەلاٚم لەو قسەیەی بیهرەنگی واپێدەچیٚ دەقی شیعری بە داهێنان و دەقی ڕەخنەیی بە پاشکۆی داهێنان بزانیٚ و بڕوای بەوە نەبیٚ، کە داهێنەر ئەو کەسەیە چێژ بەرهەم دێنیٚ و هەموو دەقێکی داهێنەرانەش دەکەوێتە ژێر دەقێك کە دەقێکی دیکە دەدۆزێتەوە!!.

**پ/ لە ئێستەدا داهێنان و ریکلام هاوئاستن لەخستنەڕووی دەق لە کوردستاندا، بەلاٚم ئەو ریکلامەی کەوا من مەبەستمە بەسەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەلاٚتی سیاسی**

**حزبەکان دابەش بووە، نووسەری ئیبداعکار بۆ ئەوەی پردێك درووست بکات بۆ بەیەکگەیشتنی داهێنان/ریکلام چ بۆی دەبێت بە کۆمەککارێکی تەندرووست؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** من نازانم ئەو هاوئاستییە لە چییدایە، ئەوەی کە لە کوردستان پێی دەڵێن ریکلام وەك مەسەلە هونەرییەکە لەسەرەتادایە، نەك هەر هێندە بەڵکو تەماشاکردنی خەڵکیش بۆ مەسەلەی ریکلام هەر تەنها لە چوارچێوەیەکی سەرەتاییانەی بازرگانیدا گیری خواردووە، نە بیرکردنەوەیەکی هونەری و مەعریفی و نە خەیاڵێکی بەرز و چێژئامێزی لە پشتەوەیە. ئەوەی لە کوردستان بەناوی ریکلام بینەری پێوە سەرقاڵ دەکرێ جگە لە شێواندنی زەوقی هونەری، بەدیوەکەی دیکە شێوانی گۆشەنیگای چاویشی بەدواوەیە.. دەمەوێ بڵێم لە کوردستان هەرگیز ریکلام وەك هونەر پرۆسیسە ناکرێ، ریکلام هەرگیز بابی دەق نییە، بەو مانایەی کە دەق و ئامادەگی دەق لەرووی هەست و چێژ و تاکێتی و یاخی بوونەوە بەردەوام پرشنگە دەلالەتبەخشەکانی خۆی هەڵدەدا و بەو مانایەی کە دەق نەخۆی لەوەی پێشتر و نە ئامادەبوونی ئێستا و نە دۆگمادا نادۆزێتەوە. دەق خۆی وەك ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتییە دەنوێنێ، کە نە هیچ زمانێك لە هێمنیدا و نە هیچ خودێکیش بەجێدەهێڵێ. دەق هەمشە بەر زمان دەکەوێ. دەق بەردەوامی خۆی لە ئامادەیی دەلالیدا دەدۆزێتەوە و بڕوای بە فرەڕەهەندی مەعریفی و ئیستێتیکی خۆی هەیە، نەك مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسی و بازرگانییەکان، یان پڕۆپاگەندەی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لەپێناو بێنرخکردنی مرۆڤ و رووخاندنی مرۆڤ و بە هەند هەڵگرتنی شتەکان و بە شتبوون... بەمجۆرە دەق دوورە لە دەسنیشان کردن و سنوردانان، لە لێکنزیکبوونەوەو دەستلێدانەوە نزیکە. ئەوەی دووەمیشیان هەر بە مەجازی دەمێنێتەوە.

دەمەوێ بڵێم میدیای کوردی ریکلام وەك چێژ، چێژی بینراو بیستراو سەیر ناکات، کە هێندێجاران لەڕێگەی بەرزەك و یاری کردن بە نەخش و نیگار و دیزاین و وشە و فرە

دەلالییەوە، بۆخۆی دەبێتە دەق... کەواتە پێویستە دووبارە چاو بە دەستەواژەی "ئێستا" و "دەق/ریکلام" و "هاوئاستی"یدا بگێڕیتەوە و لەڕووی چێژەوە بە بەرجەستەکردن و زیندووکردنەوەی دەقەوە پەیوەستیان بکەیتەوە!!

**پ/ کەنگێ "زمان/گوتن" رووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قووڵ و ئیستێتیکی و بابەتییانە دەبنەوە؟**

***عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا/*** "زمان/ئاخاوتن" بە مانا ئیبداعییەکەی دەشێ بە ساتەوەختی رووتبوونەوەی لەناکاو بێتە ژماردن، یان دەستبردن بۆ میوەی حەرام. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو رووتبوونەوە لەناکاوە پەیوەندی بە کام ساتەوەختی گوتن یان زمانەوە هەیە؟ ئەو ساتەوەخت و مەکانە دیاریکراوە، هەڵبەتە ساتەوەخت و مەکانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ساتەوەخت و مەکانێکە شێوەیەکی ستوونی لەخۆ گرتووە، نەك ئاسۆیی.. هەموو دابەزینێکی ستوونیانەیەش دابەزینێکە بەرەو قووڵایی دەمانبات نەك رووکار.. کەواتە بۆ سەلامەتی ئەو قسەیەمان دەبێت بەڵگەمان لەبەر دەست دابێت، رەنگە بەڵگەی لۆژیکی بەرانبەر نالۆژیکی، تەعبیر لە رەفتارگەلێك بکات کە "زمان/ئاخاوتن" رووتییەتی خۆی (لەڕێگەی داهێنانی ئەدەبی یان بە مانایەکی دیکە دەق) پێدەشارێتەوە، هەندێکجار ئەو رەفتارگەلە یان وەك گوتمان ئەو دابەزینە، راستەوخۆ پەیوەندی بە مەکان و زەمانەوە دەکات... جوانترین نموونەی مەکان وەك (باشلار) ئاماژەی بۆ دەکات مەکانی فرمێسکی چاو و جوانترین زەمەن، زەمەنە ونبووەکەی (پرۆست)ە.

وەك دەڵێن هەموو سەردەم و قۆناغێك هەڵگری زمانی تایبەت بەخۆیەتی و هەموو شوێنێك ئاخاوتنی خۆی هەیە، هەموو زمان و گوتنێکیش پشت بە باکگراوەندی گوتن دەبەستێت، باکگراوەندی گوتن ئەو فەزایەیە کە بە رەهەندی مانا و دەلالەت و رەمز و خەیاڵی گوتنەوە بارگاوییە، لەڕێگەی ئەو فەزایە ئەویدیکە سەرمەستی خۆی دەکات. بەڵام مەرج نییە هەموو قسەکردنێك لە (خود)ەوە بێت، هەندێك لە قسەکردن هەیە کە

(ئارەزوو) پێی هەڵدەسێت، لەو حاڵەتەشدا خود دەخرێتە لاوە، یان ون دەبێــت... (ئیــبراهیم مەحموود) لە کتێبی (صدع النص و ارتحالات المعنى) ئەو جۆرە لــە قســەکردن لەڕێگــەی فیعلی (حکی) عەرەبییەوە تەفسیر دەکات و پێیوایــە ئــەو جــۆرە قســەکردنە لــە زمــانی عەرەبیدا هیچ فیکرو مەبەستێکی لە پشتەوە نییە، وەك چۆن ناتوانێت لەڕێگەی گوتنــەوە فەزایەك بۆ بیرکردنــەوەو سەرمەســتکردنی ئەویدیکــە دابمــەزرێنێت، بــەڵکو هــەر تــەنها قسەکردنە لە پێناو قسەکردن، بەو مانایــەش کــاری (حکــی) قســەکردنێکە خــود تێیــدا غائیبە، نەك ئامادە، هەر لەوێشەوە لە (کلام) بە مانا (سوســێر)ییەکــەی جیــا دەبێتــەوە، دەشێ ئەوە جیاوازی نێوان قسەکردنی عەرەبی و قسەکردنی سوسێریی بێ.

ئەو دوو جۆرە لە قسەکردن، یان دوو جۆر لە قسەکەر، ئەگەر ئەو بۆچوونەی (ئیبراهیم مەحموود) ڕاست بکەوێتەوەو بەڕاستی لەنێو ژیان و ئەزموونی عەرەبییەوە گەڵاڵە بــووبێ، ئەوە ئەزموون و ژیانێك ڕەنگ دەکات، کە پێمانــدەڵێ: لــە پشــت ئاخــاوتنی "عــەرەب"ی فیکر و ئیبداع ئامادەیی نییە. بەڵام لە پشت ئاخاوتنی "سوســێر"ی زمــان هــیچ کاتێــك ناکەوێتە دەرەوەی فیکرەوە.

وەك گوتمان ئیبراهیم مەحموود بۆ بەهێزکردنی تێزەکەی خۆی لەسەر ئاخاوتن قســە لــە ونبوونی خود و ئامادەیی خود دەکات، هەر لەوێشەوە قسە لە دوو جۆر لە ئاخاوتن دەکات یەکێك ئارەزوو پێی هەڵدەسێ، ئەویدیکە ئامادەیی خود. بەڵام کاتێك خود لــە قســەکردن وندەبێ و ئامادە نابێ، گوتن بێ بکەر دەڕوا. کە ئاخاوتن بکەری ونبــوو، گــوتن لــە فیکــر بەتاڵ دەبێتەوە! ئەو بەتاڵی و بۆشاییە وەك دەزانین فەزایەك لە بیرکردنەوەو خەیاڵ درووســت ناکات، بەڵکو فەزایەك ژاوەژاو دەنێتەوە. بــەڵام بــە مانــا سوســێرییەکەی کــۆی پرۆســەی ئاخاوتن دەنگدانەوەی گوتن دەگەیــەنێت. یەکــەمیان هــیچ نــەگوتن وێنــە دەکــات، بــەڵام دووەمیان داهێنان.

هەڵبەتە هـیچ نـەگوتن وەك ئیـبراهیم مـەحموود ئامـاژەی بـۆ دەكـات، بـە (حكـی) عەرەبییەوە دەلكێ. لێرەدا وەك دەزانین، پرۆسیسەكردنی هیچ نەگوتن (ئارەزوو) تێیـدا بـە قسەكردن هەڵدەسێت، ئـارەزووش كـاتێ بـە قسـەكردن هەڵدەسـێ دەچـێتە نێـو كـردەی (ستایش) و كردەی (بەدگۆیی)ەوە، هەر لەرێگەی ئەو دوو كردەیەشەوە خود دادەپۆشـرێت. لە زۆربەی كات داپۆشینی خود بە هۆی قسەكردنەوە لە بەرژەوەنـدی ئـارەزووی قسـەكردن تەواو دەبێت، چونكە بە هۆی داپۆشینی خودەوە چەندان دەرفەت بۆ قسـەكەر دەرەخسـێت، بەمجۆرە قسە دەفرۆشرێت تا هەندێك شت، هەندێك قەناعەتی پـێ وەدەسـت بهێنرێـت. بـە وەدەستهێنانی ئەو سەرمایەشەوە (ئارەزوو) سەركەوتنی خۆی بە سەر خـود رادەگەیـەنێت، هەر لەرێگەی وەدەستهێنانی مەتریالییەوە نەك لەنێوبردنی خود، زۆرجار قسەكردن دەبێتە شتێكی رووكار و ئاسایی، نەك هەر هێندە بەڵكو كـۆی ئـەو فەزایـەش وەدوادەخـات كـە فیكرو خەیاڵی مـەعریفی تێیـدا وەك بكـەر ئامادەبیـان هەیـە. لەسـەر ئـەو بنەڕەتـەش (قسەكردن- حكی) دەكەوێتە دەرەوەی خودو هەر لەوێشەوە لەگەڵ خـەیاڵی مـەعریفی دژ دەكەوێتەوە. كەواتە رستەی (خـەیاڵكردن واتـە ممارەسـەكردنی خـود، وەك چـۆن دەیـەوێ) رستەیەكە چەمكی خەیاڵ لە چەمكی واقیع جیـا دەكاتـەوە. بـەو مانایـە خـەیاڵ دەبێتـە دەرچوون لە واقیعی باو، وەك دەزانین هەموو دەرچوونێكیش لە واقیعی بـاو راسـتەوخۆ بـە گوناهەوە پەیوەستمان دەكات. دەشێ ئەو تێـزە بـە مانـا سوسـێرییەكەی پێچـەوانە خـۆی بنوێنێ، لەسەر ئەو بنەمایـەش قسـەكردن لـە دەرەوەی خـود دەنگدانـەوەو دەنگدانـەوەش داهێنان وێنا دەكات.

هەڵبەتە بەمجۆرە ئەگەر باكگراوەنـدی خـەیاڵ دەرچـوون بێـت لـە واقیعـی بـاو، ئـەوە باكگراوەندی زمان نووسینەوەیە. لەنێوان نووسەر و نووسین، خەیاڵ هەبوونییەكـە سـەر بـە دنیای وێنەكانە... بەلاّم بەشێوەیەكی گشتی (مەبەستمە بڵێم بەدەر لـەو تێـزەی ئیـبراهیم مەحموود): خەیاڵ لای قسەكەر (متكلم) لـە فـەزای گـوتن بەرجەسـتە دەبێـت. لـەنێوان

خەیاڵ، وەك فەزای گوتن و خەیاڵ وەك بەرجەستەبوونی وێنەکان، چەندان جیاوازی وەستاوە یەکێك لەو جیاوازییانە ئەوەیە: خەیاڵ لە نووسین یان بەرجەستەکردنی وێنەکان تەعبیر لە ڕۆشنکردنەوەی ئەو شوێنانە دەکات کە عەقڵ (واقیع-لۆژیك) هەوڵی داپۆشینی دەدات. بەڵام خەیاڵ لە کاتی ئاخاوتن جۆرێك لەسەرمەستبوونی پێیە، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە لێڵیشی لەخۆ گرتووە. ئەگەر یەکەمیان بە دواندنی وسبەلێکراوەکان پەیوەست بکەین، ئەوە دووەمیان ئەو ڕۆشناییە بنەڕەتییەیە کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی سەرەکی لە کردەی خەڵقکردنی فەردانیەتدا دەبینێت. زمانی نووسین هەڵگری گرانییەکە، بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتن، کە هەموو گرانییەك جۆرێك لە تەگەرەی بۆ درووست دەکات...

وەك دەزانین لە فیکری نوێی دوای بونیادگەری دەشێ لای (نووسەر) بە مانا (بارت)یەکەی خەیاڵ کار لەسەر کراوە بێت، بەڵام لای (دانەر) و لە ئاخاوتندا کارایە... لە نووسین بەو مانایەی کە (نووسەر)ی (بارت)ی پێی هەڵدەسێت ماوەی نێوان خەیاڵ و پرۆسەی نووسین خاوە. لە ئاخاوتن بە مانا سوسێرییەکەی لەپڕو ساتەوەختییە. بەجۆرە تێگەیشتن بۆ چەمکی خەیاڵ و خەیاڵی مەعریفی دەکەوێتە نێوان درککردن و ئیبداعەوە، لەنێوان گوناح و بۆشاییەوە، هەر لەوێشەوە دنیا لە پەیوەندیگەلێکی گەشەکردووی (کار)و (بابەت) خۆی هەڵدەگرێتەوە.

دەتوانم ئەو پرسیارە لەوەدا کورت بکەمەوە کە "قسەکەر/نووسەر" بە مانا ئیبداعییەکەی یان دانەر، دەتوانێت وشە لە پرۆسەی بەردەوامی خەڵقکردندا خەیاڵ بکات. خەیاڵی نووسەر هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، جگە لە سانسۆری خودی نووسەر نەبێت، ئەو سانسۆرە ناوبراوەش ڕاستەوخۆ بە باکگراوەندی ڕۆشنبیریی و مەعریفی نووسەرەوە دەلکێ، بە مانایەکی دیکە لە ساتەوەختی نووسین باکگراوەندی مەعریفی نووسەر لەوپەڕی ئازادیدا خۆی دەکاتەوە. نووسەر ئەوە ناخوێنێتەوە کە خەیاڵی دەکات، بەڵکو

بەردەوام لە پرۆسەی خەڵقکردندا دەژیت و هەر لەڕێگەی ئەو خەیاڵەشەوە دەشێ ممارەسەی بیرەوەرییەکانی خۆی بکات.

وەك دەزانین لە جیاکردنەوەی (زمان-لغە) و (ئاخاوتن-کلام) جگە لەو گرفتەی لەسەرەوە باسکرا، گرفتی زۆری دیکە هەیە، بەشێك لەو گرفتانە وەك لەمەوپێش دیمان بە چەمکی (زمان و ئاخاوتن) و (نووسەر و دانەر)ەوە بەندە. هەر بەو مانایەش دەشێ ناونانی (نووسەر) و (دانەر) بە مانا (بارت)ییەکەی راستەوخۆ لە تێگەیشتنی (زمان) و (ئاخاوتن)ی (سوسێر)ەوە نزیك بکەینەوە. لێرەدا داهێنان وەك چۆن لای (بارت) بە دانەرەوە بەندە، ئەوە لای (سوسێر)یش بە قسەکەرەوە دەلکێ. بەلاّم وەك دەزانرێت زمانی کوردی سەرەڕای ئیشکالی مەعریفی دەکەوێتە ئیشکالی رووکارئامێزی زمانیشەوە، بۆیە من لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی لە بری وشەی دانەر وشەی نووسەر، یان نووسەری ئەدەبی بەکار دەهێنم، بۆ زێتر تەئکید کردنیش لە داهێنانی ئەدەبی لە پاڵ ئەو وشەیە، جەخت لە وشەی ئەدەب یان داهێنەر دەکەم.. ئەگەرچی ئەو وشەیەش گرفتی زۆری بەدواوەیە بەلاّم لەمەودوا کە وشەی نووسەرتان دیت، ئەوە مەبەست لە نووسەری (بارت)ی نییە، بەڵکو مەبەست لە دانەری (بارت)ییە، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش دەمەوێت زمانی داهێنەر بە مانا ئیبداعییەکەی لە چەمکی ئاخاوتنی (سوسێر) نزیك بکەمەوە، بەلاّم ئاخاوتنێك کە خود پێی هەڵدەسێت نەك ئارەزوو.

**پ/ ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەسەی خاو بێت بۆ بونیادنانی تەلارێکی بەرز بە وشە لە دەقدا، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێت وەکو خۆی؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ئەوەی فیکرەی نووسەر وەك سەرەکیترین کەرەسەی خاو و وەستای تەلاری نووسین دەناسێنێ نەك هەر تەنها لە پرۆسەی نووسین و داهێنان نەگەیشتووە و دەکەوێتە رووکارەوە، بەڵکو پرۆسەی نووسین ئەوەندە سادە و بچووك

دەکاتەوە، کە قابیلی هەڵنانی هیچ ئاستێکی ئیستێتیکی و مەعریفی و پەیوەندییەکی مرۆییانە نەبێ، هەر لەوێشەوە نووسین بە تاکە حەقیقەتێکەوە گرێ دەدات و ئەو حەقیقەتەش بە نووسەرەوە دەبەستێتەوە.. بەلاّم بۆ نموونە تۆدۆرۆف لە کتێبی ئەدەب لە خەتەردایە دەڵێ: " ئەدەب و هونەر ئامانجیان گەیشتن نییە بە حەقیقەت، بەڵکو خۆشەویستییە، دروستکردنی جوانترین شێوەی پەیوەندیکردنی مرۆیانەیە" کەواتە ئەوە نووسەر نییە کۆشکی نووسین بەو شێوە ساکارەی کە تۆ باسی دەکەیت چێدەکات، بەڵکو ئەوە خەیاڵی مەعریفی و ئیستێتیکی و حاڵەتی لەپڕو رووتبوونەوەی ناخە، کە رابەرایەتی نووسەر دەکات و نەستی دارێژراوی لە حاڵەتی مەستبوون بە نووسینەوە پەخش و بڵاو دەکاتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش نووسین دەبێتە قابیلی خوێندنەوەو بەدواداچوونی بەردەوام و بەرهەمهێنانەوەی بەردەوام... ئەگەر پێمانوابێ نووسین ئەو کۆشك و تەلارەیە کە نووسەر دروستی دەکات و ئەو حەقیقەتەیە کە لە پشتییەوە نووسەر هێلەکانی دارشتووە، ئیتر هەموو ئەویدیکەیەك دەبێتە پەراوێزی سێنتەرێك کە ئەمرۆ قسەلێکردنی کەوتۆتە لێژییەوە... دەمەوێ بڵێم ئەوەی بە نووسین و داهێنان ناودەبرێت، ئەوە نییە کە تاکە نووسەرێکی لە پشتەوەیە، بەڵکو ئەوەیە کە کۆمەڵێك خوێنەری جۆراوجۆر دروستی دەکات. ئەوە نییە کە تاکە حەقیقەتێك دەخاتە بەردەم کۆمەڵێك خوێنەری جۆراوجۆر، بەڵکو ئەوەیە کە کۆمەڵێك حەقیقەتی جۆراو جۆر دەخاتە بەردەم تاکە خوێنەرێکەوە...

**پ/ ئیستێتیکا، فەنتازیا، جواننووسی، ئەو سێ چەمکە تاچەند خزمەت بە داهێنەر دەکەن، بۆ ئەوەی کۆی دەقەکانی داهێنەر بچنە نێو پرۆسەی داهێنانەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسیارە و بۆ ئەوەی کەمێك پانتایی بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵکردنی ئەویدیکەی خوێنەر بکەمەوە هەوڵدەدەم هەندێك لەو زانیارییانە بەرجەستە بکەمەوە کە بەشێوەیەکی گشتی لەنێو نووسینەکانم قسەم لێکردەوە بەو نیازەی کە خوێنەر هاوپەیوەندییەکان و هاوگونجان و نەگونجانەکان بدۆزێتەوەو

هەولّبدات بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت دووبارە فۆڕمەلەی بکاتەوە و هەر لەوێشەوە لە بیرکردنەوەو خەیاڵی خۆی کۆمەڵێك دەریچە و دەرگای جیاواز لەسەر ئەو چەمك و تێگەیشتن و فۆڕمەلەکردنە باوانەی پێشوو والآ بکات و دنیابینی خۆی لەڕێگەی پرۆسەی داهێنانەوە پراکتیزە بکات. بۆ ئەو مەبەستەش لەبارەی داهێنان و چەمکی داهێنان پشت بە هایدگەر دەبەستم و دەڵێم: داهێنان خەسڵەتێکە لای (هایدگەر) بوونە ڕەسەنەکان و لای (نیچە) سوپەرمانەکان و لەنێو ئاینیشدا خواکان هەیانە.. کۆی قسەلێکردنەکانیش لەبارەی داهێنانەوە بە بوونی مرۆڤ و مرۆڤی ئەکتیڤ و کارامان پەیوەست دەکات، مرۆڤی کاراش ئەو مرۆڤەیە کە لە جولە و گۆڕانی بەردەوامیەدایە و ناوەستێ. بەلاّم مرۆڤ لەنێوان جولە و گۆڕانی بەردەوام و بەردەوامی لەبەرهەمهێنادا، لەنێوان گەیشتن و نەگەیشتندا دووچاری نیگەرانی دەبێتەوە، لێرەدا چەمکی نیگەرانی وەك چۆن حەزی لەبننەهاتووی مرۆڤ بۆ داهێنان دەنوێنێ، بەدیوەکەی دیکەش تەعبیر لە نەگەیشتنی بەردەوامی کاملّبوون دەکات.. بە مانایەکی دیکە مرۆڤی داهێنەر هەمیشە لە هەڵنانی پەیوەندییەکی جوانتری دیکەی مرۆڤانەدا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، هەر لەمیانی پرۆسەی خەڵقکردنی بەردەومیشدا بوونی خۆی هەڵدەگرێتەوە، بۆیە هایدگەر دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ هەبێت، دەبێ نیگەران بێت.

کەواتە دەمەوێ بڵێم مرۆڤی داهێنەر ئەو بوونە ڕەسەنەیە کە هەمیشە دەکەوێتە دەرەوەی فەزای رووکار و ژیانی نارەسەنی رۆژانەوە، چونکە بوونی نارەسەن هەمیشە نکۆڵی لە جیاوازی و تایبەتمەندێتی خۆی دەکات و وەك چۆن لە هەمان کاتدا خۆی دەکاتە "بابەت" بۆ ئەوانیدیکە... بەلاّم بوونی رەسەن ئەو بوونە چالاك و پرسیارکەرەیە، کە توانای داهێنانی تێدا بەرجەستەیە. داهێنەر ئەو بوونە رەسەنەیە کە نابێتە بابەتی ژیانی رۆژانە.. بەدیوەکەی دیکەش ئەوە فەزای داهێنانە کە مرۆڤ دەخاتە سەر حاڵەتێکی دیکەی پرسیار و گۆڕانی بەردەوام. لێرەدا داهێنان تەعبیر لە تەواوبوونی ناتەواوییەکانی مرۆیی

ناکات، تەعبیر لە مرۆڤی تەواو بە مانا لۆژیکیەکەی ناکات. چونکە "بوونی تەواو" نیگەرانی و قەلەقی ناناسێت، بەلاّم داهێنەر هەمیشە بوونێکی نیگەرانە..

بوونی مرۆڤ لای هایدگەر چییەتی نییە، بەلّکو مرۆڤ خۆی ئەو چیەتییە لەنێو زەمینەی بەرینی ئەگەرەکانی بوون دادەهێنێت. ئەگەرەکانی بوونیش ئەو پرۆژانەن کە ئەو بوونە هەلّیاندەبژێرێت و نەبوونیەتی خۆی پێ پڕ دەکاتەوە. تاکەکان بەردەوام لە بووندا هەولّدەدەن خۆیان تەواو بکەن و بە "چییەتی بوون"ی خۆیان پڕ بکەنەوە.

دەمەوێ لەسەر ئەو بنەمایە بلّێم ئەگەر داهێنان بە بوونی رەسەن پەیوەست بکەین و بوونی رەسەنیش بەو مانایەی کە داهێنەرە هەمیشە خۆی لە نیگەرانیدا هەلّگرێتەوە. هەر لێرەوە ئیتر قسەکردن لە چەمکەکانی ئیستێتیکا و فەنتازیا و جواننوسی چەمکگەلێکن لە پرۆسەی داهێناندا هەمیشە لە گۆڕان و بەرهەمهێناوەدا خۆیان نوێدەکەنەوە. بۆ بەلّگەی ئەو گوتەیەش ئەگەر نموونەی زاراوەی جوانیناسی (Asthetics) لە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی و دواتر بەرەوپێشچوونەکانی وەرگرین، دەبینین بە واتای لێکۆلّینەوەی تیۆری هونەرو جۆرەکانی هەلّسوکەوت و ئەزموونی پەیوەندار بە هونەرەوە پێناسە کراوە، بەلاّم (کانت) دێت جوانی وەك دیاردەیەکی پەیوەندار بە هەستەوە دەبینێ کە خاوەنی بایەخێکی رۆحی و دەروونییە. هەر لەوێشەوە دێ قسە لە کۆمەلّێك رەهەندی دیکەی ئیستێتیکی دەکات، بۆ نموونە قسە لە چێژی جوانی دەکات و پێیوایە چێژی جوانی بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت... یان قسە لە ساتەوەختی جوانی دەکات و دەلّێ: ساتەوەختی جوانی هەست و دەرککردنی بەهای هونەرییە، بەو مانایە ساتەوەختی جوانی دەکەوێتە نێوان سرووشت و جوانی هونەرییەوە، نەك وەك بەراوردکردن چونکە ئەزموونی جوانی لە جەوهەردا ئەو ساتەوەختە دەگمەنەیە کە بە قولاّیی کاری هونەرییدا رۆدەچین، لێرە ساتەوەخت پەیوەندی بە زەمەنەوە ناکات، بەلّکو بە مانای کەشفکردنەوە بەندە. کەشفکردنیش لە دیالۆگی هوشیارانەی نێوان دەق و خوێنەر، من و ئەو دێتە ئاراوە.

لەلایەکی دیکە (کانت) جوانی وەکو پردێك لەنێوان دوو جیهانی دەرهەست و بەرهەست و بە هاوگونجانی "خود" و هونەرو بالأبوونی هونەر لەپێناو هونەر دەژمێرێت، بەبۆچوونی (کانت) هونەر ناشێ هەڵگری هیچ نیازێك بێت جگە لە جوانی... بەلأم (ئادگار ئالان پۆ) راستەوخۆ لە فیکرەی "خود" دەدات و ئەو فیکرەیەی رەتدەکردەوە کە دەڵێت هونەر تەعبیرکردنە لە خود.

چـەمکی فـەنتازیا یاسـا سرووشـتییەکان و لۆژیکـەکان دەبڕێـت، لـەولاوە بۆخـۆی لۆژیکێکی دیکەی تایبەت دادەمەزرێنێ، کە لەگەڵ لۆژیکی بـاو یەکناگرێتـەوە. کەواتـە گرنگترین بابەت لە فەنتازیادا گۆڕینی شتە باوەکانە بۆ ناباو هەروەها بـە پێچەوانەشـەوە. ئەوەش لە نەست و خەیاڵەوە دێـت.. بـەو مانایـەش فـەنتازیا درووسـتکردنی حاڵـەتێکی سایکۆلۆژیی ناباوە، ئەو حاڵەتەش دەکەوێتە دووتوێی خەونەوە، بـەلأم مـرۆڤ لـەنێوان دوو خەوندایە: خەونی شەو و خەونی بێداری ... وەك "باشلار" دەڵێ: لەنێوان خـەونی شـەو و خەونی بێداری کۆمەڵێك جیاوازی هەیە، دەشێ خەونی شەو جۆرێـك لـە ئـەدەب دروسـت بکات، بەلأم ناکرێت شیعر بێت، خەونی شەو دۆستایەتی لەگەڵ فەنتازیادا هەیە، مرۆڤ لە رۆناکیەکی کپدا هەموو شتێ بە روونی دەبینێـت، ئـەدەبی فـەنتازی لـە خـەونی شـەودا لەرێگەی هێلکارییەك دێتە دی کـە (ئـەنیمۆس)ی نووسـەر کـاری لەسـەر دەکـات، لـە ئەنیمۆسەوە شیکەرەوەی دەروونی دراسەی وێنەی خەون دەکـات، لێـرەدا وێنـە دوانەییـە و بەردەوام مانای شتێکی دیکە دەگەیەنێت، بەو مانایەش دەکەوێتە نێو سایکۆلۆژیاوە.

بەلأم خەونی بێداری بەشی زۆری لە (ئەنیما) دایە، خەونی بێداری هەڵگری شتە غەریبەکانە، لە ئەزموونی کابووسەوە هەڵدەقوڵێت... بەگشتی لە خەوندا زەمەن قووڵ دەبێتەوەو یادەوەرییەکان بە وێنە دەگەیەنێت. دەمەوێ بڵێم ئەوە خەونی بێدارییە بە جیهانی شیعردا دەڕوات، خەونی بێداری خەونی شاعیرانەیە و تێکەڵە لە وێنەو فیکر. ئەدۆنیس لە ٢١/٤/٢٠٠٩ لە شاری هەولێر و لە زانکۆی سەلاحەدین-بەشی زمانی عەرەبی لە

دیالۆگێکی کراوەدا قسەیەکی زۆر جوانی کرد، گوتی: ئێمە لەسەر ئاستی هەست، لەسەر ئاستی عەقڵ و لۆژیك لەبارەی هەندێك شتەوە تەباین، بەڵام لەسەر ئاستی ئەوەی بە نەست ناوی دەبەین، هیچ شتێکی هاوبەش بەیەکەوەمان نابەستێتەوە. هونەر و ئەدەب دەکەونە دووتوێی نەستەوە.. بە بڕوای من پەیوەندی فانتازیاش بە نەستەوە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە دەکرێ وەك داهێنان سەیری بکەین. بەمجۆرە نووسەری فەنتازی لە واقیعەوە بەرەو نەست و خەیاڵ دەچێ، دەیەوێ بە جۆرێك بێتەوە ناو واقیع تاکو سەرسامان بکات، هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ هەوڵی نووسەری فەنتازی بە وێناکردنە ناواقیعییەکانەوە بەند بکەین و نیازیش لێرەدا تێرکردنی نەستە.. دەمەوێ بڵێم بەشێك لە ئامانجی هەڵاتن لە واقیع هێنانەدی حاڵەتێکی نامۆ و ناباوە. بەشێکی دیکەیشی بەرهەمهێنانی چێژە. بەڵام دەستەواژەکان لە فەنتازیادا شێوەی مەجازییان نییە، چونکە بەشێك لە وەیفەی مەجاز رازیکردنی خوێنەرە، بەڵام فەنتازیا کاری بەوە نییە تاچەند خوێنەر باوەڕی پێدەکات یان نا..

دواجار لە کۆی ئەو چەمکانەوە ئەگەر بمەوێ ئاماژە بە جوانگوتن بدەم دەتوانم بڵێم جوانگوتن هەڵنانی ئاستی نووسینە بۆ بەرزترین پلەی جوانی و چێژ. ئەوەش بە رێکخستن و درووستکردنی پەیوەندی ئیستێتیکی و هارمۆنیانەی رەگەزەکانی نێو دەق بەندە، لە دەرئەنجامی ئەو پرۆسەیەش جوانگوتن وەك رەنگێکی درەوشاوە لە کۆی رەنگەکان دەردەکەوێ، ئەوەش هەرگیز نکۆڵیکردن نییە لە رەنگی چیگوتن وەك رەنگێکی نێو شیعر... بەڵام دەمەوێ بڵێم ئەوە جوانگوتنە کەشفی دنیای ناوەوەی پەیوەندییەکان و جیهانبینی و پرشنگەکان و وزە چەپێنراوەکان دەکات و بە چێژییان دەبەستێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش چێژ بەدیوێك لە دیوەکان دەنگدانەوەی پەیوەندییە هارمۆنی و ناهارمۆنییەکانی خودی زمانە.

**پ/ بۆ ئەوەی رابردوو لە جاویدانیدا نیشتەجێ بێ، جاویدانی بوون، بوونی خود بە کۆمەکەکانی وشە بەکێش بکردرێت بۆ سێنتەری دەق پێویستە نووسەر لە کوێوە دەست بکات بە کارکردن بۆ ئەو نەمرییە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** نووسەر هەمیشە لە منی وەرەقەی "بارت"ەوە دەست پێدەکات، هەر بەو مانا "بارت"ییەش مەرگی نووسەر بایی لە دایکبوونی دەقە... کەواتە ئەوەی لە نێو ئەدەب و هونەر بە جاویدانی ناو دەبرێت ناکەوێتە سەر خودی نووسەر یان منی نووسەرەوە، بەڵکو راستەوخۆ بە منی دەقەوە دەلکێ. دواجار ئەوە منی (وەرەقە/دەق)ە منی خوێنەری جیاواز لە زەمەن و شوێنی جیاواز خەڵق دەکات. کەواتە ئەوە رابردوو نییە لە جاویدانی نیشتەجێیە، بەڵکو ئەوە دەقی ئیبداعییە بە شێوە ستوونییەکەی دادەبەزێ و هەموو زەمەن و شوێنەکان دەبڕێت و کۆمارێك بە ناوی کۆماری داهێنان لەدەرەوەی زەمەن و لەدەرەوەی شوێن دادەمەزرێنێ، ئەوە رابردوو نییە بەڵکو ئەوە منی دەقە دانوسان لەگەڵ خوێنەرە جیاوازەکان دەکات و بەنێو شوێنە جیاوازەکاندا تێدەپەڕێ و گفتوگۆی فرە رەهەندو فرە ئاست و مانا و فرە جوانی دەخاتەوە.

کەواتە نووسەر وەك هەر بوونەوەرێکی دیکە دەمرێ، بەدیوەکەی دیکەش نووسەر هەڵگری هیچ پیرۆزییەك نییە، بەڵکو ئەوە دەقە لە پەراوێزەوە بەرەو سێنتەر و لە سێنتەرەوە بەرەو پەراوێز دەجولێ.

**پ/ بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی مەگەر تاك تاك ئەگینا ئەوانەی وەکو رەخنەگر ناسراون بەهیچ کلۆجێ داوای کۆمەکییان لە میتۆدە رەخنەیی-زانستییەکان نەکردووە، بەڵکو تەنیا بۆچوونیان دەربڕیووە (بۆچوونی ساکار) ئەوە بەدەر لەوەی کە تاکو ئێستا میتۆدەکان بە رێژەیەکی دڵخۆشکار نەناسراون و راڤەیان بۆ نەکراوە، بە تێڕوانینی تۆ ئەو هۆکارانە کامانەن کە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە بەنێو رەخنانە؟**

*عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا* بە شێوەیەکی گشتی لە پشت ڕەخنە و لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە، دەبێ دامەزراوی زانستی و مەعریفی بوونی هەبێ، تۆ کە کردەیەکی مەعریفیت نەبێ (نەك دامەزراوێکی مەعریفی) چۆن قسە لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی دەوڵەمەند بە ڕەهەندی مەعریفی و ئیستێتکی و میتۆدی زانستی و تیۆری جۆراوجۆر دەکەیت؟ لێرەدا ئەگەر بە قوڵی و بەشێوەیەکی مەعریفی و زانستی سەیری ڕەخنەی کوردی بکەین، ئەو دەستەواژەیە تا کۆتایی هەشتاکانیش دەکەوێتە نێو کۆمەڵێك ئیشکال و وردتریش بڵێم نەبوونەوە!! چونکی وەك گوتمان ڕەخنە لەهەناوی دامەزراوە ڕۆشنبیریی‌و مەعریفی‌و فیکرییەکان لەدایك دەبێ. ڕەخنە بێ پاشخانێکی فیکری و مەعریفی قوڵ، بێ دواندنی وسبەلێکراو و چەپێنراوەکان، بێ دۆزینەوەی کۆد و مانای شاراوە و چێژی ئیستێتیکی و مەعریفی، بێ هەڵدانەوەی ناوکۆیی و بەدواداچوونی هێڵە مێژووییەکان... شتێکی بۆ گوتن بەدەستەوە نییە. ئایا ڕەخنەی کوردی لەو بارەیەوە تاکو ئێستا چی بە خوێنەر گەیاندووە؟ هەڵبەتە ڕەخنەی کوردی لەبەر ئەوەی توانای دۆزینەوەی هیچ شتێکی نییە تا بە خوێنەری بڵێ، بۆیە دەتوانین بڵێین وێناکردنی کوردی لەو بوار و کایەیەدا ساکار و کوژاوە دێتە بەرچاو.

بەکورتی ڕاستە ڕەخنەی کوردی نەیتوانیووە بەپێی قۆناغەکانی ئەدەب‌و هونەر، میتۆدێك، یان تیۆرەیەك بەپێی پێویستیەکانی سەردەم و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بگوازێتەوە، چ جای ئەوەی بتوانێ کار لەنێو ئەو تیۆرو میتۆدانە بکات. تۆ بۆ ئەوەی قسە لە ژانرێکی ئەدەبی، یان هونەری بکەیت، دەبێ بونیادێکی فیکری قوڵ‌و پاشخانێکی مەعریفی‌و ڕۆشنبیریی گەورەت دامەزراندبی، دەبێ خاوەنی بوون و پرسیای سەردەمی خۆت بیت، دەبێ هەڵگری جیهانبینی مۆدێرن بیت، لەگەڵ سەردەم ڕێبکەیت و بتوانی فیکر و دامەزراوەی فیکری بەرهەم بهێنیت.. قسەکردن لە میتۆدو تیۆر، قسەکردن لەپۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، قسەکردن لە ڕێبازەکانی ئەدەب‌و هونەر بەبێ دامەزراو، بەبێ

تیۆریزەکردنی فیکرو مەعریفە، بەبێ رۆشنبیرییەکی گەورە لەبازنەیەکی تەسکدا خولدەخوات. بەڕای من رەخنە و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە هەر تەنها نووسینەوەی سێبەری دەقی یەکەم نییە، بەڵکو نووسینەوەی دەقێکی داهێنەرانەی دیکەیە لە سنوری دەقی یەکەمدا، هەر تەنها دووبارەکردنەوەی مانا و ئاراستەکانی ئاماژە و مانای دەقی یەکەم نییە، بەڵکو هەڵکۆڵینی مانا و ئاراستەکانی مانایە بەپێی دنیابینی جیاواز و باکگراوەند و پرسیاری مەعریفی بەربلاو کە سەردەم لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

هەتا ئێستا عەقڵی کوردی و جەستەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەبری ئەوەی هەڵگری ئاماژە و پرسیار و دنیابینی سەردەم بێ و لەمیانی ئامادەیی فیکری سەردەمییانە بە وردی بەدوای شتەکاندا بچێ، لەبری ئەوەی فیکر و دامەزراوەی فیکری بەرهەم بهێنێ، لەبری ئەوەی وەك جەستە و فیکرێکی کارا بێتە ناوەوە، وەك جەستەیەکی ماندو و کار لەسەرکراو و بێ ئاگا و ملکەچ خۆی رادەگەیەنێت! دەمەوێت بەشێوەیەکی گشتی بڵێم کۆمەڵگای کوردی لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی زانستیانە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بژی و فیکر و مەعریفە بەڕێوەی بەرێت، فیکری باو و سەلەفیەت ئاراستەکانی دیاری دەکات!! کەواتە کوردی لەمیانی سیستمێکی ناعەقلانیدا دەخولێتەوە، بۆیە هەمیشە وەك بەرکار لە چرکەساتی خۆیەوە دووچاری هەڕەشە بە مانا جۆراوجۆرەکانی دەبێتەوە.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا من ئەوەندە رەشبین نیم، چونکە وەك چۆن کۆمەڵێك هەوڵی جوان ناکرێ نکۆڵییان لێبکەین، بەدیوەکەی دیکەش دەکرێ هەوڵکارە رەخنەییەکان راستەوخۆ لە ساتەوەختی ئێستا سوود لە نوێکارییە زانستییەکان- زانستە مرۆییەکان وەربگرن و لەوێوە وەك کوڕی عەقڵ و زانست و نەوەی سەردەم پرسیاری تایبەتی خۆیان بخەنە روو، ئێمە دەبێ هەمیشە لە هەوڵی بەدواداچوون و خۆپێگەیاندن و ئامادەی گواستنەوەی فیکرو

مەعریفەی سەردەم دابین، تاکو بتوانین لەڕێگەی عەقڵێکی کارا و بزۆکەوە ئامادەیی و ئاگایی خۆمان لەنێو کایەکانی ئەدەب و مەعریفەدا پراکتیزە بکەین.

**پ/ ئێمە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی فرە رەهەند و فرە بابەت لەنێوان رەخنەی ئەدەبی و دەقدا بخولقێنین و رێگەیەك بۆ گەیشتن بە جیاوازی و فەزاکانی رەخنەی تیۆری و رەخنەی پراکتیکی کە بەشێوەیەکی رەها نەناسراون لەو نێوەندی ئێمەدا گەرەکە چی بکەین و لە کوێوە بەدوای بونیادی رێگەکە و بونیادی دەقی ئیستێتیکیدا بگەڕێین؟**

***عەبدولوتەلیب عەبدوللا/*** گەڕان بەدوای بونیادی دەقی ئیستێتیکی راستەوخۆ گەڕانە بەدوای پەیوەندی و شێوازی پەیوەندی تاك و کۆمەڵگا و هەر لەو پەیوەندییە فرە رەهەند و فرە ئاستەشەوە دەشێ دەرك بە بەرزکردنەوەی مەعریفەی شیعریی و ئاستی ئاگایی بەشێوەیەکی گشتی بکەین، بەو مانایەش بۆ ئەوەی ئاستی بەرزی شیعری ناس بکەیت مەرج نییە تیۆرزان بیت و شارەزایی تەواوت لە تیۆریزەکردنی فیکر و مەعریفە هەبێ، بەڵام پێویستە ئاستی ئاگایی زمان و رۆشنبیرییت بە شێوەیەکی گشتی و ئاستی پەیوەندییە فرە رەهەندەکانت و جوانناسیت بە شێوەیەکی تایبەتی لە پلەیەکی بەرز و قووڵ و سەردەمیانەدا بێت. لێرەدا من مەبەستم نییە بڵێم ئەدەب راستەوخۆ بە حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەندە، یان بمەوێ زاراوەی ئەسڵ بکەمە بنەما، بەو مانایەی کە بۆ هەموو کەسە و هەموو کەس دەتوانێ خۆی تێدا بدۆزێتەوە.. لێرەدا بۆ ئەسڵ دەبێ بۆ یادەوەری کۆ بگەڕێینەوە، ئەوەی بە کۆ لەسەری تەبایین، بەڵام ئەگەر نەتوانی هەست بە تازەکردنەوەی کۆی ئەو پەیوەندییە فرە رەهەندانە بکەیت، ئەگەر بەشێوەیەکی قوڵ و بەرفرەوان کەلەپور و کۆمەڵگاکەت نەخوێندبێتەوە و ئاگات لە تازەکردنەوەکان نەبێت.. ناتوانی ئەدەب و هونەرەکەشت بەشێوە مۆدێرنەکە بخوێنیتەوە. بە کورتی دەمەوێ بڵێم رەخنەی پراکتیکی پەیوەندیکردنی تاکە خوێنەرێکە لەگەڵ دەق، یان قسەکردنی

خوێنەرێکە لەسەر دەق و رەخنەی تیۆری قسەکردنی خوێنەرە بەپێی میتۆدێکی دیاریکراوی خوێندنەوەی رەخنەیی لەسەر دەق و بەدواداچوونی رەگەزەکانی دەق.

لەلایەکی دیکەش بۆ ئەوەی هەستی جیاواز و مەعریفەی جیاوازی دەرك بکەیت دەبێ ئەرزش بۆ تاك و تاکبوون و مافە کەسییەکان بگەڕێنینەوە، ئەوە هەر تەنها ئەدەب نییە کۆی ئەو مەعریفانەمان پێدەناسێنێ، ئەوە هەر ئەدەب نییە، کە دنیا و خۆمانی لەرێگەوە پێدەناسینەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی بەشێك لە کلتور و ئاگایی زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو کارەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەر لەوێشەوە ناسکردن و ئەرزشدانان بۆ ئەویدیکە و گۆڕینەوەی بیروڕا و لێکحاڵی بوون و مرۆڤدۆستی دێتە ئاراوە. کەواتە بە گشتی جوانی ئەدەب لە هاوئاهەنگی و گۆڕینەوەی بیروڕاو ئەرزشدانانی ئەویدیکەوەیە.. ئەدەب کار لە بەرزرکردنەوەی ئاستی پێکەوە ژیان و بەرزرکردنەوەی ئاستی مرۆڤدۆستی و جوانئامێزی دەکات.

بەڵام ئەوەی تایبەتە بە رەخنە و بەدواداچوونی مەعریفی و رۆشنبیرییەوە، ئەوەیە کە رەخنەگر هەڵگری فیکرێکی رەخنەییانەی سەردەم و مەعریفەی سەردەم بێ و بتوانێ کۆی ئامراز و کەرەسە رەخنەیانە بەکار بهێنێ کە لە میتۆد و تیۆرە پێشکەوتووەکانی سەردەمەوە هەڵقوڵاون. دەمەوێ بڵێم رەخنەگر هەر تەنها کەسێك نییە حەزی نووسینەوە و خوێندنەوەو بەدواداچوونی تێدایە، هەر تەنها خوێنەرێك نییە لە پلەیەك لە پلەکانی خوێندنەوە بەسە بکات، بەڵکو کەسێکە ئاستی دەق و ئاستی مەعریفەی رەخنە و رۆشنبیریی جوانتر و بەرزتر دەنوێنێ و دەتوانێ بە بەڵگە و سەرچاوەی مەعریفی میتۆدی بە قولایی ئاستەکانی زمانی دەقدا بچێ و ئاستەکان لەرووی ئاسۆیی و ستوونی لێکبداتەوە و ناکۆییەکان تەتەڵە بکات و جوانی و فەزای جوانی و شیعرییەت و هێلەکانی چیگوتن و جوانگوتن بەسەر دەقدا پراکتیزە بکات. دەمەوێت بڵێم لە پشت هەموو رەخنەگر و خوێنەرێکی جیدی بە توانا کۆمەڵێك مەعریفەی جیاواز و سەردەمییانە بوونی

هەیە و لەوێوە دنیابینی و لێکدانەوەی خۆی بەشێوە پراکتیکیەکە رادەگەیەنێت، کەواتە هیچ بەدواداچوون و شیکردنەوەیەك لە دەرەوەی مەعریفەو رۆشنبیرییەکی قووڵ و بەرفرەوان بوونی نییە، ئەوەی دەق بە شێوەیەکی هەرەمەکی و بێ بەرنامە و میتۆد و تیۆرەی سەردەم لێکبداتەوە جگە لەوەی دەکەوێتە دووتوێی هیچ نەگوتنەوە، هیچ نەنووسینەوەش رادەگەیەنێت.. کەواتە دەشێ رەخنە و خوێندنەوەی سەردەمیانە نووسینەوەیەکی دیکەی دەق بێ لەرووی داهێنان و دووبارە داهێنانەوە.

لەلایەکی دیکە مەرج نییە رەخنەگر تەنها خۆی لە میتۆدێکی رەخنەیی دیاریکراو قەتیس بکات، چونکە دەشێ خوێندنەوەو لێکدانەوەی دەق لەرێگەی چەندین میتۆد بەدواداچوونی جۆراوجۆری بۆ بکرێ، واتە دەکرێ لە هەمان کاتتدا چەندین میتۆدی جیاواز لە شیکردنەوەی تاکە دەقێکدا پراکتیزە بکرێ، بەدیوەکی دیکەش دەشێ لە هاوگونجانی میتۆدەکانەوە رەخنەگر داهێنانی خۆی لەمیانی دەقێکی دیاریکراو یان چەند دەقێکی دیاریکراو بەرجەستە بکات. بەو مانایەش هیچ خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە نییە لە پشتییەوە کۆمەڵێك سەرچاوەی مەعریفی و رۆشنبیریی و تیۆری بوونی نەبێ، ئەوەی بە ناوی رەخنەی وەرگر و قوتابخانەی کۆنستانس لەرووی تەئویل و رەخنەوە قسەی لێدەکرێ بەوەی کە دەشێ خوێنەر کۆی مەعریفەکانی لە کاتی خوێندنەوەدا بخاتە لاوە و یەکەم بۆچوونی خۆی لەساتەوەختی خوێندنەوە رابگەیەنێت، دەشێ بۆچوونێك بێ بەو مانایەی کە بێ بەری بوونی دەق و بۆچوون لە ساتەوەختی خوێندنەوە و لە فەزای بەر لە دەستپێکەوتنی مەعریفە بنوێنێ.. ئەو خوێندنەوەیە وەك چۆن دەکەوێتە دەرەوەی فەزاکانی مەعریفە و یادەوەری و بیرکردنەوە و شارەزایی کەڵەکەکراو، دەکەوێتە دووتوێی ساتەوەختی بەریەکەوتنی دەق و خوێنەر بێ ئەوەی خوێنەر بیر لە رابردووی خۆی بکاتەوە، لە ساەتەوەختی بەریەککەوتن دەق دەگرێ و دەست لە فەزاکانی چی گوتن و جوانگوتنی دەبزێوێ و هێڵەکانی خوێندنەوە دەکێشێ، بێ ئەوەی ساتەوەختی خوێندنەوە فەرامۆش

بکات و بگەڕێتەوە یان پێبکوتێ. ئەو پێکوتانەی کە هایدگەر بە گەڕانەوە بۆ رابردوو وەسفی دەکات... دەشێ ئەو جۆرە لە خوێندنەوە راستەوخۆ بە ئامادەگی و سەلیقە و حاڵەتی دەروونی خوێنەر و فەزا و کات و شوێنی خوێندنەوەوە بەند بێ، هەموو ئەوانەش جێکەوتەی خۆیان بەسەر خوێندنەوەدا فەراهەم بکەن.

**پ/ ئەلبیر کامۆ لە دیمانەیەکدا گوتویەتی: جەنگی نووسەر بۆ گۆڕینی ژیان و ئازادییە، بەڵام ئەوەی نارۆشنە ئەوەیە چی ژیان بگۆڕین و چۆن ئازادی بخولقێنرێ، هاوکات ئایا ئێمە وەك کوردچووینەتە نێو ئەو جەنگەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** لێرەدا گۆڕینی ژیان بە مانای گۆڕینی کۆی پەیوەندییەکان دێت، پەیوەندی مرۆڤ و مرۆڤ مرۆڤ و دنیا مرۆڤ و کەلەپور، پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروبەر و سرووشت و ئایین، پەیوەندی مرۆڤ بە شێوازی مامەڵەکردن و قبوڵکردنی جیاوازی و بە هەند هەڵگرتنی خەمە مرۆییەکان. بەڵام بە بڕوای من ئازادی نووسین راستەوخۆ پەیوەندی بە گرتنی چرکەساتە نەستییەکانی حاڵەتی نووسین دایە، چوونە نێو پرۆسەی نووسینە ئەو کاتەی کە هەموو پەیوەندییە دەرەکیەکان دەپچڕێن، ئەو کاتەی کە نووسەر لە نەبوونەوە پراکتیزەی نووسین دەکات، هەستکردن بە ئازادی نووسین بە مانا (بارت)ییەکەی ئەو کاتەیە کە منی نووسەر تەنها دەبێتە منی وەرەقە.. کەواتە ئەو جەنگە ئەگەر زاراوەی جەنگ هیچ ئیشکالێك درووست نەکات جەنگی داهێنانە بە هەموو ماناکانییەوە.

ئەدۆنیس قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ داهێنان کاتێ بە نێو جەهلدا دەڕوا وەك جەهل بچووك دەبێتەوە، دەمەوێ بڵێم ئەگەر کۆمەڵگایەکی هوشیار و تەندرووستت نەبێ، ئەگەر کۆمەڵگاکەت لەڕووی مەعریفەو رۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی بەرز و بەرفرەوان نەبێ، ئەگەر قبوڵی جیاوازی و تاکگەرایی نەکات هەرگیز قبوڵی داهێنانیش ناکات، کەواتە ئەو جەنگە لەنێو ئەو کۆمەڵگایانە دەبینرێ و گەلاڵە دەبێ و بەرز رادەگیرێ کە لە ئاستێکی رۆشنبیریی و مەعریفی بەرز دان. هەر لەنێو کۆمەڵگایەکی واشدا نەبێ هەستکردن بە

فەزاکانی ئازادی و تێگەیشتنی ئازادی قوڕس دەکەوێتەوە. کەواتە بەر لەوەی قسە لە ئازادی بکەین دەبێ ئاستی کۆمەڵگا تا ئەو رادەیە بەرزکەینەوە کە بشێ قبوڵی ئەویدیکە و جیاوازییەکان بکات، بشێ پەیوەندییەکی رۆشنبیریی و مرۆیی جوان و شیاو بە یەکەوەیان ببەستێتەوە، بەر لەوەی قسە لە ئازادی بکەین دەبێ ئەرزش بۆ تاك و جیاوازییەکانی تاك و ئەویدیکە بگەڕێنینەوە. کەواتە ئازادی بەبێ رۆشنبیرییەکی قوڵ و مەعریفەیەکی فرە رەهەند، بەبێ قبوڵکردنی جیاوازی و تاکگەرایی، بەبێ لێك تێگەیشتن و گفتوگۆ و بیروڕای جیاواز... لەکەدار و نابوت دەکەوێتەوە. بە دڵنیاییشەوە لەنێو کۆمەڵگایەك کە هەڵگری کۆی ئەو رەهەندانە نەبێ داهێنان لەنێویدا بچووك دێتە بەرچاو.

**پ/ کەسانێك هەن زۆر بە سادەیی و داخراوی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی دیکە تەنها دەڵێن ئەو دەقە جوانە ئەو دەقە ناشیرینە بەبێ ئەوەی جارێك بپرسن بۆچی جوانە و بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری توورهەڵدانی ئەو جۆرە رستە بێگیانانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەو جۆرە لە قسەکردن لەسەر دەق ناچێتە نێو خوێندنەوەیەکی مەعریفی و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی و رەخنەییەوە، بەڵکو زێتر بۆچوونێکی راگوزارانەی کەسێکە لە ساتەوەختێکی دیاریکراوی ئەبستراك و حاڵەتی کتوپڕیدا، بەشێکی زۆری ئەو بۆچوونە پەیوەندی بە ساتەوەختی خوێندنەوەو ئامادەیی دەروونی و حاڵەتی هەڵچوون و بەیەکداچوونی دەق و خوێنەرەوە هەیە، وەك چۆن دەکرێ بەشێکی دیکەی ئەو بۆچوونە راگوزەرە راستەوخۆ پەیوەندی بە کەمخوێنی مەعریفەی شیعری و لەلایەکی دیکە پەیوەندی بە سادەگۆیی رۆشنبیرییەوە هەبێ.

ئەگەر مەعریفەی شیعری پەیوەندی بە دوادانەچوونی باری شیعری ئەمڕۆی سەردەمەوە هەبێ، ئەوە سادەگۆیی رۆشنبیریی پەیوەندی بە کۆی باکگراوەندی رۆشنبیرییەوە

دەكات. كەواتە ئەوە كەڤخوێنی مەعریفەی شیعرییە تەواوی رەگەزە شیعرییەكان لە دوالیزمییەتی جوان و ناشیریندا كورت دەكاتەوە و لە پشت ئەو تێڕوانینەش جگە لە سادەگۆیی رۆشنبیریی، جگە لە هیچ نەگوتن و بێ نرخكردنی ئەدەبی شتێكی دیكە بوونی نییە. بە دیوەكەی دیكەش ئەو قسەلێكردنە و بە باش و خراپ تەماشا كردنە هەر تەنها بیركردنەوەیەكی راگوزەر بەڕێوەی نابات، بەڵكو لێدانی فەزا كراوەكانی دەق و چێژیش لەخۆ دەگرێ. كەواتە هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی پێكهاتە و لایەنە مەجازەكانی دەق پێویستی بە تێڕوانین و بیركردنەوەی مەعریفی و باكگراوەندێكی رۆشنبیریی قووڵ هەیە و ناشێ لە دوالیزمییەتی باش و خراپ كورتی بكەینەوە. بەو مانایەش ئەو بۆچوون و تێڕوانینە رەش و سپییە هەڵچوونێكی ساتەوەختی و كتوپڕە هیچ بەهایەكی مەعریفی و ئیستێتیكی نییە و ناچێتە دووتوێی بە دواداچوون كەشفكردنی رەگەز و پێكهاتەكانی دەقەوە.

**پ/ گەلێك ساڵە دەنووسی و هەمیشە تێڕوانینی جیاواز و زمانێكی تایبەت بە خۆشت هەیە، بەڵام دوا بەدوای ئەو كۆ ئەزموونە فرەو كراوەیە چۆن باس لە بەجێهێشتنی (خودی باعەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا/ گشتی باو) و (بوونی خود) و ئەفراندن و لەحزەی خولقاندنی دەقێكی جیاواز دەدەیت؟**

*عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا/* لە شوێنێكی دیكە زۆر بە راشكاوی گوتوومە شیعر نە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی خود، نە فەنابوونە لە نموونەی باڵادا. بەشێكی گەورەی شیعر خۆی لە بەرجەستەكردنی پرسی سەردەمدا هەڵدەگرێتەوە، وەك چۆن بەشێكی دیكەی وەك خەونێكی ناواقیعی دەكەوێتە بەرانبەر حەقیقەتێكی نەفرەتلێكراو، حەقیقەتێك كە كۆی رەهەندە مەعریفی و رۆشنبیرییە قووڵەكان دەكاتە پەراوێز بۆ خۆی و دەكەوێتە دەرەوەی حەقیقەتێك كە بەردەوام شتەكان لە دووتوێی بیركردنەوەی چوارچێوەرێژكراو ئاڕاستە دەكات...

کەواتە شیعر نەك هەر تەنها بیر لە خودی باو و گشتی ناکاتەوە، هەرگیز بیر لە خودی شاعیریش ناکاتەوە، بە مانایەکی دیکە دەرفەتی ئەوەی تێدا نییە بیر لە خودەکان بکاتەوە و لەوێدا پێبکوتیێ، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی خۆ بەدەستەوە نەدان ئاسۆی بوونی خۆی درێژ دەکاتەوە، هەمیشە کردەی خۆ بەدەستەوەدان هەڵدەگرێ بۆ دەرفەتێکی دیکەی خوێندنەوە، چونکە ئەوەی هەمیشە دەبێتە خاڵی رەها بوونی شیعری، خەیاڵ و رۆحی سەردەمە، ئەوەی هەمیشە شیعری لێوە باڵ دەگرێ هەستی مرۆییانە و مەعریفەی شیعرییە، ئەوەی هەمیشە شیعر لەمیانیدا سەردەکات لادانی زمان و هەنگاونانە بە رووی زمانێك کە قابیلی کەمترین دەست بۆ بردن و دەستلێدان و ماڵی کردنە. کەواتە شیعر لە بڕینی حەقیقەتەکانەوە دێتەوە، بەردەوام لە گەمەی دەرکەوتن و خۆ حەشاردان و سەرکردنی زمان راست دەبێتەوە.. یان وەك پۆل ریکۆر دەڵێ: شیعر دەکەوێتە دابڕانی نێوان زمان و شتەکان، زمان و خۆی، تا وای لێدێت تەنها زمان دەبێتە بابەتی شیعر. شیعر لادانێکی کراوەی ئاڵۆزە لەنێوان گومان و دڵنیایی یاری لەگەڵ لادانەکانی زمان دەکات، خودی مرۆڤ لەرێگەی جەستەو مینیتالیەتەوە وەك بوونێك دەخاتەوە، کە لەخۆیدا عەدەمییەتی بوون و حەقیقەتی یۆنانی هەڵگرتووە. بەمجۆرە بوونی شیعری دەشێ بە عەدەمییەتی رەتکەرەوە ناوزەد بکرێت، بەو مانایە عەدەمیەتی رەتکەرەوە، بوون بە شێوە نوێیەکە لە بوونی هایدگەری و میسالی دەرباز دەکات و هەر لەوێشەوە فرە خوێندنەوەی جیاوازییەکانی خوێندنەوە دێتە ئاراوە.

**پ/ گەلێك لەو کەسانەی وەك شاعیر و هزرڤانی پێشەنگ ناسراون لەنێوەندی ئەدەبیاتی کوردی وابەستەن بە ئەوانیدیکەوە ئەورووپییەکان ئەو وابەستەبوونەیش بووەتە هۆی دەرکەوتنی تارماییەك بەسەر دەقەکانیانەوە هاوکات دەخوازن داهاتوویەکی مسۆگەر لە ئێستا ئامادەیی هەبێت، کەچی تەنیا جارێك بە چاوێکی قووڵەوە تەماشای رابردوو ناکەن و هەوڵنادەن بیگوازنەوە بۆ نێو ئێستە.. ئەو جۆرەی (ونبوونی خود)ە، هاوکاتیش**

نیشتەجێبوون لە (زمانی ئەوانیدیکە) و بالاکردنی ئەو نائاگاییە ریشئاژۆییە لە چییەوە سەرچاوەیان گرووە؟

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەدەب و هونەر هەر گیز ناشێ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و لۆکاڵی و داخراو بئاخنین، ئەدەب و هونەر لەبەر ئەوەی تەعبیر لە هەست و نەستی مرۆڤانە دەکەن، بۆیە هەمیشە دەبێ بەکراوەیی و فرە رەهەندی خۆی بۆ هەمووان نمایان بکات. ئەدەب و هونەر هەمیشە بەشێوە ستوونی خۆیان بەسەر زەمەن و شوێندا دەکەنەوە، نەك بە شێوەی ئاسۆیی. زمانی ئەدەب زمانێکی ئەبستراکە هەمیشە ماوەیەکی شوێنی و کاتی لەنێوان نووسەر و خوێنەر دەخولقێنێ.

وەك دریدا دەڵێ زمانەوانی بە هەموو لقەکانییەوە بەشێکی بچووکی زانستی نووسینە و زاستی نووسینیش گرنگی بە خوێندنەوە دەدات، خوێندنەوەش نووسین لە پاشکۆی قسە و سێنتەرگەرایی واتا رزگار دەکات. زمانی نووسین بلاَو و ئەبستراکە. بەجۆرە لە ئەدەب و هونەردا بیرۆکە پێش نووسین ناکەوێت. کەواتە ئەوەی ئەدەب و هونەر لە زانست جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە یەکەمیان رایەڵێك لەنێوان رابردوو و ئێستا و داهاتوو هەڵدەخات، بەلاَم دووەم بە واقیعی زانستییەوە بەندە. جیاوازی نێوان واقیعی زانستی و واقیعی ئەدەبی وەك جیاوازی نێوان راستی درۆ وایە. ئەگەر پەیوەندی شاعیر بە کەلەپور پەیوەندییەك بێت لەسەر پارادۆکس هەڵچنرا بێ، وەك ریکۆر بۆی دەچێ، ئەوە پەیوەندی زانا بە کەلەپور بە دابرانی مەعریفییەوە بەندە وەك چۆن باشلار قسەی لێکردووە. بۆ یەکەمیان دەشێ گران تێگەیشتن لە چەمکی کەلەپور بۆ ئەو حەساسیەتە توونده بگەرێتەوە کە لەبەرانبەر وشەدا هەمانە، چونکە وشە بەرەو ئەوە دەشکێتەوە کە تەعبیر لە خەزینەیەك بیرکردنەوەی دامرکاو بکات، بەلاَم بە نسبەت دووەم دەشێ دابرانی مەعریفی راستەوخۆ پەیوەندی بە هەڵەی زانستییەوە بکات.

دەشێ بۆ شاعیر کەلەپور خۆی لە جۆرێك لە شێوەکانی دەمەتەقێدا هەڵگرتبێت، بەڵام زانا لە هەڵەی زانستی پێش خۆی بە پرۆسەی کەشفکردنێکی دیکە هەڵدەسێ. بە کورتی دەمەوێ بڵێم ئەدەب و هونەر ئەو کاتە دەشێ رەهەندە بەربڵاوەکانی ببینین، کە بەشێوەیەکی بەرفرەوان و گەردوونی مامەڵە لەگەڵ دنیای دەرەوە و دنیای ناوەوەدا دەکات، ئەو کاتە دەشێ جوانییەکانی باڵا بکەن، کە بە شێوەیەکی کراوە تەعبیر لە ئاستە بەرزەکانی زمان و ئیستێتیکا و چێژ دەکات، ئەو کاتە دەشێ تەواوی مرۆڤایەتی بە بەرز راگرێ، کە دەکەوێتە دەرەوەی شارچێتی و وڵاتچێتی و ئایدیا لۆکاڵییە بنبەستووەکانەوە.

**پ/هیچ تیۆرەیەکی ئەدەبی هەڵگری هەموو کۆد و پرسیار و بەرسڤ و پێکهاتەکانی دەقە، هاوکات دەتوانێت تێڕوانینێکی سەڵت و نەگۆڕ رابپێچیت بۆ نێو خەیاڵدان و تێفکرینی خوێنەرانییەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** هیچ تیۆرەیەك لە دنیادا نییە، تەواوی کۆد و حەقیقەتەکانی دەقێکی کراوەی پێبێ، بەو مانایەش هەموو خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنە جیاوازەکان، هەموو تیۆرە جیاوازەکان دەشێ رووییەك لەڕووەکانی دەقمان نیشان بدەن، دەشێ حەقیقەتێك لە حەقیقەتەکان و کۆدێك لە کۆدەکانمان بخەنە بەردەست. کەواتە دەقی ئیبداعی یان دەقی کراوە و زیندوو ئەو دەقەیە کە رایەڵەکانی خۆی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی هەڵدەخات، دەقی زیندوو راستەوخۆ پەیوەندی بە زمانێکەوە دەکات کە دەکەوێتە دەرەوەی باو و دەرەوەی مانا لەکارکەوتووەکان و دەرەوەی واقیعەوە، هەر لەوێشەوە کرانەوەی خۆی بە ناوەوەو دەرەوە رادەگەیەنێت و پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ مرۆڤی کراوەدا درووست دەکات، بەو مانایەش دەقی کراوەو مرۆڤی کراوە بەردەوام لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە هەنگاو دەنێن، بەردەوام دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەکانەوە. کەواتە دەقی کراوەو مرۆڤی کراوە لە گفتوگۆ و دەمەتەقێی بەردەوامدا خۆیان دووبارە بە

شێوەیەکی جیاوازتر دەنووسنەوە، دەقی کراوەو مرۆڤی کراوە بەردەوامی خۆیان لە جیاوازییەکانەوە هەڵدەگرنەوە، لە گۆڕانی بەردەوامدا زیندوویێتی خۆیان درێژ دەکەنەوە.

**پ/ رەخنەگرانمان بەدەر لە کاری خۆیان (رەخنەگری) هاوکات (بەدیل دۆزەرەوە)یشن پێتوایە ئەو دووانە گەرەکیان بە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟ کەنگێ دەقی ئەدەبی (ئەلتەرناتیڤ) دەخوازێ؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا/*** دەقی ئەدەبی لەسەر مەجاز بینا کراوە، لەبەر هەندێ بڕوای بە ئەلتەرناتیڤ نییەـ ئەوەی لە دەقی ئەدەبی بۆ ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێ نەك هەر تەنها بڕوای بە فەزای کراوەی دەق و چێژی ئەدەبی و جیاوازی و رەهەندە فرە دەلالەکانی ئەدەب و هونەر نییە، بەڵکو ئەدەب وەك ئایدیالێکی دیاریکراوی سیاسی و هونەر وەك تەعبیرکردن لە واقیعێکی دیاریکراو تەماشا دەکات، ئەوەی ئەدەب و هونەر لە تاکە مانایەك تاکە دەلالەتێکدا سەردەبڕێ هەر تەنها واقیعێکی بە سیاسەتکراو و فیکرێکی چوارچێوە بۆ دارێژراو نییە، بەڵکو بنبەستبوونی خەون و خەیاڵ و جیاوازییە، بڕوا نەبوونە بە ئایندە و ئایندەی مرۆڤایەتی و ئایندەی فیکرو مەعریفە. ئەدەب و هونەر بەردەوام لە هەوڵی جوانترکردنی شێوازەکانی ژیان و پەیوەندی بەستنی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دنیادایە، هەڵنانی مرۆڤە بەرەو جوانی و ئاستە بەرزەکانی بوون، بەرەو کرانەوەو خۆشەویستی و چێژبردن.

بەکورتی خوازتنی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەدەب وەك ئامانجێکی دیاریکراوی ئەدەبی دەشێ لەوێوە کورتی بێنێ کە چوارچێوەیەك بۆ ژیان و بیرکردنەوە و جوانی و چێژ دیاری دەکات و لەبری هەمووان دێتە گۆ و هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی رەهەندە جیاوازەکانی ژیان دەسەپێنێ، وەك چۆن دووبارە خوێندنەوە و بەرهەمهێنانەوەی دیکەی دەق و بەشداریکردنی خوێنەر لە پرۆسەی داهێناندا لەوێوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، کە وەك دەقێکی دیکەی ئیبداعی بۆ خوێندنەوەی جیاواز و راڤەکردنی فرە رەهەند خۆی والا دەکاتەوە.

**پ/ ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبن بە پردی پەیوەندی قووڵی نێوان نووسەر وەرگر بۆ ئەوەی شیعرێکی ئاگاییانە بچەسپێنن لە فیکری خوێنەردا تاکو تێکەڵبوون و هاومەستییەکی ڕەگناژۆیی بخولقێنین، ئەو خالەسەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان پێدەبەخشن؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** من وەك شاعیر (هەڵبەتە ئەگەر گرفتەکانی ئەو منە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازینەوە) ڕەنگە لەگەڵ شیعری ئاگاییانە گرفتی زۆرم بۆ درووست ببێ، ئەو زاراوەیە لە زۆر ڕووەوە کەوتنی ئیبداعی لەخۆدا هەڵگرتووە، وەك چۆن ڕەنگە بشێ دیوێکی شیعری ئاگاییانە لەڕێگەی پێوانە و بەها و ڕەگەز و ماناکانی شیعرییەت، هەڵنانی ئاستی ڕەخنە و خوێندنەوەی لەسەر بونیاد بنرێ. بە مانایەکی دیکە ئەگەر کێشەی شیعری ئاگاییانە لەلایەن شاعیرەوە سەر هەڵبدات، ئەوە ڕووە پۆزەتیفەکەی بەکاری ڕەخنەگرەوە دەلکێ، یان ڕوونتر قسە بکەین ئەگەر لە دەفتەری شیعرنووسینی شاعیر زاراوەیەك بە مانای شیعری ئاگایانە نەدۆزیینەوە و بەشێکی زۆری ئەو دەفتەرە بە شیعری نائاگایانە پڕ کرابێتەوە، ئەوە لە دەفتەری ڕەخنەنووسدا دەشێ لە زۆر شوێندا زاراوەی شیعری ئاگایانەو ڕەگەز و بەها و ریتم و جوانی ناکۆیی.... ببین. لێرە لەنێوان ئەو دوو دەفتەرەدا ئەو پەرەگرافە جێدەهێڵم ڕوو دەکەمە دەسپێکی پرسیارەکە و دەڵێم: تیۆری وەرگر وەك پەیڕەوانی هیرمینۆتیکا و بەتایبەتی گادامێر باسی دەکات ئەو کردە چالاکەیە کە لە "تێگەیشتن" و "هەڵسەنگاندن" و "دووبارە بەرهەمهێنانەوە" خۆی هەڵدەگرێتەوە، بە مانایەکی دیکە لە تیۆری وەرگردا دەشێ ئەو کاتە خوێنەر تێکەڵ بە دەق بێ کە تێبگات و لەوێشەوە بتوانێ هەڵیبسەنگێنێ و هێلە نادیار و شاراوەکانی دەرك بکات و دواتر دووبارە لەڕێگەی مەعریفە و شارەزایی و بیرکردنەوەو خەیاڵی خۆی دووبارە بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمی بهێنێتەوە. لێرەدا پرۆسەی خوێندنەوە بە ئاستی پرۆسەی ئیبداعی دەگات و خوێنەر وەك داهێنەر قسەی لێدەکرێ، بەدیوەکەی دیکەش بیروڕای جیاوازی دیکە لە

بارەی ئەو پرۆسەوە قسەی جۆراوجۆری دیکە دەکەن وەك ئەوانەی کە سەر بە قوتابخانەی ئەمریکیین و پێیانوایە ساتەوەختی خوێندنەوەو ئامادەگی خوێنەر و حاڵەتی دەروونی و کتوپڕی و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەق کۆمەڵێك شتی دیکە هەن کە لە بەدواداچوونی خوێندنەوە رۆڵی سەرەکی دەگێڕن، نەك مەعریفەو شارەزایی و ئاگایی خوێنەر.. ئەوان زێتر قسە لە ئینتباعی یەکەم و چوونە ژوورەوەی یەکەم و سەرسامبوونی یەکەم دەکەن... قسە لە خوێندنەوەیەك دەکەن کە لە بۆشاییەوە بێتە دی... قسە لە بێزەینی و ساتەوەختی بێزەینی خوێندنەوە دەکەن... بێگومان چ لە قوتابخانەی وەرگری ئەڵمانی و چ لە قوتابخانەی وەرگری ئەمریکی خوێنەر دەکەوێتە ئەو هاومەستییەی کە تۆ لە پرسیارەکەتدا باسی دەکەیت. بەڵام ئەو هاومەستییەی خوێنەر لەگەڵ دەق مەرج نییە شێوەیەکی رێکوپێك و پێوانەی دیاریکراو لەخۆ بگرێ، واتە مەرج نییە بە پێوانەی "تێگەیشتن" و "هەڵسەنگاندن" و "دووبارە بەرهەمهێنانەوە"دا بڕوا، وەك چۆن مەرجیش نییە راستەوخۆ بە ساتەوەختی خوێندنەوە و حاڵەتی دەروونی ئامادەگی خوێنەرەوە بلکێ... دەشێ ئەو هاومەستییە لە هەر دوو حاڵەتدا خۆی بدۆزێتەوە و زێتریش. دەمەوێت بڵێم ئەوەی خوێندنەوەی لەسەر بەندە ئیستێتیکا و چێژی خوێنەرە بە پلەی یەکەم، یان ئەگەر وردتر قسە بکەم ئیبداعە.

**پ/ لەمڕۆوە شیعرییەت و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ریشەییان بەخۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەو جۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزمونکراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێوەرگرتووە، ئەو تێکەڵبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێك خزمەتی ئەدەبی کوردی دەکات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ژیان ئەزموونکردنە، دەمەوێ لەسەر بنەمای ئەو رستەیە بەدوای رستەی ئەو جۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپا ئەزموونکراوەدا بڕۆم... چونکە بەبڕوای من رووە نێگەتیفەکەی ئەو رستەیە ئەوەیە کە هەمیشە ئەورووپا بەشێوەیەکی گشتی بە

نموونەی بالاّی خۆمان دادەنێین! سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئەو شێوە بیرکردنەوەیە نایەمەوە، بەلاّم هەرگیز لەڕووی داهێنانەوە نکۆڵی لە ئەوروپا ناکەم، کەواتە ئەوروپایەك هەیە داهێنان سیماکانی دەنەخشێنێ و ئەوروپایەك هەیە عەسکەرتارییەت بەڕێوەی دەبات، من هەمیشە لەگەڵ ئەوروپای داهێنان و جوانی و شارستانییەتم و دژی تۆتالیتارییەت و بێگاری و چەوسانەوەی مرۆڤایەتیدام.

ئەوەی لێرە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم لە رستەکەی تۆ بیخەمە نێو بەدواداچوون دەستەواژەی ئەزموونکردنە، چونکە ئەو دەستەواژەیە هەر دوو رووە پۆزەتیف و نێگەتیفەکە دەگرێتەوە. بەدیوەکەی دیکەش دەمەوێ بڵێم ئەگەر لە بارەی ئەو جۆرە دەقنووسییەی ئەمڕۆ ئەوروپا ئەزموونی دەکات، تەماشای فۆلکلۆری کوردی بکەین بە دەست بەتاڵی ناگەڕێینەوە، بەلاّم وەك جۆر و شێواز و باکگراوەندی شارستانی و مەعریفی... دوو جیهانبینی و دوو کلتور و دوو شێوازی ژیانی جیاواز بەڕێوەیان دەبات. کەواتە گرنگ ئەوەیە هەڵگری جیهانبینی سەردەم و مەعریفەی سەردەم و جوانگوتن بیت و بتوانی خەیاڵ و بیرکردنەوەو جوانی تا ئەوپەڕی بەریت.

**پ/ شیعری ئێستا بەشێوەیەکی بەرفرەوان رووی لە خەمە بچووکەکان خودییەکان/شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرنگیان دەدا بە خەمە جڤاتی/کۆکان ئەو گۆڕانکارییەی کە ئێستە لە بونیادی دەقە هاوچەرخەکانەوە هەستی پێدەکرێت تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** هەڵبەتە دەشێ یەکێك لە وەسفەکانی شیعری تازە قسەنەکردن بێ لە جیاتی هەمووان و ئیعتیبار دانان بێ بۆ بیروڕا و دەنگی جیاواز، توانەوەی هەموو خەمەکان نەبێ لە چواچێوەی تاکە خەمێکی گەورە و ناسیونالی و تۆتالیتاری... خەمی خودی ورد رەنگە یەکێك بێ لەو گرنگیانەی کە شیعری تازە وەك خەمی تایبەتی خۆی بەهەندی دەزانێ، وەك گوتمان ئەوەش بۆ دنیابینی سەردەم و رۆحی

سەردەم و بەجێهێشتنی دنیابینی جڤات دەگەڕێتەوە. کەواتە یەکێك لەو سیفەتانەی کە شیعری سەردەم لەخۆیدا هەڵیگرتووە جیهابینییە و ئەو جیهابینییەش جیاوازییەکان بەڕێوەی دەبەن، نەك جڤات. بۆیە خەمە خودییەکان هەم وەك جیاوازی و هەم وەك ئەرزشدانان بۆ تاك لە شیعردا دەرکەوتەکانی دەبینرێ. کەواتە ئەگەر یەکێك لەسیفەتەکانی شیعری مۆدێرن تەماشاکردنی دنیا بێ بە چاوێکی تازە و هەنگاونان بێ لەگەڵ فیکری نوێ، ئەوە خەمە وردە تاکئامێز و جیاوازەکان دەخاتە شوێنی خەمی جڤاتی و کۆوە. دەمەوێ بڵێم وەك دەزانین یەکێك لە پێوانەکانی شیعری ئیبداعی ئەوەیە کە هەڵگری جیهابینی و فیکری سەردەمەکەی خۆی بێ و بتوانێ خەمی مرۆیانە و جیای خۆی بخاتە روو.

**پ/ لە ئێستەدا ئەدەب و هونەر دابەشکراون بەسەر دوو جۆر: هونەری بازاڕی و هونەری نوخبە ئەوە بۆ ئەدەبیش بە هەمان شێوەیە تا چەند لەگەڵ ئەو پۆلینکردنە هاوڕایت، هاوکات بۆچی؟ نووسەری راستەقینە چۆن دەتوانێت پردێك درووست بکات بۆ خۆی و خوێنەرانی تاکو لەوێوە بە یەکتری بگەن و دۆنادۆنییەك بئەفرێنن بەبێ جێهێلانی هیچ کاریگەرییەکی ناپەسەند، بەلاّم بەدەر لە (دابەزینی ئاستی زمان)ەکە و (سادەکردنەوەی فۆرم) و نەیکردنی ئاستی تێڕوانینی (دەقنووس) بۆ دەستەمۆکردنی کۆی فیکری (ئەوانیدیکە)یی؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەگەر ئەدەب هونەر وەك ئاگایی و بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و ئیستێتیکا و چێژ سەیر بکەین، ئەگەر ئەدەب خۆی لە ترۆپکی گەشەی زمان و تەعبیرکردن و فیکر و جوانگوتندا هەڵگرێتەوە، ئەگەر شیعر ناسکترین دەستلێدانی زمان و ئیستێتیکا و چێژ بێ، ئەوە هونەری بازاڕی ئەو هونەرەیە کە خاوەنی چەندایەتییە و هونەری نوخبە ئەوەیە کە چۆنایەتی مەبەستە. من هەمیشە وەك جوانگوتن و چیگوتن

لەگەڵ ئیبداع و یاخیبوون و گەشەو هەنگاوەکانی فیکری سەردەمم و هەمیشە بەرگری لە ناباو و هونەری جوانی و چێژ دەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕوام بە جیاوازی هەیە.

دەمەوێ بڵێم من هەمیشە بەرگری لە کۆی ئەو هەوڵە تاکانە دەکەم کە لەسەر بنەمایەکی مەعریفی و فیکری و هونەری پتەو و خۆماندووکردن و جورئەت و ملنەدان درێژە بە یاخیبوون و ئیبداعی خۆیان دەدەن و جەماوەر و رای گشتی بۆ پارت و گرووپخوازەکان بەجێدەهێلن. من هەرگیز نکۆڵی لە ئیبداع ناکەم و رێزی تایبەت لە ئەزموون و ماندوونی جیاواز دەگرم، بەڵام هەمیشە پێموایە جەماوەر لە تەنکاودا مەلە دەکات و توانای قووڵبوونەوەو بەدواداچوون و کەشفکردنی نییە و بواری لێکجیاکردنەوە و هەڵبژاردنی کەمە. بە کورتی زێتر خەمی تاك و جیاوازی لەڕووی قووڵی و تۆکمەییەوە بە هەند هەڵدەگرم و کەمتر بەلای فیکری پێنەگەیشتوو سادە و رووکار و مێگەلدا دێمەوە.

**پ/ تاچەند لەگەڵ ئەو تێڕوانینە هاوڕایی کە شیعر بوونێکی ئۆبژێکتی جادییە و مانا و کۆدەکانی لە نێو پێکهاتەیەکدا مەلاس داوە، خوێنەر و خودی شاعیریش ناتوانن لە کاتی نووسین و خوێندنەوەیدا پەی پێبەرن و رایبپێچن بۆ نێو فەزای (مانا دۆزەرەوە)یی؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا/*** من هەمیشە پێموایە پرۆسەی نووسینی شیعری ئیبداعی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ پەنادان و رەمز و ئاماژەی دیار و نادیارە، چونکە بەشی زۆری خەیاڵ و نەست رابەرایەتی دەکات. لەبەر هەندێ هیچ کاتێك قابیلی ئەوە نییە تەواوی کۆد و فەزا و رووە جیاوازەکانی کەشف بکرێ. بەو مانایە ئاڵۆزی و پەنادان رەنگە یەکێك لەو رەگەزانە بێ کە پشت بە مەعریفەی شیعری و بیرکردنەوەی قووڵ و ئیستێتیکا و ئاماژە دەبەستێ، یان بە شێوەیەکی دیکە فرە خوێندنەوە بۆخۆی رابەرایەتی ئەو بۆچوونە دەکات.

بە کورتی لەبەر ئەوەی دنیابینی ئەمڕۆ لەسەر تاکە حەقیقەتێکی تەواو و دیاری کراو ناوەستێ، لەبەر ئەوەی دنیابینی ئەمڕۆ بڕوای بە پەڕگیری نییە و هەمیشە ئەرزش بۆ ئەویدیکەی جیاواز و بیرکردنەوەی فرە رەهەند دادەنێ... بۆیە شیعری ئەمڕۆ نە

ئاڕاستەیەکی دیاریکراو هەیە، نە هەڵگری حەقیقەتێکی یەکتائامێز و لەیەکنەپچڕاوە، کەواتە دەمەوێ بڵێم لەبەر ئەوەی شیعری ئەمڕۆ هەڵگری جیاوازییەکانی سەردەمە، ئیتر دەشێ هەموو خوێنەرێك خۆی لە شیعری ئەمڕۆدا بدۆزێتەوە. بەجۆرە وەك چۆن بۆ خودی دەقنووس مەسەلەی گەیشتن بە بنەما دیار و شاراوەکانی دەق تا رادەیەکی زۆر ئەستەم و نەشیاوە، بە هەمان شێوە و ئاستیش گەیشتنی تاکە خوێنەرێك بە تەواوی ئاستەکانی دەق قابیلی نکۆڵیکردنە، بە بڕوای من ئەوەش یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە بشێ دەقی ئەمڕۆ شانازی پێوە بکات، وەك چۆن بەدیوەکەی دیکە هەر ئەو خەسڵەتەشە کە فرە خوێندنەوە و فرە بیرکردنەوە و جیاوازییەکانی لە دووتوێی خۆیدا هەڵگرتووە.

**پ/ هەندێك لە رەخنەگر و شاعیران پێیانوایە (یەکێتی ئۆرگانیکی) گەورەترینەی ئەو هۆکارانەیە کە شیعر بەرەو راکێشانی ئەفسوونی خوێنەر دەبات و پەیوەندییەکی ئەزەلی بیرلێکراوە دەئەفرێنێت بەو واتایەی بەبێ بوون و ئامادەیی ئەو چەمکە مومکین نییە تەنانەت بە کۆمەکی میتۆدە رەخنەیی-زانستییەکانیش بە شیعرێك بڵێین سەرکەوتوو، چونکە ئەوە (خەیاڵی هەڵفڕیوو)ی شیعرەکەیە. بە تێڕوانینی تۆ ئەو تێڕوانینە تا چەند گشتگیرە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەو تێڕوانینە دەشێ وەك رەگەزێك لە رەگەزەکانی شیعری تەماشا بکرێ، بەڵام ئەوە مەرج نییە بۆ هەموو جۆرەکانی شیعری بەراست بکەوێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە مەرج نییە هەمیشە وەك رەگەزێکی ئامادەی شیعری سەیری بکەین و پێمان وابێ شیعر بێ ئەو رەگەزە کورتی دێنێ، دەمەوێت بڵێم یەکێتی ئۆرگانی وەك چۆن گەورەترین هۆکاری راکێشانی خوێنەر نییە، بە هەمان شێوە مەرجیش نییە رەگەزێکی هەمیشە سوار و ئامادەیی داهێنان بێت، چونکە ئەوەی ئەفسوون لە خوێنەر دەکات کرانەوەی دەق و خۆ دیتنەوەی خوێنەر و هاوبەشی کردنی خوێنەرە لە دەقی داهێنراو مەبەستم ئەوەیە کە دەق لەڕێگەی خوێنەرەوە دادەهێنرێ نەك یەکێتی ئۆرگانی. لەلایەکی

دیکە دەبێ پرسیار لە جۆرەکانی خوێنەر بکەین، بەر لەوەی رەگەزێك لە رەگەزەکانی دەق بکەینە پێوانەی ئیبداع و پێوانەی ئەفسوون کردن و راکێشانی خوێنەر. دەبێ بپرسین راکێشانی خوێنەر بەچ مانا و بیرکردنەوە و ئاڕاستەیەك، لەچ ساتەوەخت و لەچ جۆرە ئامادەییەکی مەعریفی و دەروونی و کۆمەلاَیەتی و ئابوری و سیاسیدا... لەلایەکی دیکە دەبێ قسە لە خودی ئەفسوونکردن بکەین.. ئەو رەگەزە مەعریفیانە چین لە پشت پرۆسەی ئەفسوونکردن وەستاون، ئایا ئەفسوونکردن وەك چەمك بەشێکی زۆری پووچگەرایی لەخۆدا هەلّنەگرتووە؟ ئایا ئەفسوونلێکراو و فێلّێکراو جیاوازییەکانیان چین؟ ئایا ئەفسوونلێکردن بە شێوەیەکی گشتی بە خوێنەری پێنەگەیشتووەوە بەندە یان خوێنەری پێگەیشتوو؟

**پ/ ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێت لە خولقاندنی مانادا ئەی دەقنووس چۆن هاوشانی لەگەلّ (پێکهاتەی دەق) فەراهەم دەکات، بەدەر لەسەروەختی لەدایکبوونی دەقێکی شیعریی؟ بۆ ئەوەی هەوئاهەنگییەك خۆی بسەلمێنێت لەنێوان (دەق و نووسەر) و (دەق/فەزای خوێنەر) و خوێندنەوە جیاوازەکان، لەسەر شاعیر پێویستە بەرەو کام ئاقاری بیرکردنەوە بڕوات و لە کوێ بوەستێت و لە ئەنجامە کۆکراوەکەی رابمێنێت؟**

***عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا/*** کەمتر بڕوام بەوەیە کە کردەی ئیبداعی کردەیەکی بیرکارییانە بێ، چونکە بەشی زۆری لەسەر خەیالّ و نەست بونیاد نراوە، خەیالّ و نەستیش هەتا ئێستا وەك مەسەلەیەکی زانستی ناشێ بە تەواوی بگەینە بنەماکانی و چینەکانی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لێکجیا بکەینەوە. کەواتە نە دەتوانین لەسەرەوەختی لەدایکبوونی دەق، بنج و بنەوانەکانی دەق بگرین و نە تاکە خوێنەرێکیش وەك گوتمان دەگاتە هەموو بنج و بنەوانەکان و دەتوانێ تەواوی رووە ئیبداعییەکانی دەق ببینێ. ئیتر لێرەوە دەگەینە ئەو پرۆسە هاوبەشییەی کە لەنێوانی دەق و خوێنەر بە ئیبداع ناومان برد، بەو مانایەش ئیبداع ئەو فەزا کراوەیە کە لە بەشداریکردنی خوێنەراندا خۆی

هەڵدەگرێتەوە. کەواتە دەق هەمیشە لە بەشداریکردنی خوێنەراندا دەتوانێ بوونی خۆی بەردەوام دووبارە بهێنێـەوە بەرهەم و نووسەریش هەمیشە لەمیانی خوێنەرە جیاوازەکانەوە دەشێ مەوداکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی بخوێنێتەوە، دەمەوێت بڵێم هەموو ئەو مەسەلانەش دەکەونە دەرەوەی فرمانی "ئەمر" و دەشێ بە گریمانەوە دەستییان بۆ بەرین.

ئەگەرچی من خولقاندنی مانا بە تاکە رەگەزێکی بنەڕەتی دەق و خوێندنەوە نابینم، بەڵام خوێنەر بە جیاوازی ئاستەکانییەوە دەشێ بەشدارییەکی چالاکانە لەو خولقاندنە بکات، بە مانایەکی دیکە دەمەوێ بڵێم مانا رەگەزێکە وەك هەر یەك لە رەگەزەکانی چێژ و جوانگوتن و چیگوتن کە لە بەشداریکردنی چالاکانەی خوێنەرەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە. کەواتە هاوئاهەنگی نێوان خوێنەر و دەق و نووسەر (هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم لە نووسەر وەك خوێنەرە، ئەگینا لەدوای پرۆسەی نووسین، نووسەر وەك بارت دەڵێ هەر تەنها منی وەرەقەیە) راستەوخۆ پەیوەندی بە فەزای کراوەی دەق و بیرکردنەوەی نووسەر و ئاستە جیاوازەکانی خوێنەرەوە دەکات. هەمیشە ئەوە فەزا کراوەکانی دەق و ئامادەیی چالاکانەی خوێنەرە لەو هاوئاهەنگییەدا ئازادییەکانی خوێندنەوە دیاری دەکات و رەهەندەکانی دەکێشێ و بەو مانایەش نووسەر وەك خوێنەر دەشێ بتوانێ بەشداری تایبەتی خۆی هەبێ و دووبارە دەق بەشێوەیەکی دیکەی جیاواز بەرهەم بهێنێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ بڵێین دەقی ئیبداعی ئەو دەقەیە کە تەواوبوون ناس ناکات و بەردەوام لە دووبارە خۆ بەرهەمهێنانەوەدا گەمە ئیستێتیکی و فەزا فرە رەهەندەکانی درێژ دەکاتەوە.

**پ/ بارانیش هەر ئاوە، بەڵام تۆ لە شیعرەکانتدا تا ئەندازەیەك جیاوازیت لەنێوان (ئاو و باران) خولْقاندووە، پێتوایە نهێنییەك لەنێوان ئەوانەدا هەبێت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** بێگومان ئەوەی بەردەوام لەمیانی نووسینی شیعری بیری لێدەکەمەوە دۆزینەوەی ئیقاعێکە کە بشێ لەگەڵ پرسەکانی ئەمرۆدا بێتەوە، من (بەدوای لێبوردن لە دووبارەکردنەوەی وشەی من) هەمیشە لە سێبەری شیعر نووسیندا تێڕامان و

ریتمێك لە درێژبوونەوەی خۆیدا دەمبا، ئەو ریتمە گەلێجار لە خەیاڵی وشەوە، لە بیرکردنەوەی فەزاکانی وشە و رستە بەدوای رستە و وشەیەکی دیکەدا دەڕوا. لەمیوانی ئاو و باراندا کۆمەڵێك ریتمی بەخێرهاتنی جیاواز هەن، کۆمەڵێك نیگا و نیمنیگا هەن، من هەمیشە لە قولایی جیا جیای ئەو ریتم و دەنگانە میوان دەبم کە بەرەو سێبەری نووسینم دەکەنەوە. دەمەوێ بڵێم باران و ئاو هەڵگری دوو ریتمی ئاسۆیی و ستوونی جیاوازن! نهێنی نووسینی شیعری لای من لە دەست بۆ بردنی ئەو دوو ریتمەدایە، چۆن دەست بۆ ئەو ئیقاعە خێراو خاو و جیاوازانە دەبەیت، چۆن سێبەری جولەکانیان دەگریت و بە مانا و رەنگ و دەلالەت و رەهەندە مەعریفەکانەوە دەیلکێنی.

**پ/ بەدەر لە خود هەمیشە شتێك هەیە مرۆڤ بەرەو خۆی رادەکێشێ، ئێمە دەتوانین بۆ خوێندنەوە و پرۆسەی نووسینیش هەمان تێڕوانین دەربڕین، بەلاّم ئەگەر بێتوو عەبدولموتەڵیب باس لە رەگی ئەو (شت)ە بکات دەڵێ چی؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** من هەمیشە لە دەرەوە و لە ناوەوەی بە جۆرێك لە سۆز و هەستێکی مرۆڤانەوە پەیوەستم، دەشێ ئەو رەگەی تۆ باسی دەکەیت ریشەی ئەو هەستە مرۆییە بێت کە لە دەرەوە و ناوەوە، مرۆیەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.. هەر لەوێشەوە پرۆسەی نووسین پەیوەندی بە پرس و جولەی مرۆڤەکانەوە هەیە. یەکەمیان واتە پرس بوونی مرۆڤی لەخۆدا هەڵگرتووە.. بەو مانایەی کە مرۆڤ بوونی خۆی لە پرسیارکردندا هەڵدەگرێتەوە! دووەمیان واتە جولە دنیابینی مرۆڤ دەکێشێ.. دنیابینی لە بزاڤ و بەرەوپێشچوونی مرۆڤەوە دەردەکەوێت! کەواتە پرس و جولە دوو فاکتەری سەرەکین لە پرۆسەی نووسیندا: هەر لە خۆت بناسەی سوکراتەوە، مرۆڤی پرسخواز وەك مرۆڤێك کە هەوڵی چەسپاندنی بوونی خۆی دەدات چاو لێدەکرێت، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ پرسیار بکات، کەواتە ناشتوانێ بجولێتەوە، کەواتە جولەی مرۆڤ راستەوخۆ پەیوەندی بە بەدواداچوون و توێژینەوەو هەڵسەنگاندنەوە هەیە، هەر لەوێشەوە دەشێ پرسیاری دیکە لە دایك ببێت.

دەمەوێ بڵێم نووسین لای من لەنێوان پرس و جولەدا خۆی هەڵدەنێ، پرسی جوانگوتن و جولەی جوان خوێندنەوە.. پرسی ناوەکی و جولەی دەرەکی.. بەبێ پرس و جولە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی نەناسراو دەمێنێتەوە. هەڵبەتە من بە ئەنقەست خۆم لە پرسیارەکەت لادا، بۆ ئەوەی بڵێم رەنگە شتگەرا نەبم؟!

**پ/ لە دیمانەیەکدا کە (مەریوان هەڵەبجەیی) لەگەڵ تۆدا کردوویەتی، لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا لە رستەیەکدا گوتوتە: لێرەدا شتێك نییە بەنێوی ژیان. ئەو "لێرە"یەی کە باست کردووە دەکەوێتە کوێوە، هاوکات کە "ژیان" نییە، ئایا هیچ ئەلتەرناتیفێك شك دەبەیت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەو (لێرەیە) سەر بە بارودۆخێکی ئاڵۆز و ناجێگیری ژیانە، دەستەواژەی ژیان نییە! دەکەوێتە نێوان شەڕی کوردی کوردی، توندوتیژییەك کە مرۆڤ هەستی مرۆڤانە و مرۆڤدۆستانەی لە دەست دەدات. ئەوەی ئەو کات وەك ئەلتەرناتیف دەبینرا هەڵاتن بوو لە کورد و کوردبوون بە هەموو ماناکانییەوە؟! وڵات جێهێشتن خەونی هەموو مرۆڤێکی کورد بوو، کە بەرگەی کوشتن و بڕین و رەوادوونان ناگرێ. دەسەڵاتی کوردی جگە لە نائومێدکردنی دانیشتوانی، جگە لە راوەدوونان و بێنرخکردنی مرۆڤایەتی، جگە لە توندوتیژی نواند بەرانبەر مرۆڤ.. هیچ پرۆژەیەکی دیکەی بۆ ژیان پێنەبوو؟! لێرەوە ئیتر خەیاڵ و خەونی وڵات چۆلکردن سەریهەڵدا، خەونی سەفەر و دوور کەوتنەوە لەو پانتاییەی کە هیچ گوفتار و رەفتارێکی مرۆڤانە تێیدا بوونی نییە.. هەر یەکێك لە ئێمە، لەو "لێرەیە" بەدبەختی خۆی هەبوو!! بەنسبەت من ئەو (لێرەیە) هەڵگری هەموو مانا نامرۆییەکانی دەسەڵاتی کوردی لەخۆ دەگرت. بەڵام رەنگە بۆ کۆمەڵێکی دیکە ماناکانی هەر تەنها لەوەدا کورت نەکرێتەوە، بەڵکو راستەوخۆ بچێتە نێو بوون و نەبوونەوە، راستەوخۆ لێکجیابوونەوە و جەرگسووتان وماڵوێرانی و مەرگ و رەشبوونەوە بگەیەنێت...

**پ/ له هه‌مان دیمانه‌دا و له وه‌لاّمی هه‌مان پرسیاردا له رسته‌یه‌كی دیكه گوتوته: ده‌شیْ هه‌موو ملكه‌چكردنه‌كانمان به یادگاری بژمیْرین. ئه‌و رسته‌یه وه‌كو مانا، تا ئیْستەش له‌لای عه‌بدولموته‌لیْب به سه‌لْتی ماوه‌ته‌وه؟ له پشت وشه‌ی "ده‌شیْ" هه‌ست به گومانیْكی گه‌وره ده‌كریْ، ئه‌و گومانه له چییه‌وه هاتووه؟**

***عه‌بدولموته‌لیْب عه‌بدوللاّ/*** هه‌ركه ئه‌و قسانه‌و دۆخی گوتنی ئه‌و قسانه‌م بیر ده‌كه‌ویْته‌وه، راسته‌وخۆ هه‌ست به بوْیری بوونم له‌و پانتاییه بۆگه‌نه‌ی سالاّنی نه‌وه‌ده‌كان ده‌كه‌م، ئیْستا ئه‌و قسانه دووچاری بریندار‌بوون و ویْرانبوون و شۆكم ده‌كات، به‌راستی ئیْمه ئه‌وسا له ژیانیْكدا ده‌ستبه‌سه‌ربووین، كه هه‌رگیز تۆزقالیْ مرۆڤایه‌تی تیْدا به‌دی نه‌ده‌كرا، پانتاییه‌كی پیس بوو به هه‌موو ماناكانییه‌وه...

پیْمانوابوو ئه‌گه‌ر ده‌رئه‌نجامی شۆڕشه‌كان ئه‌و هه‌موو نا مرۆڤایه‌تییه‌ی لیْبكه‌ویْته‌وه، ئه‌گه‌ر شۆڕش له‌سه‌ر بیْنرخكردن و نائومیْدكردنی مرۆڤ راوه‌ستا بیْت، ئه‌گه‌ر شۆڕش له‌بری مرۆڤ له‌بری سۆزو خۆشه‌ویستی.. درِنده بخاته‌وه، ئه‌گه‌ر شۆڕش شیْوان و شلْه‌ژان و داخرانی بیركردنه‌وه و عه‌قلْ بیْت، ئه‌وه بروخیْ شۆڕش؟! ئه‌گه‌ر ئازادی ریسواكردنی مرۆڤ و سه‌ركوتكردنی جیاوازی بیْ، بروخیْ ئازادی؟!

چه‌مكی شۆڕش و ئازادی پیْویستی به ئاگایی مرۆڤانه‌و عه‌قلّی مرۆڤانه و هه‌ستی مرۆڤانه‌وه هه‌یه، نه‌ك به په‌رچه‌كردار و رقلیْبوونه‌وه. به برِوای من له‌و خالّه‌وه ده‌سه‌لاّتی سیاسی كوردی له‌سه‌ر په‌رچه‌كردار و ره‌قلیْبوونه‌وه له ئه‌ویدیكه راستبۆته‌وه، بۆیه ده‌سه‌لاّتی كوردی حالّه‌تیْكی هه‌میشه‌یی له رق به‌رهه‌م ده‌هیْنیْ. بۆیه له واقیعی كوردیدا ترس ئازادی داده‌پۆشیْ، سته‌میش شۆڕش و كوردایه‌تی؟!

**پ/ له هه‌مان دیمانه‌و له وه‌لاّمی هه‌مان پرسیاردا له رسته‌یه‌كی دیكه گوتوته: هه‌ولْده‌ده‌م ئه‌وه‌نده‌م ئاو له‌لابیْ، بتوانن به ئاره‌زووی خۆتان مه‌له‌ی تیْدا بكه‌ن. ئه‌و "ئاو"ه‌ی**

لەو رستەیەدا ئاماژەت بۆ کردووە، هەمان ئەو ئاوەیە کە ئێمە خواردوومانەتەوە و مەلەمان تێدا کردووە؟

*عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/* من لەو هەموو بێنرخکردنەی لە نەوەدەکان بەرانبەر مرۆڤ دەکرا، نەمتوانی ولاّت جێبهێڵم، خەمی سەفەر و فێربوون و وەدەستهێنان... نەمتوانی سەفەر بکەم و لە ولاّتیش بێزاری و نیگەرانی و گومان زۆربەمانی دەهاڕی؟! شیعری من لەنێوان خەمی سەفەر و بێزاربوون لە نیشتمان، بووە ئاو.. هەر ئەوەندە ئاوەم شك دەبرد بشێ لەنێوان خەم و بێزاری سووتانەکان دامرکێنێتەوە، لانەیەك بێ.. بۆ من ئاو قەلاّی بەرگری و باران دەنگدانەوەی بێدەنگی بوو.. لەنێو ئەو بێدەنگییە تووڕەیەدا، باران بۆ من ئاوازێك بوو، جوولەیەك، هەناسەدانێك.. ئاو لانە و مەسکەن؟! هەر ئەوەندە ئاوەم شك دەبرد بۆ زیندەگی، پاکبوونەوە، دڵدانەوە... من هەمیشە لەڕێگەی ئاو و بارانەوە هەوڵدەدەم تەعبیر لە بێدەنگی و دەنگ بکەم؟! لەڕێگەی ئاو بارانەوە قەسیدەی نائومێدییەکان، قەسیدەی ترس و نیگەرانی، قەسیدەی قەیرانەکان بە هەناسەی ڕۆح دەنووسمەوە.

**پ/ لە هەمان دیمانەدا لە وەلاّمی هەمان پرسیاردا لە رستەیەکی دیکەدا گوتوتە: یارییەکانی ژیان قورسن، ئێمەش لەسەر ئاو و ئاگرین، چاوەڕوانی وشەیەکین دێ یان نایە. ئەو "وشە"یە چییە؟ هاوکات لە کاتی بەرجەستە بوونی لە زماندا "رستە"ی لێدەبێتەوە تا ئاشنامان بکات بە رەهەندگەلی دیکە؟**

*عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/* بەڕاستی ژیان لە ولاّتێك کە دنیایەك کێشەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری تێدایە، لە ولاّتێك کە کۆنەپەرستی و نەزانی هەتا ئیسقاتی رۆچووە و هەرگیز بڕوای بە بیرکردنەوەی جیاواز و مەعریفەی جیاواز و ئەویدیکەی جیاواز نییە، بڕوای بە لێکبووردن نییە، لە ولاّتێك کە لەسەر رق و کینە و پەرچەکردار، لەسەر گەندەڵی و بێنرخکردن و ئازاردان وەستاوە... هەڵبەتە هەموو چرکەیەك لەو شێوەیەی ژیان، چاوەڕوانییە لەسەر ئاو و ئاگر!! ئێمە ئەوانەی نەیانتوانی لەو ئاوو ئاگرە دەرباز بن،

هەمیشە لە چاوەڕوانی مەرگدا رۆژییان دەکردەوە، هەموو چرکەیەك لە ژیانیان مەرگ بوو. ئیدی ژیان لە ولاتێك کە رۆژانە یەکتر کوژی و ئازاردان و کۆتوبەندکردن یەك ئەویدیکەی تەواو دەکرد، دەبێ چۆن بێ؟ ژیان ئەگەر رستەیەکی لێبێتەوە تا ئاشنامان بکات بە ئەویدیکەی جیاواز و رەهەندگەلی جیاواز، ئەوە دەرچوونە لە بازنە و چوارچێوەکانی، دەرچوونە لە سنور سوورەکانی... من بۆ خۆم شێتی سەفەر ببووم، بە هەموو نرخێ دەمویست دەرباز بم لەو هەموو نەگبەتی و نەهامەتی و نائومێدییە.. بەلاّم بە داخەوە بۆ نەلوا!

ئیتر ئەوسا ئەگەر وشەیەك منی بەو خاکە نووساندبێ، ئەوە جگە لە پەیوەندی من لەگەڵ نائومێدی و خەم و بێزاری، جگە لە دڵتەنگی تا رادەی دڵ لە ژیان بوونەوە، هیچی دیکە نەبوو!! ژیانی من لە سوێی سەفەر هەڵدەکرۆزا، بەردەوامی ژیانی من، درێژبوونەوەی ژیانی من لە دوو رستەدا خۆی تەرجەمە دەکرد: یەکێکیان سەفەر رابەرایەتی دەکرد و ئەویدیکەش نائومێدی دەستی بەسەرداگرتبوو.

**پ/ لە هەمان دیمانەدا و لە وەلاّمی هەمان پرسیاردا لە شوێنێکی دیکە گوتوتە: من لە نەوەیەکم هەموو کایەکانی ژیانی، هەموو رەهەندەکانی ژیانی لە مانا تاریکەکانی شەڕدا بە یەکتر دەگەنەوە. وشەی "شەڕ" لەو رستەیەدا، شەڕی (کورد لەگەڵ کوردە)، ئەگەر ئەو شەڕەیە ئایا نەوەی ئێوە نەیدەتوانی بە ئاڕاستەی دیکەیدا ببیبات و لە پێناو ئاشتیدا بیکات؟ ئەگەر واش نییە دیارە تۆ لە نێو "نائومێدی" خۆت شاردۆتەوە.**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** نەوەی من نەوەدەکان بە ئاڕاستەی سەفەر و ئاڕاستەی گلّمۆچەبوون هەنگاویان دەنا، بە ئاڕاستەی گلّمۆچەبوون و هەلاّتن، لەشەڕ و براکوژی و تیزاب بە ئافرەت داکردن و خوشکوژی، دوورکەوتنەوە لە کۆنەپەرستی و نەگبەتی و نەزانی کوردی کوردی، نەوەی من عەقلّیەتێکی مەرگدۆست و دوور لە شارستانی ئاڕاستەی ژیانی دیاری دەکرد و مردن و نەزانی سنوری ژیانی بۆ دەکێشا،

هەمیشە لە نیشتمان و ولاٌت نائومێد، هەمیشە لە ولاٌت بێزار و گلٌمۆچەبوو، بەجۆرە خوێندەوارانی نەوەی من زۆربەیان خودێکی ئیشکالییان لێدەرچوو، خودێکی رەخنەگر و وێڵی وەدەستهێنانی عەقلٌ و بیرکردنەوەی جیاواز و بەها مرۆییە بەرزەکان.. زۆربەی خوێنەوارانی نەوەی نەوەدەکان هەلٌگری بیرورایەکی مرۆیانەی پیرۆز بوون، ئەگەرچی نەیاندەویست بیروڕاکانی خۆیان وەك بابەتی جێبەجێکردن بخەنە روو، بەلاٌم لە دلٌەوە حەزیان بە تازەکردنەوەی کۆمەلٌگا دەکرد، هەمیشە لە نوێخوازی و زانست و عەقلاٌنیەت نزیك دەبوونەوە، خوێنەوارانی جیدی نەوەی من هەمیشە لەلایەن دەسەلاٌتی سیاسی کوردی وەك دوژمن چاوی لێدەکرا، بە تێکدەرو شێوینەر تەماشا دەکران و سەیر دەکرێن؟!

**پ/ لە هەمان دیمانەدا و لە وەلاٌمی هەمان پرسیاردا لە شوێنێکی دیکە گوتوتە: ئەگەر وشەیەك مابێ خۆمی پێ لە سێدارە بدەم، شیعر بووە، ئەگەر فریادرەسێ مابێ لە پەراوێزەوە دلٌخۆشم بکات، خوێندنەوە بووە، ئەگەر هاتوو لە نێو ئەو رستەیەدا بوەستین و بگەڕێینەوە بۆ ئەو تێڕوانینە: ئێمە رابردوومان پڕیەتی لە بینای شیعر، بەلاٌم لە کایەکانی دیکەدا جگە لە "چەند" کەلاوەیەك، چیدیکە بەدی ناکرێ، گەلێك کەس ئەو رستەیان گوتوە، ئەگەر تەماشای نیوە رستەکەی دیکەش بکەین دەردەکەوێت کە خوێندنەوەت دابەشبووە بەسەر دوولایەندا، یەکەم: شیعرییەتت درێژ کردۆتەوە. دووەم: نووسین و فرە تێڕوانینی دیکەت بۆ کایەکانی دیکە. دواجار مەستبوونی شاعیر بە وشە، لەکاتی خولٌقاندنی دەقێکی شیعری بۆچی دەگەڕێتەوە و پێتوایە تێڕوانینەکەی سەرەوەیشت کۆیین بێت؟**

***عەبدولموتەلٌیب عەبدوللاٌ/*** گوتم هەندێ لە نەوەی من ئەوەی توانی ولاٌت بەجێبهێڵێ، ئیتر رۆیشت و لە دەرەوە گیرسایەوە و لەوێ زۆربەیان توانییان بەدواداچوونی جیدی بۆ خەونەکانیان بکەن و تێکەلٌ بە فیکری تازەی دنیا بن و شتی زۆر فێر بن و زمان فێر بن و ئەزموونێکی دیکە بۆخۆیان وەدەست بهێنن. بەلاٌم ئەوەی نەیتوانی و لە ولاٌت، لە نێو ئەو

هەموو کوشتوکوشتارو بێنرخکردنە مایەوە، بەر لەوەی دوورەپەرێز بخرێت، خۆی دوورەپەرێز گرت، ئیتر لە کەناری ژیان وێڵ و سەرگەردان مایەوە، وەك بە شتکراوێك ژیانی تێپەڕاند، ئیتر لێرەوە لەو بەشتبوون و وێرانبوون و ونبوونەدا.. ئەگەر لەو پەراوێزەی ژیاندا تەنها فریادرەسێ مابێ، دەبێ بۆ ئەوانەی وەك من هەر شیعر بێ، ئەگەر لەو کەلاوە بۆگەنە، لەو کەنارە شتێ مابێ دڵنەواییمان بکات جگە لە خوێندنەوە دەبێ چی بێت؟!

ببوورە ئەگەرچی بە مەبەست دەرگا لەو هەموو برینانە ناکەمەوە، مەبەستم نییە ئەو هەموو کارەسات و مەرگەسانە بخەمە بەردەم ئێوە، بەڵام چیبکەم ئەوە حەقیقەتێکە فەرامۆشکردنی واتە لەبیرکردنی بەشێکی ژیان و قۆناغێکی تەمەن. واتە ونبوونی دەیەیەك لە بە مرۆڤنەبوون و مەرگەساتی و کەنارگیری..

**پ/ لە هەمان دیمانەدا و لە وەڵامی پرسیاری شەشەمدا لە رستەیەکدا گوتوتە: شیعر خۆی گرفتە. بەڵام ئەوەی لەوێدا بە شاراوە ماوەتەوە، ئەوەیە: ئەو گرفتە دێتە ناو شاعیرەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** هەمیشە بەلای منەوە شیعر گرفتە، چ لەڕووی نووسینەوە چ لەڕووی بلاۆکردنەوە؟ ئەگەر لەڕووی نووسینەوە بەشێکی زۆری گرفتی شیعری پەیوەندی بە زمانەوە بکا، ئەوە بەشێکی دیکەی راستەوخۆ بە بەدواداچوون و هوشیاری و دنیابینی و خەونبینییەوە هەیە. واتە ئەگەر شیعر بۆخۆی لەڕووی زمانەوە وەك (رۆلان بارت) دەڵێ کێشەی لەگەڵ فاشییەتی زمانەوە هەبێ. ئەگەر هەمیشە بۆ شیعر زمان چاوچێوە و سنور بێ... زمان ئەو گرفتە گەورەیە بێ، کە هەمیشە خەیاڵی چۆن گوتنی شیعری نیازی تێپەڕاندنی بکات.. ئەگەر زمان لەوێوە کە سیستمە، لەوێوە کە هەڵگری ئەزموون و ماناو خەیاڵی دیاریکراوە.. لەوێوە کە بەردەوام سنورەکانی خۆی بەرفرەوان دەکات و دنیای خۆی رەنگینتر نیشان دەدات، لەوێوە کە هەڵگری ریتم و ئاوازی جۆراوجۆرە، کێشە بۆ خەونبینی شاعیر و دنیابینی و تێپەڕاندن و خۆبەدەستەوەنەدان و جیوەیی بوون و بەهەڵمبوونی مانا

درووست بکات.. ئەگەر شیعر هەمیشە لە هەست و نەست و مانا و دەلالەت و رەنگینیدا هەمیشە بیەوێ لە زمان و ئەزموونی زمان و رەنگینی دیاریکراوی زمان تێپەڕێنێ. هەمیشە کێشەی جۆراو جۆرو فرە رەهەند و فرە دەنگی لەگەڵ زمان هەبێت. ئەگەر ململانێی شیعر و زمان ململانێی تێپەڕکردن و جێگیربوون بنەخشێنێ، ئەوە کێشەیەکی دیکەی شیعر لەسەر دەرککردن و ئاگاییەوە وەستاوە، بەو مانایەی کە پێویستە شاعیر ئەوەندە هوشیار و ئاگادار بێت کە نەکەوێتە نێو دووبارەکردنەوە و مانای سواو و وێنەی لەکارکەوتوو و ریتمی ژەنگگرتووەوە، دیدی کۆنەخوازانەوە.. دەبێ شاعیر هەڵگری مەعریفەیەکی قووڵی شیعریی و خەیاڵی بەرز و دنیابینی مۆدێرن بێ، دەبێ شاعیر لەڕووی دڕاشتن و فۆڕمەوە ئاگایی لە دنیای نوێ و تەوژم و شەپۆلی نوێی دنیا و سەردەم هەبێ.. شاعیر بەبێ هوشیاری و دنیابینی و مەعریفەی قووڵی شیعر مەحاڵە بتوانێ لە گرفتە شیعرییەکانی خۆی و دنیا نزیك بکەوێتەوە.. شاعیر بە بێ ئاگایی و بەبێ هەستێکی ناسکی شیعری مەحاڵە بتوانێ رستەی شیعری جوان بخاتە نێو دنیای شیعری ئیبداعییەوە.. شاعیر بەبێ خەیاڵی بەرفرەوان و جوانناسی و گۆشەنیگای تێپەڕ و هەستی مرۆڤانەی بەرز مەحاڵە بتوانێ هونەرێك بە ناوی شیعر بنەخشێنێ، هونەرێك کە بشێ بە بەرزترین ژانری ئەدەبی دابنرێت، هونەرێك کە بشێ هەست و نەست و جوانی بە ترۆپك بگەیەنێت؟!

کەواتە گرفتی شیعر ئەوەیە، کە چۆن لە زمان تێدەپەڕێنێ و چۆن لەڕێگەی زمانەوە بە ترۆپکی زمان دەگات! گرفتی شیعر ئەوەیە کە چۆن لەڕێگەی تیپەڕینی مانا باوەکانەوە بە بەهەڵمبوونی مانا دەگات؟ چۆن لەڕێگەی خەیاڵی فرە ئاست و فرە رەنگ و جیاوازەوە دەتوانێ ئەزموونی و جیاوازی و هونەری ئەوانیدیکە تێپەڕێنێ؟!

دەمەوێ بڵێم شیعر لە کۆی ئەزموونەکانی زمانەوە پێویستە زمان لە مەحاڵبوونی خۆی نزیك بکاتەوە. شیعر دەبێ بەنێو کۆی ئاگاییەکان تێپەڕێ، بۆ ئەوەی ئاگاییەکی

تایبەت بەخۆی دابهێنێ. دەبێ بەنێو کۆی جوانییەکان و خەیاڵە بەرزەکاندا تێپەڕێ بۆ ئەوەی خەیاڵ و جوانی تایبەت بەخۆی بسازێنێ.. شیعر پێویستە بەنێو کۆی پێویستییە ئەدەبییەکاندا گوزەر بکات، بۆ ئەوەی پێویستیەکی تایبەت بەخۆی بخاتەوە.. لێرەوەیە دەڵێن هونەری نووسینی شیعر دەکەوێتە سەرووی خوێنەرەکانەوە، لێرەوە دەڵێن شیعر نووسین ئەو هونەرەیە کە خوێنەر لەبەرانبەریدا دووچاری شۆك دەبێتەوە! کەواتە شیعر نووسین هونەرێکە مەحاڵ لەڕێگەی جوان دەستلێدان و جوان دەست بۆ بردن بەدەست دەهێنێ، لەڕێگەی خەیاڵی بەرز و ئاگایی بەرفرەوان و نەستی قووڵەوە...

**پ/ لە هەمان دیمانەدا و لە وەڵامی دوا پرسیاردا گوتوتە: ئێمە لە واقیعێکدا دەژین جگە لە وەهم شتێکی دیکە نییە. بەڵام ڕیشەی ئەو وەهمبوونە لە کوێیە؟ هاوکات بۆ ئەوەی بچینە نێو (واقیع)ەوە و هاوسەنگییەك درووست بکەین چی کۆمەکمان دەکات؟ ئەی پێتوانییە بەو هاوسەنگبوونە لە (بوون)دا بەرجەستە بینەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** واقیعی کوردی زەمەنێکی لەگەڵ ترس و وەهمی ئەویدیکەی دوژمن بەسەر بردووە، بۆیە بەبێ وەهم و ترس هەڵناکات، واقیعێکە هەمیشە هەبوونی خۆی بەبێ وەهم و ترسی ئەویدیکە دەسڕێتەوە. ئەوەی بوونی کوردی و واقیعی کوردی لەسەری وەستاوە ئەگەر دوژمنیش نەبێ، دووبارە درووستکردنەوەی دوژمنە؟! کەواتە کوردی بێ ئەویدیکەی دوژمن بوونی لە نەبووندایە! دەمەوێ بڵێم ئەوەی دەلالەت لە سیاسەت و دەسەڵاتی کوردی دەکات، وەهم و ترسە لە ئەویدیکەی دوژمن.. بەبێ ئەو وەهم و ترسە دەبێ دووبارە پێناسەیەکی دیکە بۆ واقیعی کوردی بدۆزینەوە، بەبێ ئەو وەهم و ترسە کوردی ناتوانێ بژی... لە پرۆسەی ڕاپەڕین و دوای کشانەوەی دوژمن، لە دوای غیابی دارو دەستەی دوژمن، شەڕی براکوژی.. شەڕی کوردی کوردی بە ماوەیەکی کەم هەڵگیرسا!! شەڕی براکوژی هەر تەنها شەڕێکی سیاسی نەبوو، هەر تەنها شەڕێك نەبوو لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی و هەژموونگەرایی و هێزنواندن، شەڕی براکوژی شەڕێك

بوو، بۆ دووباره دروستکردنەوەی دوژمن! شەڕی براکوژی شەڕێك بوو، بۆ دووباره دروستکردنەوەی هاوسەنگی بوونی منی کوردی لەڕێگەی ئەویدیکەی دوژمنەوە، بۆ دووباره جێگیرکردنی واقیعێك کە لەلایەك وەهم و ترس رابەرایەتی دەکات و لەلایەکی دیکە دەبێتە پانتاییەك بۆ دووباره خۆ سەلماندن؟!

لێرەوە لە غیابی ترسی ئەویدیکە و لە غیابی دوژمن، واقیعی کوردی دەسەلاتی سیاسی کوردی بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێ بەردەوام لە داتاشینی دوژمنی وەهمیدایە! وەك دەبینن ئەمڕۆ واقیعی کوردی و دەسەلاتی سیاسی کوردی هەموو رەخنەگرتنێك دەخاتە خانەی دوژمن و دوژمنایەتییەوە. دەسەلاتی کوردی پێیوایە هەموو رەخنەیەك دەستی دوژمنی لە پشتە، هەموو بەدواداچوون و ساغکردنەوە و هەلسەنگاندنێك ئەگەرچی نیشتمانپەروەرانە و دلسۆزانەش بێ، بەلام ئەو بە فیتی دوژمنی دەزانێ، پێیوایە هەموو ئاماژەکردنێك بە گەندەلی و نادرووستی بەرێوەبردن، هەموو ئاماژەکردنێك بەفیڕۆدانی سەرمایەی نیشتمانی... لە دوژمنەوە سەرچاوە دەگرێ....

لێرە پرسیاری من ئەوەیە ئایا ئەو دیدە جگە لە خۆدوورخستنەوە لە ئەویدیکە چاودێر و بەهەند هەلنەگرتنی ئەویدیکەی رەخنەگر، جگە لەخۆ بەپیرۆز تەماشاکردن و ئەویدیکە بە دوژمن دانان چی دیکە دەگەیەنێت؟ ئایا ئەو تێڕوانینە جگە لە وەهم ناوێکی دیکە قبول دەکات! واقیعی سیاسی کوردی لەوێوە دووچاری وەهم دەبێ، کە خۆی لەسەرووی هەمووانیدا دەبینێ و پێیوایە دەشێ لەبری هەموو قسان بکا و بیر بکاتەوە و بڕیار بدات.. لەوێوە کە خۆی بە باشترو شیاوتر و پیرۆزتر لە هەمووان دەبینێ.. دەسەلاتی کوردی لەوێوە تووشی بە وەهمبوون دەبێ کە پێیوایە ئەوەی ئەو دەیلێ شازی گوتن و کردە و جێبەجێکردنە، لەوێوە کە بوونی خۆی وەك پێویستییەکی واقیعی سەردەم دێتە بەرچاو، ئیتر پێیوایە لە دەرەوەی بوونی ئەو، لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەو، لە دەرەوەی هێز و رووخساری فریادرەسانەی ئەو،،، کوردی تووشی لەناوچوون و رەشبوونەوە و نەبوون دەبێتەوە!!

دەسەڵاتی کوردی لە وەهمی دوژمندا دەژی، پێیوایە ئەگەر هێزی ئەو نەبێ ئیتر دوژمنی کورد لە هەموو لایەکەوە سەر دەردێنن و کورد بە گەورەو بچووکەوە هەڵدەلووشن؟! لێرەوەیە کە دەڵێم واقیعی کوردی لەڕێگەی وەهمەوە هاوسەنگی بوونی خۆی دەدۆزێتەوە، لەڕێگەی وەهمەوە بوونی خۆی جێگیر و پتەو دەکات، لەڕێگەی وەهمەوە بەردەوام ترسی ئەویدیکەی بەرجەستە دەکاتەوە.

واقیعی کوردی بەبێ وەهم دەکەوێ، بەبێ بەوەهمبوون بوونی نییە، بەبێ وەهم هەڵناکات، ناتوانێ بژی و ناتوانێ گەشە بکات، واقیعی کوردی لەسەر بەدگومانی هاوژیانی دەکێشێ، لەسەر بەدگومانی مامەڵە لەگەڵ ئەویدیکەی دەرەوەی دەسەڵات دەکات. لە بەگومانییەوە گومان لە دڵسۆزان و نیشتمانپەروەران و تێکۆشەرانی دەکات؟!

سازدانی: رابەر فاریق
٢٠١٠/١٢/٣٠
هەولێر

## تەوەرەی نووسین و خودکوژی

### گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

**پ١/چی کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی بزانین کە نووسەر لەڕووی جەستەیی، یاخود رۆحی لەنێوچووە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ژیان بەردەوام ماناکانی خۆی لە ململانێی نێوان عەقڵ و واقیع هەڵدەگرێتەوە، تۆ دەتەوێت بەشێوەیەکی زۆر سادە ئەو ململانێیە داپۆشیت ئەگینا چۆن لەنێوچوونی جەستەو رۆح هاوواتا دادەنێیت. ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەت لەنێوچوونی نووسەر بێت، پێویست بەوە ناکات بە دەستەواژەی جەستەو رۆح پرسیارەکە ئاڵۆز بکەیت. ئەگەر نیازت لە ململانێی جەستەو رۆح بێت، ئەوە وشەی (یاخود) لەو نێوانەدا وشەیەکی زیانبەخشە و پێویستی بە قەلاچۆکردن هەیە.

لەنێوان ئەوەی نووسەر وەك جەستەو رۆح لەنێودەچێت و لەنێوان ئەوەی جەستەو رۆح لە ململانێی بەردەوامدا مانا بە ژیان دەبەخشێت، دوو جۆر لە تێگەیشتن هەیە یەکەمیان مرۆڤ وەك گشت سەیر دەکات. دووەم لەسەر بنەمای نێودژی درووست بووە. یەکەمیان دەرئەنجامە. دووەم هۆکارە.

قسەکردن لەوەی نووسەر وەك دەرئەنجامێك لەنێودەچێت، جیاوازە لەوەی لەڕێگەی نێودژییەکانی دەرەوەو ناوەوەی خۆی تووشی جۆرێك لە بێهودەیی و بێ مانایی ژیان دەبێت و کۆی پەیوەندییەکان بە ژیانەوە دەپچڕێنێت. لێرە قسەکردنی من لەسەر لەنێوچوونی نووسەر بە مانا نێرگزی و دەروونییەکە تەعبیر لە موعاناتی هەڵنانی وشە وەك مەسەلەیەکی ئیبداعی دەکات، تەعبیر لە موعانات لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ ئاستی

هوشیاری کۆمەڵگا.. کۆی ئەو حاڵەتانەش لەسەر بنەمای نێودژییەکانی ناوەوە دواجار هەستکردن بە نامۆیی لێدەکەوێتەوە، دەمەوێت بڵێم ئەو لەنێوچوونەی لێرەوە قسەی لێدەکەم پەیوەستی دەکەم بە نامۆبوونێکی پۆزەتیفەوەو وەك چۆن ئەو نامۆبوونەش راستەوخۆ پەیوەندی بە دوورکەوتنەوەو کشانەوە لە ژیان هەیە، بەو مانایە تێکچوونی پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگاو دەوروبەر دەبێتە هۆی جیابوونەوەو چوونەوەی کەسی نووسەر بۆ ناوەوەی خۆی، لە لایەکی دیکە ئەو گۆشەگیری و چوونە ناوەخۆیە لەو کەسانەش دەردەکەوێت کە مەیلی ئاییني و هەڵگری غەریزەی سادیین، یان ئەوانەی دووچاری نەخۆشییە دەروونییەکان دەبن، بۆ نموونە هەڵگرانی غەریزەی سادی لەبەر ئەوەی ناتوانن تەعبیر لەخۆیان بکەن دوژمنایەتیەکەیان بۆ ناوەوەو دەگوازنەوە...هەروەها جۆرێك لە خەمۆکی کاتی هەیە کە بەهەمان شێوە کەسی تووشبوو هەست بە نامۆبوون دەکات.

بەڵام چەمکی نامۆبوون چەندان پێناسەی جیا جیای لە بوارە جیاوازەکانەوە بۆ کراوە، بۆ نموونە لای هەریەك لە (هۆبز) و (لۆك) نامۆبوون لەڕووە پۆزەتیفەکەی کردەیەکی ویستخوازانەو ئازادانەیە، هەر لەوێشەوە پەیوەندی بە داهێنانەوە دەکات. بەمجۆرە نامۆبوونی پۆزەتیف لەلایەك لەڕێگەی خودئازادییەوە داهێنانی لێدەکەوێتەوە، لەلایەکی دیکە ئەوەی نامۆبوون و داهێنان بە یەکەوە دەبەستێتەوە ئەو دڵەڕاوکێ قوڵەیە کە کەسی (نامۆ/داهێنەر) لەگەڵیدا دەژیت، دەرئەنجامی ئەو دڵەڕاوکێ قوڵەش دواجار لە خەیاڵدا خۆی دەدۆزێتەوە، بە مانایەکی دیکە لەڕێگەی خەیاڵەوە خود لە دنیای دەرەوە جیا دەبێتەوەو. هەر لەڕێگەی ئەو جیابوونەوەو کشانەوەیە دەتوانین سکێچێك بۆ لەنێوچوون بکێشین بەو مانایە لەنێوچوون یان کشانەوەو جیابوونەوە لە ژیان، جیابوونەوە لەو ماناو دەلالەتە باوانەی کە سنورەکانی ژیان دیاری دەکات نزیکبوونەوە لە رۆح دەگەیەنێت.

رۆح لای (هیگل) بکەرە، جەوهەری رۆحیش داهێنانە و ماهیەتەکەی ئازادییە. لێرەوە دەمەوێت بڵێم ئەو لەنێوچوونەی کە باسمان کرد لە پرۆسەی داهێناندا تەعبیر لە

ئازادبوونی ڕۆح دەکات، ئازادبوونی ڕۆحیش بە خاڵی ڕاستەقینەی داهێنان دادەنرێت، بەڵام ئەو لەنێوچوونە پرۆسیسێکی کاتییەو جارێکی دیکە کەسی داهێنەر بۆ ژیان دەگەڕێتەوە، بەو مانایە نووسین دەبێتە ئامرازێك یان چارەسەرێك دژ بە کۆمەڵێك چوارچێوەی ئامادەو تەگەرەی دەروونی، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتە شیکردنەوەی دەروونی کەسی نووسەر بە کەسی نێرگزی و عوسابی ناو دەبات.

**پ٢/ ئەگەر نووسین ڕۆنانی دنیایەکی دیکە بێت بە وشە، دەکرێت خودکوژی دەلالەت لەوەها حاڵەتێك بکات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** خودکوژی دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە بە پێی کەلەپورو ئاستی هوشیاری و جیهانبینی کۆمەڵگا دیدو بۆچوونی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بە مانایەکی دیکە خودکوژی مەسەلەیەکە پەیوەندی بە تاك و کۆمەڵگاوە هەیە، بۆ نموونە نەگونجانی تاك لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگا و هەستکردن بە گۆشەگیری و دوورکەوتنەوەو نێرگزییەت، لە لایەکی دیکە لەو کۆمەڵگایانەی کە گۆڕانکارییە خێراییەکانی سەردەم بەرێوەیان دەبات، تاك هەستدەکات توانای ئەوەی نییە فریای وەدەستهێنانی ئاوات و خەونەکانی بکەوێت...

بەجۆرە خودکوژی لە یەکەمیاندا وەڵامدانەوەی گۆشەگیرییەو دەکەوێتە ناوەوە، لە دووەمیان وەڵامدانەوەی کرانەوەیەو دەکەوێتە دەرەوە. یەکەمیان ڕەفتارخوازی بەرێوەی دەبات، دووەمیان فەزایەك لە بێهودەیی، دواجار بە نەخۆشە دەروونییەکان و مادە بێهۆشکەرەکانەوە بەندیان دەکات.

بەڵام ئەگەر لەڕووی فەرهەنگییەوە سەیری بکەین خودکوژی بە کردەیەکی ویستخوازانە تەماشا دەکرێت، بەو مانایەی کە کەسی خودکوژ دەیەوێت سنورێك بۆ ژیانی تایبەتی خۆی دیاری بکات. بەڵام لەڕووی پزیشکییەوە وێرانکردنی خود دەگەیەنێت، وەك چۆن لەڕووی یاساییەوە مەرگ دەبێ ئامانجی سەرەکی کەسی خۆکوژ بێت، نەك یەکێك بێت

له ئامانجه‌كان. (دۆركهایم) له‌ڕووی كۆمه‌لاَیه‌تییه‌وه پێناسه‌ی خۆكوژی كردووه‌و پێیوایه خۆكوژی ئه‌و مردنه‌یه كه ڕاسته‌وخۆ یان ناڕاسته‌وخۆ له كرده‌یه‌كی پۆزه‌تیف یان نێگه‌تیفه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت خودی خۆكوژ پێی هه‌لّده‌سێت.

ئاشكرایه كه پرسیاره‌كه به‌دوای ئه‌و ڕه‌هه‌نده زمانه‌وانی و پزیشكی و یاساییانه‌دا ناگه‌ڕێت، به‌لّكو به‌بڕوای من یان من حه‌ز ده‌كه‌م دوای ئه‌و نیشتیمانه نادیاره‌ی بخه‌م كه داهێنه‌ران درووستی ده‌كه‌ن. به‌ڕای من ئه‌و نیشتیمانه‌ش له‌سه‌ر خیانه‌تی به‌رده‌وامی زمان كار ده‌كات، ئه‌و نیشتیمانه‌ی كه داهێنه‌ران له‌ڕێگه‌ی خیانه‌تی زمان بونیادی ده‌نێن وه‌ك چۆن جیاوازییه‌كان ده‌نه‌خشێنێت، به‌دیوه‌كه‌ی دیكه به مانا (بارت)ییه‌كه‌ی جۆرێكیشه له خودكوژی. له‌و سیاقه‌دا بۆ ئه‌وه‌ی له‌به‌رانبه‌ر ده‌سته‌واژه‌ی نیشتیمانی نادیار و خیانه‌تی زمان و په‌یوه‌ستبوونیان به خودكوژی دووچاری به‌دحالّیبوون نه‌بین، هه‌ولّده‌ده‌م هه‌ندێ له‌ڕوونكردنه‌وه بخه‌مه به‌رچاو هه‌ر له‌وێشه‌وه ده‌لّێم مه‌به‌ستم له نیشتیمانی نادیار نیشتیمانی داهێنانه، نیشتیمانێك كه به خاوه‌نبوون ڕه‌تده‌كاته‌وه‌و وه‌ك فه‌زایه‌ك بۆ جیاوازی، وه‌ك فه‌زایه‌ك بۆ هه‌لّنانی جوانی و چێژ خۆی ده‌نوێنێت، وه‌ك فه‌زایه‌ك بۆ بیركردنه‌وه‌و خه‌یالّی ئه‌ویدیكه، فه‌زایه‌ك كه زه‌مه‌ن تێیدا زه‌مه‌نی قولاَییه نه‌ك ڕووه‌كی، زه‌مه‌نی ستوونییه نه‌ك ئاسۆیی، فه‌زایه‌ك كه خیانه‌تی به‌رده‌وامی زمان نازی ده‌كێشێت...

كه‌واته خیانه‌تی به‌رده‌وامی زمان وه‌ك چۆن زمان له جیوه‌بوونیدا به‌رجه‌سته ده‌كات، به‌دیوه‌كه‌ی دیكه‌ش له‌سه‌ر ڕه‌تكردنه‌وه‌ی پیرۆزی و گۆڕانی به‌رده‌وامی ده‌لاله‌ت و ماناكان ڕاست ده‌بێته‌وه، ئه‌گه‌ر ڕووه ئاوێنه‌داره‌كه‌ی به جیوه‌بوونی زمان پڕشنگ و چێژ به‌خشین بێت، ئه‌وه دیوه‌كه‌ی دیكه‌ی یان ئه‌و دیوو ئاوێنه به تێكشكانی به‌رده‌وامی ماناو ده‌لاله‌ت ده‌كه‌وێته‌وه، تێكشكانێك كه دواتر له‌سه‌ر بونیادنانه‌وه دێته ناوه‌وه. تێكشكان و بونیادنانه‌وه‌ی به‌رده‌وامی ماناو ده‌لاله‌ت ئه‌گه‌ر له‌ڕووه‌ك له‌ڕووه‌كانیدا ته‌عبیری گۆڕانی به‌رده‌وامی له‌خۆدا هه‌لّگرتبێت، له‌ڕوویه‌كی دیكه‌ی دیكه‌ی خیانه‌ت نیشان ده‌دات، به مانایه‌كی

دیکە ئەگەر لەڕووە ئاوێنەییەکەی گۆڕانی ماناو دەلالەت نیشان بدات، ئەوە لەڕووەکەی دیکە خیانەتکردنە لە کۆی ئەو ماناو دەلالەتانەی کە پێشتر زمان لەسەری وەستا بوو، خیانەتکردنە لە کۆی ئەو پیرۆزییانەی کە کۆمەڵگا بنەما جێگیرەکانی لەسەر راناوە. ئیتر ئەوە خیانەتی زمانە کە سنورەکانی ماناو دەلالەتی باو دەبەزێنێ و وشە بە رووە جیاوازەکان و دەلالەتە جیاوازەکانییەوە دووبارە بەرجەستە دەکاتەوە و رەهەندی جیاوازییان پێدەبەخشێت. ئەگەر داهێنەر بڕوای بە خیانەتکردن و خەڵەتاندنی زمان نەبێت، بڕوای بە رووە جیاوازەکانی وشەو رەنگە جیاوازەکانی وشە نەبێت ناتوانێت جوانی و چێژ فەراهەم بکات. ئەگەر داهێنەر بڕوای بە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ماناو دەلالەت نەبێت، بڕوای بە لە نوێوە ناونانی شتەکان نەبێت هەرگیز پەی بەو نیشتیمانە نادیارە نابات، نهێنی داهێنان خیانەتی زمان بەڕێوەی دەبات خیانەتی زمانیش بەرئەنجامی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژیارییە، بەرئەنجامی ئەو هێزەیە کە لەسەر وێرانکردن و بونیادنانەوەی بەردەوام رادەبێتەوە، نەك هەر لەسەر منی دەقی گەورە راناوەستێت، بەڵکو لەپێناو خەڵقکردنێکی دیکەی هایدگەرییانە لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە هەنگاو دەنێت، لەپێناو گەڕان بەدوای جوانی بە مانا نیچەییەکەی..

لێرە لەو نیشتیمانە نادیارە نە بەیادهێنانەوە ئەرزشی بۆ دادەنرێت، نە منی سادی و نێرگزی و مازۆخی... لەو نیشتیمانە نادیارەدا زنجیرەی وشەکان لێکدەترازێن ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئیبداعە، بەو مانایەش بە مانا ئەدۆنیسییەکەی بە تەقینەوەی زمان دەگەین و دەق پارچە پارچە دەبێت و دەبێتە چۆڵاییەکی خەللاق ئەوەش دەقی (نیچە)بیمان بیر دەخاتەوە، دەقێك کە لە بەشتبوون رزگاری بووە، هەر بەو مانایەش نووسین دەشێ رۆنانی ناباو بێت لەبەرانبەر دنیایەکی باودا، خزین بێت بەرەو فەنابوون، هەڵاتن لە بوون بێت، عەدەم بێت، بەڵام هەرگیز هەڵاتن لە بوون تەعبیر لە ونبوون ناکات چونکە وەك بوون وجودی هەیە، نەشت نیە چونکە بۆخۆی شتە، وەك چۆن عەدەم نییە بە مانای کۆتایی،

بەڵكو ئەو عەدەمە جەوهەری زەمانە ئەگەرچی لە زەمان دەرناكەوێت، بەو مانایەش زەمان لە ئەژماركردنی جولەكانییەوە سەرچاوە ناگرێت وەك ئەرستۆ بڕوای پێهەبوو بەڵكو مرۆڤ لەڕێگەی خێراییەوە لەگەڵ زەمان دەجەنگێت، خێرایی بەرەو پێشەوەی دەچێت و زەمەن بەرەو دواوە.

كەواتە نووسین رووتكردنەوەو رەتكردنەوەیەكی رەهایە لەسەر خێرایی هەستكردن بە عەدەم دوودڵییەكانی داهێنەر بەرجەستە دەكات، دوودڵی لە نووسیندا دەبێتە چارەسەرێك كە دەنگی مردن رایدەژەنێت، بەو مانایەش دنیای نووسین لەو هێزە لەناوبەرە شەیتانییە بونیاد نراوە كە جێگیربوون قبوڵ ناكات. نووسین شەیتانییەتێكە لەسەر ئەژماركردنی جولەكانی زەمان ناوەستێت، بەڵكو جولەكانی زەمان دەهاڕێت. لە دنیای نووسیندا عەدەم زەمانەو زەمانیش عەدەم، كەواتە ئەو نیشتیمانە نادیارە لەسەر خیانەتی زەمان درووست بووەو خیانەتكردن لە زەمانیش كردەیەكی ویستخوازانەو ئازادانەیە بەو مانایەی كە كاتێك لە ئاستێكی باڵادا بە زەمان دەگەیت، كاتێك زەمان بەرەو ئاستێكی باڵا بەرز دەكەیتەوە نە منی غەرقی خیانەتەكانی زەمانت دەكات، ئا لەو كاتە دەق لە جیاتی نووسەری مردوو لە وجود دەردەكەوێت یان بە شێوەیەكی جیاواز لە دێكارت نووسەر دەڵێت: من مردووم كەواتە هەم، لێرەدا من هەمی نووسەر لەسەر حەقیقەتی ئەو گوتەزایە لەڕێگەی دەقی ئیبداعییەوە دەچێتە نێو نیشتیمانە نادیارەكەی داهێنانەوە.

**پ٣/ كەنگێ پرۆسەی خودكوژی تێكەڵاوی ئاگایی یان نائاگایی دەبێت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەو كاتە مرۆڤ هەست بە نامۆبوونی خۆی دەكات، كە هەست بە وەهمی تەفسیرەكانی خۆی دەكات، هەر لەوێشەوە دووچاری بێهودەیی ژیان دەبێت، هەستدەكات ژیان كۆت و بەندێكە تا سەر ئێسقان رۆچووە. كاتێك هەستدەكات چیدی مانایەك نەماوە دەستی پێوەبگرێت، ژیان گۆڕستانێكەو هەناسەی تێدا نادرێت.. ئیتر لەوێوە خودكوژی وەك كردەیەكی ساتەوەختی بۆ نووسەر بەمانا (بارت)ییەكەی و بۆ

کەسی خۆکوژ بە مانا یاساییەکەی دێتە ناوەوە، لە یەکەمیان مەرگ هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی دەق، لە دووەمیان مەرگ وەك ئامانجێکی سەرەکی تەماشا دەکرێت. لە یەکەمیان دەرکەوتنی دەق بە مانا ئیبداعییەکەی لە ئازادبوونی ڕۆحەوەیە، بەلاّم لە دووەمیان دەلالەتی ئازادبوونی ڕۆحی لە لەنێوچوونی جەستەوە سەرچاوە دەگرێ، لە هەردووکیشیان خۆکوژی وەك فریادڕەسێك دەردەکەوێت، وەك فریادڕەسێك لە دەرگای نائاگاییەوە خۆی نیشان دەدات تۆش دلّخۆشانە بەوپەڕی ئیرادەوە وەلاّمی دەدەیتەوە.

دەمەوێت بلّێم خودکوژی گەیشتنە بە ترۆپکی بێهودەیی و بێزاری، ئەگەر لای مرۆڤی ئاسایی ترۆپکی بێهودەیی و بێزاری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەسەلە دەروونی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکانەوە هەبێت، ئەوە بۆ نووسەر پەیوەندی بە کردەی نووسینی ئیبداعییەوە هەیە، بەو مانایەی کە کردەیەکە تەجاوزی باو دەکات. خودکوژی کردەیەکی ئالّۆزە وەك چۆن تەمەن و حالّەتی گۆشەگیری و خەمۆکی و دەوروبەر کاریگەری ڕاستەوخۆ هەیە، بە دیوەکەی دیکەش بە نیسبەت نووسەر گەیشتنە بە ترۆپکی ماناو کەشفکردنی مانایەکی دیکە، ساتەوەختێکە بەشێکی زۆری لەسەر نائاگایی وەستاوە، جۆرێکە لە نامۆبوون، ئەو کاتەیە کە هەستدەکەیت نامۆی بە شتە باوەکان. ئەو نامۆبوونە هەرگیز بە شێوەیەکی دەستکرد درووست نابێت بەلّکو پەیوەندی بە ڕۆحەوە هەیە، ئیتر ئەو ڕۆحە نامۆیە دواجار لە داهێناندا هەناسە دەدات، ئەو ونبوونە لەنێو باو لە داهێناندا خۆی دەدۆزێتەوە، بەو مانایەش خودکوژی جۆرێکە لە ئیستاتیکا، ئیستاتیکای خودکوژی بە مانا بارتییەکەی دەقی ئیبداعی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە لەبەر ئەوەی کردەی نووسین بەشێکی زۆری نائاگایی بەڕێوەی دەبات بۆیە خودی نووسەر بە شێوەیەك لە شێوەکان لەڕێگەی مەرگی خودەوە دەکەوێتە پەراوێزەوە هەر لەوێشەوە نیگاو خوێندنەوەی جیاواز دێتە بەرهەم و خوێنەر بەشداری داهێنەرانە لە پرۆسەکەدا بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەو مانایەش دەق لە بەخاوەنبوون ڕزگاری دەبێت، وەك

چۆن دەق بەردەوام نکۆڵی لە بەشتبوون دەکات، بە هەمان شێوەش لە منی نێرگزی و مازۆخی و سادی و منی بێگەرد دووردەکەوێتەوە.

لێرەدا خودکوژی وەك چۆن پەیوەندی بە فەزای بێهودەیی و مادە بێهۆشکەرەکان و نەخۆشییە دەروونییەکانەوە هەیە، بەدیوەکەی دیکەش راستەوخۆ بە ئیرادەی ئازادانەوە پەیوەستە، چونکە ئەوە ئیرادەی ئازادانەیە کەوا لە مرۆڤی ئازاد دەکات سنورەکان تەجاوز بکات، پەیوەندییە باوەکان رەتبکاتەوە و چوارچێوەکان تێکبشکێنێت و بەرەو گۆڕان هەنگاو بنێت. ئەوە ئیرادەی ئازادانەیە کەوا لە تاکی ئەکتیف دەکات توانەوە لەنێو کۆ رەتبکاتەوە... لەو بەدواداچوونەدا وەك چۆن قسە لە هۆکارە نەخۆشییەکان و مادە بێهۆشکەرەکان ناکەم، بەهەمان شێوە قسە لە شێوە تەقلیدییەکەی خودکوژی ناکەم، ئەو شێوەیەی کە رەگەزە بنەڕەتییەکەی لەسەر ئایین، یان لەسەر مەیلی ئایینی وەستاوە. بە مانایەکی دیکە من قسە لە خودکوژی لەپێناو ناکەم، خودکوژی لەپێناو خزمەتکردن بە کۆمەڵگا، لەپێناو کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان سیاقێکی دیاریکراو.

خۆکوژی لەپێناو و بە خەیاڵی یۆتۆپیا و ئەدیوو ژیان مەیلێکی ئایینی پێوە دیارە، بۆ نموونە لە گروپی قەشە (جیم جۆنز)ی کاسۆلیکی زۆر جوان بەرجەستەیە، ئەو قەشەیەی کێڵگەیەکی بە خەیاڵی بەهەشت لە مادەی بێهۆشکەر بۆ پەیڕەوانی دروستکردبوو، لەو کێڵگەیەدا بەشێوەیەکی بەرەڵایانە سێکسییان دەکردو مادەی بێهۆشکەرییان بەکار دەهێناو پێیانوابوو لە بەهەشتدان بۆیە ژیانی نێو ئەو کێڵگەیەیان بەو پەڕی بەختەوەری بەسەر دەبرد. بەڵام ئیتر دوای ماوەیەك دووچاری دامرکانەوەو نائومێدی دەبن، پاشان قەشەی ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٨) بە خۆکوشتن رازییان دەکات و (٩١٨) بەخۆکوشتن کۆتایی بەو نائومێدیەیان دەهێنن. هەروەها شەپۆلی رۆمانسیەتیش وەك دیاردەیەك لەو جۆرە خودکوژییە بەدەر نەبوو. لە هەندێ کۆمەڵگا خۆکوشتنی دوو ئاشقیش دەچێتە هەمان خانەوە.

لێرەوە دەمەوێت لەڕێگەی وشەی (لەپێناو) لەنێو دوو کەوانەدا بیرتان بخەمەوە کە کردەی داهێنان هەرگیز ناکەوێتە نێو نیازو مەبەستەوە هەر بەو مانایەش خودکوژی وەك داهێنان کردەیەکە وشەی (لەپێناو) ڕەتدەکاتەوە، یان بە مانایەکی دیکە هەرکە وشەی (لەپێناو) هاتە ناوەوە کردەی داهێنان بەتاڵ دەبێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو خودکوژییەی من قسەی لێدەکەم خودکوژییەکی هونەری و ئیستاتیکییە.

کەواتە بەرەو گۆڕبوونەوەی جەستەی مرۆڤی ئاسایی و بەرەو گۆڕبوونەوەی خودی نووسەر دوو شتی جیاوازە، من قسەم لە بەرەو گۆڕبوونەوەی جەستەیی نەکردووە، قسە لە مەرگی خودی نووسەر دەکەم، ئەو خودەی کە دەق لەبری دەردەکەوێتەوە.

**پ٤/خودکوژی پەیوەندی بە جورئەتەوە هەیە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** بێگومان ئەو کاتە جورئەت ئامادەگی دەبێت کە ئیرادە لەئارادا بێت و ویستی ئازادانە پێشڕەوایەتی بکات. دەمەوێت بڵێم خودکوژی لەوێوە بە جورئەتەوە پەیوەستە کە ویست و ئازادی بەڕێوەی دەبات، بێهودەیی و یاخیبوون بنەماکانی دادەڕێژێت. وەك چۆن تێگەیشتن و بۆ واقیع و ئاستی هوشیاری و دنیابینی سەرچاوەکانی دیاری دەکات. بە دیوەکەی دیکەش جۆرێکی دیکە لە خودکوژی هەیە تاکی باسیف پێی هەڵدەسێت و سۆزو خرۆشی دڵ رابەرایەتی دەکات و لەپێناو، یان سەرمەستی یۆتۆپیاو ژیانێکی نادیار ئەو مەیلەی تێدا دەچێنێت و هەر لەوێشەوە یاخیبوونی خۆی رادەگەیەنێت، بەڵام لەبیرمان نەچێ یاخیبوونی کەسی باسیف یاخیبوونێکی ئاڕاستەکراوە.

کەواتە خودکوژی لەڕێگەی بەریەککەوتنی عەقڵانیەتی دنیاو ناعەقڵانیەتی بێدەنگی دنیا، نێودژییەکانی ئەوەی مرۆڤ پێشبینی دەکات و ئەوەی لە واقیعدا روو دەدات دێتە ئاراوە. بەڵام دەبێ بزانین مەرج نییە ئەزموونی پوچی و خودکوژی دوو گوتەزای بەیەکهەڵکردووبن. واتە مەرج نییە هەمیشە وەك دال و مەدلولی یەکتر سەیریان بکەین، چونکە هەندێجاریش ئەو کەسەی کە دەرك بە بێهودەیی و پووچی بوون دەکات دواجار

دەگاتە ئەوەی کە ئیتر ماناکانی ژیان بۆ خۆی لە ململانێی عەقڵ و واقیعدا درێژ دەبێتەوە.

کامۆ پێیوایە ئەوە بەرە بەرە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیارییە کە بە بێهودەییمان دەگەیەنێت و لە ترۆپکی بێهودەییش بە حەقیقەتەکان دەگەین. ئەوەش بە جۆرێك لە جۆرەکان لە تێگەیشتن و بوونی هایدگەریمان نزیك دەکاتەوە، لای هایدگەر ئەوە تێگەیشتنە دەبێتە ئەرکێکی وجودیانەی وەها کە بوونی مرۆیی لە جیهان و تێگەیشتنی مرۆڤ لەو بوونە دەوڵەمەندتر دەکات. لێرەدا مرۆڤ بە پێی ئاستی تێگەیشتن و هوشیاری دەرك بە بوونی خۆی دەکات، هەر لەڕێگەی دەرککردنەوە یان بە مانایەکی دیکە لەڕێگەی هوشیارییەوە دەتوانێت هارمۆنییەتێك لەگەڵ ژیان درووست بکات. بەلاّم یاخیبوونی مرۆڤی ئازاد لە ژیان، رەتکردنەوەی ژیان وەك کامۆ دەڵێت: یاخیبوونێکی مێژووییە ئامانجی ئەو یاخیبوونەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئازادی و دادپەروەرییدا خۆی دەنوێنێت. هەڵبەتە یاخیبوونی کامۆیی پەیوەندی بە شۆڕشەوە نییە، شۆڕشێك کە لە فیکرەوە هەڵقولاّوە و ئامانجی تەنها لە گۆڕینی دەسەلاّتە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە. بەڵکو کامۆ یاخیبوون وەك ئەزموونێکی خودی سەیری دەکات. شۆڕش دەیەوێت مادەیەکی مێژوویی لە مرۆڤ درووست بکات، بەلاّم یاخیبوون جەخت لەسەر چەمکە مرۆییەکان و سروشتی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، جەخت لە مرۆڤی ئازادو تاکی ئەکتیف دەکاتەوە.

بەکورتی دەمەوێت بڵێم لە خودکوژی تاکی ئەکتیف، جورئەت رەگەزێکە لە رەگەزەکانی و ئامادەگی (خود/تێگەیشتن) بە مانا هایدگەرییەکەی وجودی هەیە، یان رەگەزێکە لە رەگەزەکانی مەعریفەی عەقڵی. بەلاّم خودکوژی تاکی باسیف لە وروژانی سۆزو خرۆشی دڵەوەیەو راستەوخۆ جورئەت دەجوڵێنێت. لە یەکەمیاندا جورئەت خۆی لە هارمۆنییەتی نێوان رەگەزەکاندا دەدۆزێتەوە، لە دووەمیاندا پاڵنەرێکی سەرەکییە. لە یەکەمیان جورئەت نکۆڵیکردنێکە لە جەختکردنەوە هەڵقولاّوە، لە دووەمیان جورئەت

نكۆڵیكردنێكی رەهایە. یەكەمیان كردەیەكی داهێنەرانە بەرهەم دێنێت، دووەم كردەیەكی عەدەمی كۆتایخوازە... دەمەوێت بڵێم ئەگەر یەكەمیان لە عەدەمێكەوە بەرەو عەدەمێكی دیكەمان بكاتەوە و ژیانیش لەوێوە درێژە بە فرەوان بوونی خۆی بدات، ئەوە دووەمیان كۆتاخوازەو ژیان لەویَ كۆتایی دێت. یەكەمیان چێژو مانای نویَ بە ژیان دەبەخشێت دووەمیان نەبوونی....

**پ٥/دەكریَ دەوروبەر بچنە نێو پرۆسەی خودكوژییەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** دەمێكە كۆمەڵێك مەسەلە بەردەوام قسەی لێدەكرێت لەوانەش ناكۆكییەكانی جیهان و بوون، مەغزا حەقیقیەكانی ژیان، پەیوەندیكردن لەگەڵ ئازادیدا، خەملاندنی شوێنگەی مرۆڤ و رۆڵی لە جیهان و كۆمەڵگادا... بەلاّم لەمڕۆی تەكنۆلۆژیا و پێشكەوتندا زیتر قسە لە فەزای پووچگەرایی و بێهودەیی و تریاك و نەخۆشییە دەروونییەكان و چێژ وەرگرتن لە ژیان و نێودژییەكانی ژیان دەكرێت، بە تایبەتی ئەو نێودژییانەی كە دەكەوێتە نێوان مرۆڤ و دەوروبەر، مرۆڤ و ناوەوەی خۆی..

لێرەدا دەشیَ قسە لەسەر دوو جۆر مامەڵەكردنی تاك و كۆمەڵگا بكەین: یەكەم تاكی ئەكتیف و كۆمەڵگای دواكەوتوو: ئەگەر كۆمەڵگا ئاستی هوشیاری ئەوەندە بەرز نەبێت ئەو تاكە بتوانێت خەیاڵ و بیركردنەوەكانی خۆی تێدا ممارەسە بكات، نێودژبوونەوەكە جۆرێك لە گۆشەگیری و نامۆیی لای كەسی هوشیار درووست دەكات. جۆری دووەم تاكی باسیف و كۆمەڵگای پێشكەوتوو: ئەگەر كۆمەڵگایەك لەرووی ژیاری و شارستانیدا لە پێشڤەچوون و گۆڕانكاری بەردەوامدا بێت، لەو حاڵەتەدا ئەو تاكە بە جۆرێكی دیكە هەست بە گۆشەگیری و نامۆیی دەكات.

بە مانایەكی دیكە دەمەوێت بڵێم لە هەردوو جۆردا پەیوەندیكردنی تاك لەگەڵ كۆمەڵگا دواجار نائومێدی بێهودەیی لێدەكەوێتەوە. لە یەكەمیاندا تاكی ئەكتیف لەوێوە دووچاری نائومێدی و نێرگزییەت دێت كە ناتوانێت لەرێگەی داهێناندا پەیوەندی خۆی بە

کۆمەڵگاوە رابگەیەنێت. لە دووەمدا تاکی باسیف لەوێوە تووشی پووچگەرایی و بێهودەیی دەبێت کە هەستدەکات دووچاری فەشەل بووە. لە لایەکی دیکە کۆمەڵگای دواکەوتوو تاکی داهێنەر بە لەرێ لادەر وەسف دەکات یان بە تەجاوزکەری سنورەکانی داب و نەریت گوناهباری دەکات، بەلاَم کۆمەڵگای پێشکەوتوو تاکی باسیف بە مشەخۆر وەسف دەکات و وەك شتێکی بێ سوود و زیادە سەیری دەکات.

تاکی داهێنەر لە واقیع یاخی دەبێت و واقیع رەتدەکاتەوە، بەلاَم تاکی باسیف دەبێتە بەندەی واقیع، واقیع رەتیدەکاتەوە... دواجار هەستکردن بە گۆشەگیری و نامۆبوون لای تاکی یەکەم فەزایەك بۆ داهێنان دەخەملێنێت، زۆرجار درووست نەبوونی ئەو فەزایەو نێرگزییەتی ئەو تاکە بەرەو خۆکوژی هەنگاو دەنێت. بەلاَم بە نیسبەت تاکی دووەم لەزۆربەی حاڵەتەکاندا لە بێهودەییەوە بەرەو هەلاَتن لە واقیع دەچێت، هەر لەوێشەوە بەحۆکوژی هەڵدەسێت.

بەمجۆرە نامۆیی تاکی داهێنەر لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو نامۆبوونێکی پۆزەتیفە ویستی ئازادانە رابەرایەتی دەکات، بەلاَم نامۆبوونی تاکی باسیف بە گشتی نامۆبوونێکی نێگەتیفە ئاراستەکردن بەرێوەی دەبات. دەمەوێت بڵێم گۆشەگیری و دوورە پەرێزی تاکی داهێنەر لەسەر ئەو دڵەراوکێ قووڵە وەستاوە کە لە پرۆسەی داهێنان سیماکانی دەردەکەوێت، بەلاَم گۆشەگیری و دوورە پەرێزی تاکی باسیف لەوێوە دێت کە ئاراستەکردن سیماکانی دەنەخشێنێت.

بە کورتی داهێنەر بەردەوام لە خەیاڵ و بیرکردنەوەدا خۆی دەدۆزێتەوەو هەر لەوێشەوە بە مانا بارتییەکەی پرۆسیسەی خودکوژی دەکات، بەلاَم تاکی باسیف هەندێجار لەژێر فشاری گۆرانکارییە خێراکانی سەردەم دووچاری پەرگیری و شێوان دەبێت و لە ترۆپکی بێهودەیی بە خۆکوژی هەڵدەسێت. بەمجۆرە دەشێ بڵێین خۆکوژی وەك چۆن ئیرادەی ئازادانەی تاك رابەرایەتی دەکات، بە جۆرێك لە جۆرەکانیش پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە.

لێرەشدا دەبێ قسە لە دوو کۆمەڵگا بکەین: کۆمەڵگایەکی داخراوو کۆنترۆڵکەر کە بە پێی ئاستی دنیابینی و بیرورای ئایینی تاکی باسیف ئامادە دەکات. کۆمەڵگایەکی کراوە کە گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم دەبێتە هۆی درووستبوونی فەزایەك بۆ پووچگەرایی و بێهودەیی. دەمەوێت بڵێم دەشێ مەیلی ئایینی کۆمەڵگاو خەیاڵی یۆتۆپی و ئەودیوو ژیانی نادیار... تاکی ئاڕاستەکراو سەرمەستی خۆکوژی بکات و تاکی باسیفیش وەك دەرئەنجامێك بەو بیرکردنەوەو خەیاڵە رازی بێت. بە هەمان شێوە دەشێ بڵێین ئەوە کۆمەڵگای شارستانی و کراوەیە کە لەسەر راوەدوونان و رەتاندنەوەی مرۆڤ کار دەکات، ئەوەندە مرۆڤ وەك پاشکۆی خۆی سەیر دەکات و خۆی بەسەردا دەسەپێنێت دواجار مرۆڤێکی شێواو، مرۆڤێك دەخاتەوە کە لە هەموو رەفتارە مرۆییەکەی کەوتووە، ئەو مرۆڤگەلە لە بێهودەییەکی موتڵەقدا دەژین و تاکە فریادرەسیان لەخۆکوشتندا دەبینەوە...

بەلاّم خودکوژی لەبەر ئەوەی کردەیەکی ویستخوازانەی ئازادانەیە لەبەر هەندێ ئەگەر تاك باسیف نەبێت کۆمەڵگا ناتوانێت بەپێی مەیل و بیرکردنەوەی خۆی ئاڕاستە و سەرمەستی بکات، بە دیوەکەی دیکەش لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ئەوە رەوتی گۆڕانکارییە خێراکانە کە فەزایەك بۆ بێهودەیی و پووچگەرایی دەسازێنێت، لە دووتوێی ئەو فەزایەوە هەندێ لە تاکەکان دووچاری دژبوونەوەو هەلاّتن لە ژیان دەبن و پەنا بۆ تریاك مادەی سڕکەر دەبن و دواتر بە حۆکوژی ژیانی خۆیان کۆتایی پێدێنن، واتە کۆمەڵگا ناتوانێت تاك ئاڕاستە بکات، بەلاّم ئەوە گۆڕانکارییە خێراکانن بۆشاییەك بۆ تاك درووست دەکەن... کەواتە هەر یاریکردنێکی کۆمەڵگا لەگەڵ تاك بە نیازی خستنە نێو چوارچێوەو ئاڕاستەکردن دەستبردنە بۆ ئازادی و شێوانی ئازادی لێدەکەوێتەوە.

سازدانی: رابەر فایق
٢٠٠٨/٩/٣ هەولێر

## تەوەرەی سادەگۆیی و هیچ نەگوتن لە ئەدەبدا

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

**پ/ لە کاتێکدا تێکستە گەورەکانی دونیا زادەی مەعریفەن نەك ئیلهام، کەچی نووسەری ئێمە کەم دەخوێنێتەوەو زۆر دەنووسێت، نووسینی دوای ئەم هەموو نەخوێندنەوەیە رۆشنبیریی کوردی و بە تایبەتیش ئەدەبیات بەرەو سادەگۆیی و هیچ نەگوتن نابات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەگەر بمانەوێت هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو پرسیارە بدەین دەبێت لەو دوو پێگە سەرەکییەوە قسە بکەین کە بە دەوری هەریەك لە چەمکی مەعریفەو ئیلهامدا دەخولێتەوە، چونکە وەك لە پرسیارەکەدا هاتووە تێکستی گەورە زادەی مەعریفەیە، بەلاّم هیچ نەگوتن و سادەگۆیی دەکەوێتە دووتوێی ئیلهامەوە، لە لایەکی دیکە من نازانم تێکستی گەورە چ پەیوەندییەکی بە نووسەری گەورەوە هەیە، یان چ پەیوەندییەکی بەو تێکستە پیرۆزانەوە هەیە کە لە داستانە گەورەکانەوە درێژ دەبنەوەو سنورەکان دەبڕن، یان ئەوانەی بە زمانێك دەنووسرێن، زمانێك کە لەسەرووی زمانە لۆکاڵییەکانن؟!

بە کورتی من نامەوێت بچمە نێو وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارەی بەرێزتانەوە، چونکە زۆر لە نووسەران لە وەلاّمی ئەو پرسیارەدا هەندێك کێشەیان خستۆتە روو، ئەگەرچی من بیروڕای جیاوازم لەبارەی هەندێك لەو وەلاّم و خوێندنەوانەوە هەیە، بەلاّم هەرچۆنێك بێت هەرکەس بەپێی بۆچوونی خۆی بەشێك لە گرفتەکانی بەرجەستەکردووە...

لێرەدا بە گرنگی دەزانم کە هەوڵبدەم قسە لـە ئیشـکالیەتی بەشـێکی ئـەو پرسـیارە بکەم، دیارە ئەوەی کە راستەوخۆ بەرەو ئەو ئاراستەیەشم دەبات قسە کردنە لـە داهێنــان، بەڵام نەك بە مانای دەقی گەورە، هەرچەندە ئەوەی من لەو پرسـیارەی بـەرێزتان گەیشـتبم ئەوەیە کە تۆ پێتوایە ئیبداع یان وەك خۆت دەڵێیت (دەقی گەورە) زادەی مـەعریفەیە نـەك ئیلهام، ئەوەو وەك گوتم سەرەرای ئیشکالییەتی دەقـی گـەورەو نووسـەری گـەورە... (رۆلان بارت) دەڵێت لە پاش مردنی (مۆریاك و ڤالێری و مـالرۆ و ئـەراگۆن) نووسـەری گـەورە رەنگە کەمترین قسـەی لـەبارەوە نـەکرێت... ئـیتر ئەگەرچـی داهێنـان لـە پێناسـەیەکی دیاریکراودا کورت ناکرێتەوە، بەڵام بە گشتی دەشێ لەگەڵ (ئەریك فـرۆم) یەکبگرینـەوە کە دەڵێت: داهێنان بەرهەمهێنانی شتێکی نوێیە، هـەروەها ئامـانجی سـەرەکی داهێنـان (ئەگەر وشەی ئامانج هیچ گرفتێك بـۆ تێگەیشـتن لـە داهێنـان و ئیسـتێتیکای ئیبـداع دروست نەکات) هێنانەناوەوەی کۆمـەڵێك پەیوەندی نوێیە کە پێشتر لە ئارادا نەبووە، هەر لەوێشەوە فیکر لـە کـۆی ئـەو کـۆت و بەنـدە کۆنانـە رزگـار دەبێـت کـە تەقلیدییـەت دەیسەپێنێت، لە لایەکی دیکە هەندێك لەو چەمکانەی کـە راسـتەوخۆ پەیوەنـدییان بـە داهێنانەوە هەیە (کەشـفکردن) و (پـەیپێبردن) و (خـەیاڵ) دەگرێتـەوە، هـەر لـەو سـێ چەمکەشەوە داهێنان دەبێتە هەڵگری جۆرێك لە گومان و سەرسوڕمان، لە پشت کۆی ئەو گومان و سەرسوڕمانەشەوە ئەزموون و رەهەندی مـەعریفی، دنیـابینی دروسـت دەکـەن. لێرەدا دەمـەوێت بڵـێم ئەگـەر بەشـێکی داهێنـان لـەمیانی ئەزموونـەوە پەیوەنـدی بـە مەعریفەوە بکات، ئەوە بەشێکی دیکەی داهێنان لەرێگـەی خەیاڵـەوە لـە ئیلـهام نزیـك دەبێتەوە، هەڵبەتە قسەکردن لە ئیلهام بەرای من ئەگـەر پێشـتر قسـەکردن بووبێـت لـەو شەیتانەی لە پشت نووسەرەوە کار دەکات، یان بە مانایەکی دیکە نووسەر دەخاتـە فـەزای نووسینەوە، قسەکردن بووبێت لەو جنۆکـە وەهمییانـەی کـە نووسـەر بـەرەو وێڵگـەکانی نووسین دەبەن، ئەوە ئەو شێوەیە لە تێگەیشتن ئەمرۆ کەس بە لایدا ناڕوات، لێـرەوە دەشـێ

تەرجەمەیەکی دیکەی ئەو حاڵەتە کاتی و بەسەرچووەی ئیلـهام راسـتەوخۆ لـە خەیاڵـەوە هەڵگرینەوە، بە مانایەکی دیکە دەمەوێت بڵێم بە رای من قسەکردن لە ئیلهام دەشـێ بـە شێوەیەك لە شێوەکان لە چـەمکی خـەیاڵ نزیـك بکەینـەوە، بـە کـورتی دەمـەوێت ئـەو ئیلهامەی نێـو پرسـیارەکەتان لـەو تێگەیشـتن و کلێشـە نەریتگەراییـە ئایینییـە کۆنـە بکەمەوەو تەرجەمەی خەیاڵی بکەم، بەو مانایەش ئیلهام وێنـەگرتنی خەیاڵـە لـە کـاتی لەدایکبوون و لە ترۆپکی دەروونشانەوەو لە سـاتەوەختی کـاری خەیاڵکردنـدا، ئیلـهام ئـەو ساتەوەختەیە کە خەیاڵ کارایەو کار لەسەر کراو نییە، لای من ئیلهام لە جەوهەردا جگـە لە چوونە نێو خەیاڵ شتێکی دیکە نییە، دواتر هەر لەڕێگەی خەیاڵیشەوە لە یـەکێك لـە پێگە سەرەکییەکانی داهێنان نزیك دەبینەوە کە جوانییە، دەمەوێت بڵێم بەهای جوانی لەو شوێنە نییە کە تۆ باسی دەکەیت و بە زادەی مەعریفەی دەزانیت، بـەڵکو لـە شـوێنێکی دیکەدا کار دەکات کە خەیاڵکراوە، ئەوەی ئیبداعی ئەدەبی و ئیبداعی زانسـتی لێکجیـا دەکاتەوە بـەهای جـوانی و بـەهای مەعریفییـە، بـەهای جـوانی لـە زانسـتدا لـە جـوان ئاراستەکردنی پرسیاردایە، بەڵام لە ئەدەب و هونەردا جوانی لەڕێگەی ئاگـایی خەیاڵـەوە وەك شتێکی نا حەقیقی دەردەکەوێت، ئاگایی خەیاڵیش لە ئازادییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆ ئەوەی خەیاڵ بکەیت دەبێت ئاگایی لە تەواوی واقیع ئازاد بێت، کەواتـە ئەگـەر بەشـێکی زۆری کاری ئەدەبی و هونەری لەمیانی جوانییەوە دەربکەوێت و جـوانی لـە پێکهاتـەکانی خەیاڵکردن بێت و خەیاڵکردن لـە پێکهاتـەکانی ئاگـایی بێـت و ئاگـایی پێویسـتی بـە پرۆسیسەکردنی ئازادییەوە هەبێت، ئیتر لێرەوە دەشێ ئەو فەزایەی کە سـاتەوەختی ئیلـهام لە دەرەوەی واقیع و لە نێو خەیاڵ درووستی دەکات راستەوخۆ فەزایـەك بێـت کـە ئـازادی نەخشی دەکات.

نووسەر بە مانا ئیبداعییەکەی یان دانەر، دەتوانێت وشـە وەك خـۆی چـۆن دەیـەوێت خەیاڵ بکات، خەیاڵی نووسەر هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، جگە لـە سانسـۆری خـودی

نووسەر نەبێت. بەجۆرە ئەگەر خەیاڵ لە واقیع جیا بێت و ئیبداعیش لەڕێگەی ئەو جیاوازییەوە پەیوەندی بە خەیاڵەوە بکات، ئەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ماوەی نێوان نووسەری ئەدەبی و خەیاڵ بەرتەسك بێتەوە، ئەوەندە رووبەری ئیبداع بەرفرەوانتر دەبێت. وەك دیارە ئەو هەڵگرتنەوەیە راستەوخۆ لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی (نیفەری)یەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: تا مەودای روانین بەرفرەوانتر بێت، رووبەری گوزارشتکردن بەرتەسك دەبێتەوە.

کەواتە ئەگەر تەرجەمەکردنی ئیلهام بۆ خەیاڵ تەرجەمەکردنێکی زۆر درووستیش نەبێت، بەلاّم کاتێك مەسەلەی ئیلهام دێتەناوەوە ئیتر ناتوانین بیر لە خەیاڵ و تواناکانی خەیاڵ نەکەینەوە، هەر لەو بڕوایەوە دەشێ بڵێم پرسیارکردن لە ئیلهام لە جەوهەری خەیاڵمان نزیك دەکاتەوە، هەروەها گرنگی خەیاڵیش لە دەقی ئیبداعی لەوەدایە کە دڵەڕاوکێ دەخاتە دەقەوەو دڵنیایی دەڵەقێنێت، هەر لەو ڕێگەیەشەوە فرە رەهەندی و خوێندنەوەی جیاواز لەدایك دەبێت. هەڵبەتە مەبەستم لە دڵەڕاوکێی وجودی نییە، بەڵکو ئەو دڵەڕاوکێ کارکەرەم نیازە کە جێگیربوون ناس ناکات و شیاو ناکەوێتەوەو بەردەوام چێژی پرس لە مرۆڤدا دەوروژێنێت. چونکە خەیاڵ جۆرێك لەسەرمەستبوونی پێیە، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە نادیاریشی لەخۆ گرتووە. ئەگەر یەکەمیان بە دواندنی وسبەلێکراوەکان پەیوەست بکەین، ئەوە دووەمیان ئەو رۆشناییە بنەڕەتییەیە کە راستەوخۆ رۆڵی سەرەکی لە کردەی خەڵقکردنی فەردانیەتدا دەبینێت.

بەلاّم زمانی زانستی کە تەواو زمانی مەعریفییە نموونەیی زمانی دەلالی رووتە، ئامانجی جووتبوونی وردی نێوان دالو مەدلولە، لێرەدا دال شەفافە، چونکە راستەوخۆ بەرەو مەدلولمان دەبات، بێ ئەوەی سەرنجمان بۆ دەریچەو فەزا و رەهەندەکانی دیکە رابکێشێ، بێ ئەوەی سەرنجمان بۆ خۆی رابکێشێ.

وەك گوتمان زمانی ئەدەبی لەڕێگەی خەیاڵەوە پڕە لە نادیارو وسبەلێکراوو پەناکردن، هەروەك بە رەگەزدۆزیو پۆلینکردنی ناعەقڵانیو هەڕەمەکییەوە سیخناخە، بە هەمان

شێوەش ڕووداوە مێژوویەکانو وەبیرهێنانـەوەی ئـازادو یادەوەریمـان بیردەخاتـەوە. بـەکورتی زمانی ئەدەبی زمانێکە بەردەوام دەکەوێتە ناوەوە، هەر تەنها زمانێکی دەلالی نییە، بەڵکو ڕووەکانی دیکەی گوزارشتکردنیش لەخۆ دەگرێت. زمانی زانستی زمانی مەعریفی تەواوە، یان بە جۆرێکی دیکە وەك (پۆل ریکۆر) دەڵێت: دەشـێ بڵـێین زمـانی زانسـتی بـە پێـی پێویسـت هەوڵـدەدا ئـەو فـرە ڕەهەندییـەی دەلالەتـەکان کـەم بکاتـەوە، واتـە ئـەو فـرە ڕەهەندییەی دەنگ بەرەو تاك دەنگی بکاتەوە، بـۆ ئـەوەی وشـەیەك یـەك تاکـە مـەدلولی هەبێت. بەلاّم بە پێچەوانەوە ئەرکی نووسینی ئەدەبی و هونەری ئەوەیە وا لە وشـە بکـات زێترین توانای بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەت هەبێت، پاشان نووسینی ئەدەبی هەوڵنادات ئـەو فرە دەنگییە فەرامۆش بکات، یان لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵکو هەوڵـدەدا باشـتر گرنگـی پێبدات و دەلالەتەکانی بەرجەستە بکات و وزەکـانی پـەرە پێبـدات، بـۆ ئـەوەی زمـان وا لێبکات تەواوی توانا و هێزی لە ئامادەباشی دەلالەتەکاندا هەڵگرێتەوە.

بەلاّم قسە کردن لە مەعریفەو زمانی مەعریفە قسەکردنە لە کردەی عـەقڵی، کـردەی عەقڵی دەشێ بە دوو شێوە وێنـەی شـتەکان بـە دەسـت بهێنێـت لەڕێگـەی هەڵچـوون و لەڕێگەی ئاساییەوە، کەواتە مەعریفە بەیەکگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەی خودی پەیپێبەرو پەیپێبراوە. بەمجۆرە کردەی عەقڵی بەرەو جەوهەری بابەتمان دەبات و لـەوێوە لـە حەقیقـەتی شـتەکان دەگـەین، بـەو مانایـەش مەعریفـە دەکەوێتـە دەرەوەی تەمومـژەوە، کردەیـەکی هوشیارانەیەو قسە لـە بابەتگـەلێکی دیـاریکراو دەکـات. مەعریفـە ڕاسـتی و ئامانجـە لەڕێگەی هەست و عەقڵ و ڕوونبینییەوە بـەدی دێـت، دەمـەوێت بڵـێم وەك چـۆن لـوك و ئەزموونگەرە ئینگلیزەکان بە بەرهەمی هەستەکانی دەژمێرن، لە لایەکی دیکە دێکـارت و سپینۆزاو لابینتز بە پێشبینی عەقڵییەوە بەندی دەکەن...

بێگومان مەعریفەی حسی دیاریکراو بابەتی دیاریکراوو هەسپێکراوی هەیە، هەروەها مەعریفەی حەدەسی عەقڵی ڕاستەخۆ گەیشتنی عەقڵە بە حەقیقەت یان بابەت، بێ ئەوەی

ناوەندیار یان پێشەکییەکان ڕۆڵی تێدا ببینن. لە لایەکی دیکە وەك دەزانین مەعریفەی بەڵگەئامێزو سەلمێندراو هەیە کە پشت بە پێدراوەکانی ئەزموون و شارەزایی دەبەستێت...

بە کورتی مەعریفەی تەواو دوو وێنەی هەیە یەکێکیان خودییە و شتەکان بەبێ تەمومژی و بە روونی وێنە دەگرێت، ئەویدیکەیان بابەتییەو شتەکان وەك خۆیان لە حەقیقەتدا چۆنن هەر بەو شێوەیە رەسم دەکات، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش بە پێویستم زانی بە دوای ئیشکالییەتی ئەو پرسیارەدا بچم.

هەڵبەتە بە گشتی دەزانم تۆ لەپرسیارەکەتدا زێتر مەبەستت ناوەڕۆك و دەرئەنجامەکانی مەعریفەیە نەك ئەو کردە زهنییانەی مەعریفەی لێدەکەوێتەوە، بەلاّم لەبیرمان نەچێت کە سەرچاوەی مەعریفە عەقڵە، کەچی ئەدەب و هونەر بە بێ ئیلهام (بەو مانایەی کە ساتەوەختی چوونە نێو خەیاڵە) قسەی لێناکرێت، وەك چۆن لەبارەی خەیاڵەوە قسە زۆرە، بە هەمان شێوە وەك دەزانین لە پێناسەی عەقڵ کۆمەڵێك رێباز و ئاینزا وەستاوە کە ئێرە شوێنی ئەو بەدواچووونە نییە.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم ئەگەر بەشێك لە داهێنان (ئەوەی تۆ بە دەقی گەورە ناوی دەبەیت ئەگەر راست بێت) پەیوەندی بە مەعریفەوە هەبێت، ئەوە بەشێکی راستەوخۆ پەیوەندی بە ئیلهام ( بە تەرجەمە خەیاڵ)ەوە دەکات. بەو مانایەش داهێنان جوڵەیەکی گفتوگۆئامێزی نێوان دیارو نادیارە. ئیبداع دانوستانی خەیاڵ و مەعریفەیە. بە دیوێکی دیکە وەك چۆن لە پشت هەموو پرسیارێکی جیدی مەعریفەی سەردەم وەستاوە، جوانیش بەهایەکە بێ خەیاڵکردن جێبەجێ نابێت.

دواجار وەك چۆن دەشێ بە کۆمەکی مەعریفە بەشێك لە سیماکانی داهێنان دەستنیشان بکەین، بە هەمان شێوە بە یارمەتی خەیاڵ نەبێت ناتوانین تامی داهێنان بکەین. کاتێك قسە لە تامی داهێنان و چێژبردنی نووسین دەکەین، بەومانایە نییە، کە وەك مەعریفە هەڵگری ئامانجو ئاڕاستەی دریاریکراو بێت، یان جوڵەکان لەڕێگەی زمانی

زانستییەوە بە کار بخات، هەر وەك بەو مانایەش نییە، کە بۆ خودی دەرئەنجامە حەقیقیەکانی خۆی بگەڕێتەوە، بەڵکو بەو مانایەیە کە هەموو سنورەکان دەبەزێنێ‌و هەوڵدەدا لەڕێگەی دواخستنەوە شتێکی دیکە دابهێنێ‌و تەواوی نیازەکان تەجاوز بکات‌و لە خەیاڵەوە گەمەکانی خۆی دابمەزرێنێ، لەوەی کە بەردەوام لە کرانەوەیەك بۆ کرانەوەیەکی دیکەو لە جیاوازییەك بۆ جیاوازییەکی دیکی جوڵە دەکات، ئەگەر لەمیانی ئەو وازییەدا چێژ بڕژێ، ئەوە لە ئارەزووکردنی ئەویدیکە و لە کلتوری کتێب و خوێندنەوەوە خۆشەویستی و داهێنان پراکتیزە دەبێ.

رۆژنامەی چاودێر
سازدانی: توانا ئەمین
هەولێر ٣٠ نیسان ٢٠٠٨

## تەوەری خەڵاتی ڤێستڤاڵی گەلاوێژ

**پ: وەك وەرگری خەڵاتی شیعر لەیـەكێك لەفێسشـتیڤاڵەكاندا لـەڕووی مەعنـەوەیو ڕووناكبیرییەوە چیی پێبەخشیویت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا:*** ئەمڕۆ لە هەموو جیهـان مەسـەلەی كێبڕكێـی ئـەدەبی و هونەری بە یەكێك لە مەسەلە گەرمەكانی نێوەندەكـە دێتـە ژمـاردن، نـەك تـەنها هـەر لەڕووی مادییـەوە بـەڵكو وەك دەزانـن لـەڕووی مەعنەوییـەوە وەك هانـدەرێكی سـەرەكی نووسەر و دواتریش خوێنەر تەماشا دەكرێت، ئەگەرچی ناشـێ لـە زۆر ڕووەوە ڤێسـتیڤاڵی گەلاوێژ بە هەندێ لـەو كێبڕكێیـە ئـەدەبی و هونەرییانـەی دنیـا بـەراود بكـەین، بـەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر لەڕووی نرخی ئەدەبی و ویژدانی ئەدەبی هەڵسەنگاندنی بابەتەكانی بە كۆمەڵێك ڕەخنەگری ڕاستگۆو هوشیاری ئەمڕۆی دنیای ئـەدەب و ڕۆشـنبیریی ڕاسـپێرن و لەڕووی مادی و مەعنەوییـەوە گرنگـی زیـاتری پێبـدرێت دەبێتـە یـەكێك لـە شوناسـە ئەدەبییەكانی میللەتی كورد، لەلایەكی دیكە ئەگـەر میللـەتی كـورد خـاوەن دەوڵـەت و دامودەزگای ئەدەبی و چاپ و پەخشی گـەورەی سـەردەمانە بووایـە ئـەوە وەك دیاردەیـەك دەیتوانی خرۆشان و وروژانی خوێنەرانیش فەراهەم بكات.

**پ: چۆن لە یانزە فێستیڤاڵە پێشوو دەڕوانیت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا:*** بەشێوەیەكی گشتی جێگەی شانازین، بەڵام لـە زۆر ڕووەوە كەموكوڕی بەرچاویان بەخۆوە دیووە، سەرەڕای ئەوەش هەتا ئێستا نەتوانراوە وەك پێویسـت

بە شێوەیەکی باش سوود لـە کۆبوونـەوەی ئـەو هـەموو ئـەدیب و نووسـەرە وەربگیرێـت، مەبەستم ئەوەیە دەشێ لەزۆر رووی جیا جیاوە ڤێستیڤاڵ بێتە مینەرێك نەك هەر تەنها بـۆ یەکتر ناسین بەڵکو بۆ قسەکردنی بەرفرەوان لە کۆی ئەو گرفت و ئیشکالانەی کە نێوەنـدە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی ئێمـە و دنیـای تـەنیووە، هـەروەها دەکـرێ بنکـەی ئـەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ کۆمەڵێك گرێبەست لەگەڵ داهێنـەرانی ئـەدەبی مـۆر بکـات چ بـۆ راستەوخۆ چاپکردن و بلاّوکردنەوەی بەرهەمەکانیان یان بۆ تەرجەمـەکردنی هەنـدێ لـەو بەرهەمە ئیبداعییانەی کە داهێنەران بەرهەمییان هێنـاوە و خـەلاّتکردنی بەشـێك لـەو بەرهەمانەش.. بەمەیش بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ لـەو ماوەیـەدا دەیتـوانی وەك بنکەیـەکی ئەدەبی نوێخواز کۆمەڵێك پەیوەندی پتـەو لەسـەر بنـەمای ئـەدەبی و بـیروڕا گۆڕینـەوەی رۆشنبیریی لەگەڵ ئەوانیدیکەی غەیرە کورد درووست بکات، هەر لەوێشەوە لەڕێگەی ئەو رێکەوتنەی نێوان نووسەران و وەرگێرانی کورد دەیتوانی نێوەندی ئەدەبیمان لە سـاغڵەمی دەقی ورگێڕدراو و دڵنیا بکاتەوە، کە بە بڕوای من ئەمڕۆ بە یەکێك لە گرفتە گەرمەکانی ئەو نێوەندەو تۆرانی خوێنەران لە خوێندنەوە دێتە ژماردن.

**پ: پرۆژەو رێنمایت بۆ فێستیڤاڵی دوانزەهەمین چییە؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا/*** بەڕاستی ئەو پرسیارە لە لایەك کاتێکی زۆری دەوێـت کـە بتوانیت خـۆت کۆبکەیتـەوەو بـیر لـە پرۆژەیـەك بکەیتـەوە، لـە لایـەکی دیکـە ئەگـەر پرۆژەیەکیشت بۆ فێستیڤاڵ هەبێت ئایا کەسانی نێو بنکەی گەلاوێژ خەمی بـەپرۆژەبوونی فێستیڤاڵی کردۆتە ئامانجی سالاّنە و توانیویانە لـەو بـارەوە نێوەنـدی ئـەدەبی بخاتـە نێـو مشتومڕو گفتوگۆی جیدییەوە، ئایا توانیویانە فەزایەك بۆ راوێژکردن و گوێگرتن فەراهەم بکەن؟!

لێرە من بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە لە دوو رووەوە قسە بکەم، یەکەم: تکایە بۆ ئـەوەی فێستیڤاڵ بتوانێت زێترین دەنگی جیاواز لەخۆی کۆبکاتەوە ژمارەی هەڵسـەنگێنەران لـەو

سیبیانە لاهوتیە کە بۆتە نەریتی ساڵانەی فێستیڤاڵ بۆ ژمارەیەکی زیاتر بەرفرەوان بکات، مەبەستمە بڵێم بۆ ئەوەی زۆرترین بیروڕای جیاواز لە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان کۆبکەینەوە پێویستە لیژنەی هەڵسەنگاندن لە پێنج کەسی کەمتر نەبێت، هەروەها لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکاندا زیاتر گرنگی بەکەسانی شارەزاو هوشیار لە بواری رەخنەی نوێی سەردەم بدرێت، لە لایەکی دیکە پێویستە بنکەی ئەدەبی خۆی لەو بنەبەستبوون و داخرانەی کە تێیکەوتووە رزگار بکات و هەمیشە خەمی ئەدەبی و ویژدانی ئەدەبی وەك پرنسیبێك بۆ کارکردن بخاتە پێشی پێشەوە تاکو بتوانێت راستگۆیانەیە قسەی خۆی لەگەڵ نێوەندەکەدا بکات.

لەلایەکی دیکە بەڕاستی بنکەی ئەدەبی پێویستە وەك دەزگایەکی رۆشنبیریی مۆدێرن بیر لەوە بکاتەوە خاوەنی باڵەخانەیەکی گەورە بێت، کە تەواوی پێداویستییەکانی تێدا فەراهەم کرابێت هەر لە چاپخانەی گەورەو مۆدێرن و گەلەری و هۆڵی سینەما تا دەگاتە شوێنی حەوانەی مێوانانی فێستیڤاڵ و چەندان کافتریاو باخچەی رازاوە، باڵەخانەیەك کە بشێ چەندان کتێبفرۆشی و شوێنی کەلەپوری تایبەتی و شوێنی ئینتەرنێت و چەندان هۆڵ بۆ پێشکەشکردنی باسەکان لەخۆ بگرێت، ئەگەرچی بیرکردنەوە لە فەراهەمکردنی شوێنێکی بەو چەشنە مۆدێرن رەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان مەحاڵ بکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر باڵەخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بە نموونە وەربگرین ئایا (١٠) ساڵ پێش ئێستا ئەویش لە مەحاڵەکان نەبوو، ئەگەرچی باڵەخانەی سەردەم زیاتر شوێنێکی بازرگانی دەچێت نەك رۆشنبیریی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی جێگای دڵخۆشییە.

**پ: بەبۆچوونی بەڕێزت فێستیڤاڵی گەلاوێژ توانیویەتی وەکو نەریتێکی روناکبیری ساڵانەقەڵەمە نوێو دەنگەکانی داهێنان بناسێنێت؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا:*** ئەگەرچی وەك پێویست نەبووە،بەڵام بە دڵنیاییەوە هەوڵی داوە، رەنگە بەشێکی زۆری سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵە بۆ پەیوەندی بنکە بە دەرەوەی خۆی

بگەڕێتەوە، بەشێکی بۆ نەریتی دەسەلاّتەکان و دەسەلاّتی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، مەبەستمە بلّێم هەتا ئێستا دەسەلاّتی باوکانە بەدەست بیگبرازەرەکانی نێوەندی ئەدەبییەو قەلّەمە نوێیەکانیش فەرامۆش دەکرێن، بێگومان ئەوەش بەرئەنجامی ئەو دەسەلاّتەیە کە فەرمانڕەوایی دامودەزگاکانی ولاّت دەکات. هەتا ئێستا ئەو کەنالاّنەی دەسەلاّتی دامودەزگاکانی ولاّت و دەسەلاّتی رۆشنبیریی بەیەکدەبەستێتەوە بیگبرازەرەکانن، ئیتر لە دەرەوەی بیگبرازەرەکان دەسەلاّتی بالاّ کەسێکی دیکە ناناسێت. جا بۆ ئەوەی هەمیشەو بۆ هەتا هەتایە دەسەلاّت بە دەست ئەوانەوە بێت ئیتر کۆمەلّێك میکانیزمی جیاواز بۆ پشتگوێخستنی نەوەی نویّ بەکار دەهێنن، ئیتر بۆ ئەوەی هەر تەنها خۆیان سەردەستە بن بەردەوام هەولّدەدەن قەلّەمی باسیف و نەوەی ئاڕاستەکراو بخەنەوە.، هەمیشە هەولّدەدەن بەشێوەو رەنگی جیاواز پاشکۆ بۆخۆیان بسازێنن، ئیتر لێرەوە نەوەی نویّ دووچاری کشانەوەو گۆشەگیری دەبێت، تووشی نائومێدی و نامۆیی دێت...

رۆژنامەی چاودێر
سازدانی: ئیدریس عەلی
٢٠٠٨/٩/٦

## نووسەر و شاعیرانی بە ئەزموون لە بارەی گەنجانەوە

### گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

چەند ساڵێکە، کە دەتوانین بڵێین لە دوای ساڵی ۲۰۰۰ەوەیە، لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێك گەنج دەرکەوتوون، ئەم نەوەیە، وەك هەر نەوەیەکی تر، تا ئێستە وەکوو پێویست لە لایەن شاعیرە بە ئەزموونەکانەوە نەخوێندراونەتەوە. بۆ ئەوەی ئەو جیاوازی و جوانی و جورئەتە تازەیە خامۆش نەبێت و شیعری کوردی هەردەم بدرەوشێتەوە، بە پێویستمان زانی چەند کەسێکی بە ئەزموون، کە پێشتر کەم تا زۆر لە بارەی ئەو نەوەیەوە نووسیویانە، یان ناویان هێناون، یانیش ڕقبەرایەتی و ناوچەچێتییان تێدا بەدی ناکرێت و دەزانن داهێنان و جیاوازیی هیچ نووسەرێك، بە داهێنان و جیاوازیی هیچ نووسەر و نەوەیەکی تر ناشاردرێتەوە، بیانخەینە نێو ئەم تەوەرەوە، دوای خوێندنەوەی وەڵامەکانیشیان، هەر یەکێکمان لە لایەن خۆمانەوە، ڕوانینەکانیان هەڵسەنگێنین، تا لە دواجاردا بزانین — بە گشتی — خاڵە ئیجابی و سلبییەکانی ئەم نەوە تازەیە لە نێو پرۆسێسی نووسینی بەرپرسیارانەدا کامانەن:

**پ/ کۆمەڵێك گەنج لە دوای ساڵی ۲۰۰۰ەوە دەرکەوتوون، کە دەتوانین بڵێین ئەمانە نەوەی دوای ۲۰۰۰ن. ئایا ئەم نەوە تازەیە لە چ لایەنێکەوە و تا چەند ئیزافەی خستووەتە سەر ئەدەبی کوردی؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** مەسەلەی نەوە نەوەبوون، پیر و گەنج لە نێوەندی ڕۆشنبیریی بە تایبەتی ئەدەب و هونەر مەسەلەیەکی کۆن و بەڕای من هەتا ڕادەیەکی

زۆریش ڕەنگە وەك چەمك فریای ئەمڕۆی داهێنان و خێراییەکانی سەردەم نەکەوێت. ئەوەی کە تا دوێنێ بە ململانێی نەوەکان ناویان دەبرد، زۆرتر مەسەلەیەکی سیاسی بوو، بەڵام دەبینین ئەمڕۆ هەتا لە ناوەندی سیاسیش وەك زاراوە و وەك چەمك تا ڕادەیەکی زۆر کاڵبوونەوەی پێوە دیارە. هەڵبەتە ئەو کاڵبوونەوەیە مەرج نییە پەیوەندی بە دەسەڵاتی باوکسالارانە و دیکتاتۆرانەوە هەبێت، بەڵکو دەشێ پەیوەندی بەو گۆڕانکاریانەوە هەبێت کە پۆست مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەپێچەوانەشەوە دەشێ دەسەڵاتە تۆتالیتار و دیکتاتۆرییەکان دەستیان لە کاڵبوونەوەی ئەو ململانێیەدا هەبێت، بەو مانایەی کە توانای قبوڵکردنی ئەویدیکە و قبوڵکردنی جیاوازی و ئازادییان نییە.

بەگشتی بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاری و داهێنانە خێراییەکانی ئەمڕۆی سەردەم و ئەمڕۆی پۆست مۆدێرنە بەشێکی زۆری کاڵبوونەوەی چەمکی کۆنەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە. ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە داهێنان نە دەیە و نەوە دەناسێت، نە پیرو گەنج ناس دەکات، بۆ نموونە دەشێ لە شیعردا رامبۆ وەك شاعیرێکی داهێنەری (گەنج) و لە فیکر و فەلسەفەدا "گادامێر" وەك بیریارێکی داهێنەری (پیر) وەرگرین.

وەك دەزانین لەسەرانسەری دنیا و بە تایبەتی لە نێوەندی ئەدەبی ئەوەی کە (نەوەی نوێ_ گەنج و لاو)ی نووسەری پێدەخرێتە پەراوێزەوە، مەسەلەی زمانە، نەك مەسەلەی توانای دنیابینی... هەروەها بەد تەئویلی ئەو فەزاو ڕۆشناییەیە کە ئازادی و جیاوازی لەخۆدا هەڵگرتووە. ئەوەی لە نێوەندی ئەدەبی کوردی نەوەی نوێی پێ گوناهبار دەکرێ، نە دەرخستنی قابیلیەتی دنیابینییە و نە لۆژیکی تەواو کردن. ئەوەی نەوەی نوێی پێدەخرێتە پەراوێزەوە دەرخستنی نووسینی نووسینەوە نییە، وەك چۆن کاریش لەسەر هەڵوەشانەوەی بەرهەمهێنانی نووسینی هیچ گەنجێك نەکراوە. ئەوەی هەمیشە نەوەی نوێی پێ بێنرخ دەکرێ، فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی تیرۆر، پارێزگاریکردنێکی دۆگماخوازانەیە لە زمان....

هەڵبەتە ئەگەر زمان (اللغە) هەڵگری توانایەکی زمانەوانی بێت، زمان (اللسان) سیستەمێکی زمانەوانی بنوێنێ و گوتن (الکلام) تایبەتمەندی بنوێنێ. بێگومان ئەدەب بەو مانایەی کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە خەیاڵ و دنیابینی و نەستەوە هەیە، لەگەڵ تایبەتمەندییەکان دێتەوە.. کەواتە زێتر بەلای گوتنەوە لاردەبێتەوە، یان بە مانایەکی روونتر زێتر بەلای شێوازی تایبەتییەوەیە. بەڵام نەك بەو مانایەی کە گوتن/شێواز ئاراستەیەکی ساویلکە و دیاریکراو لەخۆ بگرێت، بەڵکو بەو مانایەی کە زمان لە گوتندا شوێنێکە، ئاستە بەرزەکانی حەقیقەتی لێدێتە گۆ... ئەو شوێنەش وەك "هایدگەر" دەڵێ لە جیاوازی نێوان ئۆنتیك (الوجودی) ئەنتۆلۆژی (الموجودی)یدایە، ئەو جیاوازییە، جیاوازی نێوان دوو بوونەوەری لەیەك جیاواز نییە، بەڵکو بەگشتی جیاوازییەکی بنەڕەتییە لەنێوان بوونەوەر و هەبوون. جیاوازی ئۆنتیك و ئەنتۆلۆژی بەدوای پەیوەندی نێوان هەبوون و هەبوونی بوونەوەراندا دەگەڕێت... ئەو پەیوەندییە سیبانییەی نێوان هەبوون (الکینونە) و بوون (الوجود) و بوونەوەران (الکائینات) بۆخۆی بازنەی هیرمینۆتیکی لێدەکەوێتەوە، ئەو بازنەیە هەمان بازنەی هونەرمەند و کاری هونەری و هونەر دەگەیەنێت... لێرەوە "هایدگەر" دەڵێت کاری ئەدەبی و هونەری بەرێگەی تایبەتی خۆی هەبوونی بوونەوەران کەشف دەکات. ئەو حەقیقەتە کەشفکراوەی لەڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە دێتە دی، بە بازنەی جوانی ناو دەبات... بازنەی جوانی ئەو شوێنەیە کە بە مانا "گادامێر"ییەکەی یاری تێیدا روودەدات.

لە لایەکی دیکە حەقیقەت و زمان لە جیاوازی ئۆنتیك و ئەنتۆلۆژیادا لێکجیا دەبنەوە. کەواتە ئەو شوێنەی کە زمانی لێدێتە قسە، ئەو بازنە ئیستێتیکیەی کە زمان تێیدا قسە دەکات، خودی جیاوازییە. زمان ناتوانێت قسە نەکات، قسەکردن پرسیار کردنە لە ماهیەتی ئەوەی کە هەیە. هاتنە قسەی زمان خۆی دەخاتە نێوان پرسیار و ئەوەی پرسیاری لێدەکات. ئەو هاتنە قسەکردنە لەسەر وروژانی پرسیار وەستاوە و ئەسڵی

حەقیقەت دەردەخات. لێرەدا ئەگەر دووبارە تووشی ئیشکالی نەوەو نەوەکاری، گەنج و پیر نەبینەوە دەڵێم لەو خاڵە جیاوازەوەیە کە بەردەوام نەوەی نوێ لەڕووی زمانەوە تاوانیان دەخرێتە پاڵ، بەو مانایەش نایانەوێت دان بەوە دابنێن کە لە ئەدەبدا زمان قسە دەکات، زمانیش وەك "گادامێر" دەڵێ جیاوازی خۆی لە خۆیدایە، یان وەك "لاکان" دەڵێ نەست، لە شێوەی زمان بونیاد نراوە..

"سارا کرش" ئەمڕۆ بە یەکێك لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت... و شێوازێکی تایبەتی لە نووسینی شیعر و پەخشاندا هەیە، یان وەك رەخنەگران دەڵێن "سارا" لە نووسینی پەخشاندا بێ مەبەستانە وەك ئاو هەڵدەقوڵێت ئەوەش لەڕێگەی رێکخستنی ریتمی نیمچە بیرکارییانەوەیە، هەروەها بەردەوام لە فەنتازیای درووستکراو و هەڵبەستراو و ئامرازی گێڕانەوەی دیار دوور دەکەوێتەوە، هەوڵدەدات لەنێوان رستەیەك و یەکێکی دیکە جۆرێك لە گرژی درووست بکات. بەلاّم هەمیشە بە ئامرازێکی نەرم و قابیلی بیرکردنەوە رستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. "سارا کرش" لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانی کە ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵیدا کراوە دەڵێت: لەسەرەتای نووسینی شیعر هیچم لەبارەی پرنسیپە سەرەتاییەکان نەدەزانی، ئەو نەزانیینە یارمەتی دام وەك شەپۆلێك تەعبیر لە هەست و نەستی چەپێنراوی خۆم بکەم، رەنگە ئەگەر لەڕووی زمان و کێش و سەرواوە شتێکم زانیبایە دووچاری کپ بوون ببام. بە بڕوای ئەو، ئەوەی کە زۆر خۆی بەو مەسەلانەوە خەریك دەکات شاعیرە فاشیلەکانن، کە بەردەوام هاوار دەکەن چۆن وا دەبێ، ئەو بەکارهێنانە سەقەتە؟؟؟

لێرە دەبینین ئەو نەزانینەی "سارا کرش" رێگەی بۆ خۆش کرد قابیلیەتی دنیابینی خۆی و پرسیاری خۆی بخاتە روو، ئەو پرس و دنیابینییەی کە بەردەوام یاسا و رێساکان پەردە پۆشی دەکەن. کەواتە دەشێ بڵێین لە شیعر و ئەدەبدا زمان یەکێکە لەو چەمکانەی کە ناشێ یەکلا بکرێتەوە. لای دریدا ئەوەی کە ناتوانرێت یەکلا بکرێتەوە بۆ دوانەی

ناوەکی دوالیزمی فەلسەفییانە ناگەڕێتەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش لەبەرانبەرکێی فەلسەفییدا نیشتەجێیە و بەرەنگاری دەبێتەوەو دەیشێوێنی بیّ ئەوەی سێیەمینی بۆ دابنێت.

ئەوەی ناتوانرێت یەکلا بکرێتەوە، ئەوە نییە کە بەهیچ جۆرێك یەکلا ناکرێتەوە، وەك چۆن بەشێوەیەکی سادەش یەکلا ناکرێتەوەو چارەسەر ناکرێت... لای دریدا ئەوەی ناتوانرێت یەکلا بکرێتەوە چەمکی جیاوازییە. بەلاّم من دەمەوێت بلّێم ئەگەر زمان وەك چەمکی جیاوازی ئەوە بێت کە ناتوانرێت یەکلا بکرێتەوە، ئیتر لەوێوە ئەو هاوار هاوارەی لەسەر زمان دەکریّ، ئەگەر بەشێکی هەر زوو شێواز پوچی بکاتەوە، ئەوە بەشێکی دیکەی لەگەڵ زەمەن کاڵ دەبێتەوە... سەیرەکە ئەوەیە کە ئەو هاوار هاوارە لەسەر پرس و دنیابینی ناکرێت!! کەواتە لەسەر بنەمای جیاوازی ئەوەی کە تۆ پێیدەڵێت نەوەی ٢٠٠٠ بە دڵنیاییەوە لە بازنەی ئیستێتیکی و دنیابینی خۆیاندا دەخولێنەوەو بەپێی پرس و دنیابینی خۆیان حەقیقەتی سەردەم کەشف دەکەن و ئیزافەی خۆیان هەیە.

**پ/ لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە، کۆمەڵێك کتێبی شیعری بلاّوکراونەتەوە، هەروەها چەندین دەقیش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بلاّو کراونەتەوە، کە نووسەرەکانیان بە تەمەن گەنجن. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە شاعیرە باشەکانی ئەم نەوەیە بلّێین باش و بە خراپەکانیش هەروەتر، باشی و خراپیش بە لێکدانەوە و دوور لە ناوچەیێتی و هاوڕێتی و هەر پێوەندی و ڕقبەرایەتییەکی تری ناپێویست؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** گرفتی ئەدەب و هونەر لە باش و خراپیدا کورت ناکرێتەوە، دەبیّ بە تەواوی واز لەو دوالیزمە ئایین و دواتر سیاسییە بهێنین. دەبیّ بۆ قسەکردن لە گەنجەکان چەمکی ئازادی و جیاوازی بەرز بکەینەوە، بەلاّم نەك بە مانا ساویلکەکەیەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە خاوەن بنەڕەتێکی مەعریفی و ئیستێتیکییە، بەو مانایەی کە خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ پێش خۆیان دەکەن و فەزایەکی دیکە بۆ

تەئویلکردنی جیاواز و دەریچەیەك بۆ گوتنی زمان دەدۆزنەوە. لەبەر ئەوەی ئەدەب و هونەر وەك زانست سەر بە دابڕانی ئەبستمۆلۆژی نییە، کەواتە جوانی فیکرو مەعریفەی ئەدەبی و هونەری لە زنجیرەیەك داهێنانی بەدوایەکداهاتوو خۆی درێژ دەکاتەوە. لێرەوە قسەکردن لە (نەوەی نوێ) دەبێ قسەکردن بێ لە پرس و دنیابینی و تەعبیرکردنی جیاواز، دەبێ قسەکردن بێ لەو بازنە ئیستێکییەی کە لە پەیوەندییە جیاواز و هاوچەرخەکانەوە دێتە بەرهەم. دەبێ قسەکردن بێ لەو فەزا و ڕۆشناییەی کە تەجاوزی باو دەکات و سەردەمی خۆی بەرجەستە دەکات...

بە گشتی ئەوانەی ئەمڕۆ لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاّو دەبنەوە زێتر بەلای کالّ و گرچیدان، بیگومان ئەوە چەند پەیوەندی بە دەزگاو دامەزراوی ڕۆشنبیریی و چەند پەیوەندی بە گەنجانەوە هەیە، شتێکە قابیلی دراسەکردن و بەدواداچوونە!! چونکە بەبڕوای من ئەمڕۆی نێوەندی ئەدەبی کوردی و دەزگاکانی بلاّوکردنەوە بەشێکی زۆریان کار لەسەر بێنرخکردنی چێژی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەکەن، بەشێکی زۆریان هەست بە لێپرسراوێتی ناکەن و بازارێکیان بۆ بێنرخکردن و مەرگی ویژدانی ئەدەبی داناوە. کەواتە بەشێك لەو کالّ وگرچیە، دامەزراو و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانیانی ئەمڕۆی نێوەندی ئەدەبیان لە پشتە، وەك چۆن بەشێکی پەیوەندی پرسی لاوان و بەخۆ دوورخستنەوەی لاوەکانەوە هەیە!!

لێرەدا دەبینین نەوەی نوێ وەك فەزاو وەك ڕۆشنایی نەیتوانیووە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی ڕێگە بۆ جیاوازی و تەئویلێکی دیکە خۆش بکات، ئەوەش بە گوێرەی ئەو گەنجانەی لەو نێوەندە ئامادەییان هەیە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە نەخوێندنەوەو بەدوادانەچوون و بەشێکیشی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پەلەکردنەوە هەیە. لە پەیوەندی یەکەمدا لە بری بەرجەستەکردنی ڕۆشنایی وەك سێبەر خۆیان دووبارە دەکەنەوە، لە پەیوەندی دووەمدا ئەگەر سەلیقەی بەدواداچوون و لێوردبوونەوەیان هەبێت دەشێ ("سارا کرش")ێکی دیکەیان لێببێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە نەخوێندنەوەدایە چاولێکەری پەراوێزی دەخات،

بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بە پەلەکردنەوە هەیە دەشێ قوولّبوونەوەو ئەزموونی ئەدەبی راستی بکاتەوە. بەدیوێکی دیکەش دەرنەکەوتنی نەوەی نوێ لەرووی ئەدەبی و هونەرییەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە عەقلّی تۆتالیتاریانەو و دیکتاتۆریانەی نەوەی پێشووە دەکات، راستەوخۆ پەیوەندی بە قبولّنەکردنی ئازادی و جیاوازییەوە هەیە.

هەموو نەوەیەك توانای ئەدەبی خۆی لەرێگەی پرس و جیاوازییەکانی سەردەم و بەدواداچوون و لێوردبوونەوە بەرهەم دەهێنێ. توانای ئەدەبی لە سەلیقەی ئەدەبی و تێرامان و خوێندنەوەی ئەدەبییەوە دێتە بەرهەم... لێرەدا ناتوانین بلّێین نەوەی نوێ ئەو توانایەی تێدا بەدی ناکرێت، بێگومان توانای ئەدەبی و پرسی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەو مانایەی کە رێگە بۆ خوێنەر خۆش دەکەن، کارەکانیان وەك ئەدەب بخوێننەوە. بەلاّم لەبیرمان نەچێت توانای ئەدەبی بەرجەستەکردنی ئەو سیستمە ناوەکییەیە کە وا دەکات کاریگەری ئەدەبی شیاو بکەوێتەوە. هەلّبەتە لەو بارەشەوە دەبێ ئاماژە بە دوو دیدی جیاواز و مۆدێرن بدەین، یەکەمیان بۆچوونی سیمیۆلۆژیای بونیادگەرییە و دووەمیان بۆچوونی دیاردەگەرایی هیرمینۆتیکییە. لە یەکەمیاندا ئەوە کاری ئەدەبی یان دەقەکانن کە ماناو دەلالەتی زمان بەرهەم دێنن. لە دووەمیان ئەوە دانەر یان خوێنەرە مانای کار لە پەیوەندی زمان بە دنیاوە دێنێتە بەرهەم. زمانی دەق لە سیمیۆلۆژیای هیرمینۆتیکی لە خودەوە بەرەو دنیا ئاراستە ناکرێت، خود و دنیا لە بونیادی زمانەوە دێنە بەرهەم. بەلاّم لە دیاردەگەرایی هیرمینۆتیکی زمانی کار پێویستی بە بونیادی دال، یان سیستەمی نیشانە و هەبوونی شارەزایی هیرمینۆتیکی هەیە، کە رێگە بە بونیادی دال و سیستەمی نیشانە دەدات تەعبیر بکەن.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت جەختی لێبکەم خوێندنەوەو تەئویلە، خوێندنەوەو تەئویلیش لە بەدواداچوونی بەردەوام و شارەزایی و ئاگایی فیکر و مەعریفە دێتە بەرهەم، بەو مانایەش خوێنەری تەنبەلّ و ساویلکە، خوێنەری بنبەستوو... لە چوارچێوەیەکی داخراو

بەجێدەمێنێ، لە فەزایەك بەجێدەمێنێ كە سەردەم بەسەریدا تێپەڕیوە. كەواتە بەگشتی مەرج نییە نەوەی پێشوو بە تەواوی بتوانێ نەوەی نوێ بخوێنێتەوە، وەك چۆن گوناهێكی گەورەیە نەوەی تازە چاوی لە كۆمەككردنی نەوەی پێشوو بێت، چاوی لەوە بێت دەستیان بگرێت و رابەرایەتیان بكات... لەمڕۆی خۆشڕۆدا گوناهە نەوەی تازە لەگوێی ئاگردانی نەوەی پێش خۆی خەو بیباتەوە. ئەمڕۆ دنیای داهێنان لە ترۆپكدایە چ پێویست دەكات داوای یارمەتی لە بیگبرازەرەكان بكەین!! ئەوەی كە دەشێ فریای مەعریفەی ئەدەبی و دنیابینی شیعرمان بكەوێت پرسی ئازادی و داهێنانە، ئازادی و داهێنانی بوارە جیا جیاكانی ئەدەب و هونەر و فیكر و فەلسەفە...

**پ/ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی هەردەم لاواز و ڕاگوزەر بووە، بەلاّم دەبینین ڕەخنە و لێكۆڵینەوە لە هەمبەر دەقی شیعریی ئەو شاعیرە گەنج و تازانەدا لاوازترن. دەمەوێ بە وردیی تیشك بخەیتە سەر هۆكارەكان. بۆچی؟**

*عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا/* بەگشتی قسەكردن لە لاوازی رەخنەی ئەدەبی كوردی، راستەوخۆ قسەكردنە لە كۆی ئەو دەسەلاّتە تۆتالیتار و ستەمگەرەی كە دەستی بەسەر تەواوی جولە و هێز و دەسەلاّتەكانی كۆمەڵگادا گرتووەو بە هەموو هێزییەوە جیدیەتی رۆشنبیر و ئاستی مەعریفی و چێژی ئەدەبی و جیاوازی دەخاتە دواوە. قسەكردنە لە ئاستی رۆشنبیریی و ئەدەبی كۆی ئەو كەناڵ و دامودەزگا حزبییانەی دەسەلاّتیان بە دەستەوەیە. قسەكردنە لە ئاگایی كۆمەڵگایەك كە سیاسەت پارچە پارچەی كردووە. رەخنەی ئەدەبی لاوازە چونكە نووسینی كوردی كەوتۆتە سەر شەقامی حزبەكانەوە، چونكە چێژی ئەدەبی و رۆشنبیریی كوردی لە تەك شۆستەكان دەخەوێت. ئەو بازاڕەی ئەمڕۆ بە نێوەندی رۆشنبیریی ناودەبرێت، بازارێكە لەبری ئەوەی ئاگایی رۆشنبیریی و چێژی ئەدەبی و ئازادی و جیاوازی بەرێوەی بەرێت، سیاسەتی كوتلەكارانەو پەرگیرییانەی حزبی ئاراستەكانی دیاری دەكات، لەبری ئەوەی ئاستی مەعریفی و پرسی ئیستێتكی پێوانە بێت، پاڵەوانە پاسیڤ و درۆزن و

جنێو فرۆشەکانی بازاڕ بەڕێوە دەبەن و لێپرسراو و سەرانی حزبیش بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان یان بەپارەی ئەو میللەتە دەستخۆشییان لێدەکەن، یان بە قامچی حزبیانەیان نان بڕاو و سووك و ریسوایان دەکەن. کەواتە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی لاقەکراو دەژین، کۆمەڵگایەکی بێنرخکراو.

بەگشتی ئەمڕۆ میدیاکانی حزبی کوردی نەك هەر تەنها چێژی ئەدەبیان لەکەدار کردووەو هیچ بەهایەکیان بۆ رۆشنبیری ئازاد و جیدی و ئاستی ئاگایی و مەعریفی نەهێشتۆتەوە، بەڵکو بەردەوام هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئەو بازاڕەوە رۆشنبیریی بێنمود و نەخوێندەوار و دەم قەرەباڵغ پەروەردە بکەن. ئیتر لەو داگیرکارییە و لاقەکردنەدا لە کام نێوەندی ئەدەبی باسی مەعریفەی شیعری و ویژدانی ئەدەبی و ئاستی ئاگایی و رەخنەی ئەدەبی بکەین؟!

وەك دەزانین داهێنان و خوێندنەوە و رەخنەی ئەدەبی پێویستی بە فەزایەك لە تێگەیشتن و دنیایەکی جیاواز و ئازاد و ویژدانێکی ئەدەبی هەیە. داهێنان لە چرکەساتەکانی جیاوازی و ئازادییەوە دێتە بەرهەم، نەك لە فەزایەکی لاقەکراو، لە کۆمەڵگایەکی درووست رەنگدانەوەی دەبێ، نەك کۆمەڵگایەك کە بەگشتی ئاستی رۆشنبیریی لەخوار رۆشنبیریی حزبی بێ، نەك کۆمەڵگایەك حزب ئاراستەکانی دیاری بکات و حزب تا سەر ئیسقانی رۆچووبێ!! بەجۆرە بە بڕوای من حزبی کوردی یاری بێ ژمار بۆ پاسیڤ کردنی تاکی کوردی بەکار دەهێنێت، نەك هەر رەفتار بەڵکو خەیاڵیش کۆنترۆڵ دەکات.

**پ/ بۆچی لە زۆربەی کاتەکان و لە زۆربەی بڵاوکراوەکاندا دەقەکانی ئەو نەوە تازەیە رەت دەکرێنەوە، کە بڵاویش دەکرێنەوە، مەگەر چۆن، ئەگینا هەردەم سەرنووسەر، تەنانەت دەستەی نووسەرانیش وەکوو کۆمەك لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیان دەڕوانن و وەها مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. بۆچی لە نێو کورددا خودی دەق ناخوێندرێتەوە؟ داهێنان**

**پێویستی بە پێداهەڵگوتن نییە و بە هیچ شێوەیەك لە جوانییەکانی خۆی ناکەوێت، بەڵام بۆچی هەوڵی کوشتنی جوانییەکان هەردەم بەردەوامە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** **ڕەتکردنەوەی ئەویدیکە بەشێوەیەکی گشتی لە نێوەندی ئەدەبی کوردی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە قبوڵنەکردنی جیاوازی و ئازادییەوە هەیە، پەیوەندی بەکۆی ئەو عەقڵییەتە دەسەڵاتخوازەوە هەیە، کە دەیەوێت هەتا هەتایە دامودەزگاو کەناڵەکان موڵکی ئەو بن، پەیوەندی بە دەسەڵاتی تۆتۆلۆژیانەی باوکسالارییەوە هەیە. پەیوەندی بە بێنرخکردنەوە هەیە.**

**بێگومان ئەوەی کە جوانی و داهێنانی ئەویدیکە نابینێ و قبوڵی بیروڕای جیاواز و ڕەنگی جیاواز و تەعبیرکردنی جیاواز ناکات، دووچاری بنبەستبوون بووە. ئەو عەقڵیەتەی پێیوایە جگە لە سێبەری ئەو شتێکی دیکەی جیاواز وجودی نییە، لە گوێی گادا خەوتووە. دنیای ئەمڕۆ جیاوازی و گۆڕان بەڕێوەی دەبات، نەك سەربەرزییەکانی دوێنێ و خەونی ئەمڕۆی بەر ئاگردان.**

**پ/ بۆچی زۆربەی نووسەرە بە ئەزموونەکان (ڕەخنەکار، شاعیر، لێکۆڵەر، نووسەر) تا ئێستە لە بارەی ئەزموونی ئەم نەوە تازەیە، بە جددی نانووسن و نەیاننووسیوە، تەنانەت مەگەر چۆن، ئەگینا ئاماژە بۆ ناوەکانیشیان ناکەن. بۆچی؟ دەتوانیت ناوی ئەو گەنجانەمان بۆ بنووسیت کە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** **ئەو بە جیدی نەنووسینە ناشێ بە شێوەی کۆ بخرێتە ڕوو، بەبڕوای من هەمیشە کەسانێك هەن، کە ویژدانی ئەدەبیان ڕێگەیان پێنادات بە جوان بڵێن ناشیرین، کەسانێك هەن لە خوێندنەوەی نەوەی نوێ و فیکر و مەعریفەی نوێ خۆیان دانەبڕیووە...**

**من بڕوام بە ناوهێنان نییە، چونکە ناو هێنان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چێژی ئەدەبی تایبەت و بیروڕای تایبەتییەوە هەیە، بەگشتی مەرج نییە، ئەو چێژ و بیروڕایە بۆ یەکێکی**

دیکە ڕاست بکەوێتەوە. لێرە ئەگەرچی قسە لە تایبەتمەندی ناکەم، بەڵام بۆخۆم هەندێك شیعری ئەو گەنجانەم خوێندۆتەوە کە قابیلیەتی تەعبیرکردن و پرس و وێنەی شیعری و هەستی شیعری و خەیاڵی بەرزییان تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە، ماردین ئیبراهیم، هێمن حەمە جەزا، زولێخا، عومەر جەلال، یاسین عومەر ئیبراهیم،... یان هەستی شیعری جوان و خەیاڵی بەهێزیان هەیە، لەوانە: سدیق عەلی، غەمگین کۆساری، محەمەد یونس، بەشدار سامی ... هەندێکیان جورئەتی شیعری و وێنەی شیعری جوان بۆ نموونە: ژوان پێنجوینی، نەمام شێخ بەکر، ئارێز سمکۆ، پەسار فایق ... هەندێکیان کەوتوونەتە نێو فەزای شیعریی و شێتگیری شیعری: بۆ نموونە رابەر فایق، گۆران سدیق، لازۆ ... من بۆ ئەوەی کەس بە هەڵەدا نەبەم، دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو ناو هێنانە ڕەنگە بەشێکی زۆری پەیوەندی تەنها بە چێژی ئەدەبی و ئامادەیی خۆم و ساتەوەختی خوێندنەوەو فەزای دەروونی خۆمەوە هەبێ، نەك دراسەکردنێکی بەرنامە بۆ دارێژراو و تۆکمە، سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە هەندێك لەو تازە گەنجانەشم نەهاتبێتەوە خەیاڵ، هیوادارم نەوەی نوێ زێتر گرنگی بە خوێندنەوەی چڕوپڕ و بەدواداچوونی مەعریفی و ڕۆشنبیریی بدەن و کەمتر بەلای نوقلانەوە بچن!! بەبڕوای من لە هەموو ئەوانەش گرنگتر پەلە نەکردنە، چونکە هەمیشە پەلەکردن، پەشیمانی بەدواوەیە. مەرجیش نییە خاوەنی چەندایەتی بیت... زێتر داهێنان لە چۆنایەتی خۆی دەگرێتەوە.

سازدانی: کارزان ڕەحمان

## تەوەری "وەرگێڕان، بیرکردنەوەو داهێنان"

### گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

**١-پەیوەندی وەرگێڕان بەپرۆسەی بیرکردنەوە چۆن پێوەندییەکە؟ داهێنان دەکەوێتە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** زمانی ئەدەبی پڕە لە پەناکردن، هەروەك بە رەگەزدۆزیو پۆلینکردنی ناعەقڵانیو هەڕەمەکییەوە دەلکێ.. سیخناخە بە رووداوە مێژووییەکانو وەبیرهێنانەوەی ئازادو یادەوەری... بە کورتی زمانی ئەدەبی لە هەوڵی ئەوەدایە زێترین توانا بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەت بەدەست بهێنێ. لەکۆی ئەو پەناو پێچ و لاربوونەوەو ماناو و مەغزایە جولەی دەق دێتە ئاراوە. واتە جولەی دەق یان بزوێنەری دەق جیاوازی رەگەزەکان بەرێوەی دەبەن، کۆی ئەو جولەو جیاوازییانەش پشێوییەك دەنێتەوە، ئەو پشێوییە بە مانا "هایدگەر"ییەکەی دەکەوێتە نێوان دەرکەوتن و شاردنەوە، ئەو پشێوییە تەعبیر لە حاڵەتێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، لەکۆی ئەو رەگەزانە پێکهاتووە کە رێگەی گەڕانەوەیان بۆ سروشتی پێشووی خۆیان ونکردووە.

لێرەوە هەوڵدەدەم پەیوەندییەك لەنێوان (پشێوی/وەك گشت) بە مانا هایدگەرییەکەو (ونبوون/وەك بەش) بەو مانایەی کە بەندە بە ئارەزووە گەڕانەوە بۆ سروشتی پێشوو بدۆزمەوە! ئەگەر بەشێکی زۆری چەمکی پشێوی لە ململانێی دەرکەوتن و شاردنەوەدا بێت ئەوە بەشێکی چەمکی ونبوون پەیوەندی بە ئارەزووی بەبیرهێنانەوەو گەڕانەوەدایە.

لەلایەکی دیکە ئەگەر بتوانین ململانێی دەرکەوتن و شاردنەوەی دەق بە هەڵدانی پرسیاری رووناکی و سەرسامبوون بە تاریکی پەیوەست بکەین، ئەوە ئەگەری گەڕانەوەی دەق بۆ رەگەزەکان سەرچاوەیەکی تایبەت و دیاریکراوی نییە، بەڵکو ئەگەرێکە خۆی لەسەرچاوەی جیاوازدا دەدۆزێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەگەری گەڕانەوە ئەگەری بەرگریکردنە لە جیاوازی، وەك چۆن دەشێ ئەگەری خوێنەری جیاوازیش بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندی بەو خاڵەوە هەبێت.

لەکۆی ئەو گریمانەیە دەمەوێت بڵێم دەقی ئەدەبی (ئیبداعی) لەنێوان (پرسیار/سەرسامی) و (ئەگەری جیاواز)دا ئەو دەقەیە کە ئارەزووی دەرچوون لە خود و زمان و گەیشتن بە نیشتمانێکی دیکەی نوێ و کۆچکردنی بەردەوام و گۆڕینی زمان و گۆڕینی جل و بەرگی نوێ دەکات. زمانی دەقی ئیبداعی ئیمکانیەتی بەردەوام ئایندەخوازی و پەیبردن و دەرچوون لە خود... بەرهەم دەهێنێتەوە و لەرێگەی پرسیشەوە رەنگی سەرسامبوونمان بەشێوەی جیاواز لەنێودا بە ئاگا دەهێنێتەوە (بەو مانایەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکە سەرسامی خۆی بەرانبەر هەبوون لەبیر کردووە). دەقی ئیبداعی ئارەزووی دەرچوون لە جێگیربوون و گەیشتن بە جێگیرنەبوون دەکات، بەشێکی جێگیرنەبوونیش بە خوێنەری جۆراو جۆرەوە دەلکێت.

کەواتە داهێنان لە دەرکەوتنی (وەرگر/خوێنەر)ی جیاوازدا بوونی خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئەگەر بەشێك لە جیاوازییەکانی (وەرگر/خوێنەر) پەیوەندی بە ئاستی رۆشنبیریی و دنیابینی و کلتوری جیاواز و جۆری خوێنەر و ساتەوەختی خوێندنەوەو حاڵەتە دەروونییەکانەوە هەبێت، بەشێکی پەیوەندی بە ئاستی بەرزی چیگوتن و جوانگوتنی دەقەوە دەکا، بە مانایەکی دیکە پەیوەندی بە پرشنگە ئیستێتیکی و چێژبەخشەکانی گەمەی دەرکەوتن و شاردنەوە دەکات. دەمەوێت بڵێم وەرگێر بەو مانایەی کە (خوێنەر/وەرگر)ی دەقە، لە هەمان کاتتدا پەیامنێری دەقێکی دیکەشە کە لەلایەن

(وەرگر/خوێنەر)ێکی دیکە پێشوازی لێدەکرێت. لێرەوە پرۆسەی وەرگێڕان ئەو جولە و جیاوازییەی دەقی ئیبداعی دەقۆزێتەوە بەوەیش تەرجەمەکردن وەك جۆرێك لە بەرهەمهێنانی فیکری خۆی دەنوێنێ، لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ پرۆسەی وەرگێڕان تەعبیر لە خوێندنەوەیەك بكات کە ئاستەکانی پەیبردن و مانای دەقی ئەسڵی ئاشکرا دەکات... ناکەوێتە ژێر دەسەلاتی دەقی ئەسڵی بەڵکو پەیوەندییەکی دیالۆگئامێز لەگەڵ دەقی ئەسڵی دادەمەزرێنێ و دەبێتە بزوێنەری بەردەوامی فیکرو زمان و هەوڵی خەڵقکردنی ماوەکان دەدات و پرسیار بەرهەم دەهێنێتەوە، هەر لەوێشەوە فیکر دەبوژێتەوە بەرەو ئاسۆیەکی جیاواز دەبێتەوە. واتە وەك چۆن لە ناخی هێزی لێکجیابوونەوە و دوورکەوتنەوەدا هێزێك بۆ لێکنزیکبوونەوە هەیە، لەنێو هەموو پرۆسەیەکی زمانەوانیشدا کردەیەك بۆ بیرکردنەوەی بەردەوام هەیە، بەو مانایەش لە دووتوێی ئەرکی تەرجەمەکردندا ئەرکی فیکر خۆی حەشار داوە... بۆ ئەوەش دەشێ ئاماژە بە کۆمەڵێك بیریار بدەین کە لەڕێگەی وەرگێرانەوە بوارەکانی بیرکردنەوەی خۆیان بەرفرەوان کردووە.. لێرەدا دەبێ (خوێنەر/وەرگێر) ئەوەندە هوشیارو کارامە بێ، کە بتوانێت وزەکانی زمانی دووەم بەرز بکاتەوە وەك چۆن تێکەڵ بە جیاوازی و بۆشاییەکانی دەقی ئۆرگینالی بێ و لەوێشەوە بەرەو دەقی دووەمی بەرێت. لەلایەکی دیکە دەشێ ئەوەی لە دەقی ئەسڵیدا پەردەپۆش و وسبەلێکراوە لەڕێگەی (خوێنەر/وەرگێڕ)ی جیاواز و کارامەوە لە دەقی دووەمدا کەشف بکرێت و بخرێتە روو.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا تەرجەمەکردن هەر تەنها لەوێوە لە داهێنان نزیك نابێتەوە کە پرس و سەرسامی رۆشبیرییەکی دیاریکراو بەرەو رۆشنبیرییەکی دیاریکراوی دیکەدا دەکاتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری پەیوەندی بە داڕشتنەوەیەکی دیکەی جیاوازەوە هەیە. (بلانشۆ) دەڵێ ئەوە گرنگ نییە چ دەڵێین، بەڵکو گرنگ دووبارەکردنەوەیە وەك ئەوەی یەکەمجار بێت گوتبێتمان. هەڵبەتە ئەوە قسەیە تایبەتمەندی دەقی ئەدەبی لەخۆ گرتووە،

تەرجەمەکردنیش لەوێوە لە داهێنان دەکات... پرۆسەیەکە لەڕێگەی پەیبردن بە ئاست و جیهانبینی زمانی ئۆرگینالّەوە تەئویلکردنێکی دیکەی جیاواز دادەمەزرێنێ، بەو مانایەش دەقی ئیبداعی ئەو دەقەیە کە ڕێگە بۆ تەئویل و لێکدانەوەو خوێندنەوەی جیاواز خۆش دەکات، لەوێشەوە بەرەو شیانیبوونی ئایندەخوازی دەبینەوە و لەوێوەش سنورەکانی خودێتی و ناسنامە و جێگیربوون و تاك زمانی پەرش و بلاّو دەبنەوە. کەواتە ئەوە (تەرجەمەکردن/بیرکردنەوە)یە پەی بە جولەو کرانەوەی دەقی ئیبداعی دەبات... ئەوە بیرکردنەوەیە پەی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی داهێنان دەبات و ڕەهەندەکانی جوانی تێدا کەشف دەکات، هەر لەڕێگەی پرۆسەی کەشفکردنیشەوە چێژی داهێنان بەرجەستە دەبێت... (وەرگێڕان/ئیبداع) گەیشتنە بەو چێژە پەتییە کە هەر تەنها هەوڵی پاریزگاریکردن و چاودێریکردن نادات، بەڵکو دووبارە ژیان و دنیابینی بە بەر زمانی دووەمدا دەکاتەوە، بەجۆرە وەرگێڕ هەوڵی ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکان نادات، بەڵکو دووبارە تەوزیفییان دەکاتەوە. پاچڤەکردن پرۆسەیەك نییە بۆ نزیکایەتیکردن، بەڵکو کەڵەکەکردنی شتە غەریبەکانە... دەمەوێت بڵێم وەرگێڕ نابێت لە پێناو بە پیرۆزراگرتن و بەرزراگرتنی زمانی خۆی زمانی ئۆرگینالّ لەکەدار بکات، وەك چۆن ناشێ تووندوتیژی ئیقاعی زمانی ئۆرگینالّ لە زمانی خۆیدا بشارێتەوە.

هەر لێرەشەوە دەشێ ئاماژە بە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی (وەرگر/وەرگێر) بدەم کە پەیوەندی بە شارەزایی زمانەوانییەوە نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گرفتی فیکرییەوەیە... کاتێك زمانی (خوێنەر/وەرگێڕ) گرژ دەبێتەوەو ناتوانێ بگاتە ئەو خاڵەی کە زمانی یەکەم پێیگەیشتووە، یان بە مانایەکی دیکە ناتوانێ ئەو دنیابینییەی کە دەقی ئۆرگینالّی هەوڵی گەیاندنی دەدات ئیتر لەوێوە گرفتی فیکری کە دەشێ گرفتی هەڵنەکردن و قبوڵنەکردنیش بێت دەستپێدەکات، واتە نەبوونی پەیوەندی فیکری دەبێتە

هۆی ئەوەی کە (وەرگێڕ/وەرگر) نەتوانێ پارێزگاری لەو ماوەیە بکات کە لەنێوان ئەو دوو زمانە دیاریکراوەدا بوونی هەیە.

بەدیوەکەی دیکەش دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی وەرگێڕان بایەخدانە بەگرنگی پەیوەندییە رۆشنبیریی و ژیارییەکانی نێوان گەل و نەتەوەکان و دەبێتە هۆی بەرفرەوانبوون و قوڵبوونەوەی ئاسۆ مەعریفییەکانی (وەرگر/وەرگێڕ) بۆیە لەکۆی هاوگونجانە جیاوازەکانیشەوە دەشێ چەمکی هەڵکردن بە بەشێك لە ئاکامەکانی بگات، بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو ئیشکالییەتی چەمکی لێکبوردن لێرە هەر تەنها تەئکید لە قبوڵکردنی ئەویدیکە و دانان بە جیاوازییەکانی ئەویدیکە دەکەمەوە..

لەسەر بنەمای ئەو پێشەکییە کورتەدا دەتوانین بڵێین هەموو (خوێنەر/وەرگر)ێك کە دەقێك بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی خۆی دەخوێنێتەوە وەرگێڕە، بەو مانایەش پرۆسەی وەرگێڕان هەر تەنها لە گواستنەوەی زمانێك بۆ زمانێکی دیکە کورت ناکرێتەوە، بەڵکو هەڵوەشانەوەی دەق و رۆشنبیرییەکی دیاریکراوە بە ئاراستەی تێگەیشتن و رۆشنبیرییەکی دیکەی جیاواز، وێڕای ئەوەش وەك گوتمان پارێزگاریکردن و چاودێریکردنیشە... ئەو دووانە دوایی بەشێکی زۆری ئەرکی بیرکردنەوە دەنوێنن، بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئەرکی زمان دەلالەت و مانا بگەیەنێت ئەرکی بیرکردنەوە لە تێگەیشتنی دنیابینی دەقی ئۆرگیناڵیدا خۆی دەبینێتەوە، بەو مانایەش ئەرکی چاودێری و پارێزگاریکردن ئامانجێکە لە بەرزنوانی ئاستی زمانی دووەمدا دەردەکەوێت، هەر لەوێشەوە دەشێ بە زمانی یەکەم بگات، بە دیوەکەی دیکەش لە زمانی دووەمیشدا دەقی ئۆرگیناڵی دەتوانێت بە زیندوویی لە ناوکۆیی و کراسێکی دیکەدا بژیت و لەگەڵ خوێنەرە نوێیەکانیشیدا هاوگونجاو بێتەوە.

بەمجۆرە قسەکردنی من لە پرۆسەی وەرگێڕان راستەوخۆ قسەکردنە لە (خوێنەر/وەرگر)، وەك گوتمان پرۆسەی داهێنانیش لە بەشداریکردنی (خوێنەر/وەرگر)

خۆی هەڵدەگرێتەوە، بۆئەوەی ئەو قسەکردنەش درووست بێتەوە، دەبێ قسە لە پرۆسەی خوێندنەوە بکەین وەك پرۆسەیەك کە توانای بەرهەم هێنان و کەشفکردن و تەئویلکردن و بەقسەهێنانی وسبەلێکراوەکانی هەیە و خوێنەر لەڕێگەی هوشیاربوون بە بوونی خۆی پرۆسەی تێگەیشتن فەراهەم دەکات... بۆ ئەوەی لەو دوو کردەیەش نزیك بینەوە بەڕای من پێویستە ماناو مەدلولەکانی وشەی (وەرگێڕان) کە دەکەوێتە بەرانبەر وشەی (تەرجەمە) لە زمانی عەرەبی خوردبکەینەوە. هەڵبەتە وشەی (تەرجەمە) لە زمانی عەرەبی بەمانای تەفسیریش دێت، بەڵام وشەی وەرگێڕان ئەوەندەی لە وشە و ماناکانی (حرف، انحراف، تحریف) نزیکە، ئەوەندە هەڵگری مانا و مەدلولەکانی وشەی تەرجەمە نییە.

دەمەوێت بڵێم بۆ ئەوەی لە مانا و مەدلولەکانی تەرجەمە بگەین دەبێ وشەیەکی بۆ بەکار بهێنین کە بشێ لە کاتی گەڕانەوە بۆ مەغزاکانی ئەو تێگەیشتنە قوڵەی تەرجەمەکردنمان پێببەخشێ. ئەگەرچی ئەو دەستنیشان کردنە بە ئەرکی خۆم نازانم، بەڵام ڕەنگە وشەی (پاچڤە) زێتر لە ماناو مەدلولەکانی تەرجەمە نزیکمان بکاتەوە، چونکە ئەرکی وشەی تەرجەمە هەرتەنها خەریکبوون نییە بە رووکاری دەق، بەڵکو دەبێ تەفسیر و لێکدانەوەو بەدواداچوون... بگەیەنێت. دەبێ وەرگێڕ لەڕێگەی توانەوە لەنێو دەقی ئۆرگینالی و ئەزموونی جوانکارانەدا.. لەڕێگەی درووست کردنی هارمۆنیەتێك لەنێوان ئاسۆو ئاسۆی پێشبینیکردنی تایبەت بە بونیادی ئەو ماناو مەغزایە بگات، کە نووسەری ئەسڵی هەوڵی گەیاندنی داوە.

ئیتر لێرەوە قسەکردنی من لەبارەی (پاچڤەکردن/وەرگێڕان) دەکەوێتە سەر (خوێنەر/وەرگر/وەرگێڕ) بەو مانایەی کە لە پرۆسەی داهێناندا هاوبەشن... ئەو پرۆسەیە وەك گوتمان لەلایەك لەسەر چاودێیکردن و پارێزگاریکردنی جیاوازییەکان راست دەبێتەوە، لەلایەکی دیکە بە تەفسیرو تەئویلەوە بەندە. کەواتە من قسە لە وەرگێڕانی ئەدەبی وەك چێژ و ئیستێتیکا دەکەم، نەك وەك پیشەی وەرگێڕان، واتە ئەوەی ئارەزووی وەرگێڕانم تێدا

دەوروژێنیێ چێژی سەرسامبوون و پەیبردنە بە پرسە جیاوازەکانی سەردەم، ئەوەی ئەو حەزەم لا گەلاڵە دەکات بەدواداچوون و کەشفکردنی رۆشنبیرییە جیاوازەکانە و ڕێگەیەکە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ رۆشنبیریی ئەویدیکە. بە مانایەکی دیکە من وەك خوێنەرێك ئەو پشێوی و ونبوونەی لەسەرەتادا قسەم لێکرد، دەخەنە سەر ئیقاعی (خوێندنەوە/وەرگێڕان) بیێ ئەوەی پرسم پێبکەن... ئەوەی دەخاتە سەر ریتمی پاچڤەکردن جوانی و سەرسامبوون و جیاوازییە، ئەوە بەرزی ئاستی بیرکردنەوە و جوانگوتنە چێژی (خوێندنەوە/وەرگێڕان)م تێدا دەوروژێنن... بۆیە دەشیێ ئەو قسەکردنەی من بەر لەوەی وەك بیروڕای وەرگێڕێك سەیر بکرێت، وەك قسەی (خوێنەر/وەرگر) تەماشا بکەن، کە هەوڵدەدات بەشداری لە پرۆسەی راڤەکردن و تەئویلدا بکات،

بەجۆرە کردەی پاچڤەکردن بەو مانایەی کە گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەویدیکەی جیاواز، کردەی کەشفکردنیش لەخۆ دەگرێت. بە مانایەکی دیکە کردەیەکە لە دوو جولە و دوو هێز لەدایك دەبێت، هێز و جولەی یەکەمیان نوێنەرایەتی دەقی ئەسڵی دەکات، جولەو هێزی دووەم گوتنی هەمان شتی دەقی یەکەم بەشێوەیەکی دیکە لە دەقی دووەمدا خەلق دەکاتەوە، یان دووبارە کەشف کردنە.. لەو کردەیەدا کارێکی تێپەڕ بەرهەم دێت، دەشیێ ئەو کارە بەرهەمهاتووە بە بەشداریکردنی لە داهێنان پەیوەست بکەین، لەلایەکی دیکە وەك لێکحاڵیبوونی نێوان دوو زمان تەماشای بکەین، لێکحاڵبوونێك کە هاوگونجان شوێنی مانای دەقی ئەسڵی دیاری دەکات و بەدواداچوون و لێکدانەوەی بۆشاییەکانی دەقی ئەسڵیش دەبێتە سەرچاوە بۆ ماناکانی دەقی دووەم.

رۆژنامەی چاودێر

سازدانی: کاوە قورەیشی

هەولێر ١١/٣/٢٠٠٩

## تەوەری ڕەخنەی ئەدەبی

### گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

**-بەو پێیەی ئێوە لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەنووسن هاوکات شاعیریشن، تاچەند خۆتان لەنووسینی تێکستی خۆتاندا دەتوانن ڕەخنەگریش بن؟ بەواتایەکی دی ئاگاییتان لەڕەخنەی ئەدە بی و نووسینی شیعر نەبوەتە سەختیەك بۆتان، بەو پێیەی زۆرجار ئەمە دەگوترێت کە شاعیر شیعر دەنووسێت ئیدی مەرج نیە بیر لە واتاو مانا شارراوەکان بکاتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەم گوتەیە بۆ ئێوە نەگونجێت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** ڕەنگە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کاریگەری هەبێ، دەشێ کاریگەرییەکەش زێتر خۆی لە ترس و سڵکردن لە شیعر نووسیندا بدۆزێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە هەر چەندە شاعیر هوشیار و ئاگادار بێ، هەر چەندە زێتر بەدوای شتەکان و چەمکە فیکرییەکان و مەعریفەی شیعرییدا بڕوات، هەر چەندە زێتر پەی بە دنیا پەنهانەکانی نووسین و دنیای شیعر و داهێنان ببات، ئەوەندە و زێتر ترسی لە نووسین و سڵ لە نووسین دەکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پرۆسەی نووسینی ئیبداعی، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ پەناو پێچە... پرۆسەی نووسین بەشێکی هەرە گەورەی لەسەر خەیاڵ و نەست وەستاوە، پرۆسەی نووسین تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە حاڵەتی تێرامان و پڕبوون و ساتەوەختی لەناکاو و عەفەوییەتەوە هەیە... لەبەر ئەوەی پرۆسەی نووسین ناشێ بە شێوەیەکی ئەندازەیی سیستماتیزەکراو بیری لێبکەینەوە، لەبەر ئەوەی حاڵەتی نووسین حاڵەتێکی نەخشە بۆ داڕێژراو نییە، لەبەر ئەوەی نووسین بەشی زۆری بەر خەیاڵ دەکەوێت... بۆیە

دەشێ ئەو کاریگەرییەی باسمان کرد کاڵبوونەوەیەکی زۆر لەخۆ بگرێ، دەشێ ئەو ئاگاییە و مەعریفە و هوشیارییە لە ساتەوەختی نووسیندا بەو شێوە ئەندازەییە دەرنەکەوێ، یان بە مانایەکی دیکە دەشێ نەست و خەیاڵ لە شوێنی خۆی بیترازێنێ... کەواتە ئەو ترس و سڵکردنەوەی باسم کرد، دەشێ راستەوخۆ بکەوێتە حاڵەتی پێش نووسین و دوای نووسین، نەك ساتەوەختی نووسین، ئەگەر ترس و سڵکردنەوەی بەر لە نووسین خەیاڵی نووسین و حاڵەتی لەپڕی نووسین لەگەڵ خۆی بیبات، ئەوە ترس و سڵکردنەوەی دوای نووسین دەشێ بەسەرداچوونەوە، بەراوردکردن، یان چێژی نووسین رێگەی بڵاوکردنەوەی بۆ بکاتەوە.

بە کورتی قسەکردن لەنووسین، هەر تەنها قسەکردن نییە لەو وزە هێرش بەرانەی کە بیرکردنەوەو مەعریفە و تێڕامان دەستیان لەداهێنانیدا هەیە، بەڵکو قسەکردنیشە لەو وزە متبووانەی کە دەکەونە خەیاڵی زمانەوە، ئەو وزە متبووانەی کە دەکەونە نێو پەیوەندییە نادیارەکانی ئەو دیوو ئاگاییەوە. کەواتە نووسین هەم سەرچاوەدارەو هەم نەست و خەیاڵ پێشی دەکەوێ، ئەگەر سەرچاوەدارێتی نووسین بۆ پەیوەندییە رۆشنبیرییەکانی نووسەر و هوشیاری و مەعریفە و ئاگایی بگەڕێتەوە، ئەوە خەیاڵی زمان مێژووی وشەو پەیوەندییە لەپڕ و هەرەمەکییەکانی وشە و تێڕامان دەستیان لەداهێنانی هەیە.

دەمەوێ بڵێم من هەمیشە سڵ لە بڵاوکردنەوەی شیعر دەکەمەوە، هەمیشە ترسێکم لە نووسینی شیعری هەیە، بۆیە ئەگەر سەیری خوێندنەوە رەخنەییەکانم بکەیت بە بەراود لەگەڵ شیعر هەست بەو مەسەلەیە دەکەیت! ئەوەی کە هەمیشە بەرەو خوێندنەوەی رەخنەییم دەبات حەزی پەیبردن و بەدواداچوونی مەعریفەی شیعریی و خوێندنەوەی ئەدەبییە، یان بە مانایەکی دیکە دەشێ بڵێم هەمیشە ویستی دەرککردن بەر بە ویستەکانی دیکەم دەگرێ.. وەکی دی من هەمیشە لە شیعردا بەرزترین ئاستی زمان و جوانی و چێژ دەبینم، هەمیشە شیعر بۆ من دەکەوێتە پێش هەموو ژارنرەکانی دیکە و بە راقیترین ژانری ئەدەبی دەزانم، دەشێ ئەوەش یەکێك لەو خاڵە بنەڕەتییانەی ترس و

سڵکردنەوەی من بێ، ئەو ماوەیە بەرهەمی هەشت ساڵی شیعریم کە نزیکەی (١٨) شیعر دەبوو، بە یەکەوە بە ناوی (میوانی ئاو) بەچاپگەیاند، هەر لەو ساڵەدا سێ کتێبی دیکەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەم بەچاپگەیاندووە.. دەمەوێ بڵێم ئەگەرچی هەمیشە سڵ لە نووسینی شیعریی دەکەمەوە بەلاّم وەکی دی حەزێکی بێ پایانم بەرانبەر بەدواداچوون و خوێندنەوەی شیعری هەیە، بێ سنووریش بەدیار نووسینی شیعرییەوە درێژ دەبمەوە و دەمەوێ شیعرێك بنووسم زمان تێیدا لەوپەڕی جوانی سەما بکات، تا خەیاڵ بڕکا باڵ بکاتەوە، وەك با بشنێ، وەك باران تەڕ، دەمەوێ شیعرێك بنووسم وەك بەفر بێگەرد بێ و لە هەناسە باران بکا و لە شێوەی با بدوێ و نەر نەرم شەپۆل بدا... پرۆسەی نووسینی شیعری لای من لە خەیاڵی وشە و تێڕامانی رستەوە دەڕژێ و نەرم نەرم دەچێتە دۆخی بە هەڵمبوونی فیکر و مانا و هەستەوە، لەوێشەوە هەوڵدەدەم بەردەوامی بە چێژی بونیادنان و هەڵوەشانەوە بدەم... بەلاّم لە خوێندنەوەی رەخنەیی هەمیشە دەمەوێ لەودیووی وشە و رستەو پەراگرافەکانەوە، لە پەناو پێچەکانی دەقەوە بەدوای نادیاردا بچم و نەبینراوەکان بەرجەستە بکەم و پانتاییەکانی دەلالەت و چێژ بەرفرەوانتر و رەنگینتر بخەمە روو... بەو مانایەش من لە خوێندنەوەی رەخنەییدا هەرگیز لە چواچێوەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتندا ناخولێمەوە، بەڵکو دەمەوێ خەیاڵی خوێنەر بەرەو پانتاییەکی دیکەی دەلالەت و ئیستێتیکا و خەیاڵ بەرم، دەمەوێ زمانی دەق لە بەرزترین ئاستدا بخەمە سەمای رەنگاوڕەنگ، دەمەوێ چەندان دەریچە بۆ بیرکردنەوەی خوێنەر بخەمە روو، دەمەوێ حەزی بەدواداچوونی فرەوانتر بکەم و خەیاڵێکی دیکەی جیاوازی بۆ تێڕامان بخەمە بەردەست...

**-ئەو نامۆییەی کۆمەڵگاو تاکی کورد لەجیهاندا هەیەتی، تاچەند شاعیرانی کورد وە ئێوەش وەك شاعیرێك توانیوتانە ئەم ئەم نامۆییە لەڕێگەی شیعرەوە ساڕێژبکەن، یان بینووسنەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا*** دەشێ نامۆیی مرۆڤی ئەمرۆ سەرەڕای نادیار و نەبینراوەکانی سبەی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بۆشاییە مەعریفەییەکانەوە هەبێ، بەو مانایەش مرۆڤ هەمیشە بوونەوەرێکی نامۆیە، بەلاّم نەك بە مانا مارکسییەکەی، بەڵکو بەمانا وجودییەکەیەوە، بەجۆرە بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕستەیە (هایدگەر) نابێ لە بیر بکەین، کە دەڵێ: **ئەگەر مرۆڤ هەبێت، دەبێ نیگەران بێت.** لێرە من هەوڵدەدەم چەمکی نیگەرانی لای هایدگەر وەك بنەمایە بۆ نامۆیی دەستنیشان بکەم، بەو مانایەش ئەوە مرۆڤی نیگەرانە بەردەوام هەست بە نامۆیی دەکات. هەڵبەتە وەك دەزانن ئەو ڕستەیە بە نسبەت مرۆڤی ئاگا و هوشیار ڕاستتر و شیاو تر دەکەوێتەوە، نەك بێ ئاگا و ناهوشیار، چونکە بوونی مرۆڤ لای هایدگەر لە داهێناندا بەرجەستە دەبێت.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم مرۆڤ لە نووسیندا بەردەوام هەوڵدەدا لەڕێگەی پڕکردنەوەی نادیارەکان و بۆشاییە مەعریفییەکان و لەڕێگەی بەرجەستەکردنی نیگەرانییەکانی ناوەوە و لەڕێگەی بەردەوامی داهێنانەوە بوونی ناتەواو و ئایندەی نادیاری کەمێ لەبیر بباتەوە.... مرۆڤ هەمیشە لە نووسیندا هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان دەدات.. مرۆڤ بەردەوام بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی بوون، پێویستی بە داهێنان هەیە. هەر لەڕێگەی داهێنانیشەوە بوونی مرۆ بە مانا هایدگەرییەکەوە بە بوونی ڕەسەنەوە بەند دەبێ. کەواتە ئەگەر مرۆڤ نیگەران نەبێ، ئەگەر مرۆڤ نامۆ نەبێ، ئەگەر مرۆڤ هەستی نامۆیی داگیری نەکات، ئەگەر مرۆڤ حەزی پەیبردن بەنادیار نەیجولێنێ، نیگەرانیەکانی ناخی هەراسانی نەکات... هەرگیز بیر لە نووسین و داهێنان ناکاتەوە، بەو مانایەش نامۆیی برینێك نییە بیر لە سارێژکردنی بکەینەوە، بەڵکو بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ، نامۆیی بەشێکە لە ڕەگەزەکانی نووسین، مرۆڤ لەبەر ئەوەی بوونەوەرێکی ناتەواوە، کەواتە هەڵگری بۆشاییەکە، ئەو بۆشاییە نیگەرانی وێنە دەکات و نیگەرانیش هەستی نامۆیی لە مرۆڤدا

بەرهەم دەهێنێ. کەواتە نووسین هەوڵێکە بۆ ئەوەی نامۆیی بکاتە شێوازێك بۆ کەشفکردن و داهێنان.

**- هەنووکە دابڕانێکی گەورە لەلای خوێنەری شیعر لەسەر ئاستی جیهان وکورد بەتایبەت درووستبووە، هۆکاری ئەم دابڕان و فەرامۆشکردنە بۆچی دەگەڕێننەوە؟ ئایا دەبێت چی بکەین تا شیعر ببێتە پێداویستی ئەویترو ئەویتر خۆی لەناوشیعردا ببینێتەوەو لێی هەڵنەیەت؟**

*عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/* ئەوەی لە شیعر نووسین و خوێندنەوەی شیعری بە بایەخەوە سەیر دەکرێ، گەیشتنە بەشێوازێکی دیکەی جوانتر لە پەیوەندی بەستن لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دنیا... شیعر هەڵنانی مرۆڤە بەرەو جوانی و کەمال، بەرەو کرانەوەو خۆشەویستی و چێژبردن. خوێندنەوە هەرگیز ناشێ وەك پێداویستییەك لە پێداویستییەکانی زیندەگی بەسەر گشتدا بسەپێنرێ، بەڵکو هەمیشە لە حەزەکانی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت. خوێندنەوە ئەزموونی گەیشتن بە تاکەکانی دیکەی نێو خەیاڵ دەخەملێنێ، واتە ناسینی کەسایەتیە نوێیەکانی نێو خەیاڵی خوێندنەوە و خەیاڵی دەق، دەشێ هەمان شێوەی ناسین و گەیشتن بێ بەو کەسایەتییە نوێیانەی کە ڕۆژانە ژیانمان دەجولێنن.

بەمجۆرە لەبەر ئەوەی ئەدەب و هونەر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جوانی و چێژەوە هەیە، لەبەر ئەوەی قسەکردن لە شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەلیقە و حەزی هونەرییەوەیە، لەبەر ئەوەی شیعر چوونەوە ناخ و خەیاڵ و تێڕامانە.. بۆیە مەرج نییە بەو شێوەی پرسیارەکە مەبەستیەتی پەیوەندی بە بە پێداویستی و چەندێتییەوە دابێ. هەڵبەتە یەکێك لەو شاعیرە بە ناوبانگانەی کە قسە لەو دابڕان و فەرامۆشکردنە دەکات، ئەدۆنیسە، ئەدۆنیس پێیوایە ئەگەرچی ئەو دابڕان و دوور کەوتنەوەیە ناشێ نکۆڵی لێبکرێ، چونکە روون و ئاشکرایە، بەلاّم دەڵێ ئەگەرچی لەسەر ئاستی چەندایەتی خوێنەری شیعر

کەمبۆتەوە، ئەگەرچی زمانی شیعری لە ئاستی دنیـادا پاشەکشـەی کـردووە، ئەگەرچـی شیعر بە شێوە ئاسۆییەکەی دۆڕاوە، بەڵام بە شێوە سـتوونییەکەی، نـەك وەك چـەندایەتی، بەڵکو وەك جۆر سەرکەوتووتر دەبینرێت.. شیعر بەشێوە ئاسـۆییەکەی بنکـە جەماوەرییـە بەرفرەوانەکەی خۆی لە دەستداوە، بەڵام لـەڕووی سـتوونییەوە، لـەڕووی جـۆری خوێنـەر و چلۆنایەتی شیعرییەوە سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کردووە.

لە بەدواداچوونی هەمان ئەو پرسیارە گەرمەی ئەمڕۆی نێوەندی رۆشنبیریی لە کتێبـی (ئەدەب لە خەتەر دایە) تۆدۆرۆف رەخنە بە یەکێك لە هۆیـەکانی دابـڕان لـە خوێندنـەوە دەداتە قەڵەم و دەڵێ: خوێنـەران لـەبری ئـەوەی بـۆ کتێبـان بگەڕێنـەوە، بـۆ رەخنـەگران دەگەڕێنەوە و دەیانەوێ بزانن رەخنەگران لەبارەی ئـەو کتێبانـەوە چ دەڵـێن. رەخنـە لـەبری ئەوەی هۆیەك بێت بۆ گەیشتن، لەبری ئەوەی پەنجەرەیەك بۆ تێگەیشتن بکاتەوە، وەك ئامانج خۆی دەخاتە روو. لەلایەکی دیکە تۆدۆرۆف لەبارەی مرۆڤ و دنیاوە دەدوێ و پێیوایە ئـەمڕۆ قسەکردنی نووسەر لەبارەی خودی خۆیەوە بەشێکی زۆر لە خۆپەرسـتی تێدایـە و نووسـین تەعبیر لە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا ناکات، ئەوەش وەك هۆیەکی دیکـەی فەرامۆشـکردنی خوێندنەوە دادەنێ، ئەو ئەنانیەتەی نووسەر بـە تەنگـژەی کرانـەوە دەزانـێ، پێیوایـە ئـیتر لەوێوە ئەدەب پەیوەندی بە دنیاوە دەپچڕێ، ئەوەش بەبڕوای تۆدۆرۆف رووتکردنەوەی ئەدەبە لە مەیلە مرۆییەکان و بەرجەستەکردنی جۆرێکە لە عەدەمییەت.

بە گشتی خوێندنەوە شێوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دنیا و پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە مـرۆڤ و شتەکانەوە، بەڵام دەکەوێتە دەرەوەی حەقیقەت و مەعریفـەوە، هـەر لەوێشـەوە وەك پێشـتر بیرمان لێدەکردەوە ئەدەب و شـیعر ئـەو پێداویسـتییە نییـە، کـە چارەسـەری نـەزانینمان بکات.. چارەسەری کێشە زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانمان بکـات... ئـەمڕۆ شـیعر وەك دوێنێ بەو هەموو شتە لابەلایانەوە بار ناکرێت، ئـەمڕۆ شـیعر بـەهاکانی خـۆی لـە ئاستی بەرزی زمان و هونەر و شیعرییەتدا هەڵدەگرێتەوە... ئەمڕۆ شیعر چـۆنایەتی خـۆی

له جوانی و هونەری گوتن و چێژدا هەڵدەگرێتەوە، هەر لەوێشەوە چۆنایەتی شیعر و دابڕان لە جەماوەر... زەوقی هونەری و زەوقی گشتی، یەکتر بەجێدەهێڵن. شیعر پەیوەندی بە زەوقی هونەری و ئازادی و تاکایەتی و جوان گوتنەوە هەیە، بەلاّم زەوقی گشتی پەیوەندی بە سادەیی و مەعریفەی گشتی و رووکارخوازییەوە. کەواتە پێویستمان بەوە نییە شتێك بکەین تا خوێنەری شیعری بەرەو چەندایەتی بەرز بکەینەوە، بەڵکو پێویستە زێتر ئاستی زمانی هونەری شیعر و جوانی و چێژ بەرەوپێش بەرین و قووڵتر و هونەرییانەتر شیعر بنووسین، لێرەدا خوێنەر پێویستە لە بەهای بەکاربردنی شیعرییانەی زمان تێبگات، چونکە ئەو رووەی زمان بەکار بردنێتی لەخودی خۆیدایە، هەر لەبەر هەندێ ئەرکی خوێنەر قورس دەبێت، چونکە لە خوێندنەوەدا خۆی لە شوێنێکدا دەبینێتەوە کە رەنگاورەنگی و فرە دەلالەت و ماوەیەکی بەرفرەوان واز کراوە. بەو مانایەش من قسە لە خوێنەرێك دەکەم کەوا لە ساتەوەختی خوێندنەوە و تێڕامانی دەق بە خەیاڵدا یڕوات، یان بتوانێ لەڕێگەی وزەی خەیاڵ و کرانەوەی دەق دەریچە و فەزایەك بۆ خوێندنەوەو بەدواداچوون و راڤەکردن بدۆزێتەوە. کەواتە خوێنەر بۆ ئەوەی بتوانێ دوای هەموو ئەو مەودا و رەنگە جیاواز و بێ سنورانە بکەوێت، بۆ ئەوەی بەشداری تایبەتیانەی خۆی لە بەشداریکردنی داهێنان بەدەست بهێنێ، بۆ ئەوەی لە ئاستی داهێنان و کەشفکردن و دووبارە بونیادتانەوەدا بێ... ناچارە لەلایەك بەرهەڵستی دابونەریتی کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکە قەناعەتە تایبەتیەکانی خۆیشی بکات، چونکە لە شیعردا وەزیفەی زمان بریتی نییە لە گەیاندن و گواستنەوە، وەزیفەیەکی سوودگەرایانە نییە، بەڵکو بریتییە لە ئامادەکردنەوەی هەموو ئەو مانا و دەلالەت و فەزا بەرفرەوان و فرە رەنگە هاوبەشانەی کە لەنێوان سەرچاوە و خەیاڵ، لەنێوان شاعیر و خوێنەردایە .

**-شیعر لە کوێی فەلسەفەدا جێی دەبێتەوە؟ ئایا ئەو شیعرانەی هەنووکە دەنووسرێن، تاچەند ڕوانگەی فەلسەفەی نوێی تێدا بەدیدەکرێت؟**

*عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/* ئەوەی کە شیعری ئەمڕۆ نازی پێوە دەکات بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و بێ لایەنکردنی زمان و رزگارکردنیەتی لە سوودگەرایی و ئەرکی رۆژانەیی زیندەگی و دابونەریتی کۆنەخوازانە، یان بە مانایەکی دیکە ئەوەی کە شیعری ئەمڕۆ نازی پێوە دەکات تەماشاکردنی زمان نییە، وەك ئامرازێك بۆ گەیاندن. زمان نییە وەك وەسیلەیەك بۆ گەیاندن، بەڵکو خودی زمان و بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی زمان چۆنیەتی گوتن و ئابوری زمانە.. ئەوەی شیعری بەرز دەخاتە پێشەوە پارێزگاریکردنە لە رەنگاوڕەنگی زمان و دووبارە کەشفکردن و چۆنیەتی گوتن و هێشتنەوەی مەسافەیەك بۆ خەیاڵی زمان و بەرهەمهێنانی دەلالەتی جۆراو جۆر. بەرهەمهێنانی ئاسۆیەکی دیکەیە بۆ چاوەڕوانی خوێنەر و بەشداریکردن لە داهێنان بەپێی زەمەن و ئاستە جیاوازەکانی خوێنەر .. کەواتە زمانی شیعری ئیبداعی ئەو زمانەیە کە توانای بەرهەمهێنانی زۆرترین دەلالەت و زۆرترین مەسافە بۆ تێڕامان و خەیاڵ لەخۆ بگرێ و فرە دەنگی فەرامۆش نەکات، زمانی شیعری زمانێکە لە بەردەوامیدایە... بەمجۆرە دەبینین شیعری ئەمڕۆ وەك پۆل ریکۆر دەڵێ لەنێوان دوو پێداویستی بنەڕەتی خۆی دەبینێتەوە، لە لایەك هەوڵی دووبارە بونیادتنانەوەی سیفەتێکی تەعبیری دەدات بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئەزموونانەی کە جەوهەری مرۆڤایەتیان لەخۆدا هەڵگرتووە، وەکو ژیان و مەرگ، هەستکردن بە تاوان و خۆشەویستی.....هتد. لە لایەکی دیکە شیعر دەکەوێتە دابڕانی نێوان زمان و شتەکان، زمان و خۆی، تا وای لێدێت تەنها زمان دەبێتە بابەتی شیعر.

ئەوەی زمانی فەلسەفەو زمانی شیعری لەیەکتر نزیك دەکاتەوە تیڕوانین و خەونبینییە، ئەوەی زمانی فەلسەفەو زمانی شیعری بەیەکەوە دەبەستێتەوە پرسیارکردنی بەردەوام و کەشفکردنە، ئەوەی هەمیشە ئەو دوو زمانە بەیەکەوە دەلکێنێ شیانی و خەونبینی و بەردەوامییە.. کەواتە وەك چۆن هەمیشە شیعر لە رامان ناکەوێ، فەلسەفەش بە هەمان شێوە دەستبەرداری نواندنی هونەرییانەی زمان نابێ و هەمیشە لە کەشفکردنی زمانێکی

دیکەدا خۆی دەبینێتەوە، وەك چۆن بنەما فەلسەفییەکان لە پرسیارەوە چەکەرەیان کردووە، شیعر لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا پرسیاری تایبەت بەخۆی دەوەشێنێ، فەلسەفەی بێ پرسیار شیعرێکی بێ زمانە... بە مانایەکی دیکە وەك ریکۆر دەڵێ: فەلسەفە سەرەڕای گرنگیدانی بە فۆرمەلەکردنی گوتار لە بارە زانستیەکەیەوە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان، مرۆڤ و خود، مرۆڤ و ئەوانیدی، بایەخیش بە کەشفکردنی قولاییەکانی زمان و پەنا بردنە بەر زمان دەدات.. بۆیە فەیلەسوفیش پێویستی بە وشەگەلی زمان هەیە... بەو مانایەش فەیلەسوف بۆ زیاد کردن و فرە کردنی وزەی مانا کە زمانەکەمانی لەخۆ گرتووە پشت بە توانای شیعری دەبەستێت.

**- ئایا هۆکاری تێنەگەیشتن لەشیعری نوێ لەلایەن زۆری خوێنەرەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بەواتایەکی دی شیعری پۆستمۆدێرنەیە وایکردوە دوورە پەرێزی لەخوێندنەوەی شیعر بێتە ئاراوە؟ یان گەر بڵێین کێ یان چ شتێك بەژداری دەکات لە ئاوابوونی شیعردا؟ عەقلانیەتو جیهانی ئامێرەکانو تەکنەلۆژیان ڕۆڵیان هەبووە لەم پاشەکشەکردنە؟**

***عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا/*** ئەمرۆی دنیا بە تەواوی خۆی لەو دووالیزم و گشتگیرییەی دوێنێ بەتاڵ کردۆتەوە، ئەوەی کە تێگەیشتن و تێنەگەیشتن وەك بنەمایەکی سەرەکی زیندەگی دەخاتە روو، دووالیزمییەتە.. ئەوەی ژیان لە تێگەیشتن و تێنەگیشتن کورت دەکاتەوە، تۆتالیتاریەتە... ئەو تێڕوانینەی مرۆڤ دابەشی دوو روو لە چاك و خراپ دەکات، تێڕوانینێکە لە ئەشکەوتە دوورەکان خەو دەیباتەوە. دنیای ئەمرۆ دنیای رەنگاو رەنگی و فرە دەلالەت و فرە رەهەندییە... شیعر وەك چۆن لە کۆمەڵێ رەگەزی جیاواز پێکهاتووە، شیعر وەك چۆن هەڵگری کۆمەڵێ دەلالەت و مانا و رەمز و فرەدەنگی و فرە رەنگییە، لەبەر ئەوە شیعری ئیبداعی هەمیشە دەیەوێت لە بەرجەستەکردنی تەواوی پێکهاتەکانی (بێ ئەوەی یەکێك پێش ئەویدیکە بخات) سەرکەوتن بە دەست بهێنێ، لەبەر ئەوەی شیعری ئیبداعی لە بەردەوامییەتی زمان و بەرفرەوانکردنی سنورەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەرو

خوێندنەوەی جیاوازدا خۆی دووبارە بونیـاد دەنێتـەوە، لەبـەر ئـەوە شـیعری ئیبـداعی لـە بەهـەڵکردنی مانـاو بەرهـەمهێنانی دەلالەتـدا خـۆی دەدۆزێتـەوە... ئـیتر تێگەیشـتن و تێنەگەیشتن دەبنە دوو رەگەز لە کۆی رەگـەزەکانی دیکـە، دەشـێ دەرکـەوتنیان ببیـنین و قسەی دیکە و خوێندنەوەی دیکەیان لەبارەوە بۆ بە ئەنجام بگەیەنین و بە شێوەیەکی دیکـە دووبارە بەرهەمی بهێنینەوە، ئیتر دەق چیدی ئاراسـتەکانی مانـا و دەلالـەت و چـێژ.. بـۆ خوێنەر دیاری ناکات، بەڵکو ئەوە خوێنەری داهێنەرە بەشداری لە بەرهەمهێنانـەوەی دەق و داهێنانی دەقدا دەکات... دەق هەمیشە بوونی خۆی لە بوونی خوێنـەردا هەڵدەگرێتـەوە، دەقی ئیبداعی بێ بەشداریکردنی خوێنەری ئیبداعی بـوونی نییـە. بـەو مانایـەش ئـەوە عەقلانییەت و تەکنۆلۆژیا نییە شیعر پەنا دەکات و خۆی دەخاتـە پێشـەوە، بـەڵکو ئـەوە یەکلابوونەوەی حەز و ئارەزوو و خەونی تاك تاکی مرۆڤەکانـە... کایـە جۆراوجۆرەکـان بـۆ خۆیان هەڵدەبژێرن.

**- تۆ ترست نیە لە ژیانێك بێ ئامادەیی شیعر؟ ئایا ئەو ژانرو بوارانـەی دی دەتـوانن جێگەی شیعر بگرنەوە ؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** نەخێر من هەرگیز ترسم لەوە نییـە، چـونکە هـەتا مـرۆڤ هەبێ شیعر بێکەس نییە، هەتا ژیان هەبێ شیعریش ئامادەیە. ئەگەر بڕوامان بەوە هـەبێ کە وزەی گەورەی شیعریی شیعرییەت بەڕێوەی دەبات، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ کـە هـیچ پنتێك لە دنیادا نییە، ناوکەکـەی شـیعرییەت نـەبێ، ئـەوە رۆژێـك لـە رۆژان بـیر لـەوە ناکەینەوە کە قسە لە مەرگی شیعر و ئەلتەرناتیڤی شیعر بکەین؟! خۆ والاکردنی مرۆڤ بۆ ئاینده، شیعر هێلکارییەکانی دەکێشێ، زەمەنیش ئیقاع؟! مرۆڤ بـەبێ شـیعر بەردەبێتـەوە چۆلایی عەدەم، ژیانی بێ شیعر لاڵە. مەسافەکانی نێوان مرۆڤ و شتەکان، مـرۆڤ و مـرۆڤ، مرۆڤ و بـوون... شـیعرییەت درووسـتی دەکـات لـە هەمانکاتیشـدا هەڵیدەوەشـێنێتەوە! پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ هەڵگری بەشێکی زۆری خەون و خەیاڵی شیعرییە.. کەواتـە

لەگەڵ ڕێژم بۆ هایدگەر، شیعر ماڵی بوونە. لەلایەکی دیکە هیچ ژانرێك شوێنی ژانرێکی دیکەی ئەدەبی ناگرێتەوە، چونکە ئەمڕۆی دنیا بەرەو فرە دەنگی زێتر دەبێتەوە، نەك تاك دەنگی.. ئەمڕۆی ژیان بەرەو کرانەوە هەنگاو دەنێ، نەك داخران. شیعر کە ڕاقیترین ژانری ئەدەبییە، چۆن دەشێ ژانرێکی دیکە بەتاڵی بکاتەوە.

- گەر ورد بڕوانین ئەوە بە ئاسانی ئەوە بەدیدەکرێت، هەنوکە سەردەمی لەبیرکردن‌و لەیادکرنی بوونە، لێرەوە گەر دوو لایەن وەربگرین، ئەوەی چەند لەتێکستی کوردیدا(شیعر) کار بۆ دەرخستن‌وبەرجەستەکردنی ڕاستی بوون دەکات، واتە شیعر بوون دەربڕیت نەك بچێتە ئەویش بوون لەیادبکات؟ لەلایەکی دیەوە ڕەخنەگران‌و خۆشتان چەند بەتەنگ ئەم بنەڕەتەی بوونی مرۆڤەوە چون؟ ئایا زۆرێك لەو نووسینانەی لەبوار ی ڕەخنەی ئەدەبیدا دەنووسرێن ئەم بابەتە سەرەکیەیان فەرامۆش نەکردووە؟

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** پێشتر گوتم ئەمڕۆی دنیا و ژیان هەرگیز خۆی لە تاکە بابەتێکی سەرەکی و پەرگیر و تاکرەهەند و گشتگیردا هەڵناگرێتەوە، ئەمڕۆی دنیای پۆستەکان لە شەفافییەت و فرەرەنگی و جیاوازییەکاندا بەرجەستەیە. دەمەوێ بڵێم لەمڕۆدا ناشێ تەواوی بیرکردنەوەو حەز و خەون و خەیاڵمان شێوەیەکی ئاڕاستەکراوی بوون لەخۆ بگرێ، مرۆڤی ئاگا و هوشیار خوێندنەوەی خۆی بۆ شتەکان و دنیا و بوون هەیە و هەمیشە لە هەڵبژاردن و تێڕوانین و دنیابینی خۆیەوە جولەی خۆی لەگەڵ شتەکان و دنیا و بوون دادەمەزرێنێ. بەو مانایەش بە تەنگ هاتنی بوون لە بە تەنگەوەهاتنی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێ، بە تەنگەوەهاتنی ژیانیش لە بە تەنگەوەهاتنی پەژارەوە!

لەو شوێنەی تۆ دەتەوێ پرسیارەکەتی لێوە بخەیتە روو، دەتوانم بڵێم، لەبەر ئەوەی شیعری ئیبداعی بە شێوەیەکی ستوونی دادەبەزێ نەك ئاسۆیی، لەبەر ئەوەی شیعر زێتر پەیوەندی بە دەرککردنی ناوەکییەوە هەیە و لەوێوە فەزایەك بۆ هەستکردن و دەرککردن بە

پەژارە دەسازێنێ، لەبەر ئەوەی هەموو شیعرێکی ئیبداعی زەمەنی تایبەت بەخۆی درووست دەکات، بۆیە مانای شیعر دەشێ زێتر لە نێو زەمەندا بەرجەستە بکەین. هەر لەوێشەوە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت و لەگەڵ تۆ داوای یارمەتی لە (هایدگەر) دەکەم چونکە لەڕێگەی بوونی هایدگەرییەوە، یان بوون بە مانا هایدگەرییەکەیەوە دەتوانین بڵێین شیعر تەعبیرکردنە لە بوون، چونکە بوون تەعبیرکردنە لە ژیان یان پرۆسەی بوون، کەواتە شیعر تەعبیرکردنە لە پرۆسەی بوون/ژیان؟! بە مانایەکی دیکە لەبەر ئەوەی بوون لای هایدگەر بریتیە لە کات و شیعریش بریتییە لە کات، کەواتە شیعر بوونە. وەك دەزانین ژیانی هەموو تاکێك زەمەنی تایبەت بەخۆی بەرجەستە دەکات، کەواتە هەموو تاکێکی نێو ژیان شاعیرە! نەبوونگەرایی وامان لێدەکات لەبەرانبەر ژیان هەست بە دەستەوەستانی بکەین، بەلاّم شیعر بریتییە لە جولەی مرۆڤ بە کاتەوە! کەواتە دووبارە شیعر بوونە. لەنێوان شیعر بوونە، یان شیعر ژیانە، دەمەوێ بڵێم پاڕانەوەی هەموو دایکانی دنیا، هەرا و هۆریای منداڵان، مەلاکان، کەشیشەکان، راستگۆ و ساختەکاران، هەوڵی هەموو پزیشکانی دنیا، زانایان، فەیلەسوفان، سواڵکەران... بۆ چارەسەرکردنی پەژارەی بوون و نزیکبوونەوەیە لە ژیان، ئەو جۆرەش لە چارەسەری جگە لە جولەیەکی شیعری شتێکی دیکە نییە! هەر لەڕێگەی ئەو جولە شیعرییەوە دەمانەوێ خۆمان لە پەژارە و نەبوونگەرایی و مەرگ دوور بخەنەوە، وەك چۆن هەر لەڕێگەی بەرجەستەکردنی ئەو پەژارەو نائومێدی و ئازارو ژانەوە (کە لەڕێگەی شیعرەوە دەیخەینە روو) دەمانەوێ خۆمان لە ژیان نزیك بکەینەوە (لەو خاڵەوەیە دەڵێم دووبارە شیعر بوونە).

شیعری ئیبداعی کراوەیە بەسەر پەژارە و ژیاندا، یان ناوکی شیعر پەژارە قەڵەمکێشی دەکات و بازنەکانیش ژیان. وەك چۆن ناوکی بوون لە نەبوونگەراییە و بازنەکانیشی لە بوون. بەو مانایە دەمەوێ بڵێم هەموو شیعرێکی ئیبداعی شیعرێکی عەدەمییە؟!

لەڕێگەی شیعرەوە مرۆڤ دەتوانێت دەرك بە زەمەن بكات و هەست بە تێپەڕینی زەمەن بەلای خۆیدا بكات، هەر ئەوەشە وا لە شاعیر دەكات هەمیشە نیگەران بێت. نیگەرانی شاعیر دەرككردن بە كات روونتر دەكاتەوە. لەلایەكی دیكە ئەوە هەستكردن بە تێپەڕینی زەمەنە وا دەكات شاعیر هەمیشە بە كراوەیی بمێنێتەوە. ئەگەر كرانەوەی شاعیر بە تەرجەمەی (رۆلان بارت) تەعبیر لە مەرگی شاعیر دەكات، مەرگی شاعیر بایی لەدایكبوونی خوێنەرە، یان بە مانایەكی دیكە لە پرۆسەی نووسینی ئیبداعیدا منی دانەر هەر تەنها منی وەرەقەیە. لەبەر ئەمەیە ئاسۆی ئایندەی نووسەر یان ئاسۆی لەدایكبوونی دەق لە هەمان كاتدا و هەمیشە بریتیە لە ئاسۆیەكی كۆتادارە و لە منی وەرەقە درێژ دەبێتەوە و لە خوێنەردا دووبارە زیندوو دەبێتەوەوبەردەوام چاوەڕێی خوێنەری یەك لەدوایەكی دیكە دەكات.

لێرەوە ئەوەی پێویستە رەخنەگر كەشفی بكات ئیبداعی ئەدەبییە، بە مانایەكی دیكە كاری خوێندنەوەو بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە، بەقەد ئەوەی كارێكە بۆ بەرجەستەكردنی ئاستە جیاوازەكانی زمان و هونەری گوتن و شیعرییەت، ئەوەندە بەدوای تێگەیشتن و تێنەگەیشتنەوە نییە، هونەری خوێندنەوە ئەمڕۆ هەرگیز خۆی لە چوارچێوەی تەسكی مانا و بەدواداچوونی مەبەستێكی دیاریكراودا هەڵناگرێتەوە، بەڵكو جولەی پەیوەندییە ئیستێتیكی و دەلالییەكانی زمان و وێنە و شیعرییەت دووبارە بەشێوەیەكی دیكەی نوێ رێدەخاتەوە، هەرگیز خۆی لە بەدواداچوونی سۆز و هەڵچوون و پەیوەندییە رووكارئامێزەكاندا كورت ناكاتەوە، بەڵكو كۆی ئەو پەیوەندییانە لە ئاستێكی دیكەی زمان و جوانی و بۆچوونی جیاوازدا درێژ دەكاتەوە و هەر لەوێشەوە هاوبەشی داهێنان و دووبارە داهێنان رادەگەیەنێت.

**- پێتوایە زۆرێك لە شاعیرانی کورد ئەوەندەی ئایدۆلۆژیا دەیبزوێنێتو شیعری پێدەنووسێت، ئەوەندە بوون شیعری پێنووسیبێتو بوونی پێدەربخات ؟، لێرەوە شیعری ئایدۆلۆژی توانیویەتی جێژی خوێنەری ئێمە بشێوێنێت؟**

*عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/* ئایدیۆلۆژی بەو مانایەی کە جولەیەکە بە حاڵەتی ئاگایی یان بەو مانایەی کە کردەیەکی هوشیارخواز و رۆشنبیرگەرا و وروژێنەرخوازی سیاسییە، بەو مانایەی کە هەمیشە نیاز و مەبەستی دیاریکراو و بەخشش و کردەی لۆژیکی و عەقڵی و دنیابینی تایبەت بەخۆی و مانا و دەلالەتی سیاسی و پەیڕەو پرۆگرامی سیاسی تایبەت بەخۆی دەخاتە روو، لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیا ئیش لەسەر جەماوەر و دنیابینی جەماوەر و ماناگەری دەکات، لەبەر ئەوەی کۆی درووشم و هەست و نەست و هەوڵەکانی لە پێناو (سەرکەتن) بەمانا سیاسییەکەی بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوەی هەر ئایدیۆلۆژیایەك جەماوەری دیاریکراوی خۆی هەیە... بۆیە هەمیشە لەگەڵ داهێنانی هونەری و خوێندنەوەی هونەری  ناکۆك و لێکدوور و ناتەبا دەکەوێتەوە.. پرۆسەی داهێنان، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و خەیاڵی و نەستییە، پرۆسەیەکە ناکەوێتە دووتوێی جەماوەر و وروژانی سیاسی و ئاراستەکردنی مانا و ئاگایی سیاسیانەی ئاراستەکراوەوە..

من هەمیشە لەگەڵ هونەری جوانگوتن و چیگوتن و بەرزکردنەوەی ئاستەکانی زمان و خەیاڵی وشە و دەلالەتەکان و رەهەندی مەعریفی جیاوازم، هەمیشە هونەری چیگوتن دەخەمە پێش گوتنە مەبەستدارو جەماوەئامێزەکانەوە، بۆ من لە شیعردا جوانی و چێژگەرایی و قوڵی و فرە دەلالیبوون.. دەکەوێتە پێش جەماوەر و مانا و مەبەستی دیاریکراو و وروژاندنی سیاسییانە و دورشمخوازییەوە!

من لە ژیاندا هەمیشە دژی مەرگدۆستی و تاریکخوازی و پەرگیری دەبمەوە، لە شیعریش دژ بە مەبەستگەرایی و سوودگەرایی و تاکرەهەندی... هەمیشە لە ناخەوە حەز بە سەرکەوتنی جوانی دەکەم و بەخشش و هەوڵی خاکەڕایانەی ئەویدیکە بە هەند

هەڵدەگرم، بۆیە مەرج نییە هەمیشە لەگەڵ ئەویدیکە دژ بکەومەوە، دەمەوێ بڵێم بەلای من شیعری ئایدیۆلۆژی ئاساییە ئەگەر هاتوو توانی ئاستی زمان و مەعریفە و فیکری مرۆڤ بەرەو پێش ببات، ئەگەر دژ بە مرۆڤایەتی نەبێ، ئەگەر ئەویدیکە بەهەند هەڵبگرێ؟! بەلاّم پێموایە شیعری ئایدیۆلۆژی لەوێوە کورتی دێنێ کە هەوڵدەدات فیکری خۆی بەسەر هەمواندا بسەپێنێ، کە پێیوایە حەقیقەتەکان تەنها موڵکی ئەوە، کە خۆی بە سێنتەر و ئەویدیکە بە پەراوێز دەبینێ، کە دەڵێ من تەنها دەنگدانەوەی ئەو منەی خۆی گوێ لێدەبێتەو بە هەند دەگرێ و هەموو منەکانی دیکە پەراوێز دەخات... هەر لەوێشەوە پانتایی چێژی شیعری ئایدیۆلۆژی تەنها دەتوانێ جەماوەرەکەی رازی بکات، تەنها لایەنگرانی حەزی پێدەکەن... کەواتە شیعری ئایدیۆلۆژی بە قەد جەماوەرەکەیەتی و لە ئاستی جەماوەرەکەیدا بیر دەکاتەوە و مەبەستی جەماوەرەکەی دەخاتە روو و لەرووکاردایە چونکە هەمیشە دەیەوێ فریای تەواوی جەماوەرەکەی بکەوێت.

بە بڕوای من ئەمڕۆی شیعر لەو جۆرە دابەشکردنەی تێپەڕ کردووە، دەمەوێ بڵێم شیعری ئایدیۆلۆژی رەنگە لە زۆر رووەوە بایەخی خۆی لە دەستدابێت. وەك دەزانین ئەو شێوە لەبیرکردنەوە لەبارەی شیعر و ئەدەبەوە زێتر لەگەڵ قۆناغی هەستی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم رۆڵی خۆی پیادە دەکرد، بەلاّم ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی پێفرۆشتنەوەی ئەو هەستە کڕیاری نەماوە، بۆیە ئەو جۆرە پرسانەش ئەوەندە بێ بازڕن کە مرۆڤی هوشیار گوناهە جارێکی دیکە ئاوڕیان لێبداتەوە، لەوەش گوناهتر ئەوانەن کە لەرووی ئەدەبیاتەوە پەیڕەویان دەکەن؟!

-ئایا توانیومانە دەست بۆ ئەو گرفتو تەلیسمانە بەرین کە ئەدەبی کوردیورەخنەی ئەدەبی تێیدایە؟ بەواتایەکی دی تاچەند توانیومانە دروستکەریوخولقێنەری پرسیاری

**سەردەمی خۆمانبین؟ توانیومانە پرسیاروەڵامی سەردەمی خۆمان بدەینەوە یان بەجێماوین لەکاروانەکە؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا/*** بۆ ئەوەی بتوانی گرفت و ئیشکالەکان دەستنیشان بکەیت، پێویستە ئامادەیی تەواوت لە پانتاییە مەعریفییە جیاوازەکانی سەردەم و دنیای ئەمڕۆدا هەبێت. ئەوەی پێویستە ئەمڕۆ پەرەی پێبدەین شەفافیەت و نەرمی نواند و مەعریفە نواندنە بەرانبەر ئەویدیکەی جیاواز، بۆ ئەوەی لە ئیشکالەکان سەردەربکەین دەبێ بڕوامان بە جیاوازی هەبێ، بێ ئەوەی بتوانین (بیرکردنەوە) ئازاد بکەین، مەحاڵە بیر لە چارەسەری گرفتەکان بکەینەوە، ئەگەر خەمی بیرکردنەوەمان نەبێ، ئەگەر خەمی بەدواداچوون و راڤەکردن و لێپرسینەوەمان نەبێ، چۆن دەتوانین قسە لە گرفتەکانی کۆمەڵگا و هاوژیانی و بەیەکەوە گونجان بکەین.. دەمەوێ بڵێم هەتا هەوڵی بیرکردنەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن نەدەین، هەتا هەست بە ئەرك و بەرپرسیاری نەکەین، هەتا ئەویدیکەی جیاواز قبوڵ نەکەین... مەحاڵە بتوانین گیروگرفتەکانمان دیاری بکەین، مەحاڵە بتوانین ئەویدیکە بدوێنین و سوود لە بەخششەکانیان وەرگرین. کەواتە ئەوەی نەتوانێ دوێنێی خۆی هەرس بکات و سلبیاتەکانی تێپەڕێنی و سوود لە ئیجابیاتەکانی وەرگرێ، ئەوەی نەتوانێ بەشداری لەمڕۆی داهێنانەکان بکات و نەتوانێ بەشداری گفتوگۆ جیاوازەکانی دنیا بکات، مەحاڵە بتوانێ پرسی تایبەت بەخۆی بخاتە ناوەوە، مەحاڵە بتوانێ پانتاییەك بۆ بوونی خۆی فەراهەم بکات... چەسپاندنی بوون، بە گفتوگۆ و بڕوابوون بە جیاوازی و فرەڕەنگی و فرەدەنگی دێتە ئاراوە.. ئەمڕۆ هێزی دەرکەوتن لە خوێندنەوەی ئەویدیکە و بەشداریکردنی داهێناندایە، ئەمڕۆ سەلماندنی بوون بەندە بە قبوڵکردنی جیاوازییەوە.

هەتا نەتوانین یەکتر قبوڵ بکەین، چۆن دەتوانین ئەویدیکەی جیاواز قبوڵ بکەین، هەتا نەتوانین یەکتر بخوێنینەوە، هەتا نەتوانین رابردووی خۆمان و ئێستای خۆمان دەرك بکەین، چۆن دەتوانین ئەویدیکە بخوێنینەوە و بەشداری داهێنانەکانیان بکەین. کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە بیری لێبکەینەوە، بیرلێکردنەوەیە، لە ئەزموونەکانمان چۆن دەردەکەون؟ ئەو بیرلێکردنەوەیە وەك چۆن تەماشامان لە دەرەوە بۆ ناوەوە دەبات، بە دیوەکەی دیکەش ماوەی بیرکردنەوەمان بۆ دەرەوە ئەوەندە دەوڵەمەند و بەرفرەوانتر دەکاتەوە، ئەو رستە سوکراتییەی کە دەڵێ خۆت بناسە، بەڵگەیەکی گومان هەڵنەگرە بۆ ئەویدیکە ناسین، هەر لەو رستەیەوە دەتوانین مەسافەی نێوان خۆمان ئەویدیکەی جیاواز، جوانتر نیشان بدەینەوە.

**-پیرۆزکردنی رابردوو لەزۆر لایەندا بەدیدەکرێت، ئێمە لایەنی ئەدەب وەردەگرین، پیرۆزکردنی ئەدەبی کلاسیك چەند توانیویەتی کاریگەری خراپو سلبی لەسەر شیعری نوێ بەجێبهێڵێت؟ بۆچی شیعری کلاسیك پیرۆزدەکرێتو شیعری هەنوکەش پەراوێز دەخرێت؟ ئایا شیعری هەنوکە بەراستی شایەنی ئەم پەراوێزخستنەیە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/*** بەداخەوە بە بڕوای من تەنها لەو رووەوە بەپیرۆزکردن ئەوەندە کزە بە چاو نابینرێ! پێمبڵێ کام لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی ئەوەندەی موتەنەبی، ئەبو نەواس، ئەبو تەمام، رەسافی هەتا جەواهیری تەماشا دەکرێن ودەخوێنرێنەوە و قسەیان لەسەر دەکرێ.. لە ماوەی ئەو ساڵ واتە ٢٠١٠ (هەڵبەتە سەرەتا زێتر وەك حەزی بەدواداچوون) خەریکی تەرجەمەکردنی ئەنتۆلۆژیای شیعری ژاپۆنی بووم، کە (محەمەد عوزێمە) ئامادەی کردووە، لە پێشەکییەکی کورتدا ئامادەکار لەبارەی شیعری کلاسیکی ژاپۆنییەوە دەڵێت: کتێبی (مانیۆشۆ) واتە (دیوانی هەزار لاپەڕە)، ئەو دیوانە لە کۆمەڵێك هەڵبژاردەی شیعری کلاسیکی ژاپۆنی پێکهاتووە، کە (٤٥١٦)

قەسیدە لەخۆ دەگرێت و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەردەوام ساڵانە بە چاپی جۆراوجۆر چاپدەکرێتەوە و دەخوێندرێتەوەو دراسەی لەبارەوە دەکرێت. هەموو ساڵێك لێکدانەوەو راڤەکردن و بەدواداچوونی لەلایەن رەخنەگرانەوە بۆ دەکرێت، لەو بارەوە هەموو ساڵێك دوانزدە کتێبی گرنگ دەربارەی ئەو بەرهەم کلاسیکییە دەخرێتەڕوو، هەندێك لەو کتێبانەی کە لەو بارەوە چاپ دەکرێن، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر فرۆشیان هەیە!!

ئایا لەو بەپیرۆزگرتنی تۆ باسی دەکەیت، چەند ساڵ جارێك بۆ نموونە نالی، مەحوی، چاپ دەکرێتەوە، ساڵانە چەند کتێب لە بارەی شیعری کلاسیکی کوردی دەنووسرێت، هەتا ئێستا ئەو کەشفانەی لەبارەی هونەری گوتن و مانا و دەلالەت لە شیعری کلاسیکی کوردی نووسراون، کامانەن؟! ئایا توانیوومانە شیعری کلاسیکیمان بە جوانی بخوێنینەوە، ئایا چەند توانیوومانە لەڕووە جۆراوجۆرەکانی هونەرییەوە سوودیان لێوەرگرین، یان لێیان تێپەڕ بکەین، توانیوومانە ئاستی قوڵی ماناکانیان یان بێ ماناییان بخەینە روو..

سازدانی: هەرێم عوسمان
رۆژنامەی چاودێر
٢٠١٠/١٠/٥

## تەوەری خودا لە دەقدا

### گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

**پ/ روانینیت بۆ (خودا) چییە؟ و ئایا ئەو (خودا)یەی لە دەقە شیعرییەکان باس دەکرێ، هەمان ئەو خودایەیە کە لە عەقیدەی مرۆڤەکاندا هەیە؟ ئەگەر جیان، چۆن خوێنەر لە شوێنکاتە جیاجیاکان جیایان بکاتەوە؟ ئایا شاعیران ناترسن لە هەندێك لە خوێنەرەکانیان کە وشەی (خودا) لە دیوانەکانیان رەش بکەنەوە، کە لای ئەوان (کفرە) و نابێت بخوێندرێتەوە؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** من پێموایە نابێ خودا لە تاکە سیاقێکدا ئابڵۆقە بدرێت، چونکە خودا لە دەرکەوتنە بێ ژمارەکانی فیکر و درێژکراوە بێ کۆتاییەکانیدایە. تەماشاکردنی خودا وەك دامەزراو، داخستنی خودا لە تاکە مانایەکی دیارکراودا، هەر تەنها پشتگوێخستنی مێژووی فیکری مرۆڤایەتی و مێژووی گۆڕان و گواستنەوەکان نییە، هەر تەنها پەردەپۆشکردنی ئەو توانایە نییە، کە خودا بە مرۆڤی بەخشیووە، هەر تەنها سەندنەوەی وزە لەبننەهاتووەکانی کەشفکردن و دەرکەوتن و بینینی مرۆڤ نییە، تەنها رەتکردنەوەی حەقیقەتە ئیزافەکراوەکان نییە... بەڵکو کوشتنی پڕشنگە درەوشاوەکانی ژیان و بیرکردنەوە و زمان و بوونە، کوشتنی جیاوازییەکان و پەیوەندییە دیار و نادیارەکانی نێوان عەقڵ و سروشت و عیشق و لۆژیکە...

رەنگە نەتوانرێ دوا پیناسەی بۆ وشەی خودا بکرێ، بەلاّم بەلای من خودا ئەو فەیزەیە کە لە پەیوەندی دۆستانە و هاوژیانیدا سەردەکات. خودا لەلای من هێزی ژیانە لە پڕشنگی خۆشەویستیدا دەدرەوشێتەوە.

لەبەر ئەوەی شیعری ئیبداعی لە تاکە مانا و دەلالەتێك گیر ناخوات، شیعر بڕوای بە تاك ڕەهەندی و تاك مەعریفییەوە ناکات.. لە شیعری ئیبداعی خەیاڵ جیهانێکە چەشنی خەون، فیکر تێیدا قسە دەکات. لەبەر ئەوەی شیعری ئیبداعی کۆمەلێك دالـە و لەلایەن خوێنەرانەوە تەئویلی جیاواز و مەدلولی جیاواز دەگەیەنێت... بە مانایەکی دیکە هەر شیعرێك نەیتوانی جیاوازییەکانی راڤە کردن و لێکدانەوە و تەئویلکردن لەخۆ بگرێ، هەر شیعرێك نەتوانێ مانای جیاواز و دەلالەتی جیاواز و خەیاڵی جیاواز و دەریچەی جۆراوجۆر بۆ خوێندنەوە بخاتەوە، هەر شیعرێك نەتوانێ زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە مانا بەرهەمبهێنێتەوە، فەزا و پانتاییەکی جیاواز بۆ دووبارە تەئویلکردن بخاتەوە، هەر شیعرێك نەتوانێ بەشێوەیەکی ستوونی دابەزێتە سەر زەمەنەکان، ناتوانێ وەك داهێنان خۆی بنرخێنێ و بوونی خۆی بسەلمێنێ...

دەمەوێ لێرەدا لە کۆی ئەو قسەکردنەدا بلێم لەبەر ئەوەی وشە لە شیعردا لە تاکە مانا و دەلالەت و وێنە و ڕەهەند و دامەزراوێکی دیاریکراودا گیر ناخوات، لەبەر ئەوەی شیعر ئیحایە و لە ئیحادا مانا دیاری ناکرێت، هەمیشە مانا بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بۆیە وشەی خودا هەمان ئەو مانا داگیرکراوە ناگەیەنێت کە ئایینزاکان بە موڵکی خۆیانی دادەنێن، هەمان ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوە و تێگەیشتنە ناگەیەنێت، کە لەڕێگەیەوە نکۆڵی لە پێکەوە ژیان دەکەن... دەشێ خودا لە شیعردا وەك ئیحا و میتافۆرێك تەماشا بکرێ، کە هەمیشە بەکراوەیی بۆ راڤەکردن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بەجێدەمێنێ، بەو مانایە دەشێ تێگەیشتن لە وشەی خودا تێگەیشتن بێ لە فرە مانایی و وێنەی ئیستێتیکی و ڕەهەندگەلی مەعریفی و خەیاڵی جیاواز. وەك چۆن دەشێ بەشێوەی باو، وەك بوونێکی بان سرووشتی و خاوەن توانای ڕەها کە جیهانی خوڵقاندووە تەماشا بکرێ....

ململانێ و ناتەبایی خوێندنەوەکان هەرگیز لە مانا و مەدلولێکی داریکراودا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بە تێگەیشتنی دەستەواژە و ئاماژەوە بەندە، یەکەمیان مانا

دیاری دەكات و دواجار لەڕێگەی دیاریكردنەوە دایـدەخات. دووەمیـان مانـا بـە كراوەیـی جێدەهێڵێ.. یەكەمیان وەك ئاییزناكان لەڕێگەی عەقڵ و لۆژیكەوە لە وشەی خـودا نزیـك دەبنەوە، بەو مانایەی كە عەقڵ سەرچاوەی مەعریفەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خامۆشكەری مەعریفەشە، كەواتە هەرچەندە رووبەری نێوان مرۆڤ و جیهان بەر تەسك بێتـەوە رووبـەری مەعریفە بەرفرەوانتر دەبێت... بەڵام دووەمیان دەشێ هەمیشە لە بەرفرەوانكردنی ماناكـان و دەلالەتەكان و وێنەكان و رەهەندەكاندایە.. وشەی خودا لە شیعردا خۆشەویستی و ژیـان وێنە دەكات، وەك چۆن دەشێ هێزێكی نادیار و رەهاش بنوێنێ.

**پ/ وەك ئاشكرایە كردەی شیعراندن كردەیەكی نا ئاوەز (نا عـەقلانی) كـار لەگـەڵ وشەكان دەكات بە پشت بەستن بە هەست و سۆز، ئایە بەكارهێنانی وشەی (خودا) لـەم كردارە نائاوازە كە شیعرە تا چەند بە پێویستی شیعری دەزانیێ؟ ئایە تۆیی شاعیر تا چەند هەستیاری لەبەر كارهێنانی ئەو وشەیە جیا دەكەیتەوە لە وشەكانی تر؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا/*** ئەگەرچـی نامـەوێت قسـە لـە پێویسـتی و ناپێویسـتی بەكارهێنانی وشەی خودا بكەم، بەڵام دەڵێم لە دنیادا مرۆڤێك نییە بەشێوەی جیاواز خـودا لە خەیاڵی خۆیدا وێنە نەكاتـەوە، كەواتـە بـۆ دەبـێ سـڵ لـە بـەكارهێنانی ئـەو نیـازە جۆراوجۆرانە بكەین. بێگومان پرۆسەی شیعرنووسین پرۆسەیەكی نەسـتی و ئـاڵۆزە، بۆیـە من بڕوام بە ئاراستەكردنی وشە و هەڵبژاردنی بابەت و بـەكارهێنانی نیازخوازانـە نییـە، وەك چۆن پێموایـە هـەموو ئاراسـتەكردن و مەبەسـتگەراییەك لـە نووسـیندا جگـە لـە لەكـەداركردنی هونـەری نووسـین، لەكـەداركردنی خەیاڵیشـی لێدەكەوێتـەوە، جگـە لـە لەكەداركردنی بیركردنەوە، لەكەداركردنی جوانگوتنیش دەگەیـەنێت... نووسـینی شـیعری لەنێوان زمان و شێوازدایە و لە ئازادی و هەڵبژاردندا گەلاڵە دەبێت، بە مانایـەكی دیكـە لەبەر ئەوەی شیعر دروستكردنی پەیوەندی نوێی نێوان وشە و وشە وشە و شـتەكانە، ئـیتر لەوێوە بـەكارهێنانی وشـە، یـان وشـەی خـودا لـەنێو ئـەو پەیوەندییانـەدا زێـتر و زێـتر

بەشێوەیەکی رەنگینتر بەرەوپێشەوە دەچێت، بۆیە تەنها لەڕووی ئیستێتیکی و هونەرییەوە نەبێت، ئەگینا هیچ پێویست بەسڵکردنەوە ناکات.

ئەدۆنیس لە شاری هەولێر ٢١/٤/٢٠٠٩ میوانخانەی چوار چرا لە گفتوگۆیەکی کراوەدا گوتی: خودا لای سۆفییەکان بەشێکە لە دنیا، بە دوو شێوە: یەکەم لەڕووی مرۆڤانەوە، واتە دەشێ خوا لە مرۆڤدا بەرجەستە بێت. ئەوەش (حەللاج) تەعبیری لێکردووە کە دەڵێ "ما في جبتي غير الله او انا الحق" هەر لەو ڕێگەیەش ژیانی خۆی دانا. دووەم لەڕووی شێوە وجودییەکەیەوە، ئەوەی کە بە یەکێتی بوون ناوزەد کراوە، ئەوەی لەو بارەشەوە قسەی کردووە (ئیبن عەرەبی)یە. بەمجۆرە گۆڕینی تێگەیشتنمانە بۆ خوا یەکەم رووخساری شۆڕشی مەعریفی سۆفیستە لە رۆشنبیریی ئیسلامیدا. هەر لەو گۆڕینەشەوە کۆی شتەکان دەگۆڕێن...بەمجۆرە گۆڕینی پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە ناکەوێتە نێو شەرعی دیارەوە، بەڵکو دەکەوێتە دووتوێی ئەزموونی رۆحی دیاریکراوە، یان ناوەوە..

**پ/وەك باسمان کرد لە کرداری شیعراندن ئاوەز کەمترین کاریگەری هەیە و زۆرێك لە خوێنەران بە تەرازووی ئاوەز دەقەکان هەڵدەسەنگێنن و بە جۆرێك هەندێك لە نووسەران ئەم کردەیە بەسەرچاوەی کێشەکان دادەنێن. ئایە پێویستە کامە لایەنە تێڕوانینی خۆیی بگۆڕێت، شاعیر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ وشەکان بکات یاخود خوێنەر ئەدیبانە لە وشەکان بڕوانێت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ئەگەر قسە لەسەر خوێندنەوە بکەین، دەبێ بزانین کە خوێندنەوە تێکەڵکردنی ئاگاییە بەرێرەوەکانی دەق، یان بە مانایەکی دیکە ئیبداع هەمیشە لە چاوەڕوانی خوێنەری جۆراوجۆردا بوونی خۆی دەسەلمێنێ، وەك چۆن پێویستە خوێنەریش لە ئاستە بەرزەکانی مەعریفەی شیعریی و ئاگایی رۆشنبیریدا بێت و بتوانێ بەشداری لە داهێنانەدا بکات، بەو مانایەش خوێنەر جۆراوجۆرە و بەپێی ئاستی ئاگایی رۆشنبیریی و مەعریفەی شیعریی لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، هەمیشە داهێنان لەڕێگەی

خوێنەری دۆگما و تاکڕەهەند و پەرگیردا دووچاری بنبەستبوون و ڕەشبوونەوە و کوشتن دەبێتەوە... دەمەوێت بڵێم خوێندنەوە کارلێکردنی کردەو بونیادە.

خوێندنەوە پرۆسەیەکی ئاوێتەیەو لە هیرمینۆتیکا مانا و لە سیمیۆلۆژیا دەلالەتی لێدەکەوێتەوە. دەمەوێت بڵێم بەگشتی خوێندنەوە بەئاراستەی مەعریفەدا دەڕواو بەدوای ئاماژەو چێژو ئیستێتیکاو ماناوەیە، بۆیە هەموو ئەو خوێنەرانەی لە تاکە ڕەگەز و تاکە مانایەك و تاکە دەلالەتێك گیرییان خواردووە، هەموو ئەو خوێنەرانەی بە مەبەستی دیاریکراو و نیازی ئامادە و بیرکردنەوەی چوارچێوە بۆ داڕێژراوەوە سەیری دەق دەکەن، جگە لە بنبەستبوون و چوارچێوەگیری و پەرگیری هیچی دی لێناکەوێتەوە. هەمیشە لە خوێندنەوەدا مانا ئیحتمالییە نەك زەروری.

کەواتە دەقی ئیبداعی لەنێوان دیارو نادیار، ڕاگەیەنراو و شاراوە، لەنێوان ئەوەی دەیڵێ و ئەوەی وسبەی لێدەکات، لەنێوان ئەوەی دانەر نیازییەتی و ئەوەی خوێنەر بانگەشەی دەکات...... خۆی لە پلەیەکی بەرزی جوانگوتندا دەنوێنێ، ئەوەندە بە هەستەوە بەند نییە، یان بە مانایەکی دیکە ڕەگەزی هەست لە دەقی ئیبداعیدا تەنها وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان تەماشا دەکرێت، نەك وەك ڕەگەزێکی سەرەکی. بەو مانایەش هیچ خوێنەرێك لە خوێندنەوەدا بەدواین مەبەست ناگات. ئەوەش بۆ خۆی جیاوازی دەق و شیمانەیی خوێندنەوە، شیمانەیی دەق و جیاوازییەکانی خوێندنەوە دیاری دەکات.

سازدانی: هۆگر عومەر
ڕۆژنامەی چاودێر
٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١١

## تەوەرەی نووسەری کوردو ترس لە ڕەخنە

### گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاّ

**پ/بەگشتی بیرکردنەوەی کورد سەبارەت بە ڕەخنە چۆنە، واتە ڕەخنە لای کورد چییە؟ گەر سەرنجی بیری کورد بدەین، تا چەند هەست بە دیدو ڕوانین و هاندان دەکرێت بۆ ڕەخنەگرتن و پرسیار کردن؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاّ/*** بۆ ئەوەی بتوانین تەماشاکردنی خۆمان بۆ کاری رەخنە دیاری بکەین، پێویستە قسە لە دەق و بەریەککەوتن و راڤەکردنە جیاوازەکانی بکەین. ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، کە دەکەوێتە ژێر هەژموونی پارێزەرانی دەقێکی گەورە، هەڵبەتە دەقپارێزان کە لەلایەك بڕوایان بە مرۆڤی کامڵ نییە، لەلایەکی دیکە ناکامڵی خۆیان دەکەنە مانا و پێوەری هەموو ژیان، بێ ئەوەی دەق و بوون و ژیان ئاوێتەی یەك بکەن، دێن لە دەرەوەی بنەماکانی تێگەیشتن و راڤەکردن و جێبەجێکردن، بەردەوام دەقێك لە خڵتەی مانا دامەزراوەکانیان بونیاد دەنێن!

"هیگڵ" کاتێك بوون وەك پێناسەی یەکەمینی رەهایی دەناسێنێ و ئەو پێناسەیە بە تێز دادەنێ، بۆ ئەوەیە لەبەرانبەر تێزدا دووەم پێناسە بۆ رەهایی بە نەبوون (عەدەم) دابنێ، بەو مانایەش نەبوون دەبێتە پارادۆکسی بوون، واتە پاردۆکسی تێز، پاشان لە هەردووکیان ئاوێتەیەك درووست دەبێت، خودی ئەو ئاوێتەیەیە پراکتیزە دەکرێ. لەنێوان (خودی تێز و پارادۆکسەکەی و ئاوێتەبوون) شتێك هەیە ئەویش سەیرورەیە، سەیرورە واتە

هەبوون لە گۆڕاندا، واتە گۆڕان لە خودی خۆیدا، لەو رووەوە سەیرورە گواستنەوەیە لە رەوشێك بۆ یەكێكی دیكە و دەكەوێتە بەرانبەر چەمكی جێگیربوون. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هیگڵ لەڕێگەی خوێندنەوە و راڤەكردن و جێبەجێكردنەوە، تێگەیشتنێك بۆ چەمكی سەیرورە بونیاد دەنێ. بەڵام لای ئێمە تێگەیشتن لە سەیرورە و تێگەیشتن لە گۆڕان، لەڕێگەی دووركەوتنەوە لە دەق و پەردەپۆشكردنی دەقەوەیە، نەك ئاوێتەبوون و راڤەكردن. تێگەیشتن و دنیابینی ئێمە لەڕێگەی پارێزەرانی دەقەوە بونیادنراوە و دەكەوێتە ژێر خڵتەی مانا دامەزراوەكانەوە، ئیتر لەوێوە پارێزەران فۆڕمێك لە تێگەیشتن بەرجەستە دەكەن، كە هەموو وەڵامەكانی لەخۆدا هەڵگرتووە، فۆڕمێك لە دەق كە تەواوی ئاراستەكانی ژیان دیاری دەكات، كە هەموو فەزاكانی ئازادی و دەریچەكانی پرسیار و راڤەكردن و لێكدانەوەی جیاواز دادەخات؟!

دەمەوێ بڵێم دەقپارێزان بەر لەوەی رێگا بدەن ئێمە بۆ خۆمان هەوڵی تێگەیشتن و راڤەكردن و جێبەجێكردن بدەین، بەرلەوەی هەوڵبدەن فەزایەكی ئازاد و گونجاو بۆ بەیەكگەیشتن و ئاڵوگۆڕی و پرسیار و راڤەكردنی جیاواز بسازێنن، بەرلەوەی ئەرزش بۆ بیركردنەوەی ئەویدیكەی جیاواز دابنێن......... چوار دەوری دەق بە كۆمەڵێك حەڵاڵ و حەرام و ترس و نیگەرانی دەتەنن. هەموو ئەو پەردەپۆشكردن و تەنینە، دنیابینی و تێڕوانینێكی داخراو دەسازێنێ، ئەو دنیابینی و تێڕوانینە داخراوە بۆ نێو تەواوی كایە جیاوازەكانی ژیانمان درێژ دەبێتەوە.. تێڕوانینی داخراو هەرگیز ئەرزش بۆ دیالۆگكردن لەگەڵ ئەویدیكەی جیاواز دانانێ و پێیوایە ناشێ ئەویدیكە هەرگیز بتوانێ هەنگاو بەرەو ناسینی خۆی بهاوێژێ. بەڵام وەك لای هیگڵ دەردەكەوێت هەنگاونان و خۆناسینی مرۆڤی

خۆرئاوایی و قسەکردنی لەسەر بوون و نەبوون، دەبێتە دوو چەمکی بەیەکەوە گرێدراوی نێو دەق! ئیتر لەوێوە و لەڕێگەی راڤەکردنی بوون و نەبوونەوە دەقێکی دیکە دێتە بەرهەم، دەقێك کە لە دەرەوەی پێکهاتە تەقلیدییەکانەوە هەناسە دەدات و بەردەوام خۆی لەسەر گۆڕان بونیاد دەنێتەوە، بێ ئەوەی دەقی ئەسڵی دابخات، بێ ئەوەی خوێندنەوەی دیکە لەسەر دەقی ئەسڵی فەرامۆش بکات. دەقێك دەسازێنێ، کە بشێ قابیلی چەندان بەدواداچوون و لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆر بێت، دەقێك کە لەڕێگەی ئەویدیکەی جیاواز، جیاوازییەکانی خۆی دادەڕژێتەوە...

دەمەوێ بڵێم تێڕوانینی دەقپارێزان، مرۆڤ تەنها وەك بوونەوەرێك تەماشا دەکات، کە توانای ئامادەیی و پرسیار و بیرکردنەوەی تێدا لەخاڵی سفردایە!! بەڵام لەبەرانبەر ئەوەدا تێڕوانینی دەقوازان، مرۆڤ وەك بناس و ئازاد سەیر دەکات و ئەرزش بۆ توانا لەبننەهاتووەکانی دادەنێ. یەکەمیان واتە بەریەکنەکەوتن و بیرنەکردنەوە، ئەوەش وادەکات هیچ پرسیارێکمان بۆ دەق و ژیان نەبێ و هەمیشە لەژێر هەژموونی خڵتەی مانا دامەزراوەکاندا خۆمان مت بکەین. بەڵام دووەمیان بڕوای بە بەریەککەوتن و راڤەکردن و بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی دەق هەیە، بۆیە ژیان و دنیابینی ئەو تێڕوانینە خۆی لە تازەکردنەوە و بونیادنانەوە و گۆڕانی بەردەوامدا هەڵدەگرێتەوە.

کەواتە ئێمە هەڵگری کلتورێکین کە دەکەوێتە ژێر سێبەری خڵتەی مانا دامەزراوەکانی دەق و هەرگیز دەقپارێزان رێگە بەوە نادەن بەریەککەوتنی راستەوخۆمان لەگەڵ خودی دەق هەبێ، تاکو بتوانین تێگەیشتن و راڤەکردن و جێبەجێکردنی خۆمان

بسەلمێنین و دەرککردن پەرەپێبدەین. لێرەوە دەشێ پرسیار ئەوە بێ چۆن لە تێگەیشتنی خۆمانەوە دەقێکی دیکە بونیاد دەنێینەوە؟ چۆن تەماشای تازەگەری دەکەین؟

هەڵبەتە لە تێگەیشتنی رۆشنبیرییەکی لەو جۆرەی کە قسەکانی خۆم لەبارەوە هەڵچنیوە، رەنگە رەخنەیەك درووست نەبێ، کە بتوانێ دەق لەرێگەی بەدواداچوون و راڤەکردنەوە بونیاد بنێتەوە، دەق لەرێگەی خوێندنەوەی جیاوازەوە کەشف بکات. وەك دەزانین رەخنە خوێندنەوەی فرە رەهەند و جیاوازە، خوێندنەوەش بەریەککەوتنی دەق و وەرگرە. خوێندنەوە پرۆسەیەکی مەعریفی هەستپێکراوو دیارە و لە رستێك گریمانەو خەون و خەیاڵ پێکدێت... پرۆسەیەکی بەنێویەکداچووی مەعریفی ئاڵۆزە، کار لەسەر بەرهەمهێنانەوە دەکات... رەخنە خوێندنەوەیەکە حاڵەتی شیانیی بەرەو حاڵەتی بەخشش دەبات، حاڵەتی شاردنەوەوە بەرەو حاڵەتی پراکتیزەبوون، حاڵەتی هەبوون بە هۆی هێزەوە بۆ حاڵەتی هەبوون بە هۆی کردە... بەو مانایە خوێندنەوە کردەیەکی مەعریفی و زانستی بنەمائامێزە... بۆیە کۆمەڵگایەك دەتوانێ خوێندنەوەی بەرهەمهێن دابهێنێ و دووبارە دەق بەرهەم بهێنێتەوە، کە خاوەنی ئازادی و ئاگاییەکی گەورەی بەریەککەوتن و تێگەیشتن و مەعریفەی ئەدەبی و هونەری و ئیستێتیکی و زمانەوانی بێت، بەشێوەیەکی میتۆدی بەرفرەوان پەیی بە زانستە مرۆییەکان بەرێت و لەکاتی وەرگرتن و خوێندنەوەدا بتوانێ سوودیان لێوەرگرێت، و لەرێگەی ئەو پەیبردن و ئاگاییە، دیاردە ئەدەبییەکان دەرك بکات و بتوانێ بەکاری بەراوردکردن و بەرهەمهێنانەوە هەڵبسێت، بە مەرجێك دوور بێت لە پەرگیری دەقپارێزی و پەرگیری سیاسی و ئایدیۆلۆژی داخراو... بەو مانایە دەمەوێ بڵێم هەموو ئەو رەخنە و خوێندنەوانەی لەسەر خلتەی مانا دامەزراوەکان درووست دەبێ،

دەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتی رەخنە و تێگەیشتن و خوێندنەوەوە، دەکەوێتە دەرەوەی بەهای رەخنە و بنەما فیکرییەکان و دنیابینی پرسی سەردەمەوە.

دەشێ گوتەزای (**دەستی لێمەدە با خراپتری نەکەیت**) هەڵگری بەشێکی ئیشکالیەتی رەخنەی کوردی و ترس لە رەخنە بێت. لەڕێگەی ئەو گوتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستی ئێمە پاك نییە، نەگریسە! دەستی ئێمە دەکەوێتە دەرەوەی بنەما مەعریفی و فیکرییەکانی رەخنە و ماهیەتی رەخنەوە. لەڕێگەی ئەو گوتەیەوە دەمانەوێ بڵێین ئێمە ئازاد نین، لە ترسان لە رەخنەوە دەمانەوێ بڵێین با خراپبوونی پێشتریش نەکەوێتە ئەستۆمانەوە! نەك هەر هێندە بەڵکو کۆی دەستلێدانەکانی پێشووش بەلای ئێمەوە جگە لە خراپکردن شتێکی دیکە نەبووە؟! لەڕێگەی ئەو بۆچوون و تەماشاکردنە، بۆمان دەردەکەوێت، کە رۆشنبیریی ئێمە رۆشنبیرییەکە لەلایەك لەسەر بێ بڕوای وەستاوە؟! لەلایەکی دیکەش بێ لایەنی هەڵدەبژێرێ؟! لە کلتوری ئێمەدا خراپبوون و خراپنەبوون پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دەقپارێزاندایە، هەر لەوێشەوە دەستی ئێمە فریای تێگەیشتن و راڤەکردن و لێکدانەوەی جیاواز ناکەوێت، بۆیە خۆمان بەدوور دەگرین لە ترسی ئەوە نەبا خراپتری بکەین!

کەواتە ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، رەخنە و دەرئەنجامەکانی رەخنە دەکەوێتە دەرەوەی بیرکردنەوەمانەوە. بۆیە ئێمە لە رەخنە دەترسین چونکە تێگەیشتنمان بۆ ژیان و دەق پەیوەندی راستەوخۆی بە راڤەکردن و لێکدانەوە و پەیبردنەکانمانەوە نییە. بەدیوەکەی دیکەش ئێمە لە رەخنە ناترسین، چونکە رەخنە هیچی لە ژیان و بیرکردنەوەی ئێمە نەگۆڕیوە و ناگۆڕێ؟!

لێرەوە دەبینین دیوێکی ئەو دوالیزمیەتە پەیوەندی بە دنیابینی دەقپارێزانەوە هەیە و دیوێکی بە کەمتەرخەمی و هەوڵی خۆنەناسین و جولەی کردەیی خۆمانەوە هەیە؟!

وەك دەزانین مرۆڤی سەردەم کۆمەڵێك قۆناغی جیاواز و پرسیاری نوێی ئاراستەی تێگەیشتن و بنەما جێگیرەکانی فیکر و مەعریفە و تێگەیشتن کردووە، لەوێوە ناشێ تۆ لە گۆشەیەکدا خۆت گیر بکەیت و هەمیشە بڵێیت دنیا دەکەوێتە دەرەوەی من؟! مێژوو هەلودەرفەتی بە من نەداوە؟! ناشێ لە گۆشەیەکدا لەشوێن خۆت پێبکوتی و لە تەواوی دیالۆگ و بەدواداچوونە مەعریفی و زانستییەکان خۆت بەدوور بگریت و پێتوابێ یەکێکی دیکە لەبری تۆ ئەو کارانە رایی دەکات... کەواتە ئێمە بۆ ئەوەی بەشداری لە پرسی سەردەم و دیالۆگ و گۆڕانکارییە زانستی و مەعریفییەکان بکەین، پێویستە دنیابینی دەقپارێزی بجولێنین، و ئامادەیی خۆمان لە بوارە جیاوازوکانی فیکر و مەعریفە جیاوازەکاندا بسەلمێنین، پێویستە هەوڵی خوێندنەوە و بەدواداچوونی جیدیمان لە تەواوی بوارە جیاوازەکاندا هەبێ و بەریەککەوتنی تایبەت بەخۆمان تۆمار بکەین و تێگەیشتنی خۆمان رووبەڕووی دنیا و شتەکان بکەینەوە... بەکورتی ژیان هەرگیز ئێمە ناخاتە دەرەوەی پێشکەوتنەکانی خۆی، بەڵکو ئەوە ئێمەین خۆمان لە دەرەوەی پێشکەوتن و دەستکەوتە مرۆییەکانەوە دەبینین، هەرگیز ژیان ناوەندێك نییە و ئێمە پەراوێز، بەڵکو ژیان لە ناوەند و پەراوێز پێکهاتووە... کەواتە دەبێ بێ سڵکردنەوە دەست بۆ تەواوی بوارە جیاوازەکان ببەین و شتەکان جێگیرەکان لە شوێنی خۆیان جولە پێبکەین، مەرج نییە هەمیشە ئێمە خراپتری بکەین، رەنگە ئەو خراپکردنە لەوە باشتر بێ کە هەر نەجولێ، دەبێ بڕوامان بە جولە و جێگیرنەبوون و گۆڕانی بەردەوام هەبێت.

**پ/ کلتوری کورد تا چەند کلتورێکی ڕەخنە بەرهەمهێنە؟ واتە ئایا لەناو فەرهەنگ و کلتوری کورددا ڕەخنەو ڕەخنەگر چۆن لێیدەڕوانرێت؟ پێتوایە ئێمەی کورد ترس لە ڕەخنە بەشێکبێت لە فەرهەنگ و ژیانمان؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاّ/*** بێگومان دەشێ لەوێوە فەرهەنگ و کلتوری کوردی، بیرکردنەوە و رەخنە بونیاد بنێ، کە بتوانێ قبوڵی بیرکردنەوەی ئەویدیکەی جیاواز و ئازاد بکات و تێگەیشتنی جیاواز بۆ دنیا و شتەکان بخاتەوە. هەموو تێگەیشتنێکی جیاوازیش پێویستی بە توانای راڤەکردن و بەدواداچوون و خوێندنەوەی جیاواز هەیە. من هەرگیز گومان لە توانای تاکی کوردی ناکەم، هەرگیز دژی بیرکردنەوەی تاکی کوردی نیم، بەلاّم هەمیشە لەگەڵ دامەزراوەکان و خواستی سیستم دژ دەکەومەوە. ئەگەر هەوڵە جیاوازەکانی تاکی کوردی نەبێ، هەرگیز ناشێ لەمیانی دامەزراوەکان و خواستی سیستم و پەرگیرییەوە قسە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئازادی و پێشکەوتن و گۆڕان بکەین.

بەبڕوای من تەواوی دامەزراوەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان لەسەر بێنرخکردنی تاك و بێنرخکردنی بەهاکانی ئازادی و رەخنەی جیدی کار دەکەن و سنور بۆ بیرکردنەوە و راڤەکردنی جیاواز دەکێشن. دەشێ لە هەموو دنیا بەشێکی زۆر لەکاری دامەزراوەکان بەرگریکردن بێ، لە جێگیربوون و سیستم. بەلاّم ئەگەر ئەوان بۆ ئەو بەرگریکردنە بەڵگە و بنەمای مەعریفی و لۆژیکی تایبەت بەخۆیان هەبێ، یان بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر ئەوان لە دەرئەنجامی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵێك تێزی مەعریفی و هەوڵی جیدی و ئەرزشدانان بۆ ئەویدیکەی جیاواز و بیروراکانیان، ئەو لۆژیك و سیستمەیان بەرهەمهێنابێ و بیانەوێ

لەڕێگەی تیژە مەعریفیەکانیانەوە بەرگری بکەن. ئەوە بەرگریکردنی ئێمە لە جێگیربوون و هیچ نەگوتن، جگە لە بەرگریکردن لە کۆمەڵێك بەرژەوەندی ماددی هیچی دیکە نییە.

ئێمە هەمیشە ئەویدیکەی جیاواز دەخەینە دەرەوەی خۆمانەوە، هەرگیز لەڕێگەی ئەویدیکەی جیاواز و دیالۆگ و رەخنە و پێشنیازەکان، بیر لە گۆڕان و چاکسازی و بەیەکەوەهەڵکردن ناکەینەوە، چونکە پێمانوایە بە هاتنەناوەوەی دەستی بێگانە، شتەکانمان لێ خراپتر دەبێت. نەك هەر بێگانە، بەڵکو هەموو ئەو تاکە جیاوازانەی کە دەکەونە دەرەوەی خواستی سیستم و دامەزراوەکانی کوردییەوە، بە ناپاك و دڵڕەش و تێکدەر.. وەسف دەکرێن و هەر لەوێشەوە رەخنەگرتن وەك پەلاماردان و دژبوونەوە و تێکدان.. تەماشا دەکرێ. لێرەوە ئەو دامەزراو و سیستمە داخراوانە، دنیابینییەکی داخراو و کۆمەڵگایەکی بێ ئاگا و کوێر بەرهەم دەهێنن، دواتر ئەو دیدە داخراوە هەر تەنها فەزای سیاسی و ئایدیۆلۆژی داگیر ناکات، بەڵکو جێکەوتە و درێژبوونەوە و رەنگدانەوەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ژیانیشدا دەبینرێ.

وەك گوتمان دەشێ بەشێکی قبوڵنەکردنی رەخنە لە بوارە جیاوازەکاندا راستەوخۆ پەیوەندی بەو گوتەزا تەقلیدییەی (دەستی لێمەدە با خراپتری نەکەیت) هەبێ، وەك چۆن بەشێکی دیکەی قبوڵنەکردنی جیاوازی لەمرۆی رەخنەی کوردی دەکەوێتە ژێر هەمان تێڕوانین و دنیابینی دەقپارێزانەوە!! بەو مانایەش ئەمرۆی کوردی هەمان دیدی تەقلیدی و تێڕوانینی دەقپارێزان پراکتیزە دەکاتەوە. لێرەوەیە تەقلیدییەت و دیدی دەقپارێزانە، تێڕوانینمان بۆ دنیا و ژیان دادەخات.

**پ/ ئێستای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ پێتوایە ڕەخنەی ئەدەبیمان لە چ ئاستێکدا بێت؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** بەبڕوای من ناشێ لەمیانی عەقڵانیەتێکی تۆتالیتێر، عەقڵانیەتێك کە کۆی بوارەکانی ژیان بەداخراوی بەڕێوە دەبات، قسە لە هیچ تاکە بوارێکی دیاریکراوی ژیان بکەن. ئەو عەقڵانیەتە داخراوەی کۆمەڵگای کوردی بەڕێوە دەبات، هەموو وزەکانی خۆی لەوەدا کۆدەکاتەوە، پێمان بڵێت: ئێمە خاوەنی کۆمەڵگایەکی یەکپارچەو یەکگرتووین!! هەڵبەتە ئەو دروشمە، بەکارهێنانی ئەو تێزە کلاسیکییە لە هوشیاری درۆزنانە، یان ساختە، هەر تەنها شاردنەوەی جۆرێك لە واقیعی وسبەلێکراو و بنەڕەتی نییە، بەڵکو شاردنەوەی چییەتی مرۆییە، لێدانی توانا لەبننەهاتووەکانی مرۆڤ و بڕوابوونە بە بنبەستبوون. لە دنیادا کۆمەڵگای یەکپارچە بوونی مەحاڵە. ئەوەی هەمیشە کۆمەڵگا بەڕیوە دەبات ململانێیە.

بەکورتی دەمەوێ بڵێم هەتا ئەو بۆچوون و دنیابینییە چوارچێوە بۆ داڕێژراوەو جێگیرە، بنەما و بنچینەکانی بیرکردنەوەی کوردی داگیرکردبێ، هەتا بڕوانەبوون بە ئازادی و جیاوازی و هەڵنەکردن لەگەڵ ئەویدیکە و بڕوانەبوون بە توانا لەبننەهاتووەکانی مرۆڤ... کۆی دەسەڵاتەکانی کوردی بەڕێوە بەرێت، مەحاڵە بەشێوەیەکی درووست بتوانین قسە لە بوارەکان بکەین، جاچ ئەو قسەکردنە لە پەروەردە و ئافرەت و ئازادی بێ، یان لە ڕەخنەیی ئەدەبی و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بێ. دەمەوێ بڵێم هەموو ئەو قسەکردنانە کورتی دێنن، کە ملکەچی عەقڵانیەتێکی لەو شێوەیەوەن. قسەکردنی جیدی لە دووتوێی عەقڵانیەتێك کە بڕوای بە ئازادی و جیاوازی نییە، لە زبڵداندا خۆی دەبینێتەوە!

**- ئەو هۆكارانــە چـین وادەكـەن ڕەخنــەی ئــەدەبیمان پێشــنەكەوێت؟ چـیبكرێت بـۆ پێشخستنی؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا:*** لەبەر ئەوەی بڕوام بە جیاوازی و توانـا لەبنــەهاتووەكانی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی بڕوام بە خوێندنەوە و كرانەوە و قبولكردنی ئەویدیكـە هەیـە، بۆیـە هەمیشە بەشێكی زۆر لە ژیاندۆستی ناوەوەم بەرەو هەوڵ و تەقەلای جۆراوجـۆر هانمـدەدا، هەمیشە حەزێكی لە بنەهاتووی پرسیاركردن و بەدواداچوون و خوێندنەوە دەخاتەوە سـەر ریتمە بەهێزەكانی خەون و ژیان و جوانی. دەمـەوێ بڵێم ئەگەرچی بنبەستبوون و پەرگیری و داخران.. تەواوی فەزاكانی ژیانی كوردی داگیر كردووە، بەلام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تـاكی كوردی لە دەرەوەی دامـەزراوە داپلۆسێنەرەكانەوە لـە هـەوڵی خـۆی بەردەوامـە.. پێویسـتە تاكی كوردی كۆڵنەدا و لە ململانێی بەردەوامدا بـێ، بـەرەو گـۆڕان و ژیـانێكی دیكـەی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە بەخشش و جیاواز. بـە كـورتی هەوڵـە لەبنــەهاتووەكانی تاكـە بـە تواناكان، جێگای ئومێدە.

**- ئەو پەیوەندییە كۆمەلایەتییــە لـەنێوان و ئـەدیبان و ڕەخنەگرانماندایـە نەبووەتـە هۆكاریی نازانستی كاركردنی ڕەخنەگر، یان ڕاستگۆیی ڕەخنەگرو زوویربـوونی ئـەدیبان؟ (بەگشتی مجامەلە و پەیوەندی كۆمەلایەتی گرفتێك نیە لەبەردەم پێشخستنی ڕەخنە، گەر نمونەت لایە تەنیا ئاماژەی پێبكە بێ ناوهێنان؟**

***عەبدولموتـەڵیب عەبـدوڵڵا:*** بـەر لـەوەی قسـە لـەو پەیوەندییـە كۆمەلایەتییـە جۆراوجۆرانەی نێوان ئەدیبان و رەخنەگران بكەین، وەك گوتم پێویستە بزانین رەخنە و دەقی رەخنە، بەدواداچوون و توێژینەوەیە لەبارەی مانای خواسـتراو و وێنـە و دنیـابینی... دەقـی

ڕەخنەیی خوێندنەوە و جیاوازییەکانی خوێندنەوە لەنێو دەقی یەکەمدا دەنوێنێ. دەقی ڕەخنەیی کردەی بەیەکگەیشتنی ئاسۆ مەعریفیەکان و ئەزموون و شارەزاییە جیاوازەکان دەگەیەنێت. خوێندنەوە لە بۆشاییەوە نایەتە دی، بەڵکو لە هەڵدانی مەعریفە و شارەزایی جۆراوجۆر و پرسی سەردەمەوە دەست پێدەکات. دەقی ڕەخنەیی کەشفکردنی ئەو بەیەکگەیشتنەیە، کە دەکەوێتە نێوان مێژوو و کەلەپور و پرسیارە هەنووکەییەکانەوە. حەقیقەتی دەقی ڕەخنەیی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە قبوڵکردنی ئەزموونە جیاوازییەکان و تێگەیشتن و پرسیارە مەعریفیەکانی سەردەمەوە هەیە.

کەواتە قسەکردن لە خوێندنەوە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە هەر تەنها قسەکردن نییە، لە کۆمەڵێك میتۆدی ئەدەبی و ڕەخنەیی بوارە زانستی و ئەکادیمییەکان، هەر تەنها قسەکردن نییە لە شارەزاییەك کە بوارەکانی پەروەردە بەرهەمی دەهێنێ، شارەزاییەك کە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو بوارەوە!! چونکە بوارەکانی پەروەردە وەك (گادامێر) لە کتێبی (حەقیقەت و میتۆد)دا بۆی دەچێ: پرۆسەی دروستکردنی خودی مرۆڤە لە (وێنە)یەکی نموونەییدا. بەڵام هونەر بەو وەسفەی کە توانایەکی گشتی بۆ دروستکردنی (وێنە) هەیە، یان بەو مانایەی کە نوێنەرایەتی ئەزموون دەکات، ڕۆڵێکی تایبەتی لە تێگەیشتنی ڕۆشنبیرییدا دەبینێ. گادامێر لەسەر بنەمای ڕۆشنبیرییەك کە بەرهەمی ئەزموونە جیاوازەکانی ژیانە، بەرەو بیرکردنەوەی جوانی دەچێ. مەبەستم ئەوەیە کە گادامێر، مرۆڤ لەو دوو وێنەیەدا لێکجیا دەکاتەوە: وێنەیەك کە شارەزایی بە شێوەیەکی نموونەیی پێکیدەهێنێ، وێنەیەك کە ئەزموون بەپێی بونیادە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان دروستی دەکات. لە یەکەمیاندا شارەزایی شتێکە ئێمە دەبینە خاوەنی، بۆیە بە خودەوە بەندە. بەڵام لە دووەمدا ئەزموون شتێکە ئێمە بە مانا پۆزەتیفەکەیەوە ملکەچی دەبین، بۆیە تەجاوزی خودێتی دەکات و بەرەو ڕووداو، یان بەرەو مانا دەچێ. بێگومان ئەوەی لەو جیاکردنەوەیە قابیلی بەدواداچوونی زێترە خودی ڕۆشنبیریی و بونیادە جیاوازەکانی ڕۆشنبیرییە؟!

هەڵبەتە جیاوازی نێوان وێنەیەك کە کایەکانی پەروەردە بەپێی مرۆڤی نموونەیی پێکیدەهێنێ و وێنەیەك بەپێی ئەزموونەکانی ژیان دێتە ناوەوە، لە جیاوازی نێوان سیستم و تەجاوزکردنی سیستمدایە! دەشێ وەك جیاوازی نێوان دوو جۆر لە تێگەیشتن تەماشای بکەین؟! تێگەیشتنێك کە بە بابەتی تێگەیشتنەوە بەندە و تێگەیشتنێك کە بە خودی تێگەیشتنەوە دەلکێ. تێگەیشتنێك کە بە خود و ناوەندگەراییەوە پەیوەستە، تێگەیشتنێك کە دەکەوێتە دەرەوەی ناوەندگەرایی و خۆی لە کۆی خودە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە. تێگەیشتنێك کە رەنگدانەوەی یەك پرسیاری دیاریکراوە و تێگەیشتنێك کە لە پرسیاری بەردەوامدا خۆی درووست دەکاتەوە...

بێگومان بابەتی تێگەیشتن هەمیشە جێگیرە، بەلاّم مەرجەکانی تێگەیشتن لە گۆڕانی بەردەوامدایە و ناکەوێتە سەر بابەتی تێگەیشتنەوە، بەڵکو دەچێتە سەر ئاسۆکانی راڤەکردنەوە. بابەتی تێگەیشتن جێگیربوونی خۆی لەدووتوێی سیستمێکی دیاریکراودا بەرجەستە دەکات، بەلاّم تێگەیشتن وەك قبوڵکردنی جیاوازی، دەکەوێتە سەر فرە خوێندنەوەو خوێندنەوەی جۆراوجۆرەوە و لەوێوەش مەرجەکانی تێگەیشتن بەرەو بوونێکی زێتر دەبێتەوە. هەموو خوێندنەوەیەکی جیاواز، داهێنانی دەقێکی دیکەی جیاوازە. دەقی جیاوازیش فیکرەی یەکگرتووی کۆتائامێزی نێوان دەق و خوێنەر، بابەت و خود.. رەتدەکاتەوە، وەك چۆن بە توندی یەکگرتنی نێوان دەق و دانەر رەتدەکاتەوە.

لێرەوە رووخاندنی (منی دەقی) بە گەورەترین بەرهەمی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت، دەمەوێ بڵێم فیکری پۆستمۆدێرنە خودی رەتکردەوە بۆ ئەوەی لە بەشداریکردنی خودە جیاوازەکانەوە دەقێکی دیکە بەرهەم بهێنین. ئەدەب و هونەر نە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی خود، وەك لای خودگەراکان قسەی لێدەکرێت. نە فەنابوونە لە نموونەی بالاّدا، وەك لای میسالییەکان هەیە. بەڵکو ئەدەب و هونەر لە بڕینی حەقیقەتەکانەوە دێتەوە، بەردەوام لە گەمەی دەرکەوتن و خۆ حەشاردان راست دەبێتەوە. ئەدەب و هونەر زێتر بەلای ژیان و

ئەزموونەدایە، بەرەو رووداو، بەرەو مانا و پرسیارە جیاوازەکانی سەردەم دەچێ، نەك شارەزاییەکی سیستیماتیزەکراو، کە دواجار مرۆڤی نموونەیی لەسەر تاکە پرسیارێك وێنە دەکات. ئەزموونی ژیان هەمیشە خۆی لە بەردەوامی و ئەویدیکەی جیاواز و دیالۆگ و پرسیاری سەردەم هەڵدەگرێتەوە، هەر لەوێشەوە دەگەینە ئەوەی کە کارە ئەدەبییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو شتێك لە گوتنیان پێیە. بەڵام شارەزایی دامەزراوەیی لەسەر تاکە پرسیارێکی دیاریکراو بنجی خۆی دادەکوتێ و بەردەوام ئەو پرسیارەش رووبەرووی ئەویدکە دەکاتەوە. دەشێ دەوڵەمەندی شارەزایی چوارچێوە بۆدارێژراوی دامەزراوەکان لەوەدا خۆی بنوێنێ، کە بە درێژایی مێژوو یەك پرسیار رووبەرووی ئەویدیکە دەکەنەوە؟! راستە ئەویدیکە بەو پرسیارە رادێ و دووچاری گرفتی بەدحاڵی بوون نایەت، بەڵام خودی ئەو گرفتنەبوونە بۆخۆی جۆرێك لە یەکرەنگی و جۆرێك لە بنبەستبوونی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەوە ئەو دۆگمابوونەیە، کە ئەکادیمیا و دامەزراوە پەروەردەییەکان.. بە دەوڵەمەندبوون بە ئەویدیکەی دەفرۆشێنەوە، وەك چۆن هەر ئەو دەوڵەمەندبوونەشە کە بەشێکی زۆری ئەدەبی کلاسیکی شانازی پێوە دەکات .

بەدیوەکەی دیکە ئەمڕۆ رەخنە و لێکۆڵینەوە بەو مانایە سەیر ناکرێت، کە دەق ئاڕاستەکانی دیاری دەکات، بەو مانایە نییە، کە لە چوارچێوەی دەقدا قەتیس دەبێت، بەڵکو وەك ئیبداعێکی دیکە و دەقێکی دیکەی ئیبداعی دێتە ژماردن. بێگومان بەکارهێنانی وشەی (ئەمڕۆ) لە رستەی سەرەوەدا شارەزاییەکی دیکەی سەردەم دەسەپێنێ! هەڵبەتە مەعریفەی مێژوویی لەسەر جۆرێك لە جۆرەکانی شارەزایی درووست دەبێ، بەڵام شارەزاییەکی تەواو جیاواز لەو شارەزاییەی بە تاکە پرسیارێکەوە بەندە، جیاواز لەو شارەزاییەی بە یاساکانی سرووشتەوە پەیوەستە. شارەزایی ئەدەب و رەخنە و خوێندنەوە بەرەو رووداو و کەشفکردن درێژە دەبێتەوە.. شارەزایی ئەدەبی کۆی رووبەرە قەدەغەکراو و

وسبەلێکراوەکانی رۆشنبیریی باو دەخاتە نێو رەخنە و جوڵەی رەخنەییەوە، وەك چۆن ئەو جوڵەیەش وەك بنەمایەك بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا تیۆریزە دەکات.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم ئەگەر تەماشاکردنمان بۆ دەقی رەخنەیی و خوێندنەوە و راڤەکردن لە داهێنانەوە خۆی هەڵگرێتەوە، ئەوە هەرگیز ناکەوینە دووتوێی ئاراستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەو مانایەی کە تۆ ئاماژەت پێداوە. لە هەمان کاتدا ناکەوینە چوارچێوەی دامەزراوێکی پەروەردەییەوە کە مرۆڤێکی نموونەیی بەپێی بابەتی تێگەیشتن وێنە دەکات.

**- پێتوایە ڕەخنەگرانی کورد لەناو زانکۆکاندان یان لەدەرەوەی زانکۆ؟ بەواتایەکی تر ئایا زانکۆ ڕەخنەگری بەرهەمهێناوە؟ پێتوایە زانکۆ نەیتوانیوە ڕەخنە بەمانا زانستیەکەی دروستبکات؟**

***عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/*** راستە لە هەموو دنیادا زانکۆکان بەشدارییەکی گەورە لە بەرهەمهێنانی میتۆدەکانی رەخنە و جیگیربوونی سیستم و سیستیماتیزەکردن و جێبەجێکردندا وازی دەکەن، لە هەموو دنیادا دامەزراوە پەروەردەییەکان بنەمایەکی نەخشە بۆدارێژراو بۆ دیالۆگی مەعریفی و زانستی و فیکری دادەڕێژن و بەدواداچوون و راڤەکردن و لێکدانەوەی خۆیان لە بوارە جیاوازەکان دادەمەزرێنن. لە هەموو دنیادا ئەوە زانکۆ و دامەزراوە پەروەردەییەکانن فیکر و مەعریفە تیۆریزە دەکەن و میتۆدەکان بەشێوەیەکی زانستی دەخەنە بەر باس و بنەماو بنچینەکانی دەنووسنەوە.. کەواتە زانکۆکان وەك بواری بەرهەمهێنانی مەعریفە و تیۆریزەکردن، وەك بوارێکی زیندووی کایە جیاوازەکانی ئەدەب و زانست، دەردەکەون.. هەر لەوێشەوە رەخنە و تێزی رەخنەیی بەرهەم دەهێنن... لێرە نامەوێ ئاماژە بە کۆمەڵێ بیریار و فیکری رەخنەیی بدەم، کە لە پانتایی زانکۆکانی دنیادا پەرەیان بە فیکر و دنیابینی خۆیان داوە و هەر زانکۆکانیش تێزەکانیان پەسەند کردووە و گفتوگۆی جیدییان لەبارەوە کردووە و دواجاریش وەك پانتاییەکی

بەرفرەوانی ئاگایی و شارەزایی لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەب و زانست خۆیان بەرجەستە کردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناشێ قسە لە ئاوێتەبوونی دەسەڵاتە جیاوازەکان و کاریگەری دنیابینی و عەقڵانیەتی گشتگیر و داخراو و بنبەستبوو نەکەم. کەواتە ئەگەر بەشێك لە قسەکانم پەیوەندی بە کایە مەعریفی و زانستیەکانی نێو زانکۆوە هەبێ، ئەوە بەشێکی زۆری بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە. کەواتە ئەو کاتە دەشێ کایە مەعریفییەکان جێکەوتە و کاریگەری خۆیان بنوێنن، ئەو کاتە دەشێ کایە مەعریفییە جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەیان هەبێ، کە هەڵگری ئاگاییەکی بەرفرەوان بین، کە خاوەنی دنیابینی و عەقڵێکی کراوە و دەوڵەمەند بین، کە بتوانین ئەویدیکە بە هەموو جیاوازییەکانی قبوڵ بکەین و ئەرزش بۆ گۆڕان و بیرکردنەوە جیاوازەکان دابنێین...

بەدیوەکەی دیکەش لەبیرمان نەچێ، قسەکردنی من لەبارەی دامەزراوە پەروەردەییەکان، قسەکردنە لەو دامەزراوانەی، کە لەڕێگەی پرسی سەردەم و دنیابینی جیاواز و مەعریفەی فرەڕەهەندەوە.. بەردەوام خۆیان نوێ دەکەنەوە، من هەرگیز مەبەستم مینتالیەتێکی داخراو و گشتگیر و بنبەستبوو نییە...

بەڵام ئەگەر پرسیارەکەت لە زانکۆکانی کوردستانەوە سەرچاوەکانی خۆی دیاری بکات، ئەوە من بەگشتی پێموایە قسەکردن لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی کوردستان، لە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتێری کوردی و دنیابینی داخراوی کوردی، ناتوانێ ئامانجە دیاریکراوەکەی خۆی بپێکێ!! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا پێویستە کاری تاکە کەسی چ لە نێو زانکۆکان و چ لە دەرەوەی زانکۆکان بە هەند وەرگرین.

**- دەتونین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گرفتی دەقی هەیە؟**

***عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا/*** ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گرفتی دەقی نییە، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بۆخۆی دەقێکی ئیبداعییە. دەشێ بڵێین ئەدەبی کوردی گرفتی داهێنانی هەیە،

لەوێوە کە بڕوای بە جیاوازی و خوێندنەوەی جیاواز کورتی دێنیێ! ئەدەبی کوردی پێویستە بەر لەوەی قسە لەخۆی بکات، دنیابینی خۆی لەسەر مەعریفە جیاواز و کرانەوە و پرسیاری سەردەم دووبارە بونیاد بنێتەوە. چونکە ناشێ لە دەرەوەی ئەویدیکەی جیاواز و بەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕی و خوێندنەوە و راڤەکردنی مەعریفی، لە دەرەوەی کەشفکردنی نەگوتراو و وسبەلێکراوەکان و بڕوابوون بە دەمەتەقێی کراوە .. ئامادەیی خۆمان لە ئێستای دەق و پرسیارە جیاوازەکانی سەردەم و دنیابینی و مەعریفە.. دابمەزرێنین. بەو مانایەش بەر لەوەی قسە لە داهێنان و دەقی رەخنە بکەین، پێویستە قسە لە گۆڕان و کۆی ئەو دنیابینییە داخراوە بکەین، کە کۆمەڵگای کوردی پەکخستووە. بەر لەوەی قسە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر بکەین، پێویستە مانا و تەئویلە جۆراوجۆرەکان لە تێگەیشتن و تەفسیرکردن و جێبەجێکردنێکی دیکەوە دەرك پێبکەین.

سازدانی هەرێم عوسمان

پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ

٢٠١٢/٥/٢٩

بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر

| ز | ناوی کتێب | نووسەر | جۆری کتێب |
|---|---|---|---|
| ١ | کارو چالاکی ٢٠٠٨ | یەکێتیی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر | کارو چالاکی/ بەرگی یەکەم |
| ٢ | کارو چالاکی ٢٠١٠ | یەکێتیی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر | کارو چالاکی / بەرگی دووەم |
| ٣ | پیاسەی ئێوارانی هەولێر/٢٠١٠ | خالید جووتیار | شیعر |
| ٤ | اللعنه/٢٠١٠ | سعدوڵلا پەرۆش. و. ئەندازیار محەمەد حوسێن ڕەسووڵ | شیعر |
| ٥ | پاییز پیاوێکی رۆمانسییە/٢٠١١ | زیادر نادر عالڵایی | شیعر |
| ٦ | نامە عاشقانەکانی پەیامبەرێك/٢٠١١ | و. جەلیل عەباسی | چیرۆك |
| ٧ | رێی تاوسان/٢٠١١ | نەوزاد رەفعەت | شیعر |
| ٨ | ئەزموونێکی تایبەتی لە رۆژگارێکی نووسیندا | ئازاد عەبدولواحید | هەڤپەیڤین |
| ٩ | ئەو باڵندە فرِیوانەی کە زبلن/٢٠١١ | جەبار جەمال غەریب | ڕۆمان |
| ١٠ | سۆفیا لۆرین بە هەوێداری | ع.ع. یووسف | چیرۆکی زۆر کورت |
| ١١ | واتا لە شیعردا | زانا خەلیل | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی |
| ١٢ | دیداری | عەبدولرەحمان فەرهادی | نووسین و وەرگێڕان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | غوربەت و زامداریی نیشتمان | | |
| ١٣ | کسپەی دەروون | حەمەسالح فەرهادی | لێکۆڵینەوە |
| ١٤ | نووسەری نوێ (شاخ) | ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد | گۆڤار |
| ١٥ | گۆرانییەکی شین | غەمگین بۆڵی | ڕەخنەی ئەدەبی |
| ١٦ | سەرەتا دیالۆگ هەبوو | حەمە مەنتك | توێژینەوەو لێکۆڵینەوە |
| ١٧ | شیعر و وەلامەشیعری کوردی | د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی |
| ١٨ | سێوێك بۆ هەڵدان دەستێك بۆ گرتنەوە | موحسین ئاوارە | شیعر |
| ١٩ | لەبارەی شیعرەوە | و. تاهیر عوسمان | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی |
| ٢٠ | خودا چۆن لێم خۆش دەبێ | پەری شێخ سالح | شیعر |
| ٢١ | داهێنان سەر بە کەشفکردن و خەون و دنیابینییە | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا | گفتوگۆ |